# کورتە وەڵامەکان

## یا چەن دڵۆپێ لە وانەکانی کوردایەتی



## کامیل ژیر

ئەم پەرتوکە درێژەی ئەبێ

لە سایتی خۆشەویستی ئەمڕۆ و لەفە یسبوک زنجیرە یە ک نوسینم لە ژێر ناوی کورتە وە ڵامدا بڵاو کردە وە . خوێنە رە وە ی بە ڕێز، وە ڵامدانە وە ی زۆریان هە بو بە ئە رێنی یا نە رێنی، بە جۆرێ کە لە ماوە یە کی کە مدا زیاترلەپێنج هە زار کە س بونە هاوڕێم.

له خواره وه  كورته  وه ڵامه كان ئه نوسمه وه  له گه ڵ برِێک له كۆمێنتی هاورِێیان، ئه و كۆمێنتانه ی كه دەربرِینی باری سەرنجێبون. سوپاسو رێزیشم بۆئەو هاورِێیانەی كه كۆمێنتەكانیان بریتیبون له دەستەواژەیەكی كورت، وەك: (دەسخۆش، جوانه، بەدڵمەو..هتد).

ئەكرێو دروسته، ئەو كورته وەڵامانەو كۆمێنتەكان، بەوانەی كوردایەتی ناوبەرین. چونكه تێكرِا بریتین له بەدواداچونی روداوەكانی وابەسته بەنەتەوەی كوردمانەوەو پیشاندانی بیرورِاو رەخنەو پێشنیار بەرامبەریان كه لەئەنجامدا كۆمەڵێ وانەی كوردایەتییان لێهاتوته بەرهەمو شیاوی ئەوەن دەوربكرێنەوه بۆسودوەرگرتن لێیان تا جاریتر هەڵەكان دوبارەنەكرێنەوەو ئاسۆی بیری نەتەوەییمان فراوانتربن. ئەم هەوڵەمان بۆرابوردو پەندلێوەرگرتنه. بۆ ئێستا ئامۆژگارییه، بۆئاییندەش رێپیشاندەره.

بەگشتیش بایەخێكی مێژویی هەیه. چونكه هەڵكەوتەو رەوشو ئارِاستەو  جۆری بیركردنەوەی ئەم سەردەمەمان  پیشانئەداو ئەشبێته بەشێک لەمێژوی نەتەوەكەمان.

چاپی ئەلەكترۆنیی ئەم پەرتوكه ٢٠٢٢

كورته وەڵامەكانو باری سەرنجی هاورِێیان لەفەیسبوكەوە:

كورته وەڵام/ 1  بۆ هەندێ لەهەواڵه بڵاوكراوەكانی ٦/٢٩/ ٢٠١٦ لەهۆكارەكانی راگەیاندندا:

-هەواڵەكانی ئەم رۆژانه: عادل موراد ئەڵێ: باشترین رێگەچاره بۆ كوردانی رۆژهەڵات و دەسڵاتی ئێران، دانیشتنه لەسەر مێزی گفتوگۆ.

+وەڵام: زۆر باشه، فەرمو ئەو دانیشتنەیان بۆرِێكخه، بەمەرجێ مێزەكه لەجۆری ئەو  مێزه نەبێ كه قاسملۆو شەرەفكەندیی لەسەر كوژران.

-هەواڵەکان: هەردو بەڕێز حاجی تۆفیق و حسەین زڕگوێزی، دو ملیۆن دۆلاری شەکراوی دو منداڵەکەیان بەخشی بەنەخۆشخانەی هیوا.

+وەڵام: خێریانبنوسێ. بائیتر هەمو بوکو زاواکان وابکەن. ئەم خێرخوازییە، هەڵەیەکی مێژوییشی راستکردەوە: ئەو گوندەی خوار سلێمانی، بەهەڵە پێیئەوترێ زڕگوێز، راستییەکەی زێڕگوێزە. گەڵاکانی دۆلارو گوێزەکان زێڕن! ئەگینا، ئەو دو تازەدەوڵەمەنە، ئەو دو ملیۆنەیان لەکوێبو!؟.

-هەواڵەکان: وەفدە شەش پەرلەمانیەکەی یەکێتی و گۆڕان لەبەغدا: گشتپرسی ناکەینو سەربەخۆییمان ناوێو لەعیراقی یەکگرتو جیانابینەوە.

+ئەی بۆچی منداڵی خەڵک بەکوشت ئەدەن؟

-هەواڵەکان: وەفدەکە: ئامانجمان بەدەسخستنی مافەکانی کوردە لەبەغدا.

+گوریس بەیەکپارچەیی نەگەیشتەوە، ئێستا بە دو لەتی!؟ پێشتر بە65کورسی پەرلەمان هیچنەکرا، ئێستە بە30!؟

-رۆژنامەی خەبات: شاندێکی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات.

+پێشبرکێی کوڕنوشبردنە! ئەگەر بۆپشکی هەرێمە لەقەرزی نێو دەوڵەتی، وەک ئەڵێن؟ وەفدە شەش نەفەریەکە! هیچی هەڵنەکڕان، ئێوە چی؟

-هەواڵەکان: مالیکیو عەبادیو موتڵێگو تورکومان، پشتگیریی لەرێکەوتنەکەی یەکێتیو گۆڕان ئەکەن.

+هەربەوەدا بزانن چ رێکەوتنێکی گرنگە بۆکورد! وەرە شەیتان داوەرتبێ!!.

-رۆژنامەی خەبات: شاندێکی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات.

+پێشبرکێی کوڕنوشبردنە! ئەگەر بۆ پشکی هەرێمە لەقەرزی نێو دەوڵەتی، وەک ئەڵێن؟ وەفدە شەشنەفەریەکە! هیچی هەڵنەکڕان، ئێوە چی؟

-کوردستانی نوێ: کوردەکانی قەفقاز وەک بەفر توانەوە.

+دوای بڕیارەکەی پارێزگاری سلێمانی کە دەرگایکردەوە بۆهاتنو نیشتەجێبونی ئەرەب، کتێبێ بۆ کوردەکانی سلێمانیش بگرنەوە.

-خەبات: پارتی: ئەگەر یەکێتی و گۆڕانیش دەنگ بۆ سەبەخۆیی نەدەن، ئێمە سەربەخۆیی هەر رائەگەیەنین.

+دە رایگەیەنن، دڵمان شەقیبرد.

.-خەبات: بارزانی: بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە لەگەڵ بەغدا بکەوینە گفتوگۆی راشکاوانەو برایانە!

+ئێ، ئێ!! کاتی خۆی کوردەکانی رۆژهەڵاتیش ئەیانوت: ئەگەر شا رێگەمانبدا، ئێمەش شۆڕش ئەکەین!

کورتە وەڵام/2 - ٩/٧/٢٠١٦

-کوردستانی نوێ ژ7011حاکم قادر: بۆ سەربەخۆییو ریفراندۆم دەبێت ناوماڵمان رێکبخەینەوەو پلانو بەرنامەی تۆکمەمان هەبێت.

+وەڵام: 1-(وەفدی کوردستان)ە شەش قۆڵیەکەی ئێوەو گۆڕان لەبەغدا، وتیان ریفراندۆمو سەربەخۆییمان ناوێو لەئیراقی یەکگرتو جیانابینەوە! ئیتر پلانو بەرنامەیچی!؟

وەڵام2-ئەوە بیستوپێنج ساڵە ئەم ناوماڵە هەر رێکنەخرا!؟

-هەواڵەکان ٥/٧/٢٠١٦ بارزانی: هیوادارم دوای **جەژن، لایەنە سیاسییەکانی هەرێم لەسەر ریفراندۆمو هتد، بگەنە کۆدەنگییەک.**

+وەڵام 1-پێموانییە لەهەرێمدا لایەنی سیاسی هەبێ. هەموی هەر بازرگانیە.

وەڵام2-وەفدی کوردستانەکە، سەبارەت ریفراندۆمو سەربەخۆیی، قسەی خۆیانکرد. ماوەتەوە ئێوە. یا تاکلایەنە ئەنجامیاندەن، یائیتر ئێوەش واز لەم دو زاراوەیە بێنن.

-کەی ئێن ئێن ٧/٧/٢٠١٦ نەوشیروان: خۆشبەختانە ئاواتەکانیان هاتوتەدیو میللەت ئازادەو رەنجەکەیان بەفیڕۆ نەچوەو وڵاتەکەیان بەدەسخۆیانەوەیەو رۆڵەکانی ئەم گەلە بەڕێوەی دەبەن.

+وەڵام 1-ئەوە باسی کوێ ئەکا!؟ سوید یا کوردستان؟

وەڵام2-کام ئاوات هاتۆتەدی؟ سەربەخۆیی کوردستان؟ یا گەڕانەوەیان بۆدەرباری بەغدا بەپێی وەفدی کوردستانەکەیان؟

وەڵام3-کام میللەت ئازادە؟ ئەو میللەتەی تورکیا بۆردومانیان ئەکاو ئێران ملیان ئەکا بە سێدارەداو ئەرەب خۆی ناوەتەوە بۆ ئەنفالێکیتر؟

وەڵام4- نەوشیروان چۆن لەچەمکی وڵات گەیشتوە وائەڵێ بەدەسخۆیانەوەیە!؟ بۆچی کوردستان هەرسێ شارەکەی هەرێمە!؟

-خەبات ژ ٥٠٦٠ مەریوان نەقشبەندی: پاشای مەغریب هەر جۆرە بەشدارییەکی سیاسیی لەپیاوانی ئاینی قەدەغەکرد.. داواکارم ئەم پرەنسیپە لەدەستوری کوردستاندا بچەسپێنن.

+وەڵام 1-خێراکەن، بەرلەوەی کوردستان ببێتە داعشستان.. تەقینەوەکەی روداو وناملیکەی سەد وشەو زاراوەکە دائش بۆنمونە.

وەڵام2-نازانم مەلاکان کە بەتەمای رەوە کەنیزەکن لەوەو دنیای تاهەتا، بۆچی لەمەو دنیای پێنجودورۆژ، بە تەقینەوەکانیان، راوە مرۆڤی نێرو مێ ئەکەن!؟ باشە پیاوەکان بەهەرجا، ئەی ئافرەتە کوژراوەکان (ئەوانەی کەرادە لەبەغدا بۆنمونە) چۆن رازیئەبن ببن بە کەنیزەکیان!؟

-روداو ٧/٧/٢٠١٦ بەغدا، کەرکوک لەئەفسەری کورد چۆڵئەکا، دەیانگوێزێتەوە بۆبەغدا، لەوێ دادگاییان ئەکا، سزایان ئەدا، یا خانەنشینیان ئەکا بەپلەی نزمتر.. لەبەرامبەردا مانگانە دەیان ئەفسەری ئەرەبو تورکمان ئەگوێزێتەوە بۆکەرکوک.

+وەڵام 1-بەغدا، بەفەرمانی سەر پەڕە کاغەزێ، ئەوە ئەکا!.. دەزگاکانی ئاسایشو پاراستنو زانیاریو دژەتیرۆرو پارێزگا لەکەرکوکو حکومەتی هەرێمیش، بەهەمو ئەو هێزو چەکانەیانەوە، دەوری تەماشاکەر ئەبینو ئەو پەڕە کاغەزەیان بۆناسوتێنرێو خۆڵەمێشەکەی هەڵسون لەدەموچاوی ئەو هەناردانەو بیاننێرنەوە بۆ زێدی خۆیان بەپێی بیردۆزەی هەق بەهەق.. تۆ بڵێی ئەو لایەنانە کوردییانە، چەکەکانیان بۆرۆژی تەنگانە هەڵگرتبێ!؟

وەڵام2-بەغدا هەر بەفەرمانی سەر پەڕە کاغەزێ، هەناردەی نەوتی کەرکوک رائەگرێ!

وەڵام3-بەئارەزوی خۆی ئاڵوگۆڕ لەکارمەندەکانی بواری نەوتدا ئەکاو عەرەبڕێژیان ئەکا!

وەڵام4-دیسان بەفەرمانێکی لەوجۆرە ئەتوانێ نەیەڵێ هیچ فڕۆکەیەکی بیانی لەکوردستان بنیشێتەوە!

ئیتر کام کەرکوکەتان رزگارکردوەو کام فیدراڵییەتان دەستەبەرکردوە!؟

ئەوە بەغدای ئێستای لەڕولاواز، ئەی ئەگەر گۆشتەکەی جارانی گرتەوە!؟

شارەزایەک هەڵیدایەو وتی: ئاسانە، هەڤاڵان ئەدەن لە شەقەی باڵو تا هۆڵی بانکەکانی هەندەران ناوەستنەوە.

٤٣ بینین ٧ لێدوان لەوانە:

**Sayran Safeen** ذه ست خوش ماموستاي كوردايه تي. تو به دريزايي ميزوو هه ميشه بياويكي سه ر راست و بيشه نكي كوردايه تي بوويت. اوانةَ خه ليفه ي برايم أخمدن كه ٦٤ خيانه تي شورشي كرد و به قسه ي عيسا بزماني ساواك خه نجه ريكي زه هراوي له جه سته ي شورشداو بوو به جاشي 66 و نازناوي سه ره ك جاشي موسه قه في وه ركرت امروش نوشيروان وهيرو شاناز كجاني برايم ده يانه وي ديسان حه ياي سليماني ببه ن و بيكه ن به وايه سته ي رزيمي به غدا. تو بياويكي مه ردي جونكه دزي به غدا و جونه به غداي نوشيرواني ٍسرووشت فاشي و جووته خوشكةَ دلره شه كه ي برايم.

**Hakeem Kakaways** هەر لە بۆنەیەکی وادا گوتراو: "على من تقرأ كتابك يا موسى؟". دەستت خۆش، مامۆستا.

کورتە وەڵام/3- ٢٦/٧/٢٠١٦

ـــکوردستانی نوێ، ژ ٧٠٢٤: لەئەمریکا کۆنگرەیەک دژ بەداعش بەڕێوە دەچێو هەرێم بانگهێشت نەکراوە.

+1-باشتر. وانەبوایە لەم بێپارەییەدا ئەبوایە چەن ملیۆنێ بدرایە بەوەفدی هەرێم بۆچونو مانەوەو دیاریو شتیترو گەڕانەوەیان بەدەستی بەتاڵ.

2-راوچی بازی هەر بۆ راو ئەوێ.

3-با چاوێ بەخۆمانا بگێڕینەوەو بزانین محەلمان لە ئیعرابدا چیە؟ فاعیلین یا هەر مەفعول بیهی!

-هەمان ژمارە: یەکێتی پێگەیەکی بەهێزی هەیەو پەرۆشی چارەسەری کێشەکانە.

+1-ئەبێ ئەو پێگە بەهێزەی لەهاتنەکەی ئەمدواییەی مالیکییەوە وەرگرتبێ!، ئەگینا بۆچی چل ساڵە، لەدامەزراندنیەوە، کێشەکانی چارەسەر نەکردوە؟

2-جارێ چارەسەرێکی باڵەکانی خۆتان بکەن!

-خەبات ٢١/٧/٢٠١٦ دوای نیگەرانیی مەسرور بارزانی، بەیان سامی عەبدولرەحمان وەک نوێنەری کورد بەشداریی کۆنگرەکەی دژ بەداعشی کرد لە ئەمریکا.

+1-وەک نوێنەر یا وەک میوانێکی بەپەلە؟

+2-ئەگەر بەیان بە ئەندام وەرگیراوە لەو کۆنگرەیەدا، کوا بۆدەنگێکی نەبو سەبارەت ئەنجامی بەشدارییەکەی؟

-سایتی روداو ٢٦/٧/٢٠١٦: سەفەر لە زەکەریا عەبدوڵا قەدەغەکرا لەسەر نەدانەوەی زیاتر لەشەش ملیۆن دۆلار قەرزی بانکی نێودەوڵەتیی کوردستان!!

+1-هەر ئەو پارەیە نیە، دەیان دۆنم زەویی مڵکی گشتیشی لە پارێزگاکان دراوەتێ!

ئێستە ئەبێ، جگە لەو تولفە نازدارە، لێپرسینەوە لەمانەش بکرێ:

١-ئەو بەرپرسەی ئەو قەرزەی داوەتێ بەبێ بارمتە.

٢-ئەو بەرپرسەی ئەو هەمو دۆنمە زەوییەی داوەتێ بەخۆڕایی.

٣-ئەو بەرپرسەی لەفرۆکە خانەی هەولێر، بەسەریا تێپەڕی، زەکەریا بەناوێکیترەوە دەربازببێ! ئاخر کەس هەیە لەهەولێر ئەو گۆرانیبێژە ناوداره نەناسێتەوە!؟ ئەی پەنجەمۆرەکەی!؟ خۆ پەنجەی کەسێکیتری نەخواستبو!

٤-ئەو بەرپرسەی چوار ساڵە بێدەنگبوە لەو قەرزە کە ماوەکەی تەنیا شەش مانگە!

٧٦ بینین ١١ لێدوان لەوانە:

**Nawroz Mala Ali**
dast xosh kak kamil, har bo zanyarit sharawaniw o dalalakani xano barai auropa ba sarsormanawa dalen zortrin para laikurtdakana ka atuanin ba parayaki xayali xano bare bkrin la bashtrin shwen !!!! diara mabasti barpirsakana... !!!! mabastm basheka la kurta walam 3 lagal rezmda.

**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل ،پیدەچیت ئەوان حسابی بەکریگیراومان بۆ بکەن (مرتەزەقە ) بۆیە بانگمان ناکەن ،تاوان لەخۆمانە نەک لەوان ،مریشک خۆی خۆڵدەکات بەسەریخۆیدا دەناکەس ناتوانیت بیکات ،

**Jemal Nebez** کاکە کامیل گیان ، لە بیرتە ئوستادی مەزن بەشیر موشیر وشەی ( مەفعوولو بیهیی) بۆ چی و بۆ کێ بەکاردەهێنا ؟ هههههههههههههها

**ماموستا رحيم** ماموستای بەریز ،، بوخەندە ئەمە باس دەکەم.... ماموستای وانەی عەرەبی کە ماموستای ئاینیشە جووە بول و قوتابییەك وتی ماموستا دەجمە دەرەوە من دیانم ، باشان یەکی دی ماموستا منیش دەجمە دەرەوە جەنابەتم لەسەرە ، باش ئەو یەکی دی و بووبە دووو ، سی ،و..... ماموستا توورە بوو وتی واللە هەمووتان مفعول بهین و هیجتان فاعل نین .... بەداوای لیبوردنەوە

کورتە وەڵام/ 4: مشتومڕێکی زمانەوانی ٢٩/٧/ ٢٠١٦

دوای بڵاوبونەوەی بابەتی (دیوان٤/پیتگەلی نامۆ) ، بەئەرێنی و نەرێنی کاردانەوەی لێکەوتەوە. زۆرینە، لایەنگری ئەوەبون کە پیتەکانی (ح،ع،ق) بەزمانی کوردی نامۆن و تاکوتەراش رای جیاوازیان هەبو بەوەی ئەو پیتانە:

١-سریانین نەک ئەرەبی.

٢-لەگەڵ کوردیدا ئەگونجێن.

٣-تازە تێکەڵ بەزمانەکەمانبون و لەسەریان راهاتوین و باپیرانمان بەکاریانهێناوە. کەڵک لەزمانیتر وەرگرین.

لەوەڵامدا، ئەڵێم:

-١ئەرەبیین یاسریانی یاهەر زمانێکیتر، نامۆن بەزمانی کوردی. هیچکام لە زمانە ئاری و ئەورووپییەکان، کەکوردییش یەکێکە لەو زمانانە، ئەو ٣پیتەیان تیانییە.

-٢لەگەڵ کوردیدا نەگونجاون. بەڵکو لەئەنجامی داگیرکردنی کوردستاندا لەلایەن ئەرەبەوە بەناوی ئیسلامەوە، سەپێنراون. کاراکتەری سەپاندنەکەش، مەلای مزگەوتەکانبون. ئەو مەلایانە موچەخۆری

ئەرەببون. بۆ رازیکردنی دڵی ئەرەب و ماستاوکردن، ناوی زوربەی منداڵانی کوردیان کرد بەئەرەبی، زور وشەی کوردییان ئەرەبان، وشەگەلێکی ئەرەبیشیان هاویشتە ناو زمانەکەمان (لەگەڵ رێزم بۆ ئەو مەلا دەگمەنانەی سەنگ و گیانی کوردایەتیی خۆیان پاراست). لەکاردانەوەدا، خەڵکە بێدەسەڵاتەکە هەر ئەوەندەیان بۆکرا سەروگوێلاکی ئەو ناو و وشآنە بشکێنن بەمجۆرە:

مصطفی یان کرد بە: مستەفا یا مچە - عمر بە هۆمەر - فتاح بە فەتە - صالح بە سالە - علی بە ئەلە - محمود بە خولە - رابعە بە رابە - عائشە بە ئایشێ - فاطمە بە فاتە...تادوایی.

بەڵگەیەکیتر بۆ نامۆیی ئەو پیتانە:- کەلە چلەکانی چەرخی رابوردوەوە، لەلایەن پێنوسە ئازادەکانەوە، ناوی کوردی گەڕێنرایەوە بۆ منداڵی کورد، وەک ئازاد، بارام، جیهان، سۆران، شێرکۆ،فەرهاد، نەوزاد، هیوا، ئاڵا، پەری، تەلار، جوان، سروە، شەونم، گۆنا، هێڤی و هەرچی ناویتری کوردی هەیە، نابینین یەکێک لە پیتەکانی (ح،ع،ق)یان تیابێ. هەروەها وشەو زاراوە نوێکان وەک: ئاسۆیی لەجیاتی افقی، ئاسایی: اعتیادی، بەروار: تاریخ، خوێندکار: طلبە، ستونی: عمودی، کۆ:جمع، چوارگۆشە: مربع، لاکێشە: مستطیل، گۆشە: زاویە، هاوتەریب: موازی، هاوکێشە: معادلە...تاد لە هیچکام لەو زاراوە نوێیانەدا پیتەکانی (ح،ع،ق) نابینرێن. خۆئەگەر کورد راهاتوبوایە لەسەر ئەو سێ پیتە، ئەبوایە هەندێ لەو ناو و زاراوە نوێیانە، لەو پیتانەیان تیابوایە. کەتیایانا نیە، ئەوە بەڵگەیە بۆ نەگونجانیان لەگەڵ زمانی کوردی.

-٣ئەوە چ بیانویەکە بڵێین (ئەو پیتانە تازە تێکەڵ بەزمانەکەمان بون و باپیرانمان بەکاریانهێناون و لەسەریان راهاتوین!) جائەگەر وابێ! ئەبێ واز لە خەباتی رزگاری و سەربەخۆیی بێنین چونکە تازە تێکەڵ ئەرەب و تورک و فارس بوین و ئێمەو باپیرانمان لەسەر ژێردەستەیی و کۆیلەیەتی راهاتوین!! کەڵکوەرگرتنیش لەزمانیتر، ئەوەنیە زمانەکەی خۆمان لەناسکی و رەوانی بخەین و بەهەندێ پیت و وشەی نامۆ، زبرو ناشیرینیکەین.

راستە بەنەهێشتنی ئەو پیتانە، سەرەتا توشی هەندێ سەرسوڕمان ئەبین. بۆنمونە، ئەگەر قوڕ بکەین بە کوڕ، وەک گرفتێک دێتەپێش چاو. بەڵام ئەوە کاتی ئەبێ و دوایی پێی رادێین. کە وتمان ئازاد کوڕی نەوزادە، کوڕ، واتا (ابن). لەم رستەیەدا: پێڵاوەکەی ئازاد کوڕاویبو، کوڕ، واتا (طین) .ئەگەر بە کەرێکمانوت کوڕ، کوڕ، واتا (وەرە). وشەی (کووڕ)یشمان هەیە (احدب) ئەمەیان ئەبێ بە ٢ واو بنوسرێ. بێجگە لە کووڕ و چوون، یائەگەر هی تر هەبێ لەوجۆرە، پێویستنیە بۆ هیچ وشەیەک ٢ واو بەکاربێنین، چونکە ١ واو و ٢ واو وەکیەک ئەخوێنرێنەوە. بۆیە چوون(ذهاب) بە ٢ واو ئەنوسرێ بۆئەوەی لە چون(مثل) جیابکرێتەوە. ئنجا لەهەمو زمانێکدا چەندین وشە هەیە کە زیاتر لەواتایەکی هەیەو گرفتیشنیە، وشە بەپێی جێگە، ئەزانرێ مەبەست کام واتایە. بۆ نمونە وشەی (ریچ)ی ئنگلیزی بە سپێڵی (ئاڕ ئی ئەی سی ئێچ) ئەم واتایانە ئەگەیەنێ: گەیشتن،درێژکردن، پێدان، جوڵان، پەرۆش، سوێبونەوە. هەروەها ریچ بە سپێڵی (ئاڕ ئای سی ئێچ) کە هەمان دەنگی هەیە، ئەم واتایانەی هەیە: دەوڵەمەن، پڕ، گرانبەها، کەشخە، جوان، چەور، پڕتام، بۆندار، خۆش، پێکەنیناوی. لەکوردیشدا بۆنمونە (بەر) ١٩ واتای هەیە (بروانە فەرهەنگی ئەستێرە گەشە- فازیل نیزامەدین چاپی ٢٠٠٣ ل ٥٩).

نەتەوەی تورکیش، دوای شەپۆلی ئەرەب، زمانەکەیان پڕبو لەو پیتە نامۆیانە، بەڵام ئەوان چونکە هوشیاریی نەتەوەییان لەئێمە زیاترەو خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن، بەپەیڕەوکردنی پیتی لاتینی، بەسەر

ئەو گرفت و سەرسوڕمانانەدا زاڵبون و کەسیشیان بروبیانویان نەهێنایەوە بۆ مانەوەی ئەو پیتانە لەزمانەکەیاندا. هەروەها چونکە فارس خاوەنی دەوڵەتی خۆیەتی، هیچ دەربەستنیە زمانەکەیان پیت و وشەی ئەرەبیی تێکەوێ، هەرچەندە ئەڵێن ئەو پیت و وشانە هی خۆیانن و ئەرەب لەوانی وەرگرتوە!!

ئەم پێداگرییەی من لەوەوە هاتوە کە ئێمەی کورد تەنیا زمانەکەو هەستە هاوبەشەکەمان ماوە وەک دو کۆڵەکەی راگری نەتەوایەتیمان. نەدەوڵەتمان هەیە، نە ئابوریی هاوبەش، نە خاکێکی هاوبەش کەلەژێر دەسەڵاتی کورد خۆیابێ. بۆیە زۆر پێویستە پارێزگاریی خاوێنیی ئەو دو کۆڵەکەیە بکەین و هەمیشە بژاریانکەین لەهەر خڵتەو خەوشێک. ئەم ئەرکەش ئەکەوێتە ئەستۆی پێنوسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، با هەر یەکەو لای خۆمانەوە دەسبەکاربین، ئەگینا نابێ بەتەمای دەسڵاتێکی بێگانە یا گەندەڵبین!. من لەم سەکۆیەوە داوا لە هۆکارەکانی راگەیاندن و هاوڕێیانی فەیسبوک و مامۆستای خوێندنگەکان ئەکەم، وەک ئەرکێکی نیشتمانی و کوردایەتی،دەسبەکاربن بۆگۆڕینی: حێ بە هێ، عەین بە ئەلف، قاف بە کاف، هەندێجاریش بە(خ) بەتایبەتی لە هەندێ وشەی کوردیی ئەرەبێنراودا وەک: نقش، منقوش، نقشبندی کە خۆیان نەخش، نەخشێنراو، نەخشبەندیبون. نەخشبەندیش ئەگەڕێتەوە بۆ پیاوە ئاینییە زەردەشتییەکان لەسەردەمی ئومەری کوڕی خەتابدا کاتێ لەشکری ئەرەبی بەناوی ئیسلامەوە ناردە سەر کوردستان، جگە لەکاولکاری و کۆمەڵکوژیی کورد، بە ئافرەت و منداڵی سەر بێشکەشەوە، هەمو پەرتوک و پەڕاوە پیرۆزەکانی ئاینی زەردەشتیشیان سوتان!.ئەوەش وایکرد هەندێ لە پیاوە ئاینییەکانی زەردەشتی، بەتایبەتی موغ و مۆبەدەکان، نوسراوەکانیان لەسەر جەستەی خۆیان بنەخشێنن (بنوسن) بۆئەوەی بیرنەچنەوەو دایانە شاخ و کێوەکان. بەهادین و مەولانا خالیدیش، ناو و رێبازی نەخشبەندییان لەوەوە وەرگرتوە.

بیرمان نەچێ، ئەم دیدو بۆچونانەی من، سەرەتا بۆ زمانی فەرمی و نوسینی وێژەییە، نەک بۆ شێوەزاری بازاڕ کە ئەشێ ئەم دەستورە وردەوردەو بەرەبەرە لەو شێوەزارەشدا جێی خۆی بکاتەوە.

ئەمەش هۆنراوەکە:

هوروژمی پیتی بەکوردی نامۆ

لەگەڵ شالآوی غەزاو ئەنفالا

بەلێشاو هاتن

بەزەبری شیرو رمی پێخاوس

بۆداگیرکاریی سەروسامانو

زمان، هاوکاتن

***

وەك سنو كوڵە دايان لەهەردو:

سەرخانو ژێرخان

کوشتنی بیرو کەلتورو باوەڕ

جەردەی زەویو کان

***

دەسیان نەپاراست لەکەفتەکارو

ساوای سەربێشکەو ئافرەتی دوگیان

ئاگر لەجەستەو پەڕاوی پیرۆز

سەرجەم خانەی خوا هاتە داڕوخان

***

ئەی هزرو بازو

رابن، ژێردەستی شەرمەزارییە

کەی گەردنی کەچ

بارو ئاکاری کوردەوارییە!؟

رابن لة ثی و حێ، ذال و صاد و ضاد

طی و ظی و عەین و قاف، نۆ هیڵی لارن

هاتونة ریزی پیتگەلی نەژاد

ناجۆر، ناڕەوا، ئاژاوەکارن

***

رابن لەوشەی بەو پیتانەوە

چارەگرانە

پیتی زڕەبەر هەر لەڕیشەوە

خاری زمانە

***

کوردی، زایەڵەی:

سازو ئاوازە، چۆپیو ئاهەنگە

بەو پیتانە، وەی:

باری سەرشانە، کێشی لاسەنگە

بۆ گێڕانەوەی بەشێ لەماڵو

مڵکی خاوەن ماف

حێ بەهێ کەنو عەین بە ئەلفو

کاف لەجێگەی قاف

ئەو شەشەیتریان بێ مەرجو سەوا

دەرهاون لەماڵ

یا شەبەیخونی بێگانە بەدەر

یا راپێچی چاڵ

*مەبەست لە بارەگاو نوسراوە کوردییەکانی پێش هێرشی ئەرەبە بەناوی ئیسلامەوە.
**ئەشێ سەرەتا گۆڕینی ئەو پیتانە، نامۆبێ بەلامانەوە. بەڵام کە گوێمان پێیان راهات، ئەبنە ئاسایی.

٤٨ بينين ١٨ لێدوان لەوانە:



**Sayran Safeen** ماموستا بيت وانيه سوود وه ركرتن له وشه ي بيكانه زمان ده وله مه نتر ده كا. بو نمونه فارسي ج زمانيكي خوش و ده وله مه نده. توركي اتاتورك هه وليدا بيي نه كرا زماني توركي باك بكاته وه. سه رجه م زمانه كاني دونياش وا بوونةٌ بويه بيم وايه راستتر وشه داتاشراوه كان فري بده ين باشتره له فريداني وشه ي بيكانه. مام هه زاري موكرياني هه روةٌ هاش هيمن رأيان وا بوو. بويه واش نا تازه قور بكه ين به كور.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ



**Kamil Zheer** سەیران خان: بەڵێ پێموایە، بەومەرجەی بەرگی کوردی بکەین به بەری وشەی بێگانەدا. نەک بەرگی بێگانە بکەین بەبەری وشەکانی خۆماندا. تکایە سەرنجێکی وەڵامدانەوەکەی برای گەورەمان د. جەمال نەبەزبدە. ئنجا بۆنمونە ئەرەب وشەی دیموکراتیک ی کردوە بە الدیمقراطیه. فەرەنسی ئەڵێن تەلەڤزیۆن، ئنگلیز ئەڵێ تەلەڤیژن، کەچی کورد ، سەدان سەلکە (ق) ی ئەرەبی لکاندوە بەجەستەی وشەگەلێکی کوردییەوە!! رێک وەک ئەوەی عەگاڵ بخەیتە سەر رانکوچۆغە!! ئەومیە گرفتەکە خۆشکی بەرێزم. ئاخر بۆچی ئاسمان بکری بە عاسمان، هەر یا هور یا هەش بکری بە قور؟ نەخش بکری بە نقش! ئەو ٣ پیتە (ح،ع،ق)زمانەکەمان ناشیرینئەکەن نەک دەوڵەمەن. ئەزانی هەمو رۆژئاوا، بۆنمونە، بە عراق ئەڵێن ئیراک، داعش دائش. ئەی بۆچی ئێمە ش وانەکەین؟ هەزارو هێمن هۆنیار(شاعر) بون نەک پسپوری زمان. وشەی داتاشراو پێویستەو خزمەتێکی زۆری زمانەکەمانی کردوە. ئەزانی پێش هەڵمەتی وشەداتاشین، مەلایەک سەوای باری داری کردوە بەمجورە: ئەو حەملە حطبە بەو حمارە ئەسودەوە بەچەن دراهمی محدودەم پێ بەیع ئەفەرموی؟ بزنێک خۆی ئەکا بە حوجرەی مەلایەکدا، مەلا ئەڵێ: بیخە بضن! هەر شادبی.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ



**Jemal Nebez** کاکە کامیل گیان . هێندەک دەنگی کوردیی هەن ئارەبێنراون . بۆ وێنە : لەو حەلەدا ، لەو هەلەدایە . دەنگی ە بووە بە ح . ئاسمان بووە بە عاسمان . ئەرز بووە بە عەرز . ئەز دەمێکە باسی ئەوەم کردووە. پاشان دەنگی ە جاروبار دەبێ بە خ یان ق . بۆ وێنە هۆر بووە بە خۆر . هەروەها وشەی هەر/هەریی بووە بە قور. کوردیی باکوور وشەی هەریی بۆ قور بەکاردێنن. جاروبار دیکەن بە حەریی .

٣

کورتە وەڵام/5 – ١١/٨/٢٠١٦

1-کوردستانی نوێ١٠/٨/٢٠١٦ هەڵمەتێکی جیهانی بۆلەناوبردنی فیکری داعش.

وەڵام١-ئەستەخفیروڵا! ئەوە هەمان فیکری پەیامبەرە کە ئومەری کوڕی خەتاب لەماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیا (٢٣-١٣-کۆچی ٦٤٣-٦٣٤ زاینی) بەزەبری شمشێر رژانیە کوردستان!

٢-بەڵگە: بەراوردێکی شنگالی ٢٠١٤و شارەزوری ئەو سەردەمە، کەلەگێرانەوەی دەماودەمو ئەم هۆنراوەیەی پیر شالیاردا رەنگەداتەوە:

هورمزگان رمان، ئاتران کژان

ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان

زۆرکار ئارەب کردنە خاپور

گنای پاڵەیی هەتا شارەزور

شنو کنیکان وە دیل بشینا

میرد ئازا تلی وەروی هوینا

رەوشت زەردشترە مانۆە بێکەس

بزیکا نەکا هورمز وە هیچ کەس

واتا:-

مزگەوتان رمان ئاگران کوژان

خۆیان شاردەوە گەورەی گەورەکان

زۆرداری ئەرەب کردنی خاپور

دێی کرێکاران هەتا شارەزور

ژنان و کچان بە دیل ئەگیران

پیاوانی ئازا لە خوێنا ئەتلان

رەوشتی زەردەشت مایەوە بێ کەس

هورمز بەزەیی نەهات بە هیچ کەس

ئەمە لەسەر پارچە چەرمێک دۆزراوەتەوە لەیەکێک لەئەشکەوتەکانی جێشانەو هەزار مێردی سلێمانی.

تەنیا جیاوازییەک ئەوەیە: مەلا کوردە موچەخۆرەکانی ئەرەب، ساڵانێکی زۆر، کوردە گەوجێنراوەکانیان هانئەدا بەرد بگرنە گۆڕستانی باپیرانیان (کافران)و گوڵ بۆگۆڕستانی داگیرکەران (ئەسحابیان). ئەمە لە شنگاڵ روینەدا.

2-هەمان رۆژی کوردستانی نوێ: لاریجانی بۆ بەرهەم- چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا.

وەڵام:

١-شەیتان ناوبژیکەربێ!؟

٢-هەرکات کێشەکانی بومەلەرزەو گەرمای هاوین چارەسەرکران، ئەوانەی نێوان هەرێمو بەغداش چارەسەرئەکرێن

٣-ئەبوایە تەوەری دانیشتنەکەیان، دوربێ! لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی لەسێدارەدانبوایە.
یاکێشەکانی نێوان هەرێمو ئێران، وەک تۆپبارانەکان! کە یەک رۆژ دوای ئەو گەشتە دەستیپێکردەوە!.

٤-تۆبڵێی ئەو سەردانو پێشوازییە هەر بۆئاراداویکردنی شان نەبوبێ!؟

٥٠ بینین ١٢ لێدوان لەوانە:

**Mahmood Rashed** کاک کامیل ئەی سەلاحەدین نیوەی کوردی تەریب نەکرد و بردنی بۆ شام و میسر . ..من ٢مانگ لە عەمان بووم فەلەستینیەکان ئەیان ووت ئێمە لەئەسڵا کوردین و ئەحفادی سەلاحەدینین..کەچی دوژمنی کوردن
هەندێ کەس بەشانازیەوە لای ئەرەبەکان ئەڵێ ئێمە نەوەی ئەویپاوین...کەلای من ئەوە دەك ریایی و ماستاو چیەتی وایە بۆ ئەرەب.

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** بەڵێ کاک مەحمود ئەوە داری سەلاهەدینی ئەیوبییە بە رەوانمانەوە. بەریتانیاو فەرەنسا بە پەیمانی سایکس بیکو تۆڵەیان لێکردینەوە بەوەی کردیانین بە ژێردەسەی چوار دەوڵەت. سەلاهەدینیش گەوجاوی ئاینەکەبو بۆیە بۆ خزمەتی ئەرەب خاچپەرستەکانی راوناو دنیای رۆژئاوای لێکردین بە دوژمن. ئەو جاشە نیوەی کوردیشی لەناو ئەرەبدا تواندەوە!

١

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Aras Saber** مامۆستا دەستان خۆش بێت ، من تصورم واية ئةو تۆپ باران كردنةي دوينيي كوردستان لةلايةن رژيمي داگيركةري ايران بةشيك بوو لة مةراسيمي پيشوازي و خواحافيزي لة شاندةكةي برادةران بةلام ئةوندة خواحافيزيكردنةكة گةرم و گور بوو تؤپةكان سنوريان بري و گوندةكاني كوردستانيان سوتاند وةك چؤن چةندين جار ئةم شاندانة لةم دياريانة لةگةلَ خؤيان دةهيننةوة بؤ كوردستان لة رژيمي ايرانةوة .

---

**Mohammad Barzy** کاک کامل گیان لەوە دەچێت کورد بە درێژایی مێژوو وەک ئەمرۆ فەرمانڕەواییان کردبێت هەر بۆیە هەتا ئێستا هیچمان نەکردووە بە هیچ . هێشتا بەزمی شیعە زنجیر بەدەستەکانیشمان ماوە .

- 6٦/٩/٢٠١٦کورتە وەڵام/

1-سایتی رووداو ١٥/٨/٢٠١٦ژمارەیەک لەسەرکردەکانی ئەنەکەسە لە رۆژئاوی کوردستان دەسگیرکران.

وەڵام:

١-دەسگیرکردن لەسەر بیروباوەر، ناڕەوایە.

٢-هۆ پارتەکانی باشوری کوردستان: رۆژئاوای کوردستانیش مەکەن بەگەڕەلاوژێی پارتایەتیو هەر یەکەتانو لکێکی پارتە جوانەکەتان لەوێ بکەنەوە، بەهەرناوێک! ئێوە لێرە لاپەڕەتان سپی نیە، ئەوێش رەش مەکەن. لێیانگەڕێن، تائێستا دەسەڵاتەکەی رۆژئاوا، سەرکەوتوانە ئەیگوزەرێنێ. کە گوڵنین بۆرۆژئاوا، مەبنە دڕک بۆی.

٣-هۆ شەڕڤانە نەبەردەکانی رۆژئاوا: بوار بەدیاردەی فرەپارتی نەدەن کە ئەبێتە فرەمافیا، هەڵنەخەڵەتێن بە بەندوباوی ئەو دیموکراتییەی بۆئەم کۆناغی خەباتی رزگارییەمان ئەبێتە ژەهری کوشندە. سەربەخۆییو ئازادیو یەکسانی، لەلولەی چەکەکانتانایە. ئە م هە لە لە دە سنە دە نو جە رابلوس بکە ن بە گۆڕستان بۆگورگە بۆرە کان.

٤-هۆ شێرە پێشمەرگەکانی باشور: ئێوە بەداستانی نەبەردییەکانتانو خوێنی شەهیدان، لەبەستەڵەکی زستانو گڕەی هاوینا، ئایندەی گەشی نەتەوەکەمان ئەنەخشێننو سەرنجی هەمو جیهانتان راکێشاوە. لەوەزیاتر رێگەمەدەن جەردەکان، لەسای سێبەرداو لەکۆشکو باخی رازاوەدا، پێکی شەرابی قوربانییەکانی ئێوە هەڵدەنو هەر یەکەشیان بەلایەکدا رایکێشێو ئەم تۆزە دەسکەوتەشمان لەدەسبدەن! بەڵێ کاتی ئەوە هاتوە ئەتا کوردێک هاوکێشە بگێڕێتەوە بۆترازوی لاسەنگو یەکڕیزیمان بپارێزێو هاوبیرو هاوسەنگەر دەسبەکاربین بۆگەیاندنی کەشتییەکەمان بەکەناری ئارامی.

٥-هۆ گەریلاو شەڕڤانو پێشمەرگە: سەرکەوتنی هەر لایەکتان، سەرکەوتنە بۆلاکانیتر، شکستی هە رلایە کتان، ئەبێ بە هی هەموتان. دوژمنەکانی نەتەوەکەمان هەمیشە یەکڕیزنو ناکۆکیەکانیان بەلاوەئەنێن بەرامبەرمان. نەکەن لولەی چەکەکانتان بکەنە یەکدی بە فەرمانی پارتەکانتان بۆرازیکردنی داگیرکەران. ئێوە زۆر لەوانە گەورەترن کە لەسایسێبەردانو ئێوە ئەکەن بەسوتماکی شەڕی براکوژی وەک جاری جاران! یە کگرنو بە هانای یە کدییە وە بچن، نە ک تە ماشاکار!!

٦-هۆ پێشمەرگەو شەرڤانو گەریلا: لەجیاتی گوللە، گوڵ بەیەکدی ببەخشن. بەهیوای یەکبونتان لەلەشکرێکی یەکگرتوی کوردستانیدا.

---

2- سایتی روداو ٢٤/٨/٢٠١٦ مەلا بەختیار: ٢٨وڵاتی رۆژئاوا دژی سەربەخۆیی کوردستانن.

وەڵام:

١- ئاخر تا کورد تۆپێکی ساردبێ، هەردو تیپەکەی رۆژهەڵاتو رۆژئاوای گێتی، هەروەها ئوسمانیو سەفەوی، هەر تێیهەڵئەدەنو ئەیکەن بەگۆڵی یەکترداو گۆڵەکان بۆخۆیان ئەنوسرێنو بۆئێمەش هیچ. دیارە لەبارێکی وادا، وتەکەی مەلا بەختیار دێتە دیو بەشی هیچ هەر هیچ ئەبێو سەری شکاوو تۆپی دڕاومان بۆئەمێنێتەوە!.

وەڵێ گەر ببین بەتۆپێکی گەرم، ئەبینە خاوەنی تیپێکی کوردیی کاریگەرو ئێمەش شوت لێئەدەین بۆگۆڵی بەرامبەرو گۆڵ بۆخۆمان ئەنوسرێو قۆناغی هیچ تێئەپەڕێنینو ئەو 28 دەوڵەتەی مەلا بەختیاریش، چەپڵەی سەرکەوتنمان بۆلێئەدەن. تۆپی گەرمیش ئەو تۆپەیە کە لەلولەی چەکەکانمانەوە

ئاڕاستەی نەیارەکانمانی ئەکەینو بەگۆڵ بۆمان ئەنوسرێو هەزاران وتەی ورەڕوخێنەر سارردمانناکاتەوە.

٢-سەربەخۆیی ئەسەنرێ، نادرێ!

٣-با کەس چاوەڕوانی ئەوەنەبێ، وەک هێلکەیەکی پاکراو، سەربەخۆییمان بۆبخرێتە سەر خوان! لەو پێناوەدا ئەشێ قوربانیش بدەین. ئەی فایەق بێکەس نەیوت: داری ئازادی بەخوێن ئاونەدرێ قەت بەر ناگرێ، سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ؟.

٤-ئەو ٢٨دەوڵەتەی کاک بەختیار ئاماژەیان بۆئەکا، وەلی ئەمری کورد نین. نەتەوەی کورد خۆی خاوەن بڕیارە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی.

٥-تا ئێستا دیارنیە بانگە وازە کانی، پ د ک، بۆسە ربە خۆیی، تە نیا دروشمە ؟ یان گوژمە ؟ ئە گە ر دروشمە ، پە شمە . ئە گە ر گوژمە ، ئە مە ئە رزو ئە وە گە ز، چاوە ڕوانی چین!؟ نە یخە نە دوای کۆتایی شانۆگە رییە کە ی دائشو لە دە سدانی ئە م هە لە! .

٦-ئافەرین بۆئەو کۆمێنتانەی بەدوای وتە کە ی مەلا بەختیاردا هاتن کە ئەمە دەقەکانیانە:

Rizgar Khoshnaw 0

کە ئەو وڵاتانە هیچ پرۆژەیەکیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نییە.......!!!!!! تۆ باسی چیئەکەیت ؟؟ کەس پرۆژەی پێبو بۆسەربەخۆیی لاتیڤیا ؟ ئەستۆنیا ؟ لیتوانیا ؟ ئەتوانی پێمانبڵێی کێ پرۆژەی پێبو بۆ: سەربەخۆیی سینگا پور لە کوانلی زیاتر؟ بۆ سەربەخۆیی پاکستان لە محمد علی جناح زیاتر؟ بۆ سەربەخۆیی مۆلدۆڤا؟ بۆ سەربەخۆیی ئیست تەیمور؟ ئەمریکا دژی سەربەخۆیی ئیست تەیمور نەبو؟ کێ پرۆژەی پێبو بۆسەربەخۆیی کرواتیا؟ بۆ سەربەخۆیی مۆنتی نێگرۆ ؟ کاکەگیان، بڵێ ئێمە دژ بە سەربەخۆیی کوردستانین، هەقی خۆتانە، بەڵام میلەتی کورد شت ئەزانێت و ئاگای لەدنیایە، ساڵ ساڵانی شێستە کاننیە ؟؟؟ لەیەکەم کۆبونەوەی پاش اعلانی سەربەخۆیی حیزبە موعاریزەکان دژی سەربەخۆیی وەستانەوەو گوتیان سینگاپوریەکان لەبرسان ئەمرن بەم اعلانەو گوتیان کوانلی، بۆبەرژەوەندیی خۆی ئەم بەزمەی ناوەتەوە، گوتیان کوانلی شەرعیەتی نیەو بە چ شەرعیەتێک وڵاتێک دروستئەکات ؟ لەبەرژەوەندیی کێ؟ ئنجا موعارەزەکان ڕایانکردە مالیزیا ، کوانلی هەمو حزبە موعارەزەکانی قەدەغەکرد بۆماوەی ٣٠ساڵ، پا ش ٢٠ساڵ لەاعلانی سەربەخۆیی، سینگاپور بو بە دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان.



**Baba Ali Allaf** برای ئازیز و خه مخۆر
سه رۆكی هه ریم ئه و ئه ركه ی له كۆل ناوه كه چی لایه نكانی دی وه ك هاوكاری
ناكه ن كیشه ی بۆ دروست ده كه ن ، دژی سه ربه خۆیی و ده وله تن جه ماوه ر دنه ده
ده ن تا پشتگیری نه كه ن ئه وه ی مه لا به ختیار ده یلیٔ خۆت چاك ده زانی نائومیدی
به خشه له چه ندین لاوه ریسه كه ی ده كه نه وه به خوری داوای یه كپا رچه یی عیراق
ده كه ن پیشوازی له مالكی و فه تلاوی ده كه ن ، كه دینه سه رحازر داوای به شی زیاد
ده كه ن وده لین یه كه مین حیزب ئه وانبوون داوای مافی چاره ی خۆنووسینیان كردووه
، كه چی دواجار ئاوا به ربانگ ده كه نه وه نازانم له موزا یدات چییان ده ستكه وتووه
وا شه رم له كاژيك و پاسوكیش ناكه ن ده لین ئیمه بووین خوزگه مافی چاره نووسه كه
ی دوینییان لامه ركه زی ئیداری بووایه وئمرۆ وله م هه ل و ده رفه ته دا داوای مافی
چاره ی خۆ نووسینیان بكردایه نه ك گه رانه وه بۆ ژیر ده واری ره ش و فنجان وجه
زوه وقاوه ی تالی داگیر كه رخوینه خۆر . .. ئه مه حاله كه یه و سبه ینی خوانه خاسمه
مۆره كه باشی نه هینا نه یكه نه هه لا و هاواركه ن نه مانگوت ، به هه رحال هه ویره
كه ئاو كیشه وتا ئیره به سه والسلام

ك



**Kamil Zheer** بەڵی بەڕێزبابەئەلی ، دروستە. بەڵام ئەبێ بزانین، کات
نەیبڕی ئەتبڕێ، هەلەکە لەبارە، دواخستنی، هەڵەیەکی کوشندەیە، با ئەو
راستییەش بزانین کە چاوەڕوانی کاری نەتەوەییانە لە ئیراکچییەکان ناکرێ.
کەواتە ئەگەر لای پارتییەوە موزایەدەنیە، ئەمڕۆ لە سبەی باشترە. راگەیاندنی
سەربەخۆیی لە یەک شاریشدا دروستە بەڵکو لەسەر تەپۆڵکەیەکیش. کێ ئەو
سەسپێشخەرییەی کرد ئەو براوە ئەبێ. ئەگینا قسەی روت ناچێتە گیرفانەوە. .

کورته وه ڵام/7 رزگارکردنی موسڵو به هه ده رچونی خوێنی پێشمه رگه! ٢٠/٩/٢٠١٦

-هه واڵه کانی چه ن رۆژی رابوردوی که ناڵه راگه یاندنه کانی ئیراکو کوردستان، سه باره ت شه ڕی رزگارکردنی موسڵ، له م خاڵانه دا کۆئه بنه وه :

1-هه ندێ لایه نی ئه ره بی دژی ئه وه ن پێشمه رگه به شداری له و شه ڕه دابکا، یا بچێته ناو شاره که !

2-لایه نه کوردییه کان سورن له سه ر به شداریکردن به هه ندێ ورده مه رجی نه زانراوو نه نوسراوه وه!

3-له ئه مریکا ١٧/٩ کۆبونه وه ی ئۆباماو ئه بادی و فوئاد هوسه ین بۆ ئه و مه به سته ئه نجامدرا.

4-له کوردستان ١٩/٩ بارزانی سه رپه رشتیی کۆبونه وه ی هاوبه شی سه ربازیو سیاسیی هه رێمو ئه مریکاو ئیراکی کردو له سه ر ئۆپراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ رێکه وتن. وەڵام:

ئای له و نه گبه تییه ! ئاخۆ خوێنی چه ند رۆڵه ی کورد له و شه ڕه داو له پێناوی هیچدا به هه ده ربچێ!؟ ئه گه ر بۆئه وه یه موسڵ وه ک شارێکی کوردستانی بخرێته سه ر هه رێم؟

ئه هێنێ. ئه گه ر بۆئه وه یه ، موسڵ وه ک کێکێک، پێشکه ش به ئیراکی ئه ره بی بکرێته وه و کورد ته نیا قاشێکی له و کێکه به ربکه وێ!؟ له وشه ڕه مان چی؟. ده ی خۆ هه مو ئاماژه کان ئه وه ئه گه یه نن، چاره که قاشێک زیاتری کێکه که مان به رنه که وێ!! ئه ویش بریتیئه بێ له وه ی کورد چه ند ئه ندامێکی له ئه نجومه نی پارێزگای موسڵدا هه بێ! جا ئه وه چیه !؟ وابزانم زۆرمان هه ڵگڕان له سه رکۆمارییه که و وه زیرانو په ڕله مانکاره کورده کان له به غدا!؟

با هه ندێکیتر شیکاریی مه سه لکه بکه ین:

ا-له ڕوی مێژوییه وه ، نه ینه وا که پایته خته که ی شاری موسڵه ، له 6000ساڵ پێش زایینه وه ، واتا له سه رده می ماددا، کوردی تیا نیشته جێبوه . له 3000 ساڵ پ.ز دا ئاشورییه کان ده ستیان به سه رداگرتوه . له 612پ ز، کو رد نه ینه وای له ئاشورییه کان سه نده وه . له سه رده می ئومه ری کوڕی خه تابدا، ئه ره ب به سه رکردایه تی (روبعی کوڕی ئه فکه ل) ده ستیان به سه ر نه ینه وادا گرتو ناویاننا موصل چونکه شامو خۆرستان (وڵاتی رۆژ)ی به یه کئه گه یان که تا ئه و به رواره یه ک ئه ره بی تیانه بو، به ڵکو له ژێر ده سه ڵاتی کورده ساسانییه کانابو.. تا 2014 رێژه ی ئه ره ب له شاری موسڵدا 70%ی تێپه ڕان، له ماوه ی 2014تا ئێستا، مه زه نه ئه کرێ دائش رێژه ی ئه ره بی شاری موسڵی له 98% تێپه ڕانبێ.

ب-ئێستا سه باره ت شاری موسڵ، ئه گه ر ئۆپراسیۆنه که سه رکه وتوبو، سه رکه وتنه که ئه کرێ به هی سوپای ئیراکی پاڵه وانو ئه شێ سوپاسێکی هه رێم بکرێو پێیبڵێن ئیتر بگه ڕێنه وه بۆ وڵاتی خۆتان! ئه مریکاش ئه ڵێ ئه وه به ینی خۆتانه و ئێمه ده س له کاری ناوخۆتان وه رناده ین!!.
ئه گه ر سه رکه وتونه بو، سه رنه که وتنه که ئه خرێته ئه ستۆی پێشمه رگه و له وانه یه تۆمه تی ناپاکیشی بۆهه ڵبه سترێ! ئه وه تا دو په رله مانتاری ئیراکی: ئه بدول ره هیم شه مه ری و ئه بدولره همان ئه لوێزی به توندی هێرشیانکرده سه ر هوکومه تی هه رێمو پارتیو پێشمه رگه به بیانوی وێرانکردنی گوندو ژێرخانی ئابوریو سه رکوتکردنی هاوڵاتیانی ئه ره ب له رۆژئاوای دیجله (وه ک له خه باتی 20/9نوسراوه )! له کاتێکا پێشمه رگه ئه و ناوچه یه ی له دائش پاککردۆته وه که ئه بوایه سوپاسبکرایه ! به ڵام ئه و دو په رله مانتاره دڵسۆزه ، بۆ وێرانکردنو کۆمه ڵکوژیی سێ شاری وه ک تکریت و فه لوجه و رومادی، ورته یه کیان لێوه نه هات!

پ-له وه ڵامێکی بارزانیدا بۆ فرانس24 رۆژی19/9/2016 سه باره ت دوای دائش، ئه لێ: پێویسته لیژنه یه کی سیاسی له م بواره دا بکۆڵێته وه . جه بار یاوه ریش هه ر ئاماژه بۆلیژنه یه کی له وجۆره ئه کا بۆدوای دائش (سایتی روداو 19/9) ده مێکیشه ئه وه ئاشکرابوه هه ر کارێک له م وڵاته دا دوابخرێو بسپێردرێ به لیژنه ، ئه وه ده ستی لێبشۆ وه ک لیژنه کانی ماده ی 140!!

ت- ئێستا وه ک به ڵگه نه ویستی لێهاتوه که به بێ پێشمه رگه ، موسڵ له دائش پاکناکرێته وه . که واته هه له بۆئه وه ی کورد مه رجه کانی خۆی بسه پێنێ.

به رامبه ر ئه م هه ڵکه وتانه ، به بڕوای من، هه رێم سێ رێگه ی له به رده مدایه :

یه که م: به شداری نه کا له و شه ڕه دا. به شداریکردن، یاریکردنه به ئاگر! راسته به گرتنی موسڵ دائش لاوازئه بێ، به ڵام له ناوناچێ. تورکیاو لایه نیتریش هه ڵیئه سێننه وه !

دوه م: ئه گه ر هه ر به شداريى كرد، ئه بێ مه رجه كانى خۆى له ئێستاوه  بسه پێنێ به نوسراويو واژوكراوى له لايه ن ئيراكو ئه مريكاو گه وره  هێزه كانى ئه وروپاو روسياو يو ئێن و كورد خۆيه وه و بلاويشبكرێنه وه . كه مترين مه رجێكيش، به رى چه پى ديجله  بۆكوردى موسڵو به رى راستى بۆئه ره بى موسڵ. هه ر يه كه شيان پارێزگايه كى جياوازبێ. كه مينه كانيش خۆيان سه رپشكبن بۆهه ركاميان. ئەمە وەک چارەسەرییەکی کاتی، ئەگینا موسڵ هەموی شارێکی کوردیبوەو ئەبێ هەر کوردیبێ.

سێيه م: له بارێكدا ئه گه ر له م شه ره دا، كورد ته نيا سه رى شكاوو بنى دڕاوى بۆمايه وه ، ئه وا كه مترين سزا بۆده سه ڵاتى هه رێم، ئه بێ ئه وه بێ ده س له ده سه ڵات هه ڵگرێو راده ستى گه لى بكا. ئه گينا گه ل بريارى خۆى ئه دا.

٣١ بينين ٦ لێدوان  لەوانە:



**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل ،نەتیجەکەش هەرئەوەیە کەبەریزتان دەستنیشانتان کردوە ،نەهامەتیەکە بۆ کوردە پاش سەرکەوتنیش عەرەب دەگەریتەوە شوینی خۆیان ،یەکدەگرنەوە دژی کورد ، بەلام ئەم دەسەلاتە ویرانە بییاکە گەندەلە کەی باکی بەشەهیدبونی رۆلەی کورد هەیە ،کەی گوی بەشەهیدبون یان کوژرانیان دەدات !!ئەوهەموو بریندارو شەهیدە هەیە کەی سەریکیان لیدەدەن لەخۆیانی پەک کەوتو لەمالەوە یان لەکەس وکاری شەهیدەکان ماوەیەک پیش ئیستا لەسەر  هەمان بابەت نوسیم نابیت کوری کورد بەشداری لەم شەرەدا بکات ،خۆگەر بەشداریان کرد دەبیت بە مەرجی گەرانەوەی ناوچەکوردیە داگیرکراوەکانبیت بۆ سەر خواروی کوردستان ،خۆ گەروانەبیت هەرکەس بکوژریت ئەوا بەشەهید ناژمیریت وتاوانە خۆی بدات بەکوشت سەرکردایەتی کورد تاوان بارە لەو خوینانە ، بەلام کورد کەی ریکەوتنی کردوە تەنها بۆ دەست خۆشیەک ودەست بە پشتاکیشانیک وناوهینانیکی بە ئازا و باسکردنیکی کورد لەلایەن دەولەتە زلهیزەکانەوە ئامادەیە هەموکورد بدەن بەکوشت ، ئیتر ئەوە هەموشتیکەو خوای دەکرد سەد کوری کورد دەدرا بەکشت ، خۆ مالی ئەوان ویران نابیت رۆلەی ئەوان ناکوژریت ،دایکی ئەوان جەرگیان ناسوتیت ،ئیتر تەلەفزیونە گەندەلەکان دەیکەن بەهەرا ، باس دەکریت میشکی خەلکی پیدەشونەوە خۆل دەکەنە چاوی خەلکی کە فلان رۆژنامە ئاوا باسی پیشمەرگە دەکات ، فیسار کەس ئاوا ناوی پیشمەرگەی هینا ، بەرنامەکانی تەلفزیونەکوردیەکان وەک خوینی کوری کوردیان دۆزبیتەوە رۆژانە ئەمە بابەتانە لیی دەدەنەوە ، کوران وکەس وکاری سەرکردەو بنکردەش لە دوای دواوەی شەرکە دەبن لەسەرکەوتنیشدا ودەستخۆشانەش بۆ ئەوانی سەرکەوتوە ، شکست ونەهامەتیەکانی جەرگ سوتان وکوژرانی کوری کورد بۆ هەژاران ودلسۆزانی کوردە ئەو ترسنۆکانەی کە بەشداری هیچ شەریکیان نەکردوە ،رۆژبەرۆژ بەرەوپیشتر دەبرین ودەسکەوت وناوبانگ بۆ قرەکانی دوای دواوە واتە ترسنۆکەکان ، نەهامەتی وبریندار‌ی و پەک کەوتنیش بۆ ئازاو قارەمانەکان و دەکرینە پالەوانی جەنگ ،


**Muhamed Bazrgan** ئه م شیکردنه وه یه ي ماموستا کامیل زبر زور وردو به سه نده ئه نجامي شه ر که ر سه رکه وتن بوو ئه وا بو سوباي عيراقه که ر زير که وتن بو ئه وا کورد خه تابار ده که ن سبه ي بو بيننه ري نزيکه

**Mohammad Barzy** دەستخۆش بۆ ئەو شیکردنەوە نایابە ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانیین بە درێژایی مێژوو کورد وەک کوتەکێک بەکارهێنراوە .

کورته وه ڵام / 8 دیسان شه ڕی موسڵو به هه ده رچونی خوێنی پێشمه رگه! ٢٦/٩/٢٠١٦

-سایتی کوردستانی نوێ 26/9/2016 له زمان فه رید ئه سه سه رده وه ، ئه ڵێ: هه رێم بۆ به شداری له شه ڕی موسڵدا ژماره یه ک پێشمه رجی هه بوه، به ڵام هیچی بۆنه چۆته سه ر، که چی هه ر به شداری ئه و شه ڕه ش ئه بێ!

+دیاره کورد هیچ په ندێکی له ئه بو موسلیمی خۆراسانی وه رنه گرتوه که به خوێنی هه زاران کورد ده وڵه تی ئه مه ویی له ناوبردو راده ستی ئه باسییه کانی کرد!

هیچ په ندێکی له سه لا هه دینی ئه یوبی وه نه گرتوه که هه زاران لاوی کوردی به کوشتدا بۆ ده رکردنی خاچپه رسته کان له قودس! ئه نجامیش به وه شکایه وه که سه دان هه زار کورد له فه له ستینو ئه رده نو سوریاو لبنانو میسرو سۆدان، له ناو ئه ره بدا توانه وه ! دواییش هه ر ئه و خاچپه رستانه به په یمانی سایکس بیکۆ، یه ک به هه زار تۆڵه ی کاره که ی سه لاهه دینیان له کورد کرده وه !!

هیچ په ندێکی له وه ش وه رنه گرتوه که دوای دروستبونی کۆماری تورکیا، ئه تا تورک ده ستێکی په پشتی کوردا داو یۆنانییه کانی به خوێنی هه زاران کورد له تورکیا ده رکرد، جگه له وه ی به شی زۆری کوشتاری ئه رمه نییه کانی به سواره ی هه میدییه کردو گه لێ نمونه یتر.

نا! نه که ی به ڕێز سه رۆکی هه رێم، تۆش له پێناوی هیچدا، هه زاران رۆڵه ی کورد به کوشت بده ی!. ئه گه ر ته نیا له پێناوی ئه و بڕه پاره یه دا که ئه مریکا ئه یدا به پێشمه رگه ، پێشمه رگه به کوشت ئه ده ی!؟ ئه وا مێژو لێتخۆشنابێ. یا ئه گه ر به ڵێنێکت به ئه مریکا داوه و لات نه نگه له و به ڵێنه په شیمانبیته وه وه ک نه رێتیکی ئه شایری!؟ ئه وا رێگه زۆره بۆئه وه ی ئه و شه ڕی خۆکوژیه نه که ی. ئه توانی به نهێنی به رپرسی هێزه کانی 70 و 80 راسپێری ئه وان بڵێن ئێمه ئه و شه ڕه ناکه ین له پێناوی هیچدا، به وه تۆ به به ردێک چوار چۆله که ئه کوژیت.

یه که م: له به ڵێنشکێنی رزگارت ئه بێ. ئه ڵێی من ئه مویستو ئه وان نه یانکرد.

دوه م: پارمه تییه  داراییه كه ی ئه مریكا به رده وام ئه بێ بۆپێشمه رگه ، چونكه  ئه و ئه ڵێ تا له ناوبردنی دائش. دائشیش بێ پێشمه رگه  له ناونابرێ.

سێیه م: خوێنی پێشمه رگه  به هه ده ر ناچێ.

چواره م: ئه توانی تا ده سپێكردنی شه ڕه كه ، چه كێكی زۆر به ده ست بخه ی.

دوا وته م ئه وه یه : مانه وه ی دائش به  مه مره و مه ژی، بۆكورد به سوده ، نه ک زیان. چونكه به وهۆیه وه یه  ئێستا ئێسكی كورد تۆزێک سوكه . كه  دائش نه ما، ده یان رێكه وتننامه یتری لۆزانو جه زائیر، دێنه  ئاراوه و ئه وه ی هه شمانه  له گۆڕئه نرێ!!.

فه رمون ئه مه ش ده قی نوسینه كه ی ئه سه سه رد:

**شەڕی موسڵ و مەرجەكانی هەرێم | فه رید ئه سه سه رد 26/9/2016**

**بەبێ ئەوەی هیچ رێككەوتنێكی سیاسی، وەك هەرێم دەیویست، سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبردنی پارێزگای نەینەوا پاش رزگاركردنی لە داعش، بێتە دی، هەرێم رەزامەندیی لەسەر بەشداری كردن لە ئۆپەراسیۆنی رزگاركردنی موسڵ نیشاندا. رەزامەندییەكە خۆی لەخۆیدا لاوازیی دیپلۆماسیەتی هەرێم دەردەخا، چونكە هەرێم پێشتر نەیدەویست بەبێ مەرج بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەكەدا بكات. دواتر، هیچ مەرجێكی سەرەكیی بۆ نەچوە سەر و وردە دەستبەرداری یەك بەیەكی مەرجەكانی بوو.**

**لە ڕوی ئاسایشی نەتەوەیەوە، هەرێم بە دوركەوتنەوەی داعش لە سنورەكەی، بڕێكی زۆرتری سەقامگیری بۆ خۆی دابین دەكا و لە هەڕەشەی بەردەوامی تیرۆر رزگاری دەبێ. ئەم ئام انجە  بە بەشداریكردن و بەشداری نەكردنی هێزی پێشمەرگە هەر دەهاتە دی. بەڵام، لەلایەكی ترەوە، پێشنازكردنی چەردەیەك مەرج لەلایەن هەرێمەوە، ئەو دەرفەتەی بۆ پێكهێنا كە بەرامبەر بە وازهێنان لەو مەرجانە، مووچەی هێزی پێشمەرگە تا دوای تەواوبونی ئۆپەراسیۆنی موسڵ دابین بكات.**

**هەرچەند رەزامەندیی ئەمریكا لەسەر دابین كردنی ئەو موچەیەی هێزی پێشمەرگە كە حكومەتی هەرێم پێی دابین ناكرێ، خۆی لە خۆیدا بایەخی خۆی هەیە و لە هەلومەرجی قەیرانی داراییدا هەر دەبێ بە دەستكەوت بژمێردرێ، بەڵام ئەو زیانەی كە بە وازهێنانی هەرێم لە مەرجەكانی بەری كەوتووە، گەورەترە لە دەستكەوتی دابین كردنی مووچەی هێزی پێشمەرگە بۆ چەند مانگێك .**

**هەرێم دەیویست پێش ئۆپەراسیۆنەكە رێككەوتنێكی سیاسی سەبارەت بەشێوەی بەڕێوەبردنی تەواوی پارێزگای نەینەوا بێنێتە دی كە تێیدا هەرێم رۆڵێكی كاریگەری لە بەڕێوەبردنی پارێزگاكە بە هاوبەشی لە قۆناغی یەكەمدا و لە دیاری كردنی چارەنوسیدا لە قۆناغی دووەمدا هەبێ. بەڵام ئەم پێشنیازە لەلایەن بەغدا و بەشێكی گروپەكانی پارێزگاكەوە رەت كرایەوە و ئەمریكییەكانیش بەدڵیان نەبوو، بەتایبەتی كە گومان هەبوو هەندێ لایەنی دەرەكی و هەندێ گروپی ناو موسڵ بتوانن رێككەوتنەكە بە ئاراستەیەكی خراپدا ببەن. سەربارى ئەوەی كە رێككەوتنە پێشنیازكراوەكە دەسەڵاتێكی ئەوتۆی بۆ ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا نەدەهێشتەوە و رەوشێكی**

ئاڵۆزی لە پارێزگاکەدا دەهێنایە دی.
هەرێم بیرۆکەی دابە شکردنی نەینەوای بەسەر چەند پارێزگایەکدا هێنایە پێش و لەم روەوە زۆر بە تەنگ ئەوەوە بوو پێش رزگارکردنی موسڵ پارێزگای تازە لە سنوری پارێزگای نەینەوا پێك بهێنرێ. کاتێك ئەم پێشنیازە رەت کرایەوە، هەرێم هەموو هەوڵەکانی لەسەر ئەوە چڕ کردەوەکە بەڵێنی پێ بدرێ کە دەم و دەست پاش رزگارکردنی موسڵ و پێش ئەوەی پارێزگاکە ببێ بە هەرێم، دەست بە دابەش کردنی پارێزگاکە بکرێ. بەڵام هەرێم هیچ بەڵێنێکی لەو جۆرەی پێ نەدرا. پێشبینی دەکرێ نەینەوا پاش رزگارکردنی، هەنگاو بۆ دروست کردنی هەرێم بنێ. لە دۆخێکی وادا قەزاکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبن بە پارێزگا بەڵام ئەوسا مافی ئەوەیان نابێ یەکلایەنە بریار لە جیابونەوە بدەن. هەرێم زۆرتر مەبەستی بوو دوو پارێزگا، یەکێك لە شنگال و ئەوی تر لە دەشتی نەینەوا لە قەزاکانی شێخان و تلکێف و قەرەقوش پێك بهێنرێ.
ئەو رێککەوتنەی کە هەرێم لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا واژۆی کردووە، ئەوە بەسەر هێزی پێشمەرگەدا دەسەپێنێ کە پاش شەڕەکە لە هەموو زەوییەکان بکشێتەوە. ئەمەش پێچەوانەی لێدوانەکانی لەمەوبەرە کە تێیدا دەوترا هەر زەوییەك هێزی پێشمەرگە بە خوێن بیگرێ، نادرێتەوە.
هەرێم هەر لە سەرەتاوە دژی بەشداریکردنی حەشدی شەعبی وەستایەوە بەڵام لە کۆتاییدا دستی لەم مەرجە هەڵگرت. پێشی خۆش نەبوو، هێزی پێشمەرگە ملکەچی سەرکردایەتیی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنەکە بێ بەڵام ئەمریکییەکان هانیان دا پێ لەسەر ئەم مەرجە دانەگرێ.
دوو گروپ بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی موسڵدا دەکەن کە هەولێر حەز ناکا بەشداری بکەن، یەکێکیان هێزەکانی حەشدی ئێزدییەکانە و ئەوی دیکە هەندێ یەکەی پەکەکەیە. سەرباری ئەوەی کە گروپەکەی نوجەیفی و لە پشت ئەوەوە هەندێ لایەنی ناو هەرێم، هەوڵی لێبڕاوانەیان بۆ بەشداری پێکردنی هێزە تورکییەکانی سەربازگەی بەعشیقە دا، بەڵام هەوڵەکەیان هیچی لێ سەوز نەبوو.
لە ئۆپەراسیونی موسڵ ئومێدێکی زۆر لەسەر توانای شەڕکەرانەی هێزەکانی نوجەیفی هەڵناچنرێ. هێزی پێشمەرگەش، بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەولێر دەیویست، زۆرتر رۆڵی پشتیوانی پێ سپێردراوەو سنوری جموجوڵی بۆ دیاری کراوە، وا دانراوە کە تەنها لە کاتی پێویستدا رێی پێ بدرێ بچێتە ناو موسڵ، دواتریش هەر کات داوای لێ کرا دەبێ چۆڵی بکات.
شەڕی موسڵ شەڕێکی چارەنوسسازە و پاش یەکلابونەوەی دەبێتە مایەی کردنەوەی چەند فایلێکی هەستیار لەوانە فایلی دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ داعش لەکاتی گرتنی موسڵ لە ساڵی 2014 و فایلی کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارێزگاکە و فایلی چۆڵ کردنی شنگال و چەند فایلێکی دیکەی هەستیار. ئەمە بەم واتایە دێت کە رزگارکردنی موسڵ لێی رادەبینرێ شەڕی سیاسیی گەورەی لێ بکەوێتەوە کە بەدڵنیاییەوە کاریگەری زۆری لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی دەبێ.
٤٦ بینین ١١ لێدوان لەوانە:





**Sadeq Hamagharib Kader** قوربان ئه مانه جیاوازیان چیه له گه ل صدام. صدام پروژه ی ئابوری و پیشه سازی ئه کرد له هه مو عراقا به بی جیاوازی بو بوژانه وه وه زور جار پروژه که زه ره ری ئه کرد به لام شاره زایان هوای سه رکه وتنیان هه بو یه که م بو ره خساندنی هه لی کار دوه م خه لک فیری کار بکه ن. من له بلغاریا کارگه یه کی جلو به رگم دی هی سالی ١٩٣٤ وه کاری ئه کرد که چی لیره باشترین کارگه له روژهه لاتی نا وه راست کراوه به گه نجینه ی جگه ره ی هاورده. من له کاتیک طارق حمد عبدالله وزیری پیشه سازی بو یه کیکم دا مه زراند لیهاتو بو شوعي بو وه سکالایان کردبو وه وزیر هاته بانی خیلان وه ده ست خوشی لیکردم وه پیی وتم نیوه ی عراق شوعیه گرنگ ئه وه یه لیهاتوه. قوربان چه نیک له وانه ی کاربه ده ستن لیهاتون. باری ئابوری شله قاوه چونکه خه لکیکی زور دامه زراوه به بی پیویست که وا ئاوسانیکی قورسی دروست کردوه وه هیچ وارداتیک به شی موچه یان نا کات. قوربان له کاتی طه یاسین رمضان یه ك راویژکار هه بو له وزاره تی پیشه سازی (نجم قوجه قصاب )ئیستا چه ند هه یه. کورد ووته نی (زور ووتن قورآن خوشه )وه یاخوا هه ر خوشبیت.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ · دەستکاریکرا



**Sayran Safeen** ماموستا کیان تو بياويكي تا سه ر ايسكان راست و نه ته وه يي و باك ده روون. بياويكي بر ازمون و دنيا ديده. نازانم جون به نوو سينێ شاكرديكي نوشيرواني ًسرووشت فاشي و بياوي قاسمي سليماني باوه ر ده كه ي. جاري با فه ريد بو مان ساغ كاته وه اسه سه رد ياني جي اوجا بي ته نزيرات بكاو باسي شتي بكا كه نه ك فه ريد به لكو ايرانيش سه ري ليشيواوه جده كري. تو دلنيابه مه سعود بارزاني شتي ناكات له به رزه وه ندي كوردا نه بي. وه مه سه له ي مرسل و كردني به جه ند باريزكايه ك بيشنيازي او بوه. به لام نوشيروان و شاكرده ماركسيه نه زانه كاني هه رجي بارتي بيكا ت ره شي دةَ كه نه وه خوشت ماموستاي كوردايه تي بينيت برايم احمه د جون به فيتي عيسا به زمان و اطلاعات خه نجه ري له شورشدا. امرو نوشيروان و امسالي فه ريدي كه ناني كونه ماسي ده خوا و باسي جرتاو ده كا دوباره كردنه وه ي هه مان سيناريوي باوكي جاش موسه قه فه كاني٦٦ ه. مه سه له ي كورد له ده ستيكي امينه نه ك له ده ست مندال و توال. ده شبيني ريزم بوخوت و فيكري ريبازه مه ردانه كه ت. بزي كورد. بزي كوردستان.



**Sadeq Hamagharib Kader** قوربان له دنیادا باوه یه ک خرایه هه زار چاکه ئه سریته وه من دلنیام کاک مسعود هیچ شتیک ناکات له به رژه وه ندی کورد نه بیت چونکه پیویستی به هیچ نیه به لام راویژکاری لینه هاتو ریگا خوار ئه که ن. سه رکردایه تی پیویستی به را ویژکاری ئابوری هه یه له ده ره وه ی سیاسه ت (حزب).زور سوپاس.



**Kamil Zheer** هانام نایە دەمت سەیران خان . ئێمەش ئەوەمان ئەوێ. بەڵام ئەوە بزانە کورد مارانگازە، لەگوریسیش سڵئەکاتەوە. ئەبێ پێشەکی مەرجەکانی سەبارەت موسڵ بچەسپێنێ بەنوسراوی و واژوکراوی و گەرەنتی ، نەک بەبەڵێنی دەمی و کسەی روت.



**Sayran Safeen** سوباس بو كاك سادق و سوباسيش بو جه نابت. من له قسه ي مه
سولم ده شبينن. له و روزانه ش ده جيته به غدا هيوادارمً به ربرسي هه موو حزبه كان
ياوه ري بن تا له وي مه سه له ي سه ربه خويي تاوتو بكه ن و به ده ستكه وتي مه
زنيش بكه رينه وه. برسيار اوه يه نوشيروان خه نجه ره كه ي وه شاندو رايكرد اكه ر
دلسوزبيت ده كه ريته وه تا اويش له كه لدابيت كه دلنيام ناجي جونكه خوي كوتويه تي
هه زار سه ربه خويي به ده ستي بارزاني بيت نامه وي. مخابن وا ده لي دلنياي ده كه
مه وه هه رجي بوكورد وه دي بيت او سه وقافلة يه وخواش له كه ليه تيً. ده وباره
راويزكاره كاني منيش له كه ل كاك سادقم به لام هه ول هه يه ماموستا زيري زور زير
و فره دلسوز كوته ني نآن ده د ريته وه نانه وا و كوشتيش قه ساب.ً خزمه تكارتانم
خوزكه كورد كومةً ليكي وه ك ايوه راست و بوير و خونه ويست هه بوايه.



**Kamil Zheer** سوپاس بۆ خوشکی رۆشنبیرو دڵسۆزمان سەفین خان .
ئێمەش بەبێ پشتگیریی ئێوە، ئەرکەکانمان بۆ تەواو ناکرێ. هەر شادبن.

**کورته  وه ڵام/9 : ئه مجاره ش شه ڕی موسڵو ئه نجامه  مه ترسیداره کان!  ٢/١٠/٢٠١٦**

**29/9/2016 شاندێکی هه شت که سی که  نوێنه رایه تیی هێزه  ده سڕۆیشتوه کانی هه رێمیان ئه کرد، خۆیان گه یانده  به غدا. سه رۆکی شانده که و نوێنه ری ناوه ندی بریاری یه کێتیش، جه ختیان له سه رئه وه  ئه کرده وه  که  ئه وله وییه تی شانده که،  مافی چاره ی خۆنوسینه. خه ڵکانێکیش پێداگرییان له سه رئه وه ئه کرد که  شانده که  به  مژده ی سه ربه خۆیی کوردستانه وه  ئه گه ڕێته وه . که چی باسی پرسی سه ربه خۆیی له کوله که ی ته ڕیشدا نه کرا. پێده چێ ئه و پرسه یان له  پریاسکه یه کدا دانابێو له ڕێگه  لێیانکه وتبێ، یا له وێ بیریانچوبێ، به م بەڵگانه :**

**أ-ئه بادی وتی (گفتوگۆکانمان له پێناو کۆنترۆڵکردنه وه ی ناوچه کانی ژێرده سی دائشبو. ئه وه شمان پێوتون که  نابێ ئیستیغلالی ئه و شه ڕه بکه ن بۆفراوانکردنی ناوچه کانی ژێر ده سه ڵاتتان).**

**ب-له گه ڕانه وه دا،  هیچکام له  شانده  کوردییه که  نه یانوت له سه ر پرسی سه ربه خۆیی گفتوگۆمانکردوه . ته نیا نوێنه ره که ی یه کگرتو وتی: (ئاماژه  به مافی گه لی کوردستان  کرا له شه راکه تی حوکمڕانی ئیراکو مافی فیدراڵی، ئه گه ر نا،  هه رێم ناچاری په نابردن بۆرێگه چاره ی ده ستورییتر ئه با). ئه م وته  شه رمنانه یه ش وه کئه وه یه  له ژێر چاکه ته که ته وه  چه مۆڵه یه ک له به رامبه ره کت بنێی!**

**پێشتریش جه بار یاوه ر له سایتی روداو 28/9/2016 وتوێتی: (رێکه وتنێکێ گشتیو کۆتایی له سه ر هه مو هێزه کان کراوه .. دوای پرۆسه که ش، سوپاو پۆلیسی فیدراڵیو پۆلیسی خۆجێیی مه له فی ئه منی له نێو شاری موسڵ به ده سته وه  ده گرن!! ئیداره دانی شاره که ش هه روه ک پێشو له لایه ن ئه نجومه نی شاره که وه  ئه بێ!) ئه ره ب واته نی-وشهد شاهد من اهله - چه نجار ئه وه ش وتراوه  که نابێ پێشمه رگه  ئه و هێڵانه  تێپه ڕێنێ که  بۆیدیاریکراوه !!.**

ئه وه یه ئه و ئه نجامه ی من لێی ئه ترسام وه ک له کورته وه ڵام 7و8دا ئاماژه م بۆکردوه سه باره ت شه ڕی موسڵ. ئه وا ئێستا خه ریکه پێشبینییه کانمان دێنه دی! ئه نجامه چاوه ڕوانکراوه کانیش به مجۆره ئه بن:

١-سه دان پێشمه رگه له و شه ڕه دا ئه کوژرێن له پێناوی هیچدا. ئه ڵێم ئه کوژرێن نه ک شه هید! چونکه شه ڕێک بۆئه وه بێ موسڵی کوردستان، بدرێته وه به ئیراکی ئه ره بی! یا به تورکیای ره گه زپه رست، شه هیدیچی!؟

٢-زوربه ی زۆری گوڵله ی ئه و چه کانه ی له ماوه ی رابوردودا به خشراون به پێشمه رگه ، له و شه ڕه دا به کارئه هێنرێن. ئه وسا کلاشینکۆفێکو تێلایه ک، لوله ی تۆپێکو بۆرییه کی زۆپا، ده بابه یه کو تراکتۆرێک، لای پێشمه رگه جیاوازییان نابێ!! ئه وه ش ئاشکرایه دوای دائش، هیچکام له هاوپه یمانان، که وچکێک باروت به خۆڕایی به کورد ناده ن. ئه مریکاش موچه که ی پێشمه رگه ئه بڕێ، هه رێمیش به ده غیله یه کی چۆڵه وه ، توانای موچه ی پێشمه رگه و کڕینی کارتۆنێک هێلکه ی نامێنێ، نه ک کڕینی باره گوڵله تۆپو سنوکه فیشه ک. ده ی دوای ئه و ده رئه نجامه ، شه ڕی هه شدی شه ئبیی چاوه روانکراو به چی بکه ین!؟ ئه و شه ڕه ی که هه ر روئه داتو سه ره تاکه ی به هێرشی هه شدی شه ئبی ده سپێئه کا بۆسه ر که رکوکو هاوشێوه کانی که رکوک. ئه وسا به چی به رگریبکه ین شۆڕه سواره کانی شانده که و کاکی ئه میندار!؟ مه گه ر، وه ک شێخ هسه ینی بێژه ر له رادیۆی کوردی به غدا، کاتی خۆی، یه خه ی دو که ڵه وێ وک خۆی و تۆی گرتبو:

*وه رن با ببین به پێشمه رگه .

**جائێمه به م گه ڵوگیپاڵه وه چیمانپێئه کرێ!؟

*زۆر شت. که فڕۆکه ئێمه ی بینی، وائه زانێ کوردیش ده بابه ی هه یه ! ئیتر ئۆتۆنۆمییه که وه رئه گرین!.

به ڵێ له و ده رئه نجامه دا، به غداد به تیرێك پێنج نیشان ئه پێکێ:

یه که م: کوشتنی پێشمه رگه یه کی زۆر به ده ستی دائش.

دوه م: له ناوچونی چه کو جبه خانه کانی پ.م.

سێیه م: ملیۆنێ ئه ره بیتر ئه ڕژێنه کوردستان.

چواره م: هه رێم ئه وه نده یتر ته پڵی نابوتی لێئه دا.

پێنجه م: ره وشه که له بارئه بێ بۆرێکه وتننامه یه کیتری وه ک جه زائیر!

له لایه کیتره وه ، ئه وه ی سه یرو سه مه ره یه ، هه میشه که سی لێتێگیراو هانا بۆفریادره س ئه با، واتا ئه بوایه به غدا بهاتایه و هانای بۆهه ولێرو سلێمانی ببردایه بۆشه ڕی موسڵ. هه رێمیش ئه گه ر به ناچاری ئه و شه ڕه ی ببوایه به توشه وه له ژێر گوشارێکدا، کۆمه ڵێ مه رجی خۆی بسه پانایه وه ک: ئه وه نده چه کمان بده نێ بۆشه ڕه که . ئه وه نده ش دراومان

**بده نێ بۆموچه و بژێویی خه ڵک و...تاد.  كه چی ئه مان چونه  ده رباری به غداو ئه ویش که وته  سه پاندنی مه رجه كانی به سه ریاندا وه ک له سه ره وه  ئاماژه مان بۆکردوه !.**
**به خێربێنه وه  وه فدی کوردستان!.**

**٦٣بينين ٢٠لێدوان لەوانە:**



**Pshko Amin** مامۆستا دەولەتی کوردی دەبیت خەڵکی نەتەوەی دروستی کات
،ئەوسا بۆ دروستکردنی ئەودەولەتە نەپرس ونەرا بەداگیرکەران ناکریت ،بەلکووپرس
بەخەلکی کورد دەکریت کەچی بکریت باشە هەنگاوەکان چۆن بن ،من پیم وایە هیچ
داگیرکەریک لەدنیادا نیە بیەویت ئەو پارچەیەی کەبۆتە بەشیک لەجەستەی ولاتەکی
بسەندریتەوە ،ئەمە مەحالە ئەوەتا بەریتانیا رازی نیە ئیرلەندە جیابیتەوە سەرۆک
وەزیرانی بەریتانی وتی گەردەنگ بە سەربەخۆی بدەن خەلکی ئیرلەندە من خۆم
دەکوژمن جا قوربەسەر عەبادیو مالکی وروحانی ئەردوگان دەبیت چی بلین ئەوان نال
خۆم دەکوژمن بەلکو دەلین کورد دەکوژین یان ئەوە ئیسپانیاو باسک کەهەموو مافیکیا
هەیە باسکەکان بەلام خەباتی سەربەخۆیان هەربەردەوامە ،ولەهەولی سەربەخۆبوندان
،ئیمە ٢٥ سالی رەبەق سەربەخۆبوین کەچی ئەم ژیرکردایەتیە نانەتەوەیە خۆ دەولەمە
کەرە گەندەڵ ٢وەزە هەربەبی پرس وراکردن بەکورد کردینیانەوە بەبغدادا ،ئیتر
باسکردن لەدەولەتی کوردی شەرمە ئەمانە هەربیکەن ، ئەمانە وەک کەوەکە دەریشیان
کەن لەدەرگای قەفەسی کۆیلەبوون هەردەن چونکە نازانن وناتوانن بەبی کۆیلەی بژین



**Kwestan Abdulkarem** به لي كاكه پشكوي به ريز،
ئيوه راست ده فه رمون و هاوراتم



**Binai Amen** دەست خۆش کاک کامیل لەو گەڵ وگیپالە نانەتەوەیانە کەخەریکی
فشەکوردایەتین هەر ئەوە چاوەروان دەکریت ،نەک سەربەخۆی ،گەر سەربەخۆیان
بویستایە ئەوان ٢٥ سالە سەربەخۆیان رادەگەیاند ،کە لەو٢٥ سالەوە وکردستان هیچ
دەسەلاتیکی ناوەندی بەسەرەوە نەماوە ئەوان هەولی بەهیزکردنەوەی عیراقیاندا ویەک
پیگرتنەوەو شیعەو سونەیان کردەوە یەک ودایاننیشاندنەوەو ئەوان هۆی بەهیزکردنەو
عیراقبوون ئەوان هۆی یەکگرتنەوەی عیراقی دابەش بوون ئیستاشی لەگەلدابیت
هەرئەوان بەخوینی کوری هەژارای کورد نەک هینی کورەکانی خۆیان لەهەولی
بەهیزکردنەو یەکپیگرتنەوە و ئازدکردنی ناوچەکانی ژیردەستی داعشدان ، ئەمانە خ
لەمەلیک مەلیکیترن لە سەدام عیرقچیترن ، ئەوەتا لەباتی هەولی خۆشکردنی شەرەک
نێو ماڵی شیعە بدەن دەیانەویت خامۆشی کەن ، دەک بەخیر نەیەنەوە بۆخۆتان و مافی
بەدەستیان هینا بۆ کورد هەی گەندەل ودزینە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ



**Kamaran Mawlawi** پارتی هەڵەی سیاسی و کەموکورتی زۆرە، بەڵام ئەم
سەفەرە سووچی ئەوانە بوو کە
لەوەتەی هەن گایان بۆ عێراقچێتی ئەقۆڕێنێ، سوسیال دیمۆکراتە بنەماڵەیەکە و ئەو
ریفۆرمیستانەی کە تەنها ڕەنگی بارەگاکانی خۆیانیان پێگۆڕاوە.
مەگەر کەر بە پەیژەدا سەرکەوێ و قاسم سولەیمانی دەوڵەتی کوردیی پێ باشبێت،
ئەوجا ئەوان بوێرن باسی دەوڵەت بکەن.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ



**Osman Faqi** مامۆستا دەستخۆش ، کورد وائەزانێ سیاسەت ئەوەیە پیاوی باش
، بە دەس ودڵ بیت بۆ نەیارەکانت ، گوێ بە بەرژەوەندی خۆت نەیەیت . بۆ ئەوەی
نەیارەکان ئافەرینت بکەن ..



**Sayran Safeen** ويري ريزم بو ماموستاي كوردايه تي و خه مخوري نـ
بيم وايه بيركردنه وه كه ي به داخه وه هه نديكيان كاريكه ري تاقمي كوران و
إيراني بيوه دياره. ده ليم ماموستا كيان زه مه ن كوراوه دونياش به هه موو ز
ليره ن كۀ واته تو ده بي شه رو سياسه ت به يه كۀ وه بكه ي كرنك نابي كور
قورباني كجي خه لك بكه ي. داعش جه ند خه ته ره له سه ر به غدا سه د او
ر كورد باشان او جوونه ي وه فده كه له سه ر بيشنيازي أمريكا و جاوديري
باشه تو وأخو ت كوردستانت دأبه ش كرديه به داخه وه عيسا به زماني دويني
سليماني حوكمداري سليمانيه باسدار و حه شد هيدي هيدي به ره و كركوك دي
أمريكا ماوه بدا ايران ده ست به سه ر نه وت دابكري له كاتيكدا مليا ره ها دو
دانٔ سه ربازي بو به كوشت داوه. بيكومانٔ نا. تو دوو ربكات له بيشه يا ده بي
ايران بي وسليماني بكريته او ستانيكي إيراني و نوشيروان يا هيروٌ برايم احمد
به كويخا. يا ده بي كوي له أمريكا و زلهيزه كاني روز اوا و ته نانه ت روس
ده ليم ايمه به شه ر هيجمانٔبيناكري اوا خوت سليماني ده بيني جون هاراري
كات تا هه ولير و زهو ك بكوزي. عادل مورادت بيني جون رينمايي ماليكي
قوتي خه لكٔ ببري( امه قسه ي شيخ جافه ره كه اندامي م. س ي ينكه) كه وا
كوي له أمريكا بكري تا به أشكرا زانو ستاندني له كه ل بكري و باسي سه رب
يت. خوشت بينيت بارزاني جون وتي ايمه جيا نابينه وه داواي سه ربه خويي
بيم خوشه جه نابت بشوو دريز بيت با كاريكه ري كوران و ينكٔ بالي هيروٌ و
سه ر نه بي كه أشكرا ده لين سه ربه خويش اكه ر بارزاني وه ري بكري نام
دلنيام وه ر ده كيري رجون برايم احمه د به جاشايه تي سه ري نايه وه و اوا
بن. به له مه كه. كه وره م به لۀ مه كه خه مخوري كورد ده ليم دلنيابه زوري
امانج بكه ين.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ



**Kamil Zheer** سه يران خان، كاريكه ريي كه سم له سه ر نيه. س
خۆيي له ده ستي خۆماندايه نابيَ به ته ماي ئه مريكاو روسبين ، ريز
بۆتان هه يه.



**Zam Zamy** ها ماموستا abdulwahab talabani كاتيك له واله كه ي خوت ده
توت ،سه روك ته حدايان ده كات و ريفراندوم استقلالي كوردستان له كه ل عبادي و
حكومه هي عراق باس ده كات ،،كووتم شتي وا ني يه اصلا شه رمي يان كردووه
باسيشي بكه ن ،،ئه وه تا ماموستا ي كه وره كاميل زير بوخته تر له من رووني
كردووته وه ،،،تكايه يه كيك ئه و بوسته ي بكه ينيته ماموستا عبدالوهاب تاله باني با له
سراب نه زيي و خه لك ووشياره !!!!!!!!


Mohammad Barzy کاکە گیان دەستەکانت خۆشبێت ، هەموو دڵسۆزێک لە تۆی بەرێز زۆر چاک تێدەکات ، بەڵام ئەمرۆ ئەو نۆکەرانەی بۆ پارە و پۆست دوای ئەو سەرکردە دۆڕاوانە کەوتوون دیماخیان نییە ، دیماخ .
١
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

Kamil Zheer ئاخر بە شیر موشیر ناهە قي نە بو ئە یوت کوو بە دیماخیان .
١
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

Mohammad Barzy بەڵێ وایە ، منیش لەبەر ڕۆشنایی وتە بە نرخەکەی بەشیر موشیردا ئەوەم بۆ بەڕێزتان نووسی .. دەستەکانت خۆشبێت و خوای گەورە تەمەندرێژتان کات .

A Qadr Shkak ماموستا ژیر سلاوتان لیبیت و تە ندروست باشیتانم ئاواتە/ گە ورە م ( ژیر ) هە ست ناکە یت پیش رووداوە کان کە وتویت جە نابتان هە میشە ئاموژگاریتان بو ئیمە وابوو کە زوو بریار نە دە ین و پیش رووداو نە کە وین ، چ جای بو جە نابتان کە ، رە نگە توزیك گران بیت . بمبورە ماموستا ژیر .
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

Kamil Zheer کاکە قادر: ئەمەیان جیایە. خوێنێکی زۆری کورد ئەرێژرێ، چەندین منداڵی کورد بێ باوک ئەکەوێ..تاد لەپایچی!؟ لەپای ئەوەی موسڵ کوردستان بدەینەوە بەعەرەب!؟ ئەمە جیاوازیی چیە لەگەڵ پەیمانی لۆزان؟ ئایا ئەمە جاشێتی نیە؟ لەبارێکی وادا ئەبێ پێش ڕوداوەکان بکەوین، ئەگینا کە کارەساتەکە رویدا! پەشیمانی سودێکی نابێ.
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

A Qadr Shkak سوپاس بو فە رمایشتە کە تان تە مە ن دریژ بن .

**کورتە وەڵام /10 بۆ ئەو دەنگەی وتویتی سەربەخۆییمان دواخست! ٢٢/١٠/٢٠١٦**

**ئەشێ سەرگروشتەکە، ڕوداوێکی ڕاستبێ. بەڵام هەریەکەو بەجۆرێک ئەیگێرێتەوە. ئەزیز نەسین، بە شێوازی خۆی کردوێتی بەچیرۆک. لە سوریا کراوە بە کورتە فلیمێک. منیش بەشێوازی خۆم ئەیگێرمەوەو ئەڵێم :**

**دوای ڕاپەڕین، یا ڕاستتر، دوای شەڕی کوێت، بازەگە لەسەر هەندێ ناوچەی باشوری کوردستان**

نیشتەوە. بەڵام نەمانزانی تاجی سەربەخۆیی لەسەرکەین!. وتمان باچاوەڕوانکەین بزانین چیئەبێ!؟ وەک چاوەڕوانییەکەی گوڵبەهار..!

دوای روخانی رژێمی بەئس، ئەمانتوانی سەربەخۆیی رابگەیەنین، یا هیچ نەبێ ئەمانتوانی ناوچە رزگارنەکراوەکان بخەینەوە سەر هەرێم، نەمانکردو وتمان با چاوەڕوانکەین بزانین چیئەبێ!؟ تا ئێستاش هەر لەچاوەڕوانیداین وەک چاوەڕوانییەکەی گوڵبەرهار!؟.

هەر لەدوای راگرتنی شەڕە نەگریسەکەی ناوخۆمان، ئەمانتوانی دو ئیدارەکە یەکخەینەوە. نەمانکردو تا ئێستا چاوەڕوانین بزانین چیئەبێ!؟ وەک چاوەڕوانییەکەی گوڵبەرهار.
بە سودوەرگرتن لە شەڕی ناوخۆو چاوبڕینە بەشێک لە بوجەی تاڵانکراوی هەرێم، پیاوانی ئاینیش خۆیان هاویشتە زەلکاوی هیزبایەتییەوە!.. ئێستا لە مەغریب سیاسەتو هیزبایە تی لەپیاوانی ئاینی قەدەغەکراوە ، کەچی دە سە ڵاتی هە رێم، لە ئاستی ریشپانە سمێڵتاشراوە کاندا، هەر لە چاوەڕوانیدایە بزانێ چیئە بێ! وەک چاوەروانییەکەی گوڵبەهار .
لە 2009وە (گۆڕان)ی موتوربەکراو بە سەرانی شەڕی ناوخۆو بەجۆرێک لە شەتڵی ئاینی، هاتە ئاراوەو وتیان کە چوینە پەرلەمان ئەیگۆڕین. چونو نەیانگۆڕی. وتیان کە چوینە دەسەلات، چونو هەر نەیانگۆڕی. ئێستا ئە وانیش دە ستەوستان لەچاوەڕوانیدان وەک چاوەڕوانیەکەی گوڵبەهار!.

بە غدای پایتە ختو شارە شیئە نشینە کان، هیچکام لە ئاوارە کانی شە ڕی دائشیان نە گرتە خۆیان. ئێمە باوە شمان بۆکردنە وە و ئە وانیش وە ک سوپاسو پێزانینیان بۆئە و کارە مرۆڤانە یە مان، بە رە بە یانی21/ 10/2016 کە رکوکیان کردە خە ڵتانی خوێن! کە چی هە ر دە ریاننـاکە ینو چاوە ڕوانین بزانین چیئە بێ وە ک چاوە ڕوانییە کە ی گوڵبە هار.
لە 2016دا دەنگۆی راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەوەندە گەرمبو، کوردە ئێراکچییەکان خەمیانلێهاتو وایانزانی گەمەکە راستە! بەپەلە لەبەغداوە موچەو بوجەیان لە هەرێم بڕی بۆئەوەی برسێتی، سەربەخۆیی لەبیربەرێتەوە. شەمەندەفەری سەربەخۆییەکەش، رویکردە بەغدا، تا، گوایە بەمژدەی سەربەخۆییەوە بگەڕێتەوە!! لەپڕ ئیستۆپێکی گرتو دای بەبەگو رویکردە موسڵی کوردستان، تا بەخوێنی پێشمەرگەی قارەمان، بیبەخشێتەوە بە ئیراکی ئەنفالو کیمیاباران! دەنگێکیش لە هە ولێرە وە بەرزبوەوەو وتی: سەربەخۆییەکەمان دواخست! وە ک بڵێ جارێ چاوە ڕوانئە بین تابزانین شە ڕە کە ی موسڵ ئە بێ بە چی!؟ لە کاتێکدا ئە مانتوانی بە مە رجی سە ربە خۆیی بە شداریی لە و شە ڕە دا بکە ین، کە چی بە بێ مە رج خۆمان هاویشتە ئە و ئاگرە وە و ئێستا چاوە ڕوانین وە ک چاوە ڕوانییە کە ی گوڵبە هار!.

گوڵبەرهار بۆ خۆی گوڵبەهاربو! لەجوانیدا بێ وێنە.. بەڵام لە ساویلکەیەتیدا وەک ئێمە!! کەچی مێردەکەی دڵی بەو ساویلکەیەتییەی خۆشبو! ئەیوت بۆ منی پیرەمێرد. دوای سێ ژن، ئەم ژنی چوارەمی تەمەن چواردەیە، ساویلکەبێ باشترە وەک لەوەی وریاو چاوکراوەبێ. لەو باوەڕەشدابو کەبەو هەمو زێڕەی بۆیکردوە، نمەکگیری ئەکاتو گزیی لێناکات ! کەچوش بۆ هەج، کلیلی کاسەکەایدا بەگوڵبەهارو وتی خۆت سەرپشکبە لەخەرجیدا، بەڵام کە هاجی لەهەج گەڕایەوە، روانی گوڵبەهار بۆتە بنەدارێکی گەڵاوەریو! پرسیی گوڵەخان ئەوە چی رویداوە!؟ گوڵە وتی: ئێوارەیەک چوم بۆسینەما، لەڕێگا لاوێک کەوتەدوم. قسەم نەکرد، وتم بزانم چیئەبێ؟ هاتە تەنیشتمو بۆم

پێکەنی. وتم با چاوەڕێکەم بزانم چیئەبێ. لەسینەماکە هاتە تەنیشتمەوەو جارجار دەستی بۆ درێژ ئەکردم، وتم با چاوەڕێکەم بزانم چیئەبێ. لەگەڕانەوەدا ئەویش هاتە ماڵەوە، وتم بابزانم چیئەبێ؟ کەچومە ژێر جێگا، ئەویش لەگەڵما هاتە ژێر جێگا. هەر وتم با چاوەڕێکەم بزانم چیئەبێ؟ دوایی دەستی کرد بەو شتەی کەتۆ لەگەڵما ئەتکرد، بەڵام ئەو لەجیاتی جارێک، کردی بە دەجار. دیسان وتم با چاوەڕێکەم بزانم چیئەبێ؟ کە بەیانی لەخەو هەستام، روانیم کوڕە نەماوەو هەمو زێڕەکانی بردوم و هیچیشی لە کاسە کە دا نە هێشتوە !.

ئێستا، سەرەڕای نەبونی سەربەخۆیی، لەو رێگەی موسڵە خوێنمان لێئەچۆڕێو لە کە رکوکیش یە کە م باجی ئە و شە ڕی موسڵە ئە دە ینو کاسەکەی ئێمەش وەک کاسەکەی گوڵبەهار، هیچی تیانەماوەو زێڕی رەشو داهاتی بیستو پێنجساڵیشمان، پشەکان خواردویانە وە ک پشە کە ی گوڵبە هار! دیارە تا پشەکانیش بمێنن، هە ر بە بڕیاری هە ڵە و هەر بەبرسێتیو کۆیلەیەتیو ژێردەستەیەتی چاوەڕوانئە بین، وەک چاوەڕوانییەکەی گوڵبە هار!.

**22/6/2016**

٧٢ بینین ٢٨ لێدوان لەوانە:


Jamal Abdulrahman
Zor rasta
Minesh hawdangim
Layana syasyakan labar pishku pilla karey khaku natawaeyakayan la dast dawa, pool zor khattara, ka khayalut daeey zorbay katakat aba, wa har estash ranga kurdu sarkirdakany afadar nabin, Turkya u Iraq sarkalley awan kirkuk la ...زیاتر ببینە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

Kamil Zheer کاکە د. جەمال گیان، پیلانەکە گەورەیە لە دژمان. ئێوە راست ئەفەرمون. رو رەشی بۆ پارەپەرستەکان کە پارە بەجۆرێک بەرچاوی گرتون بەر پێی خۆشیان نابینن! زۆر سوپاس بۆ ئامۆژگارییەکانت.

Fausy Ramsy دەست و خامەی زێڕینتان خۆش.... دەترسم کە ئەمجارە ڕیس و سمێڵیش هەر بنێنە بان و کارەکەیشمان ببێتە کاری جوت بەهار..... هەر تەمەن درێژ بیت و تا سوود لەو نووسینە پڕبایەخ و سەنگینانەتان وەربگرین.

Kamil Zheer سوپاس مامۆستای گەورەو فامیدە. ترسەکەت لەجێی خۆیدایە. ئەوە ترسی منیشە.

**Binai Amen**
٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦

گەر کورد بیەویت دەوڵەت دروست بکات ،ئەوا پیویستی نە بە بەغدایە نە بە تورکیا نە بە ئیران نە بە کەس بەڵکو پیوستی بەکوردخویەتی ئەوە کوردە ئەو بریارە دەبیت بدات !! ئەوە کوردە کە دەبیت باجی بە دەوڵەت بوون دەدادت ،نەک داگیرکەران کەهیچ کامیکیان رازی نین بە دەوڵەت بونی کورد ،بۆیە دەلیم باخۆمان وخەلکیش نەخلەتینین وخۆشمان هیندەیتر نەکەینە گاڵتەجار کە هەموان ومندالانیش لەگەلیدا وەک نوکتە بۆمان بنوسنەوە ! بۆیە دەڵیم چونەکەتان سەفەریکی شەرمەزارانە بوو !!ادەزانم جگە لە سوپاس گوزاری ئیوە هیچیترتان لای داگیرکەر دەست ناکەویت ودەستگیرنابیت جگە لە هەندیک شیربای خوینی کوری هەژاری کورد نەبیت ، کە بە گیلکردنی لەلایەن ئیوەوە وەک هەمیشە خوینی دەرژریت لە پیناوولاتی داگیرکەردا واتە گەرانەوی سەروەری بۆ عیراقی ئەنفال !بۆیە دەڵیم شەرمەزاریە چاوەروانی دەوڵەتبین لەلایەن خەڵکانی نا نەتەوەیی وەک ئیوەوە !!! گەرئیوە لە دروستکردنی دەوڵەت بونایە ٢٥ ساڵە کی دەستی گرتبوون ، لەکاتیکیدا عیراق پارچە پارچەو بیهیز بوو!!!!

**Chia Samad**
Dast xosh, zor jwana..Wlati be sarkrda wakw mnali be daykw bawk wan..yan wakw gwlbahar be sarparshtn..hamw kas zafaryan pe abat.

**Aras Saber** مامؤستا دةست خؤش بةلام بةراستي با صريح بين ئيمة نةتةوةيةكي بي ئيرادة و پارة پةرست و بودةلةين لة دنيادا بووة خةلك دژي سةربةخؤيي وولاتةكةي بيت ؟! نةتةوةيةك حزبايةتي چاوي كوير كردبيت و نكولي لة راستيةكان بكات ؟! نةتةوةيةك سور بزانيت كة لة پيناوي ريگري لة ... زياتر ببينه

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە ئاراس: من هیچ گلەییەکم لە نەتەوەکەم نیە، نابینم هیچ نەتەوەیەکیتر کوربانیان لە کورد زیاتر دابێ. کێشەکەمان لەمڕۆدا سیستمی هیزبایەتییە کە بەهیچ جۆرێک لە بەرژەوەندیی نەتەوەیەکی داگیرکراوی وەک کوردنیە. ئنجا ئەگەر لایەنێک هەبێ بەڕاستی سەربەخۆیی بوێت، با رایگەیەنێت. کێ دەستیگرتوە!؟ راگەیاندنی سەربەخۆیی پێویست بە گشتپرسی ناکا، سەرکردەیەکی هەڵکەوتو نابێ چاوەڕوانی راو رەزامەندیی ناپاک و ئەڵکەلەگوێکانبێ. راگەیاندنی سەربەخۆیی لە یەک شاریشدا دروستە، دوایی تەشەنەئەکات و رووڕەشی بۆ ناپاکان ئەمێنێتەوە.. تۆ سەیری مێژو بکە ئەبینی بەزۆری سەرکردە هەڵکەوتوەکان نەتەوەکانیان رزگارکردوە لە دیلی. ئەزانم سەرنجەکانی بەڕێزتان لەدڵسۆزییەوە سەرچاوەی گرتوە. هەر شادمانبی.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Shara Rashid** به راستی زور جوانه و ده ست خوش ده جاری با چا وه ري بکه ين وه ك گولبه هارهه تا شا ره کانی تريشمان وه ك كه ركوكی لی ديت مه جولين بزانين چی ئه بيت.

**Karzan Amin** ژیری ئازیز ..دەست و قەڵەم خۆش من هاوڕام لەگەڵ زۆرینەی نوسینە ناسکەکەت ، وەلێ تەنها هەست دەکەم قسە کردن لە دەرکردنی ئاوارەکان بەو ڕەهاییەی ئاماژەتان پێکردووە ، هەندێک بێ ڕەحمانەیەو لەگەڵ بەها مرۆڤایەتیەکانی ئەمڕۆدا نامۆیە. دیارە منیش هاوڕام لەسەر گوڵبژێر کردن و دانانی هەندێک یاساو ڕێسای ئاسایشی، نەک بەوشێوەیەی ئە لە هەنووکەدا هەیە. دەستو چاوت خۆش.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** سوپاس کاکە کارزان. گوڵبژێرکردن باشە. ئەمە کسەی خۆیانە: وان اکرمت الکریم ملکتە ، وان اکرمت اللیم تمردا ، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کێ ئەو گوڵبژێرییە بکا؟ کێ ئەو یاساو ڕێسایانە دائەنێ!؟ ئەو گوڵبژێرییە بە ئەورووپاش نەکراوە. خۆ لەوێ یاساو ڕێساش هەیە. ئنجا ئێمەی لاواز ئەورووپانین بەرگەی شانەی نوستوی داشەکان بگرین. منیش خۆ نەموتوە بیانکوژین، ئەوە 22 دەوڵەتی ئەرەبی هەیە، با لای ئەوانیش بەیێنێ میوانبن. تۆ ئەزانی 20 ساڵیتر نازانرێ ئەم هەرێمەی ئێمە بەچکە داشی زیاتر ئەبێ یا پێشمەرگە!؟

**Taimoor Sahebqran**

Kaalaa ba pey baalaaya...rabordooman har waabowa...aayendasshman harwaaya ..la zoo7akawa taa kaakaw maamakan har maayapooch booyn bo pandee zamaan..kay nawbaharakan wak sherakichanee kobaneew garelakanee baakor xoyan kirda qoorbanee bo Kordostan nak bo paraw yaan xishloo zer awkata azadee dabeenret heech naabaxsret balkoo dasenret

٢

کورتە وە ڵام/11 چ سیستمێکی سیاسی بۆئە مرۆی هە رێم دروستە و چارە سە رە بۆکێشە کان؟
١٣/١١/٢٠١٦

ئە مە ئە و پرسیارە یە کە گە لێجار ئاراستە مئە کرێ وە ک یاساناسێکو بە ئە زمونێکی سیاسیو کۆمە ڵایە تی. بۆوە ڵام:

ئە و سیستمانە ی لە ئارادان، هیچیان کاڵای پرباڵای ئە مرۆی هە رێمنین. نە دیموکراسی نە دیکتاتۆری، نە ئاینی نە بێ ئاینی. نە سە رمایە داری نە سۆشیالستیو...تاد.

ئە شی هە رکام لە و سیستمانە بۆوڵاتیک گونجاوبێ، بۆوڵاتیکیتر نە گونجاوبێ. هۆکە ی ئە وە یە بارودۆخو ژینگە ی ئە م وڵات جیاوازە لە ویتر. بۆنمونە : ئێستە دیموکراسی بۆرۆژئاوا ئاوە دانیە ، بۆرۆژهە ڵات ماڵوێرانییە ، چونکە لە وێ یاسا سە روە رە ، لێرە هێز رابە رە . کە واتە چاکوایە :

1-ا-لە جیاتی سە رۆکی هە رێم، ئە نجومە نێکی سە رۆکایە تی لە 5 هاوسە رۆک پێکبێ. هە رکام لە پارێزگە کانی هە رێم، بە هە ڵبژاردنی گشتی، هە ریە کە و هاوسە رۆکێ دیاریکا بۆئە نجومە نی سە رۆکایە تی. بە م رێگە یە مە ترسیی تاکرە ویو قۆرخکردنی دە سە ڵات لە دە ستی تاکە کەسێکدا نامێنێ.

ب-ئه نجومه ن له ناوخۆیاندا، به هه ڵبژاردن یارێکه وتن، کاره کانی سه رۆکایه تی دابه شکه ن به مجۆره : سه رۆکی ئه نجومه ن، سه رۆکی هێزه چه کداره کان، سه رۆکی ئه نجومه نی وه زیران، سه رۆکی ئه نجومه نی یاسادانان، کارگێڕی ئه نجومه ن. به م رێگه یه ، سه رۆکایه تی هه رێم ئه بێته سه رۆکایه تییه کی به کۆمه ڵ.

ج-ئه نجومه ن هه مو ده سه ڵاته کانی ئێستای سه رۆکی هه رێمی ببێو به رپرسبێ له بریاری شه ڕو ئاشتیش. بریاره کانیشیان به زۆرینه ی ده نگبێ.

د-سه رۆکی ئه نجومه ن، نوێنه رایه تی هه رێم بکا له ناوه وه و ده ره وه ی هه ڕێم. واتا کاره که ی زیاتر ته شریفاتیبێ.

ه-ئه نجومه ن، سه رۆکی ئه نجومه نی وه زیران راسپێرێ بۆپێکهێنانی کابینه ی وه زاره ت. له کۆبونه وه یه کی هاوبه شی ئه نجومه نی سه رۆکایه تیو ئه نجومه نی یاسادانانداا، به زۆرینه ی ده نگ، کابینه په سندکرێ یا ره تکرێته وه یا گۆڕانی تیابکرێ. له ئه گه ری وه کیه کیی ده نگه کاندا، ده نگی سه رۆکی ئه نجومه نی سه رۆکایه تی، به 2 ده نگ بچێ.

و-ئه نجومه نی سه رۆکایه تی، ده سه ڵاتی پیاچونه وه و هه موارکردن، یا هه ڵوه شاننه وه ی بریاره کانی هه رکام له هاوسه رۆکه کانی ببێ، به زۆرینه ی ده نگ.

2-کابینه ی وه زاره ت له که سانی پیشه وه ر (ته کنۆکرات) پێکبێ. هه ر وه زاره تێک ببێته ده زگه یه کی سه ربه خۆ بۆ راپه ڕاندنی کاره کانی.

3-ده سه ڵاتی دادوه ریو بانکی ناوندی، هه ریه که یان ده زگه یه کی سه ربه خۆ بنو به هیچ وه زاره تێکه وه نه به سترێن.

4-ا-ئه نجومه نی یاسادانان له 15 ئه ندامی یاساناس یا خاوه ن بڕوانامه ی دوکتۆرا پێکبێ به هه ڵبژاردنی گشتی له لایه ن خه ڵکی پارێزگه کانه وه ، هه ر پارێزگه یه ک 3 ئه ندامی خۆی هه ڵبژێرێ.

ب-ئه رکه کانی بریتیبێ له یاسادانان، هه موارکردن، چاودێریو لێپرسینه وه له ده سه ڵاته کانی جێبه جێکردنو دادوه ری و بانکی، سه رپه رشتیی دیوانی چاودێریی داراییو به دواداچون له سه ر راپۆرته کانیو سه ندنه وه ی متمانه له هه ر وه زیرێک به زۆرینه ی 2/3.

ج-یاساکان به زۆرینه ی ده نگی ئه نجومه نی یاسادانانو ئه نجومه نی سه رۆکایه تی په سندبکرێن. یاهه موار، یاره تکردنه وه یان.

ج- هه لی پاڵاوتن بۆئه نجومه نی یاسادانانو ئه نجومه نی سه رۆکایه تیو هه ر ده زگه یه کیتر که به هه ڵبژاردنبێ له لایه ن گه له وه ، کراوه بێ بۆهه موان بێجیاوازیی ره گه زیو نه ته وه ییو ئاینیو پارتایه تی. به وه میلله ت ئه بێته هه ڵبژێری راستینه نه ک ته نیا پارته کان. که سێتیی تاکه که سیش رۆڵی خۆیئه بێ.

5- جگه  له دادگه  گشتییه کان، پێکهێنانی دادگه یه کی تایبه ت له ناو دیوانی چاودێریی داراییدا بۆ سزادانی گه نده ڵیو دزی له ماڵی گشتی.

6-هه مو هۆکاره کانی راگه یاندنی ئێستا، بکرێنه  مڵکی گشتی، ته نیا 2 تی ڤی، 2 رۆژنامه ، 1 گۆڤار، بۆماوه ی 10 ساڵ له لایه ن وه زاره تی رۆشنبیریو راگه یاندنه وه  وه گه ڕخرێن. دوای ئه و ماوه یه ، به یاسایه ک راگه یاندن رێکخرێته وه بەپێی بارودۆخی ئەو سەردەمە .

7-نه هێشتنی رۆتین له فه رمانگه کان. فه رمانبه رانیش، به ڕێژه ی 50% که مکرێنه وه به خانه نشینکردنیان یا گواستنه وه یان بۆ که رتی تایبه ت. که رتی تایبه تیش، به تایبه تی پیشه سازیو کشتوکاڵی، هه لی گه شه کردنی بۆبڕه خسێنرێ،

8- زانکۆکان که مکرێنه وه به جۆرێ هیچ پارێزگه یه ک له یه ک زانکۆ زیاتری تێدانه بێ و مامۆستا زیاده کان بگوێزرێنه وه  بۆپه یمانگه کانو خوێندنگه  ئاماده ییه کان.

9-بۆرێگریکردن له توندوتیژییو له جیاوازیی ئاینیو ئاینزایی، مزگه وتو که نیسه کان ته نیا بۆنوێژی به کۆمه ڵو پرسه  ته رخانکرێن بێوتارخوێندنه وه . وتنه وه ی وانه ی ئاینی ته نیا له کۆلێجه کانی شه ریعه دابێ نه ک له مزگه وتو که نیسه کاندا. ناوی کۆلێجی شه ریعه ش بگۆڕێ به کۆلێجی زانسته  ئاینیه  ئاسمانیه کان.

10-ا-هێزی چەکدار خۆویست (ئیختیاری)بێ وەک پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایش بۆماوەیەک کە لە ٢٥ ساڵ کەمترنەبێ. دوای ئەو ماوەیە، مافی خانەنشینیی ببێ، مەگەر بەهۆکاری تەندروستیو راپۆرتی پزیشکی خانەنشین بکرێ.

ب-بەهیچجۆرێ رێگە بەمیلیشانەدرێ.

پ-هه مو که سێ که  ته مه نی 18 ساڵیی ته واوکرد، له هه ردو ره گه ز، بۆماوه ی 3 مانگ مه شقی سه ربازیی پێبکرێ. بۆهاتوچۆو خه رجیی ئه و 3 مانگه ش، بڕێ پاره یان بۆخه رجکرێ.

11-هیچ موچه یه کی بنه ڕه تی، مانگانه  له  400 هه زار دینار که مترو له  2 ملیۆن دینار زیاتر نه بێ، به موچه ی هاوسه رۆکانو وه زیرانو یاساکارانو خانه نشینانیشه وه . بۆپه ککه وتوانی بێداهاتیش 200هه زار دینار. موچه ی مامۆستایانیش له هه مو قۆناغه کانی خوێندندا به پێی بڕی وانه کانیانبێ.

12-دڵنیایی ته ندروستی بۆهاوڵاتیان دابینکرێ به په ره پێدانو زۆرکردنی نه خۆشخانه  گشتییه کانو نه هێشتنی نۆڕینگه و ئه زمونگه و ده رمانخانه و خه سته خانه ی تایبه ت. موچه ی پزیشکو ئه زمونکارو ده رمانسازیش به پێی بارستاییو بڕی کاره کانیانبێ. چاره سه ری پزیشکیو ده رمان به خۆڕایی بۆئه و  هاوڵاتیانه ی ساڵانه  پێشه کی بڕێکی که م پاره ی دڵنیایی ته ندروستی ئه ده ن. ئه وه شی کارتی دڵنیایی نه بێ، به پاره  له خه سته خانه گشتییه کان چاره سه ربکرێ.

13-رێگه  به هیچ رێکخراوێکی سیاسی نه درێ که  له سه ر بنچینه ی ره گه زی یا نه ته وه یی یا ئاینییێ. هه ر رێکخراوێکیش به ئابونه ی ئه ندامه کانی ببرێ به ڕێوه  نه ک به  بوجه ی گشتی.

14-هاورده و هه نارده  کراوه بێ بۆکه رتی گشتیو که رتی تایبه تیش.

15-دارشتنی ده ستورێک که  سه روه ریی یاساو مافو ئازادیی تاکه که سو پێکهاته  نه ته وه ییو ئاینیه کانی تیا پارێزراوبێو سنوری کوردستانی تیا دیاریکرابێو یاساکان له ده ستوره وه سه ر چاوه بگرن.

که ئه وانه  کران ، سیستمی فه رمانڕه وایی ئه بێته  سیستمێکی کوردیانه ، سه رۆکایه تی هه رێم ئه بێته  سه رۆکایه تییه کی به کۆمه ڵو دیکتاتۆری دروستنابێ، دوبه ره کیی ناو میلله ت نامێنێ، چاره سه ری پزیشکی ئاسانئه بێ، یاسا سه روه رئه بێ، که یاسا سه روه ربو گه نده ڵی نامێنێو ئه وسا داهاته گشتییه  کان، به زیاده وه  به شی خه رجییه کان ئه که ن به موچه و خه رجیی پرۆژه کانه وه و دابینکردنی چه کی پێویستیش بۆهێزه  چه کداره کان. به ڵکو ئه توانرێ ساڵانه  برێک دراو بپارێزرێ وه ک یه ده گ بۆئاینده .

ئه مه  بۆهێڵه  گشتییه کانی ئێسته ی سیستمی فه رمانڕه وایی هه رێم. ورده کارییه کان، به یاساو رێنمایی رێکبخرێن. ئه م هێڵه  گشتیانه ش، شیاوی له سه ر نوسینو رای جیاوازو ره خنه و وه رگرتنی پێشنیارن.  ئه گه ری سه ربه خۆییش، به رنامه ی جیاوازی ئه وێ. دڵنیاشم ئه م به رنامه یه  بۆکاربه ده ستانی ئه مرۆی هه رێم، وه ک ئه وه یه  گوێزیان بۆبژمێری! به ڵام رۆژان رۆژیان له دوایه .

٥٦ بینین ٢٣ لێدوان لەوانە:

**Ata Ameen**
Das xosh ustad, ballam hatawakw parta farmanrawakan hezy chakdary xoyan habe aw xallanay bas krd astama jebaje bkren
١
بەدڵمە - وەڵامدانەوە - ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** وایە کاکە ئەتا، ئەوەی منیش بەرنامەیەکە بۆ دوای نەمانی ئەو جۆرە چەکدارانە. دنیاش ئەوەی ماوێتی زیاترە لەوەی رۆیشتوە.

**Bestoon Mawlood** ده ست خوش ماموستا به راستي بيشنياره كانت فاليلي وردبونه وه و تي فكرينه



**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل بابەتیکی چرو پر و زۆر باشە تیکەلەیەکە کە دەکریت ببیتە هۆیەک بۆ تیپەراندنی ئەم قەیرانە، بەمەرجیک شیرو پلنگ رازیبن لەسەری ،کەبەداخەوە ئەوان هەرجی لە بەرژەوەندی خۆیان نەبیت پێی رازی نابن !!! تەنها ئەوانیش کەگوشت خۆرن ، دەنا خەلکانیتر بە هەموشتیک رازیبن کەگوشت نەخۆن بەمرجیک ئەوان رازیبن وەک مەسعود محەمەد دەیلیت ،لەگەل هەموو بوچونەکانتام بەلام بەخوا ناکریت ، چونکە هیزبەدەستە کات ئاامدەنین هیزەکەش مکەهمانە واپەروەردەکراون کەهیزی حیزب وسەرۆکبن نەک هیش نەتەوە ، وە سەرۆک حیزبەکانیش نایانەویت ئەو زەعامەت ودەسەلاتەی کەهەیانە کەبەهۆی هیزەکانیانەوەیە لەدەست خۆیان بدەن !! بەداخیشەوە ئیمە ئەمرۆ تەنها هیزی حیزبمان نیە بەلکو هیزی شخسیشمان هەیە واتە مەسئولیشمان هەیە کە گەربیتو ئەو هیزانە واتە هیزی مەسئولەکان کۆبکریتەوە بەگشتی پیموایە لە هەردوو یەکەکە زیاترە نەک کەمتر ، جا ،کە من باس لەهیز دەکەم تەنها هۆی مانەوەی ئەم گەندەلکارانە هیزەکانیانن ،بیگومان بەدوو یەکەکەشەوە دەنا نەیان دەتوانی خۆیان رابگرن ، بەداخەوە واش پەروەردەکراون کە تەنها گوێ رایەلی شیخبن ، بۆیە مەئمە اکریکی باسە مبمرجیک هیزیکی لەوان بەتواناتر ئەمریان پیبکات و چەکیان کات و ە هیزەکەیان لە دەست دەربهینت ، ئەوسا هەموشتیک بە ئارەزوی میللەت دەبیت بەداخەوە هیز سەرو هەموشتیک کەوتۆتەوە ،یان دەبیت هەومو میللەت راپەریت بەیەک جار دژیان



**Kamil Zheer** سوپاس کاک پشکۆ، وتەکانت هەموی راستە. خۆ منیش لە کۆتایی بەرنامەکەدا وتومە : ئەم بەرنامەیە بۆ کاربەدەستانی ئەمڕۆی هەرێم وەکئەوەیە گوێزیان بۆ بژمێری. کەواتە من ئەو بەرنامەیەم بۆ ئەوان دانەناوە. وتوشمە: رۆژان رۆژی لەدوایە. من دڵنیام ئەمانە تاسەر نایخۆن، یا میللەت لێیان هەڵئەسێ، یا هێزێکی دەرەکی لە باڵیانئەداو قوڕ بەسەر کوردەکەشدا ئەکرێ. کەواتە ئەم بەرنامەیەی من بۆ دوای ئەوانە ( لە هەر رۆژو سەردەمێکدا)، خۆ ئەگەر ئەمانیش هۆشێکیان هاتەوەبەر، ئەوا ئەتوانن سود لەم بەرنامەیە وەگرن و روی خۆیان سپیکەنەوە. ئەم بەرنامەیە وەک رەچەتەی دوکتۆرێکە بۆ نەخۆشێک، ئەگەر نەخۆشەکە پەیڕەویی نەکا، خۆی زەرەرئەکا. باوەڕبکە ئەوەی ئەمانە ئەیکەن، نەخۆشییە. کێشەکەیان کێشەی دیماغە دیماغ وەک بەشیر موشیر ئەیوت!. ئاخر پۆست و پایە کاتێک خۆشە کە میللەت لێت رازیبێ. پارەش کاتێ خۆشە کە بێخەم سەر بکەیتە سەر سەرین.



**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل زۆر راستە بێ دیماغن دەنا لە خەمی ئەو خەلکەدا دەبون و خۆشیان دەیانخوارد ،بەلام ئەمان هەمیشە پیرەوی سیاسەتی کەری دیز دەکەن کەتۆپینی خۆیان و زەرەری ساحیبیەتی کەکوردە .

**Muhammad S Usman** ده ست خۆش بیرۆکیه کی جوانه بس قبول کراونیه له کوردستان چونکه مجالی گه نده لی نامێنێ

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** سوپاس کاکە مهەمەد، هەر ئەبێ گەندەڵی بنەبڕ بکرێ. جارێ ئەمە بەرنامەکەیە، هەنگاوی دوەم رادانی گەندەڵکاران ئەبێ. بڕینی هەزاران میل لە هەنگاوی یەکەمەوە دەسپێئەکا. هەر شادبن.

**Anwar Qaradaghi** هاوريَ به ريَزه كه م ، زؤر بارى جاكى تبدايه و، برِيَكى له سيستِه مى سويسراش ده جيَت ، ته نها ئه وان ، سالآنه يه كيَك له سه رؤك هه ريَمه كانيان به شيَوه يه كى برؤتؤكؤلى ده بيَت به سه رؤكى ولآته كة بؤ ماوه ى سالَيَك و هه ر هه ريَميَكيش ده سه لآتى ته واوى هه يه. بيكومان و به داخيشه وه هيج لايه ك له لا ده سه لآتداره به ريَزه كانمان به م بيَشنياره ى تؤ رازى نابيَت و، بؤض ئيَمه ش وه كو ئاوات و خه و و، خؤزكه كاريَكى جاكه - ئاى كوردى كلؤلَ ، تؤ بلَيَيت هه ر بينج سالَ و به شيَك له و خواسته بهيَنيَه دى! با ئيمه ى هيج به ده ستو به سالَ جواندا ، هه تا ئه و برِه كورته ى ماومانه ته نها به نمونه هيَنانه وه ى ولآ تان دلَمان خؤش كه ين . هه مو ده لَيَين بزى كوردو كوردستان و بيَشمه ركه قاره ما نه كانى و تؤش ده ست و جاوت خؤش . انور قر ه دا خى

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا ئەنوەر: منیش ماوەیەک لە سویسرە ژیاوم، هیچکام لە ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالی زمانەکان، لە نەژادا، خاوەنی سویسرە نەبون، ئەوانە سەرەتا رەویانکردوە بۆ سویسرەو دوایی نیشتەجێبیون. ئەوەی خەڵکی سویسرەی راستینەیە، ئێستا کەمینەیەکی زۆر کەمن لەچاو ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالی زمانەکاندا، بۆیە ئەوانە ئێستە وەک 3 برابەش لەسەر خوانێکی چەور بە ئاشتی و ئارامی ئەیگوزەرێنن. ئەمانەی لای خۆمان ئەگەر بەم جۆرە پێشنیارانە رازینەبن، دڵنیابە تاسەر لرفی لێنادەن. سوپاس بۆ هەستی برایانەو دڵسۆزیتان بۆ نەتەوە ستەمدیدەکەمان.

e this



**Smko Ali** دەستخۆش کاک کامیل ژیری هێژا؛ وەک سەرەتایەک بۆ پێشنیاری
چارەسەریی ئەم قیرانانەی بەسەر ناوچە کوردییەکاندا هێنراوە، کە راستەوخۆ بەدەستی
(کورد) خۆی بووە، هەنگاوێکی باشە. لێ، وەک خۆتان دەزانن رێکخستن و بەڕێوەبردنی
کۆمەڵگە پێویستی بە دارشتنی نەخشە و بەرنامەیەکی ورد و پتەو هەیە، کە لەپێش هەموو
شتێکدا لەسەر بنەمای مافی مرۆیی دابرێژرێت، لەهەرکات و لەهەر شوێنێکدا و، لەبەر
هەرهۆکارێکبێت؛ ئەم بنەما گرنگە فەرامۆشبکرێ ئەنجامێکی باشی نابێت و زۆر زوو
توشی قەیران دەبێت. راستە هزری پۆپۆلیستی بەشێوەیەک بەرهەمهاتووە، کە بەردەوام بۆ
چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستە چارەسەر دەدۆزێتەوە، ئێمە باش دەزانین و بەڵگە و
نمونەی زۆرمان لەبەردەستدایە، کە ئەو چارەسەرییە کاتیانە کە تەنیا گۆڕینی دیادەیەک
لەبەرچاودەگرێت؛ کێشەی زیاتر بەدوای خۆیدا دێنێت، هەرلەبەر ئەو هۆکارەیە کۆمەڵگە
(خەڵکی بەگشتی) خۆزگە بە رابردوو دەخوازن، ئەو رابردووەی کە ژیانی
لێتاڵکردبوون.... کاک کامیل؛ زۆر گرنگە جارێکیتر بە پێشنیارەکتدا بچینەوە هەرلەسەرتاوە
خاڵبەخاڵی شرۆڤەیەکی وردی بۆ بکەین بەبێ هیچ کاریگەرییەکی کولتوری و بیروباوەڕی
کەسایەتی، بەڵکو مافی مرۆڤ بکەینە سەرچاوەی یەکەمی هەرهەموو دارشتنەکە و
خاڵبەخاڵی پێشنیارەکە......

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ



**Kamil Zheer** سوپاس کاکە سمکۆ. بەرنامەکەی منیش، زیاتر بۆ
چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ئەمڕۆی هەرێمە، ئەمە م لە یەکەم دێڕدا وتوە. منیش
هاوڕام لەگەڵتان بۆ مافی مرۆڤ، بەڵام ئەم مافەش نابێ بە جۆرێك رەهابێ کە زیان
بە بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوە بگەیەنێ. پێخۆشحاڵم بۆ ئایندە هاوکاری یەکبین. هەر
شادبن.

**Hussein Aziz** ئەو پێشنیازانەی کردووتانە، بەشێکی زۆر لە نێوەڕۆکی سیستەمی دیمۆکراسیی و سۆسیالیستی پێکدێنن. ئیدی چۆن نە دیمۆکراسیی و نە سۆسیالیستی، بە کەڵکی ئەمڕۆی هەرێم نایەن؟!

١

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە دوکتۆر هوسەین: سوپاس بۆ سەرنجەکەت. ڕاستە بەرنامەکە نێوەڕۆکی سیستمی دیموکراتی و سۆسیالستیشی تیایە، بەڵام هیچکامیاننیە بە ڕەهایی، بەرنامەکە تێکەڵەیەکە لەوانەو لە کۆمەڵێک بیرۆکەی تازە کە بۆ ئەمڕۆی کورد ئەشێ گونجاوبێ.تۆ لەمن باشتر ئەزانی کە سۆسیالستییەکەی سوید وەکئەوەی سۆڤێتنیە. ئەوەی من ئەمەوێ وەک هیچیاننیە، دادگەیەکی تایبەت (محکمە خاصە) دیاردەیەکی دیکتاتۆریانەیە. سنووردارکردنی ڕاگەیاندن و ڕێگەنەدان بەزانکۆی زۆر و ڕێگەنەدان بە ڕێکخراوی ئەتنی و ئاینی و لغاوکردنی هێزبایەتی و کەمکردنەوەی دەوری مزگەوت و کەنیسەو...تاد کە من پێشنیارمکردون، پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراتین، بەڵام ئەشێ ئەوانە بۆ ئەمڕۆی هەرێم گونجاوبن. ئایندش بیرۆکەی تازە لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ. لەگەڵ ڕێزم.

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Hussein Aziz** من نووسیومە: بەشێکی زۆر لە نێوەڕۆکی سیستەمی دیمۆکراسیی و سۆسیالیستی پێکدێنن، نەم نووسیوە: هەمووی.

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Şara Kamîl Jîr**

Hussein Aziz

ژێر لەسەرەتای پۆستەکەیا بەڕوونی ئاماژەی بەوە یاوە کە هیچ یەکێك لەو سیستەمانە ، بە دیموکراسی و سۆسیالیستیشەوە، کاڵای پڕ باڵای ئەمڕۆی هەرێم نین. هەر بۆیە، بۆ ئەوەی ببێتە کاڵای پڕ باڵای دۆخەکە، بە بۆچوونی ژێر، ئەو گۆڕانکارییانە پێویستن. گۆڕانکارییەکان زۆر بن یان کەم .

ئیدی نازانم کۆمێنتەکانی تۆ لە کوێیا خۆی ئەبینێتەوە مەبەست لێی چییە!

---

**Nawroz Mala Ali**

dasto xamat xosh kak kamil gian . keshaka lawadaya parteki dastalat dar hamo kayaw jomgakani am haremai bo xoi qorigh kirdua la halbzhardneki demokrasishda agar bidorenet naida badastawa ,nmoonash zora !! baw systame xuaro xechai ka estake pairawi dakat ba ashkra dalet awai lagalman nabet dozhminmana !! aw peshniarai janabt rozhek det nawakani dahato ba awi zer binoosnawa ...

**Kamil Zheer** سوپاس کاکە نەورۆز، منیش بەهیوای نەوەکانی دوارۆژم.
بەدوریشی مەزانە ئەم گەندەڵانەی ئەمڕۆ لەپڕ هەرەسبێنن. ئێستە میللەت ئەکوڵێ و لەهەڵچوندایە.

کورتە وە ڵام/12 سە بارە ت پە یامە کە ی بارزانیو کێشە کانی هە رێم ٢٢/١١/٢٠١٦

لە م پە یامە ی 20/11/2016یدا ئاماژە ی بۆ بڕێک لە هۆکاری کێشە کان کردوە و ئامادە یی خۆیشی پیشانداوە بۆ چارە سە ریان تا رادە ی ئە وە ی کورسییە کە ی سە رۆکایە تیی هە رێم رادە ستی کە سێکیتر بکات.

١-هە نگاوێکو دە سپێشخە رییە کی باشە ، بە ڵام ئە و چارە سە ریانە ی ئاماژە ی بۆکردون، کێشە کان ئاڵۆزترئە کە ن! چونکە چارە سە ریە کان ئە سپێرێتە وە بە ڤایرۆسی هە مان ئە و کێشانە کە هیزبە کانی هە رێمن! ئە و هیزبانە ی لە داهاتی هە رێم، راستە وخۆو ناڕاستە وخۆ، بە ئاشکراو بە نهێنی، بە شی شێریان بردوە و ئە بە ن بە جۆرێ تە نیا بە شی چۆلە کە یە کیان بۆمیللە ت هێشتۆتە وە ! سە رباری ئە وە ی لە پێشبڕکێدا بۆڕی سایکس بیکۆیان داوە تە وە و میللە تیان کردوە بە دە یان پارچە وە ! ئاخر ئە و هیزبانە تائێستا لە بە ڵازیاتر چییان بۆکردوین!؟ لە کاتێکا هیزب، لە وڵاتانی یاساسە روە ردا، تە نیا بە ئابونە و کۆمە کی خوازیارە کانیان ئە ژین. ئە ترسم ئە مجارە ، ئە و هیزبانە ، بە پێی ئە وپە یامە، رێکە ونە وە و بە شی چۆلە کە کە ش بخۆن!.

٢-داوای کاراکردنە وە ی پە رلە مان ئە کا! ئە و پە رلە مانە ی داشی دامە یە کبونو بە پە نجە ی ئە وهیزبانە ئە جوڵان! ئە وە لە کام کونجی دنیادا موچە ی پە رلە مانبێکارێ، دە ئە وە ندە ی موچە ی ئە ندازیار پڕکارێکە !؟ دواییش ئە و موچە زە بە لاهە ی خانە نشینبونیان! وە ک رۆن رژابێ !؟ پە رلە مانکار کە ماوە کە ی تە واوبو، ئە بێ بگە ڕێتە وە سە ر وە زیفە ، یا پیشە کە ی خۆی، نە ک بە موچە ی خانە نشینیی چوار ساڵ پە رلە مانبێکاری، وە ک گای ئە لی تامردن خۆیبلیسێتە وە !. خانە نشینی، بە یاسا رێکخراوە . یا ٦٣ساڵ تە مە ن یا ٢٥ساڵ راژە یا بە هۆکاری تە ندروستی. ئاشکرایە ئە و رۆنرژانە بۆپە رلە مانبێکارە کانی ئێمە ، بۆخە ساندنیانە و بۆئە وە یە تا هیزب رازینە بێ، ئە وان دە س بۆهیچ بریارێک بە رزنە کە نە وە ! کە واتە رۆبۆتو داشی دامە مان بۆچیە !؟

٣-لە م پە یامە دا هاتوە : (ژمارە یە ک سیاسیو فە رهە نگیو ئە کادیمی پە یوە ندیان پێوە کردوە ...) کە چی بۆ چارە سە رییە کە، هە ر پە نا بۆ ئە و هیزبانە ئە باتە وە ! ئە ی بۆ ئە مجارە پە نا بۆ خە ڵکی سیاسیو فە رهە نگیو بیرمە ندو دە سپاکو لێزانی بێلایە ن نە برێ؟ ئاشکرایشە خە ڵکی بێلایە ن، هە میشە زۆرینە ی میللە تن. با ئە مجارە هکومە تی رزگاریی نیشتمانی، خە ڵکی بێ لایە نبن، ئە گە ر ئە وە ش ناکرێ، با پێنج کە سێک لە و کە سایە تییە بێ لایە نانە ش، دە نگێین لە کۆبونە وە کانداو رایان بە هە ند وە رگیرێ.

٤-فه رمون چاوێک به کورته  وه ڵام/11ه و کۆمێنته کانیا بخشێننه وه  له فه یسبوک، بزانن ئه وه چاره سه ری ڕێشه ییه  یا گه مه ی هیزبایه تی؟

22/11/2016

٨٠ بینین ٢٨ لێدوان  لەوانە:

**Hallo Barzinjeyie** دەست و قەڵەم خۆش مامۆستا کامیل. بابەتێکی کونجاوە. هەر شاد بن

**Baxtyar Aram**
Dast xosh kaka kamil, rasta hezbakan hich swdekyan bo melat na bwa

**Abdualrahman Xalifa** ده سخۆش کاکة ژیر /
بةراستي قسةكانت مةرهةمي برين و كليلي چارةسةرة سلاوي باوة گور گورت لێبيت

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** سوپاس کاکە ئەبدولرەهمان. ئێوەی بەر ئاگری بابەگوڕگوڕ ئەبێ هەمیشە بڵێسەی هیوابەخشبنو هەرگیز نائومێدنەبن. ئاسۆمان روناکە.

**Sadeq Hamagharib Kader** كه واته كريني وجداني كورد زور ئاساييه گله يی له چاشه كان مه كه ن. كاكه گيان با دانيشن به لام له شوينيك ده سته لاتی هيچ لا يه نيكی لی نه بيت وه به لگه ی دزيه كان بخه نه رو وه ده وله تيكی دوست بكه ن به شايه ت ئينجا كورد ووته نی قنی ره شو سپی ده ر ئه كه ويت خو دانيشتن هه ر بو دا به شكردنی پوست نيه ؟؟؟؟؟

١

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ · دەستکاریکرا

**Pshko Amin** بیگومان وایە ، ئەمرۆ ودوێنێتش وپیرێش بەداخەوە لەکوردستاندا سیاسەتی کەری دیز پێرەو کراوە کە تۆپینی خۆی وزەرەری ساحیبیەتی ، هاواری عەبادی عەبادی چی دەگەیەنیت ، سلیمانی لە هەریم جیابکریتەوەو بخریتە سەربەغدا چیدەگەیەنیت ، سەر راوەشاندن بۆ قسە بیماناکانی فەتلاوی دوژمنی کورد لەپەرلەماندا چیدەگەینیت ، ئەمرۆ حەشدی شیعی هەیە حەشدی سونیش هەیە ،وابروات حەشدی کوردیش پەیدا دەبیت گەرنەشبیت تائیستا ،ئیمە ئەمرۆ لەبەردەم شەریکی قورسداین وشەرەکەش بەرەو نەمان دەروات ، کورد گەر بیەویت کوردایەتی بکات هەرهەمولاکان ئەوا دەبیت یەکگرتوو یەک گوتاربین ، جیاوازیمان زیان دەگەیەنیت کەس گویمان لێ ناگریت بۆیە باشتر وایە کۆبینەوە چارەسەری کیشەکانی ناوخۆمان بکەین ، لیبوردنمان بۆ خۆمان وماچکردنی دەستی خۆمان باشترە لەهی داگیرکەران سەردانەواندن بۆیەکتر پچوکی نیە بەڵکوو سەرومریە لەخزمەت کوردا ،ئەمە چارەسەرە ،نەک گیژکردن وخۆلکردنە چاوی خەلکی وهاواری ،،،، تۆ وازبینە لەکورسی ئیمە دەرس دەلیینەوە بەسکی برسی ، ئەوە شیعاری برسیەکان نیە ئەوە شیعاری درۆزنانەی سیاسی وهەلخلەتاندنی خەلکە هەژارەکەیە ،، لەگەل ریزمدا

**Begard Afandy**
٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ ·

لەو ڕۆژەی چاوم بەو تێکستەی مامۆستا (Kamil Zheer) کەوتووە وا هە ستدەکەم سیاسەتمەدارانی کورد پێویستە لە هە موو بوارەکانی بڕیاردان ڕاوێژو پرس وڕا بکەن بە کاسەنی پسپۆرو شارەزا، ڕاوێژکاری بیانی لە بارەی کۆمەڵگای کوردی بەقەدەر کەسە خۆمالییەکان نازانن دەربارەی مێژوو شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردو هۆکاری کەوتنەکانیش ،سیاسەتی نا ڕاست و دورست بۆتە هۆکاری دواکەوتنی میللەتێکی چل ملیۆنی ،بەداخەوە ،بە پێوستم زانی ئەو دەقە موبارەکە لەو ئان وساتەدا کە تۆزێ تروسکایی لێ ڕەچاودەکرێ بیخەمە ڕوو هیوادارم بخوێندرێتەوە..بە ئیجازەی مامۆستای بەڕێزKamil Zheer

**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل بەداخەوە ئیمە هیشتا لەسەرتادایین ،مامۆستاگیان ئەمەی تۆ دەیڵلییت هەرهەموی راستە بەلام بروا بفەرموو ئیمە هیشتا لەمریشکە رەشەداین دەزانیت ،برا ئەو داوا دەکات حیزبەکان کۆببنەوە ، بریاربدەن ئەو لابەرن و یەکیک بخەنە شوینی ، کەچی ئەفەنی وەک ئامادە نیە داشبنیشیت ،یەکسەر دەلیت درۆدەکات ، راست ناکات ، گەر راست دەکات ، ئی برا هەرچی کیشەهەیە بە دو شیوە چارەسەر دەبیت یان دەبیت لەگەلی دابنیشیت و گفتوگۆی لە گەلدا بکەیت یان بایکۆتی کەیت ولەپایەختەکەی خۆیدا راوی نێیت و دەست بدەیتە چەک ئیتر تا هەردو لاتان ماندو دەبن ، ئەوەندەی لە تواناتانا هەیە لە یەک بکوژن ، بە ئارەزوی خۆتان لە یەک هەلدەن، کوری کەستان تیاناچیت خۆتان وەک بەرزەکی بابان لە مەش دەردەچن دوایش وەرنە دەرەوەو دەست لە ناو دەست بلین! ئیمە هیچ کیشەیەکمان نیە ئەوە ئەوانەی خوارەوەیە کیشەیان هەیە ،! بۆیە تا ئیستا ئامادەنین نە گفتو گۆ بکەن ، بە چەکەکەش نایکەن چونکە دەزانن دە دۆرین وادیارە !
کیشەکە ئەو بارە ناهەموارەیە کەتا ئیستاش خەلکی سەد ئەوەندەیتر هەراسان کردوە وگیانی کوردبونی نەهێشتوە !! ئەمەش زیان بەکورد بوون دەگەیەنیت ، ئەوەتا قوتابی سەرەتای لەباتی بە کوردبوون گۆشکریت ، لافیتەیەکی دەدریتی وزەربیک بەسەر کوردستان ودەولەت دا دەهینیت و سەحیک دەدات لەعیراق !! ئەمە کوشتنی گیانی کوردبوون وجەواشەکردنی تاکی کۆمەلگەی کوردیە بە داخەوە ، خەلکانیکیش هەن بۆیان دەسەننەوە ولەژیر ناوی کوردایەتیدا ،ئاخر کوردایەتی و عیراقی ئەنفالی کوجا مەرحەبا !! مامۆستا لە سلیمانی لەسیدا بە ئاشکرا رەفزی عیراقی بوون کرا کەچی ئیستا هاواری عیراقی بوون دەکریت و هاواردەکریت عەبادی عەبادی هەرئەوە ماوە دیسانەوە لە ژیرناوی حەشدی سەلاحەدیندا چەک بکەنەوە شانی کوری کوردو بیکەنەوە بەجاش خەفیفە ، کە لەو بڕوایەدام گەرئەم بایە لەم کونەوەبیت ، دەیان شیخ نەصرە زیندودەبیتەوە لیمان و چەپ وراست خۆی دەبەستیت بۆشەری یەکتر !!کە قسەشی لەگەل دەکەیت دەلیت خەتای ئەوە ،بابە منیش دەلیم خەتای ئەوە بیگومان بەشی هەرە زۆری خەتای ئەوە بەلام ئی تۆ هیچ نەبیت لەگەلی دانیشە بزانین راست دەکات یان نا !! گەر راستی نەکرد ئەوسا گەرپیاویت ئەوە عەرزو ئەوەش گەز ،فەرمو دەی باتقی کەیەنەوە ! نا درۆ دەکات ،ئاخر ئەمە چی پیدەلین ،دەماغی هینی تیایە ، ئا کاتی خۆی دانەیەک لەبەریتانیا گەرابوەوە هەربۆ سەفەر بانگ کرابوو بۆ شوینیک ، وتبویان مەرۆرەوە دەتکەین بە پەرلەمەنتار لە بەغدا ئەویش وتبوی باشە ،کاتی گەرانەوەکەی دیتو ژنەکەی تەلەفونی بۆ کردبوو پیی وتوبو ئەرێ کەی دیتەوە بۆ دەنگت نەبوو،؟ وتبوی پەلەمەکە لۆتۆیەکم بۆ دەرچوە و خوا داویەتی ، بەم زوانە دەبمە پەرلەمەنتاری عیراق بەم سەرو ئەوسەری لەندەن چوارسال تەواوم دەکەم بە ئیجازەو ورەو برۆ، مانگی ٢٠ ملیونیک وەردەگرم وهیتریشم دەست دەکەویت دوایش تەقاوت دەبم



**Hamza Seed** دەسخۆش بەس کیشەکە ئەوە یە شتی تازە روونادات هە ر ئەودەم وچاوانەیە لە ناوخویاندا ئالوگۆرێ پێ ئە کرێ کە هە موویان یەک بیرکردنوە و یەک بەرژەوەندیان هە یە ئیشی لەسەرئەکە ن

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ



**Kamil Zheer** مامۆستا هەمزەی بەڕێز: ڕاستە شتی تازە رونادا بەپێی پەیامەکەی بارزانی، بەڵام بەپێی ئەو بەرنامەیەی لە کورتە وەڵام 11 و 12 دا ئاماژەی بۆکراوە هەموی بیرۆکەی تازەیەو دەموچاوەکانیش جیاوازئەبن. هەر شادبن.



**Fausy Ramsy** دەستەکانت خۆش مامۆستای بەڕێز... بەندە ئەوەیش لەسەر نامە سەنگینەکەتان زیاد دەکات گەر بەڕێزتان لوتفی قبووڵکردنی بفەرموون..... بڕوا ناکەم ئێستە کەسێك نییە بچێتە ژێر ئەو بارەوە و جێگەیەی مەسعود بەرزانی پڕ بکاتەوە و ببێتە هەڵگری ئەو هەموو بارقورسییەی کە چەندین ساڵە کەڵەکەبووە... چارە لای من هەر وەک سەرودەمانی ( بریمەر ) بێت بۆ دابینکردنی حوکم...کەواتە با پێنج یا شەش کەسی لێهاتوو هەڵبژێرن بۆ بەڕێوەبردنی کاری سەرۆکی هەرێم و هەر یەکەیان مانگێک یا دوومانگ سەرۆک بن و هیچ بڕیارێکی تاکانە نەبێت و دەبێت دوو لەسەر سێی بڕیاری لەسەر بدەن تا ڕۆژی هەڵبژاردن و ئەوجا باری نائاسایی ڕابگەینن و بەوە پەرلەمان بێ توانا دەبێت و هیچ لایەکیش گلەیی نابێت. دوبارە دەستەکانتان خۆش خەمخۆری گەل و نیشتمان.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ



**Sadeq Hamagharib Kader** قوربان ئە مە چارە سە ریکی چاکە وە لە (مجلس السیادە)ئە چیت لە شورشی ١٤ تموز پە یرە و کرا وە لە ناو خویانا سە روکیکیان هە لبژارد.



**Aso Pasha** دةست خوش من بةش بةحالي خوم نة بة دوخةكة گةش بينم ونة بة پةيامةكةي بارزاني وهيج جوره راستگويةك نابينم لة بارزاني وپارتي بة تايبةتي وئينجا حزبةكاني تر



**Sadeq Hamagharib Kader** قوربان ده ست خوشیت لي ئه که م به لام پیشینیان وتوویانه قسه هه زاره یه کی به کاره. زور جار هه نی په رله مانتار ئه بینم قسه ی زل ئه که ن به لام که باسی موچه کانیان بکه یت به تایبه تی خانه نشینیان خویان که ر (بی گوی ) ئه که ن. قوربان هیزه سیاسیه کانی کوردستان بو موچه کار ئه که ن نه ک به رژه وه ندی میلله ت وه ره چاو کردنی بو پیدایی موچه ی خانه نشینی ئه م یاسایانه بو ره شو روته کان کراوه. هه زاره ها خانه نشین وه زوریان له هه نده رانن گه راونه ته وه بو چه ند ماوه یه ک وه خانه نشین کراونه ته وه به موچه ی باشتر. ئه م نه زانانه راویژی پسپوران ناکه ن وه زور پسپوریشیان هه لخه له تاندوه به پیدایی پوستی باش. قوربان تا وه کو کورد خاوه نی ئه م ده سته لاتدارانه بن به ته ما ئاییندە یه کی باشتر نابین. روحه که م ئه م به یاننامه ی نا سه روک ئه م هینانو بردنه ی بوچیه (ئه گه ر راست ئه کات با بلیت من ماوه که م ته واو بوه وه بو به ریوه بردنی کاری حکومه ت با په رله مان کو بیته وه وه یه کیک هه ل بژیرن به وه کاله ت تا وه کو هه لبژاردنی دا هاتو. قوربان بو کاری پیویست چوم بو بلغاریا چاوم که ت به گه ره کیک هه مو بالا خانه ی ریکو پیک وه له به ر ده می بالا خانه یه ک چاوم که وت به ئوتوموبیلیکی لادا له سه ر چوار بلوک دانرا بو وه له یاوه ره بلغاریه که م پرسی که کاتی خوی کوری پیاویکی ناوداری شورشی بلغاریا بوه له گه ل جیفکوف وه بالویزی بلغاریا بوه له فرنسا و آلمانیا و اسرائیل پیی را گه یاندم که ئه م لادە یه هی باوکی تی وه پاره ی نیه چوار تایه بکریت. روژیک چوم بو زیاره تی ئه م پیاوه مه زنه وه بوی گیرامه وه که وا هاوریی خه باتی شورشگیران بوه له گه ل جیفکوف ئینجا ئه م پیاوه به راورد بکه له گه ل ئه وانه ی خومان.



**Nawroz Mala Ali**
dasto xamat xosh kak kamil gian ..zor raste bar pirsi dastai kargeri partek taza ba taze peshniar dakat ba kirdnawa noosinge bo maktab siasi 7zbakan la balaxanai parlaman .. la katekda millet dawa dakat 7zib xoi badoor bgrett la karobari 7komato yasa . pem basha la korte namai 13 da kamek basi erhabi fkrishman bo bkait .. millati brsi chi karigareki haya lasar erhabi fkri ? zor sopas dast xosh.

کورته وه لام/13 بۆخوازیارانی راپه ڕینێکیتر ٣/١٢/٢٠١٦

هه ر من نا، زۆریتریش ده ستیان له م ده سه ڵاته ی ئێسته شتوه و چاره سه ر ته نیا له راپه ڕیندا ئه بیننه وه . ئه م بڕوایه ڕۆژله دوایرۆژ زیاتر ته شه نه ئه کا، بێئه وی دیدێکی یه کگرتو، جۆرو ئه نجامی ئه و راپه ڕینه ی دیاریکردبێ!. ئاخر راپه ڕین له پێناوی راپه ڕیندا، یابۆ گۆڕینی سیستمی فه رمانڕه وایی به بێ دیاریکردنی سیستمێکی نوێ، وه ک گۆڕینی ده سه ڵاتی پاشایه تی له ئێران به مه لاکانو له ئیراک به قاسمو قاسم به به ئسو به ئس به شیئه و شیئه به داعشی لێدێ که بۆ هه رکامێکیان ئه ڵێین: هه زار ره حمه ت له کفندز!! که واته نابێ راپه ڕین هه ره مه کیبێ، یا ده موچاو به ده موچاو یا دز به جه رده گۆڕینبێ. راپه ڕین ئه بێ به به رنامه و دیاریکردنی سیستمی دوای راپه ڕینبێ. من لای خۆمه وه چاره سه رو سیستمێکم له کورته وه لام/11و12دا پێشنیار کردوه بۆ لێدوانو ره خنه یا په سندکرن. داواکارم ئه م ده سه ڵاته ی ئێسته به خۆیدا بچێته وه و په ندێک له و ده سه ڵاته ئاماژه بۆکراوانه ی سه ره وه وه رگرێ، ئه گینا راپه ڕینو رادان هه ر روئه دا. به هیواشم گۆڕینی ده سه ڵات، به راپه ڕین، یا به هه ڵبژاردن، یا به هه ر

ڕێگه یه کیتر، له ئێسته یا لەئاینده دا، هه ڕه مه کیو بێبه رنامه و بێدیاریکردنی سیستمی فه رمانڕه وایی نه بێو دیسان نه ڵێین: ڕه همه ت له کفندز!.

١١٠ بینین ٤٤ لێدوان لەوانە:

**Bêşikçî Rastî** دەست و هزرت خۆش مامۆستا کامیل ی بەڕێز، لەوە دەچێ تەنها حەل ئەوەی جەنابت بێت.

**Marywan Kaftan** ته واوی مه نسوله کان عه ماره پو بوون
بو فریدان باشن

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە مەریوان: دەم خۆش. شەرمەزاری بۆ ئەوانەی لە پێناوی کورسی و پارەدا ئاوا خۆیان ڕسوائەکەن کە وایان پێبوترێ!

**Jabar Kadir**
Slaw La Lamamostay Baryz Men Lau Bawardam Mylate Kurdy Bashur Tushy Naxoshy Sherpanja Buwa Nyga Chon Ba Saryda Salden Am Prsyrakay?

**Shex Omed** ئێستا حزب وحکومەت هیچیان پێناکرێ و لەدەست خۆیان چووە چۆتە دەست چەندین کەسی بازرکان بەناو سیاسی و خەڵکی سێبەرن....

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە شێخ: ئەو کەسانەش دەرئەنجامی حیزبایەتین. کە سیستمی حیزبایەتی نەما ئەوانیش نامێنن. سوپاس بۆ لێدوانەکەتان.



**Sayran Safeen** ماوموستا كي ده لي زورترين ده سُتيان له و ده سه لاته نيشتمانبه شوشتووه ؟ تو به س سليماني ده بيني. اوه ي تو ده يانبيني يه كيان ماموستا كامل زير نين اوانةَ روبورتي ده ست نوشيروان و هيروً و ب. ك. و ايرانن.. دوينيش واته له سالي٦٤..٦٦ يش وإيان وت باشان بوون به جاش و برأيه وه. ايستا ميزووي بر له خيانه ت و شه رمه زاري ماموستاي تيكداني ريزه كاني كوردايه تي و جاش موسه قه فه كان برايم احمه د خوي دوو باره ده كاته وه. هه مان عيسا به زمان به ناوي قاسمي سليماني وا له سليماني حاكمي موتله قه. له ملا نوشيروان و له ولا جميل بايك جاده ده جولينن له غه يري جنيودان سووكايةً تي بيكردن شتيكيان بي نيه. تو سه يري ماموستايان بكه به ج ده رديكيان بردن كورد واته ني( كه ريشيان بي.. ن شاده شيان بي هينان) تا هه ليان به راندن أينجا كيران تيهه لدران سه ياره يان سوتينرا. وا ده شيانبه نه وه ده رس كوتن. نوشيروانيشٌ هه لات و هيروش بيبه ريه فه فيره ي... من به دل تؤم خوشده وي تو ره مزيكيً كه وره ي كوردايه تي حه زناكةً م تيكه ل به و هه للايه ي كوران بيت. تو ده بي ره خنه ي به جي وله جيي خوي بكري وه ك بياويكي مه ردي به هه مان نه فه س راو يؤجوونه كانت ده ربري به أقاري جاكسازي و له نيو بردني كه نده لي كه زوريشه..... بو رابه رين. به رامبه ر به كي ده وه اللاهي له هه موو كه س بكوزترو كه نده لتر نوشيروانةً.. ده باشه ما ام اوه نده شه ريفه نيوه ي سليماني فه وهود كرديه بابه به لاي كه ميه وه كرده كه و كاركه ي جيمه نتو و كومبانيه كاني بدأته وه او كه نجه سليمانيانه ي روز تا أيواره هه ليانده به ريني تا قسه به هه وليرو دهوك بلين!!!.. ده بيم تو كامل زيري كامل زيره. وه ره دوباره ببه وه ماموستا وانه ي كوردايه تيمان فير بكه و تف له وانه بكه شارجييتي و دوو به ره كي ده نينه وه. وه ره جاريكيتر ببه وه به ماموستا كامل هه ي كاملترين استاذ. جاوه نوار به سه ربه خويي نزيكُتره له أزمر و ازادي يه كجاره كيش به تاو به ره و بيرمان دي.... او كات هه موومان به يه كه وه رادةً به رين هه لده به رين به بزي كورد بزي كوردستان وه لامي نوكه راني تاران و به غدا ده ده ينه وه.



**Kamil Zheer** بەڕێز سەیران خان: سوپاس بۆ لێدوانەکەت کە وەڵامێکی زۆر هەڵئەگرێ و لێرەدا ئەو ماوەیەنیە. بەڵام بەکورتی: 1-من لەگەڵ ئەو ئاژاوەیەدا نیم کەئێستا مامۆستایانی نارازی بەهاندانی گۆران ئەیگێڕن و منداڵی کورد لەخوێندن ئەبچڕێنن 2-من راپەڕینم لەدژی گەندەڵی ئەوێت لەهەر لایەکبێ، زۆرهەوڵمداوەو زۆرم نوسیوە لەدژی گەندەڵی لەهەردو ناوچەی زەردو سەوزو بەرنامەی لەناوبردنی گەندەڵیم داڕشتوە بەڵام هیچ وەڵام وچاکسازییەکم لەهیچ لایەکیان نەدی. ئەمڕۆ مەترسیدارترین دیاردە کەهەڕەشە لەبون و مانەوەی ئەم هەرێمە ئەکا گەندەڵیە کەبۆتە هۆی برسیکردنی خەڵک لەهەردو ناوچەکە. دڵنیابە ئەم برسێتیە ئەبێتە هۆیئەوەی لەگشتپرسیدا زۆرینەی خەڵک دەنگ بۆ سەربەخۆیی نەدەن و ئەوسا پرسی سەربەخۆیی دەیان ساڵ ئەداتە دواوە! بۆیە چەنجار نوسیومە گشتپرسی نەکرێ باشترەو جاڕدانی سەربەخۆیی پێویست بەپرسیارناکا.3-سەبارەت بەدەسهێنانی سەربەخۆیی، کێ بەدەستی بێنێ، من و هەزارانی وەک من ئەبینە پاڵپشت بۆی. ئێستا هەل زۆر لەبارە، دواخستنی ئەبێتە هۆی لەباربردنی! ئێوەش هەر شادبن.

**Azad Shkakee** ما موستا ده برسم له به ريزت جوناو جون رابه رينه كه ئه بيت....؟
كي سه ركردايه تيو را به رايه تي ئه ورابه رينه يه بكات ....؟

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** کاکە ئازاد: کە جامی غەزەبی جەماوەر پڕبو، ڕاپەڕین بەرپائەبێ. ڕاپەڕینی بێ بەرنامە بێ سەرکردایەتییەو ئەنجامەکەی باشنابێ. ڕاپەڕینی بەبەرنامە ئەوانە سەرکردایەتی ئەکەن کە بەرنەمەکەیان داناوە.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Azad Shkakee** كه سانيك هه يه بلان وبه رنامه دابنيت ...؟ ره ش بين نيم و دريژدا دريش نيم به لا م وا ي ئه بينم كه هيشتا زوري ماوه ....ريزوو سلاوم بو به ريزتان ..

**Pshko Amin** تاکە وەلام ڕاپەرینە منیش هەر وای بۆ دەچم ،وە هەرواشدەرۆن ریگە چارەکەیتر زۆر دورە ،چونکە خۆیان نازانن چی باشە یان تاهەلی بژیرن ،راونان یان وازهێنان بیگومان مرۆڤی عاقل و تیگەیشتو وازهینان هەلدەبژیریت ، لەکاریک کە پیی نەکریت ،خۆی داوادەکات کە با خەلکیکیتر بیت شوێنی و کارەکە ی ئەو کەپیی تەواونەکراوە تەواوی کات ،وەئەمە ئەهوەنتر کوردانەترو دلسوزانەترو هەموشتیکترترە ،بەلام ئەمان ئەو ئەقلەیان نیە ،بۆیە دەمینیتەوە تەنها هەر راپەرین بەلام ئایا راپەرین دژبەکی دەبیت دژ بەدەسەلاتبیت دەسەلاتیش هەمویان دەسەلاتن پینج حیزبن کە حوکمەتی بنکە فرەوانیان داناوەو دامەزراندوە ،وەهەتا ئەمکاتەش هەرپینجیان بەشداری ئەو حوکمەتەن لە گەل ئەوەشذا کە گۆران بەوشیوەیەی کە دەیبینین دەرکرا هەر بەشدارن ،تا ئەمرۆ بۆیە دەبیت راپەرین دژی هەمویان بکریت و هەمویان بگریتەوە ،هەموشیان بەشداری دزی وگەندەلی وحەپەلوشی کوردستانن ،جا ئایا ئەمە ئەمرۆ دەکریت ،ئایا کی جیگەی ئەم دزو گەندەلانە دەگریتەوە ،کەهەر هەمویان چەک بەدەستن ،گەرچی لەگەل ئەوەشدا هاورام کەدەلیت کە کۆمەلانی خەلک راپەری کەس خۆی لەبەردا راناگریت ،دەلیم دەست خۆش

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** سەرخۆش کاکە پشکۆ. کورتە وەڵام /11و12 وەڵامن بۆ پرسیارەکان کە ئەڵێ هیزبایەتی نەمێنێ. ڕاستە ئەم بارودۆخە خراپە لەئەستۆی ئەو پێنج هیزبەن وەکیەک . ئەگەر ئەوانە وازهێنان هەڵبژێرن، توشی ڕاونان نابن. بەڵام هەر یەکەو بەر سزای ئەو تاوانە ئەکەوێ کەکردویێتی. ئەشێ وازهێنانەکە سزاکەی کەمکاتەوە، یا بەر لێبوردنی گشتی بکەوێ. بەڵام ئەوانیتر. دەربازنابن، تەنانەت دوای مردنیشیان. زۆرماندی لەوانەی دوای مردنی و دوای زیاتر لە چەرخێک، بەرنەفرەت و سزای گەل کەوتن.



**Muhamed Bazrgan** ته نها رابه رین راسته ریکه یه له م جوره بارودوخه ناله باره
دا به لي به دلنیاییه وه

**Abdualrahman Xalifa** دةستت خؤشبي مامة ژيرةكة ، من يەک قسەم هەيە ئەويش
ئەوەيە ئەگەر ئەم تەنگەشەيەش تێپەڕێ عەرەب وتەني مر الكرام بێ سزاداني ئەو
تاوانكارانەي كە هۆكاري ئەو هەمو نەهامەتي ترازانانەن ديسان دەبارە ئەبێتەوە هەر
وتومانە كێشەكاني رابردومان تەنها برينپێچي بۆكراوە و لەژێرەوە بۆگەنيكردووە بۆيە هەر
دەيان بارە بوەتەوە / لەگەڵ ريزم بۆ جەنابت

**Chia Samad**
Dast xosh...xozga raparin dabw...balam ba goranekaryaki rishayi baraw dasalateki roshnbir w peshkawtw...

**Osman Faqi** مامۆستا دەستخۆش ، گۆڕینی حزبێک بە حزبیکی تر ، سەرۆکیک بە
سەرۆکیکی تر ، هیچ لە بار و دۆخ ناگۆڕیت ، ڕەنگە خراپتری بکات .. تەنیا چارەسەر
ئەوەیە فشار بخریتە سەر دەسەڵات ، خۆی چاک بکات .. وەک سیستمی پاشایەتی
ئەورووپا .. ڕژیمەکان نەگۆڕان ، وەلێ ساڵ بە ساڵ بەرەو باشتر چون .

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Yousif Osman Aziz** دەستت خۆش مامۆستا ، بێ خەمی دەستەڵات ودۆخی خراپی
خەڵک و بێ ئومێد کردنی خەڵک لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری ،
پێم وایە ڕاپەڕین هەر دەبێ و هەر دەستەڵای خۆی هیچ ڕێگا چارەی تری نەهێشتوتەوە .

**Kwestan Abdulkarem** ماموستا گيان، ئه گه ر ليگه رين خويان چاكي بكه ن،
چونكه دزيش به سه ر مالي ئاوا ده چي!
باوه رم وايه هه ركه س بچيته ئه و شوينه، هيچي ييناكري،
چونكه شت به شت ده كري، شتيش هه رخويات ده زانن له كويايه،
بيرت نه چيت هه مو سامانه كه لاي حوكومه ت نيه، لاي اشخاسه،
خو ئه وانه ي له بشتي هه ندي شته وه ن له خويانن!
.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکەکوێستان: چی لەوە باشتر ئەبێ ئەگەر خۆیان چاکی بکەن؟
ئێمە پەرۆشی ئەوەین ئەم ئەزمونەی باشور لەناونەچێ. کێ چاکی ئەکا، سوپاسی
ئەکەین.

**Sadeq Hamagharib Kader** قوربان ده ست خوش ئه گه ر صدام ئه م بی عه قليه ى نه كردايه (داگير كردنى كويت )ئيستاش ئه م براده رانه ى ولاتمان ئه به ن به ريوه هه ر يان له ايران ئه بون وه يان له اوروپا با له دكتور عثمان ببرسن. قوربان چاره سه ر هه ر وه كو به ريزت فه رموت ئه بيت به راپه رينيكى تر دژى ئه م جه ردانه هه روه كو رومانيا كرديان دژى چاوچيشكو كه وا له حسابى هيچ ولاتيكى روژ هه لات وه روز ئاواى اوروپا نه بو. له روسيا دركيان به وه كرد وه چاك سازيان كرد به ريگه يه كى زانستى وه ئيستا شانى ئه دات له امريكا. قوربان ولاتيک نه خوينه وار بيبات به ريوه هه ر ئه مه ى لى ده ر ئه چيت. ئه مانه ى خومان به بازوى هه نى چه كدار ولات ئه به ن به ريوه ئه وه تا چيان له ماموستا كان كرد.كوردستان پيويستى به سيستمى مؤسسات هه يه نه ك سيستمي حوكمراني حزبه كان كه وا هيچ پسپوريان نيه له حوكمرانى. قوربان له بلغاريا براده ريكم پيى راگه ياندم له كاتى حوكم رانى كوميونيسته كان (وتى تلفونى سه ركرده كانمان )به س سه ماعه ى هه يه مايكروفونى نيه (به س گوى ئه گرن )ئه وه بو له كه فله كونيكدا روخان. هه ر خوش بيت.

**Rebaz Aziz**
Har dasalatekey de beta farman rawa agar hasab la raburdu napresetawa beguman natwanet aynda benyat benet wa be sestam laman bashter nabet.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** بەڵێ کاک ڕێباز وایە. لە ڕاپەڕینەکەی 1991 دا لەکەس نەپرسرایەوە بۆیە ئەم ئەنجامە خراپەی لێکەوتەوە.

**Soran Hama Najm** هەردەبێ بگەڕێینەوە بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری، شۆڕش و سەرهەڵدان بە هۆشیاری دەکرێ، هۆشیاری نەبێت، ڕاپەڕینیش ئەنجام بدرێت و دز لا ببردرێ، دزێکیتر دروست دەکرێ
. دەستت خۆش..

کورته وه ڵام/14په كه كه و شنگالو پارتى ٢٩/١٢/٢٠١٦

شنگاڵ، شاره برينداره كه ى كوردستان! له جياتى ئه وه ى كسپه يه كبێ له جه رگى هه مو كوردێكا، خه ريكه ئه كرێته زامێكى قوڵتر له جه سته ى كوردستانا! هانده رى ئه و زامه ش، نه ك هه ر لاى من، لاى داروبه رديش رونه كه ئه نكه ره و به غداو تارانه .

ئێوه ئه ی په که که و پارتی: ده سم دامێنتان، ده س بۆ ئه و ئاگره نه به ن که خۆتانو نه ته وه که شمانی پێئه سوتێ! له جیاتی ئه وه ی به شه ڕبێن له سه ر شنگاڵ، شنگاڵ بکه نه پشتوێنی یه کگرتنتان له پێناوی به رژه وه ندیی گشتیی نه ته وه سته مدیده که مان.

ئێوه ئه ی گه ریلاکانی په که که ، رۆژانه له ژیر تۆپبارانی ئه نکه ره دان، باکور به ئۆپراسیۆنه کانی جه ندرمه ی تورکه وه ئه ناڵێنێ. ئه و موچه یه ش که له به غای وه رئه گرن، دانه ی داوو ژاری کوشنده یه بۆتان!.

ئێوه ش ئه ی پارتی دیموکرات، هێشتا له مه ترسیی دائشو شه ڕی چاوه ڕوانکراوی هه شدی شه ئبیدان!. شنگاڵیش نه مڵکی ئێوه یه و نه هی په که که یه . شنگاڵ وه ک شار، شاری برا یه زیدییه کانمانه . وه ک خاوه ندارێتی، هی هه مو نه ته وه ی کوردمانه . وه بیرتانبێته وه : به رابه ریی بارزانی مسته فا، له شکری بارزان 1946چونه کۆماری کوردستان له مهادو به گوڵو رێهانه پێشوازییان لێکراو پله و پایه ی شیاویشیان پێدرا. ئه ی ئه مڕۆ ئێوه بۆچی هه مان جۆر پێشوازی له پێنج هه زار گه ریلا ناکه ن که رژاونه ته باشورو به رگری له شنگاڵ ئه که ن؟ ئه شێ بیانوتان ئه وه بێ تورکیای دراوسێتان نیگه ران ئه که نو ئه بنه هۆی ئه وه ی ده رگای برایم خه لیل داخرێو بۆرییه نه وته کان سڕکرێن! یا ترستان له وه بێ ئه وانه ببنه پاشکۆی ئیراک!؟ به ڵێ راسته و هه مو ئه گه رێک چاوه ڕوانکراوه ، به ڵام چاره سه ری ئه و ئه گه رانه به شه ڕی براکوژی ناکرێ، به ڵکو شه ڕێکی له وجۆره ، کێشه که ئاڵۆزترئه کاو ئاواته که ی ئه نکه ره و به غداو تارانیش دێنێته دی!! ئه ی چار؟ چار:

1-کشانه وه ی گه ریلاکانه بۆقه ندیلو بۆباکورو بۆرۆژئاوا.

2-له ئه گه ری پێداگرتن له سه ر مانه وه یان له باشور به گشتیو له شنگاڵ به تایبه تی، چار: رێکه وتنێکی نهێنیه له سه ر نه کردنی شه ڕی براکوژێ. بۆده مکوتکردنی ئه نکه ره و به غداش، ئه گه ر ئه و شه ڕه هه ر ناچاریبێ، ئه وا با شه ڕه که بکرێته شه ڕی برادۆستی نه ک براکوژی، به مجۆره : جارجار ته قه به سه ر یه کدابکه ن، نه ک ته قه له یه کتر. به ڕاگه یاندنیش وابپیشانده ن که ئه وه نده کوشتار له ملاو ئه وه نده ش له ولا هه یه . له هه مان کاتا، به و هۆیه وه ، ئه شتوانن چه کو یارمه تی له و دو پایته خته دوژمنه بکێشنه وه ! په یوه ندیی برایانه ی ئه و دو لایه نه کوردییه ش له گه ڵ یه کدی به نهێنی به رده وامبێ. ئه م شێوازه ش، په یڕه وکرێ بۆ هه ر شه ڕێکی ناچاری نێوخۆیی. ئاخر سه دان ساڵ داگیرکه رانی کوردستان، شۆڕشه کانی کوردیان به کورد له ناوبردوه و پێمان پێکه نیون! با ئێمه ش ساڵانێک به وان پێبکه نین. به ڵێ ئه بێ ئاوا سیاسه تبکه ین.

٦٩ بينين ٣٤ لێدوان لەوانە:

**Yousif Osman Aziz** ئاسنی سارد کوتانەوەیە لە گەڵ پارتی

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە یوسف: چار نیە، ئەگەر ئاسنەکە تۆزێکیش تینی تیامابێ، هی هەر لایەنێک، ئەبێ هەر بیکوتین بەرلەوەی ئەم ئەزمونەمان لەدەسبچێ.

**Nawroz Mala Ali** دەست خۆش کاک کامیل گیان بوینەتە مەقاشی دەستی داگیرکەران ، کوردستان موڵکی کەس و لایەنێک نیە هینی هەموو کوردە ، مەخابن ئێستاکە موخابەراتی داگیرکەران لەم هەرێمەدا تەراتێنیانە بە زلهێزەکانیشەوە ، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ چی بۆ ئەمانە حەڵاڵە بۆ هاو نشتمان و هاوزمانەکانمان حەرام بێت ؟

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** دەمخۆش کاکە نەورۆز گیان. ئەوە بەڵای هێزبایەتییە کە کردوینی بە مەقاشی دەستی داگیرکەران و هەمو شت بۆئەوان حەڵاڵ و بۆهاو زمانمان حەرام! ، گەندەڵی دایرزانوین، شەڕی براکوژی هەمیشە هەرشەمان لێئەکا!!

**Hemn Mahmod** دە ستخوش خوزکە میزوی براکوزی خویناویمان لە کورنایە و دە ستی برایە تیمان بویە ك دریز بکردایە او٣دوزمنە مان بناسیایە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** هەزار خۆزگە کاکە هێمن، لە خۆزگەش زیاتر، ئەبێ بەرامبەر هەر شەڕێکی براکوژی هەڵوێست وەرگرین و رسوایان بکەین.

**Jehan Omer** دەستخۆش کاک کامل ئەگەر ئەمانە بەڕاستی دڵسۆزی کوردبن پێویستە بەهەر جۆرێک بیت بەرنگاری دووژمنی کوردبن نەک شەڕی براکوژی درووستبکەن

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** زۆر راستە کاک جیهان، شەڕی براکوژی بۆ خودی خۆشیان ماڵوێرانییە چجای کورد بەگشتی. لەگەڵ رێزم.



**Aras Saber** مامۆستا دەست خۆش بۆ هەلویستي نەتەوەیي و نیشتمانیتان بەلام تازة نەك تەنها کورد و هیزة کوردیەکان بەلکو هەموو دەولەتەکاني ناوچەکة دابەش بوون بەسەر هەردوو میحوەري روسیا و ایران لەلایەك و امریکا و اسرائیل لەلایەکي تر و ئەو شەرة حتمیة و مەجالي خۆ لي لاداني نیەو هەر دەبیت لایەك لایەك بخات و دواي هاتني سەرۆك دونالد ترامپ ٢٠ رۆژي تر سەرەتاي گۆرانکاري گەورەیة و دەبیت هەرچي لة میحوەري ایرانة بەر گورزي لەناوچووني امریکا و اسرائیل بکەویت و شەریکي مەزن و جەنگیکي کوشندة چاوەریي رۆژهەلاتي ناوەراستة و پیشبیني ئەوة دەکەم کة گەورەترین شەري میژووي رۆژهەلاتي ناوەراست بیت .



**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل بۆئەو نوسینە جوانە ، بەداخەوە ئەوان پێدەچێت
کە ئەقلیان لای خۆیان نەبیت هەریەکەیان دا بیتیانە دەستی داگیرکەرێک کە لە باتی ئەمان
بیردەکاتەوەو بریاربدات ،ئەمان تەنها جیبەجیکەرن و واتە ەمقاشی دەستی ئەوانی
داگیرکەرن ، وە ئەوە ئەوانن کە پێیان دەڵێن نان بخۆن بکوژن ببرین بمرن خوینی یەکتری
برژینن ،ئەمانییش ، زۆر بەداخەوە لە کورد بوون شۆراونەتەوە و تەنها جی بەجیکردنیان
لەسەرە ، دەنا دەبوایە ئەمان لەباتی ئەو شەرە دەمەی کەدەیکەن ئیستا لەشکری کوردیان
دروستکردایەو پیکەوە لەیەک سەنگەردا بی باکوری بوباشوری تروتەشقەڵە وەک وکرد
بجەنگان کورد ئەمرۆ پیویستی بەشەری یەکتری نیە بەلکو یەکگرتنی دەویت ،
دوژمنەکانمان چاوەروانی ئەوەی شەری یەک بکەین ویەکتری قەلاچۆکەین ،ئاخر کورد
نالیت تانجی وەتەن دەتوانیت کەرویشکی وەتەن بگریت ،گەر پیاوی داگیرکەران نین دەبا
دەست هەلگرن لەم شەرە دەنوکە ،هەرکەسیکیان لولەی تفەنگەکەی بکاتە ئەویتر خۆفرۆشە
، دەبیت هەموکورد دان بەو راستیەدا بنێت !! بەلام ئەوەتا ویکلکس بلاوی کردۆتەوە کە
دەسەلاتی هەریم چالە نەوتەکانی بە تورکیا دەفرۆشیت کەئەمە کاری نەکردەیە نابێت هیچ
کەس ولایەک بەمە رازیبێت ودەبێت داوای رونکردنەوە بکریت لەم کارە ،ئیستا ئەو
نوسینەی ویکلیکسم بلاو کردەوە تکایە بیخویننەوە ،بۆیە دەبیت خەلکی کورد لە سەرئەمە
بیتە دەنگ ! وەپیویستیشە دەسەلاتی وکردی سەرۆکی هەریم بەرونی ئەمە ئاشکرابکەن
بۆخەلک ،ئەمە دەکویتە ئەودیوی هەمووشتیک وتیپەراندنی

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ



**Kamil Zheer** کاک پشکۆی خەمخۆری نەتەوەکەمان: هەرچەنێک تورەبی لەو
ئەقڵفرۆشانە هەقتە. فرۆشتنی چاڵە نەوتەکان بەهەر بیانویەک، تاوانێکی نیشتمانییە!
ئەکرێ لەکاتی قەیراندا بەرهەمی چاڵە نەوتێک بدرێ بە لایەنێکی دەرەکی بۆ
ماوەیەکی دیاریکراو بەرامبەر قەرزێک. بەڵام فرۆشتنی چاڵە نەوتەکە!؟ تائێستا
شتی وا لەجیهاندا روی نەداوە. بەرامبەر ئەو زانیایانەی وێکیلێکس بڵاویکردۆتەوە
لەخەبەر24دا کە وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم 3 چاڵەنەوتی فرۆشتوە بە
تورکیا بە 5ملیار دۆلار، داوا لە حکومەتی هەرێم ئەکەم بێتە وەڵام. ئەگەر درۆیە با
وەڵامی بداتەوە. ئەگەر راستە با ئاشکرایکات و پیشانییدا بۆ؟؟ داواش لەخەڵکی
بەگشتی ئەکەم بێنە دەنگ. لەگەڵ رێزم.

**Sayran Safeen** ده ست خوش... تو له خوته وه سه يري رووداوه كان ده كه ي وه كو بياويكي دلسوز مه رد كورد به روۀ ر به لام بيم خوشه به ب. ك. ك بليي اري براينه بو واز ليره ناين و بجنه وه باكور كه وا له زير ده ستي فاشيه كاندا ده نالين و بيويستي به فرياد ره سيكه.. نيوه ي خاكي هه ريمتان داكير كردوه و نه تانهيشتوه او شه ش سه د كونده مان اوه دانٔ بكه ينه وه... ده ليم ماموستا كيان ب. ك. ك. حزبيكي ستاليني بولبوتيۀ تا ايستا كه س نازاني جيانده وي.. له سه ربه خويي هاتوته ته سه ر خودسه ري ديموكراتيك... بي ايران ناتواني هه نكاوي باويزي خراب جوته سه نكه ره دوراوهكان ته نانه ت نه يهيشت هادب يش راسته ري بي و كه مه كه ي خوي بكا هه شتا كوردسيان هينا به لام هه يهوووووو.. ب ك ك حزب نيه كومه له مافيايه كن فه رمان له سورياو ايران وه ر ده كرن.. زوريشي نه ماوه مانكاكه بزي اوجا بيتده ليم كويله كه يه يان ... له كه ل خوشه ويستيۀ بو تو.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** سەیران خان: سوپاس بۆ وەڵامەکەت. من لەخۆمەوە سەیری روداوەکانناکەم. سەیرکردنی من لەگۆشەنیگای واقیعەوەیە. ئەی من لەبڕگەی (1)دا نەموتوە (کشانەوەی گەریلاکان بۆ قەندیل و باکور و رۆژئاوا) وەک چارەسەری یەکەم؟ ئنجا پەکەکە هەرچییەکبن، ئەمرۆ هێزێکی گەورەن و ئەوان فاشییەکانیان هێناوەتە لەرزین و نابێ حسابیان بۆنەکرێ. ئێمە لەباشورهەزار کەلەبەرمان تێکەوتوە، کەڵکی ئەوەمان پێوەنەماوە شەڕی پەکەکەش بکەین. پێمباشنیە تۆ هەمیشە هەر بە عاتیفەی پارتایەتی قسەبکەیت. با واقیعیبین. لەگەڵ رێزم.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Sayran Safeen** ببووره ماموستا مه به ستم له خوته وه واته له دلباكي و كورد به روۀ ري خوته وه. قسه كه ت جوانه كه ده ليي هه زار كه له به رمان تيدايه.. منيش ده ليم ايمه كه ممان موشكله نيه تا جوار جه كداري ب ك ك خو تيكه ل بكه ن و كيشه كانمان قولتر بكه نه وه. بابجن بو باكور إسباتي وجودي خويانٔ بكه ن نه ك ليره هه ريمي سه ربه خو دابمه رزينن و كيشه مان بو دروست بكه ن.. به داخه وه اوان له اوي ليل مه له ده كه ن ده شبيني نه تيجه يان جون ده بي شاللا كوردستاني باكوريان رزكار ده كرد.



**Kamil Zheer** ببورە سەیران خان، پەکەکە چوار چەکدار نیە. ئەوانە گەورەترن هیزبن و لەهەر چوار پارچەکەو هەندەرانیش بونی گەورەیان هەیە. نابێ حسابیان بۆنەکرێ. ئەوانیش هەرچیبن کوردن. کوردستانیش ملّکی هەمو کوردێکە. خۆ منیش رەخنەی زۆرم هەیە لێیان و بەنوسراو بلاّوم کردونەتەوە. هاواری من ئێستا بۆ رونەدانی شەڕێکیتری ناوخۆیە.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ



**Aladdin Mohammad** دە ستت خوش بیت ماموستا روون کردنە وە کە ت لە جیگای خویایە تی پیویستە کاربو ئە م کیشە یە بکریت ودوو بارە نە بیتە وە شە رنە گریسی ناوخو



**Taimoor Sahebqran**
Wak barezit amazhat peda sarbaxoee dasenret nabaxishret.Dawlatee koordee xwastee hamoo koordekee basharafa.Xwastakaneesh agar lasar binamayakee tondoo toloo waqe3eeda zameenay bonaraxsenretoo kaaree bo nakret dabeta xayalpilawoo {xawnee sha3eraaan..;].Zameenasazeesh la xomanawa-takee kordawa dast pedakat ka shewenrawa,gawjenrawa,entemay bo xakakay henda lawaza ka la barambar sadatireen barzhawandy xoeda pisht gowey daxat..Agar zameena labaar nabet am hamoo gandala xo lahandaranawa boyan nanardooen..Dawlat ba bangawaz daadanret balam abet binamay bardawamboono manaway teda bet.Mamostay hezhaw barez min rashbeen neem balkoo xwendinawy waqe3eew rastgoyana panja daxama sar azaroo nahamateyakan [ etha 3aretal sabab batolal 3ajab] gawratireen nahamaty koord ladarwazay banaw sarkirdakaneyawa hatota dare..Amana na sarkirdan na seasat madarin jalabcheew mafean bargy seasateyan labardaya...

**Taimoor Sahebqran**



Ba bohoonee xom seasatee tak jamsaree kotaee pe hat ..Yareekaree sarakee Rooseyay doway perestroyka ba hezekee rahawaw baseasateky jeawaz la Sovety jaran la gorapanakada boony hayaw naxshay seasy nawchakaman dagorret .wilatanee am nawchayaw sarkirdakanoo parta seaseakanee zhimarayakee gawranabonoo nabin la ayendada...Abet am nawchaya araam bet...Barzhawandee Amarekaw wilatany rozhawa lalaayakoo Rooseyaw Cheeno hamoo wilata peshkawtowakan la saqamgeree bazaroo bazirganedaya.Am xo geev kirdnawanaw harashaw goorashanaesh law zhimaranawa dardachin ka gawraw karegar neen wa xwendinawyaky chawteyan haya bo aeyinday seasee nawchaka...

**Taimoor Sahebqran**



Sopasy be payany eway hezhaw ba amakee regay raasty kordayatee dakam,nimoonatan har zead bet,qalamtan har rawanoo rega roshinkarbet.La slemanee la garaky andazearan neshtajem wabzanim janabit har lamalakay xoteet la girdakay sarchinar jarek lagal xowalexoshboo mamosta 3alee Saam agha ba deedarit shad booyn.Daway tamandrezhew tandrostee bashit bodakam sarkawtoo beet mamosta bo xizmaty raasty natawakaman



**Kamil Zheer** سوپاس بۆ سەرنجە جوانەکانت کاکە تەیمور. نازانم ئێستا لەکوێ نیشتەجێن؟ پێمخۆشە بەردەوامبی لە سەر نوسینەکانت. لەگەڵ رێزو خۆشەویستیم.



**Kamil Zheer** مامۆستا تەیموری بەڕێز: یەک جەمسەرییێ یا دو جەمسەری، گۆڕان لە ناوچەکەدا ببێ یانەبێ، کورد هەر وەک جاران، بەدەستی بەتاڵ ئەمێنێتەوە ئەگەر هەر ئەم هیزبە گەندەڵانە کاربەدەسبن. نەتەوەیەک ئەگەر خۆی سەربەخۆیی بۆخۆی رانەگەیەنێ کەس سەربەخۆیی پێنابەخشێ. لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکانین لە ناوچەکدا. بەهیواین بۆ ئێمەش خێرێکی تیابێ



**Basher M Jaff** دەستت خۆش مامۆستای هزر ڕوون ، من خۆشیم لە پەکەکە زۆر نایەت ، بەڵام کۆمەڵێک ڕاستی هەیە دەبێت مرۆڤی بەویژدان دانی پیابنێت ، کاتێک شەنگال داگیرکرا ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئێستا کچ و ژنە ڕزکاربووەکانی سەر چیای شەنگال وەک دەستە خوشکەکانیان بوو بوون بە سەبایا و کەنیزەکی دەستی ڕەشی داعش ، هەروەها ڕۆڵی گەورەشیان هەبووە لە تەواوی بەرەکانی شەڕی دژی داعش.
خۆزگە هەمووان بەو پەڕی بەرپرسیارێتیەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دۆخەی ئێستادا دەکرد و دوور ئەکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوەی مێژووی ڕەشی خۆ کوژەی میرنشینە کوردییەکان و خۆیان قوتار ئەکرد لە دەست فیتی سوڵتانەکانی عوسمانلی و ئاخوندەکان.

کورتە  وە ڵام/15 بۆ یە کیتیو گۆڕانو بارزانیو حاجییە کانی ئە مساڵ ١٨/١/٢٠١٧

1-بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامە وانیی 5/12/2016ی سە ڕۆکایە تیی کۆماری ئیراک، هاوپە یمانیتیی مالیکیو گۆڕانو یە کیتی، لە مە سە لە ی دواکە وتنی موچە ی فە رمانبە رانی هە رێم تێپە ریکردوە و پە لی هاویشتوە  بۆلە ناوبردنی دە سە لاتی بارزانیو جیاکردنە وە ی سلیمانی لە کوردستان، یا ڕاستتر بڵێین بۆ هە رە سی هە رێم.

وە ڵام: بە هیوام ئە م هە والە  ڕاستنە بێ. جاریکیتر مردنی خۆمانو زە رە ری نە تە وە کە مان نە خوازین، پە ندیک لە هۆی کە وتنی میرنشینیە  کوردیە کان وە رگرین، دیاردە ی جاشێتی دوبارە نە کە ینە وە ، بە گفتی داگیرکە ران نە خە لە تێین. سە ری ئە م قە وارە یە ی هە ریمی کوردستان کە  بە خوینی هە زاران شە هید هاتە  بە ر، نە خۆین. ئە گە ر کێشە  گە ورە کە ، دە سگرتنی بارزانیە  بە کورسیە کە یە وە ، با وازیلێبێنێو خۆی ئە و کورسییە  رادە ستی کە سێکی سیاسە تکاری جە وامێری بێلایە نی دە سپاک بکا تا هە لبژاردنی ئایندە ، چونکە  ئیستە،  پینج هیزبە کە ، ڕاستتر پینج بە لاکە ، هە رگیز  پێکنایە ن لە سە ر کە سیکیتر بۆئە و پۆستە ، با دە سپێشخە ری لە خۆیە وە بێ پێشئە وە ی خومە کە  لە مە زیاتر بشێویو ئە م هە ریمە ش بە مە رە ی دە ولە تی مادو کۆماری کوردستانو هکومە تە کە ی مە لیک مە همودو شۆرشە کە ی ئە یلول بچێ.

پیلانە کە  مە ترسیدارە، هە رە سی قە وارە کە ی هە ریمو مە رگی کوردی بە دوادادێ. دولە تکردنی هە ریمی کوردستان، ناپاکییە  گە ورە کە یە و ئە رکی هە مو تاکو کۆمە لیکی نە تە وە کە مانە  بێنە دە نگو رسوایکە ن.

2-  هە ر لە و سە رچاوە یە دا نوسراوە  : وە زارە تی تە ندروستی 100 ملیار دینار قە رزاری کۆمپانیاکانی دە رمانە !

وە ڵام: بۆپڕکردنە ی ئە و قە رزە ، لە م قە یرانی دارایيە دا، پێشنیارئە کە م ئە مساڵ ڕێگە  بدرێ بە 20 هە زار حاجیو هە ر یە کە ی 5 ملیۆن دیناریان لێوە رگیرێ کە  ئە کاتە  100 ملیار دینارو ئە و پارە یە  بدرێتە وە  بە قە رزە کە و ئە وە ندە یتر دە رمانیان لێوە رگیرێو بدرێن بە خە ستە خانە هکومییە کان بۆئە وە ی بدرێن بە نە خۆشی هە ژار بە خۆڕایی بە خێری ئە و  هاجییانە و دوایی وە زارە تی ئە وقاف یە کی شایە تینامە یە کیان بداتێ کە  لە پاداشتی ئە و خێرە یاندا حە جیان بۆنوسراوە و بون بە حاجی. لە ڕاستیدا ئە وە  لە حە جە کە  خێری زیاترە . ئیمامی غە زالی

که یه کێکه  له ئیمامه  گه وره کانی ئیسلام وتوێتی: پڕکردنی سکی هه ژارێک له  حه وت حه ج خێرتره ، دیاره  چاکردنه وه ی نه خۆشێکی هه ژار خێره که ی زیاتره .

3-راپۆرتی 17/1/2017ی نوسینگه ی رۆژنامه وانیی سه رۆک کۆماری ئیراک - ئیران بۆ مالیکی: جارێکیدیکه  بیر له سه رۆکایه تیی حکومه ت نه که یته وه !.

٤٤ بینین  ١٦ لێدوان لەوانە:



**Sadeq Hamagharib Kader** قوربان پیاویک ئه چیت بو حه ج ئه وسا به کاروان ئه چون وه له ریگا گه یشتنه دییه ک وه حاجیه که له ده رگای مالکی دا وه ئا فره تیک هات به پیریه وه وه حاجی داوای ئا وی لی کرد وه سه یری کرد ئافره ته که مه نجه لیکی له سه ر ئاگر داناوه وه منالله کانی له برسان خه وتون وه هه لیخه لاتاندون که وا چیشتیان بو لی ئه نی. حاجیه که سه یری ناو مه نجه له که ئه کات وه ئه بینیت له ئاو زیاتر هیچی تیانیه وه ئافره ته که پیی را ئه گه یه نیت که وا چه ند روژیکه هیچیان نه بوه بیخون. حاجیه که هه رچی پاره ی پی بوه ئه یدات به ئافره ته که وه به ره فیقه کانی ئه لیت من کاریکی زور زه روریم له بیر چوه له به ر ئه وه ئه گه ریمه وه بو ولات وه سالیکیکه ئه چم بو حه ج.
قوربان ئه م و تاره م له وتاربیژی مزگه وتی گه یلانیم بیستوه به لام زور له حاجیه کانمان راه ده ی ره وشه نبیریان نزمه بو ئه وه ی له و بابه ته ی به ریزت پیشنیارت کردوه وه پیویستی ئه کرد وزاره تی ئه وقاف ئه مسال حاجیانی نه ناردانه له به ر قه یرانی دارایی.

**Baxtiyar Habib** سه ره تا ده ست خوشيت لي
دكه م پرسيار ليره دا كي و چ
حزبيكي كوردستاني وه ك خوت
فه رموت چ به لايه كي كوردستاني هو كا ري هه موو
نه هامه تي و رسواكردني ميلله
تن

به‌دڵمه · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکه بەختیار: هەمو هیزبەکانی کوردستان بەڵان بۆ نەتەوەی کورد. هیزب هەرچی و هەرچۆنێبێ هەر بەشوێن بەرژەوەندیی تەسکی خۆیاندا ئەگەڕێن. ریزەکانی نەتەوە لەتوپەتئەکەن، ئەبنە چینێکی بێبەرهەم و مشەخۆر، ئ نەتەوانەی لەقۆناغی خەباتی رزگاریدان، بۆ هیزبایەتی دەسنادەن، ئەو نەتەوانە پێویستییان بە لەشکرێکی یەکگرتوی چەکدارهەیە تا رزگاربونی تەواو. فرە هیز لەبەرژەوەندیی داگیرکەرانی کوردستانەو بەهۆیەوە هەر یەکەو هیزبێ بەلای خۆیاندا رائەکێشن و هەوڵئەدەن بیانکەن بەگژ یەکاو ئەیانکەن بە لایەنگرو سیخوڕی خۆیان و..تاد

**سامان إسماعيل عارف** مامۆستای گه وره م له به ر خاتری هه ندێ توخوا له مه ودوا پیتی (ع) به کار بهینه،
خۆ ئه گه ر به حه زی خۆمان بیت زمانی کوردی (ق)، قافیشی تیا نیه،
هه رچه نده قومری خانی دراوسیمان موافقم نیه، هههههههه

١

به‌دڵمه · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاک سامان گیان، ئەوە کاک هەمیدیش ئەڵێ ق تورکییە. ئنجا ئەبێ بزانین بژارکردنی پیتە نامۆکان لەزمانی کوردیدا، سەرەتا لامان گرانە، بەڵام دوایئەوەی گوێمان پێیڕادێ، ئەبێتە ئاسایی، ئەوسا قومری خانیش ناوەکەی خۆی ئەکا بە کومری خان. ئێمەش ئەچین بۆلای و چەپکێ گوڵی پێشکەشئەکەین و گۆرانیی ( وەک کومری سەر باڵم شینە)ی بۆ ئەڵێین وبەو بۆنەیەوە ئەیکەین بە ئاهەنگ.

**Alex Hunter** بەلی وایە گەر قومری خان بزانیت ق لەتورکیەوە هاتوو تە ناوو فارسی ودوایش کوردی خوی دەخنکینیت!

کورته وه ڵام/ 16و 17 و 18بۆ خوازیارانی زانیاری سه باره ت کاژیک. له پەرتوکی یاده کانمدا به درێژی له و باره یه وه دواوم ، بۆئه وەی نه بێته دوباره ، لێره دا سڕیمانه وه .

کورته وه ڵام/ 19 بۆ هۆنراوه یه ک ٢٤/٢/٢٠١٧

*هۆنراوه که :*

هه ركات مێژو ده خوێنمه وه

به هه ردو ده س چاوم ده گرم

ده ڵێم نه کا له شه رمانا

له به رده می دێڕێک بمرم

په ڕه ی مێژوی کورد هه روایه

تا سه ریکه ی شه رمی تیایه

یان زێدی خۆی فرۆشتوه

یان کورد

خودی خۆی کوشتوه

---

وه ڵام:

برای شیرین

بۆ وا ره شبین ئه ڕوانیته  مێژوی مه ردان!؟

بۆتۆ ناشێ وره به ردان

کورد کوا زێدی فرۆشتوه !؟

خۆی کوشتوه !؟

ئه وه ی که وا گه ل فرۆشه

سه ری گه نده ڵ، سه ری بۆشه

وای مه بینه

که  مێژومان ناشیرینه

مێژومان پڕ به رخودانه

پاکو جوانه

له ماده وه  تێکۆشاوین

نه وه ستاوین

روبارێ خوێنمان رژاوه

لانه مان لێتێکدراوه

ده سی تاوانی بێگانه

بێ شه رمانه

وه کو  باهۆز

گه یشته  په رتوکی پیرۆز

دایان له  ماڵی ئاهورا

سرود برا

به رگیان دڕین

زمانیان له بنا بڕین

ساواو مناڵ

زینده به چاڵ

کلتوری لم، دای له چیا

به فر گریا!

هه رچی هه بو له سه رو ماڵ

وه کو شنگاڵ

به پێی په تی، ئه نفالکرا

بۆ خه لیفه و سوڵتان برا

یا به  مه زاد، ژنی روسور

برا بۆدور!

ئیسته ش خراپتر له جاران

به رده وامه  ده سی تاوان!

سێ گورگی بۆر تێمانبه ربون

ئه مانجو وون

که چی هێشتا خۆڕاگرین

پێداگرین

هه مان كوردين

هه ر نه به ردين

***

كێشه دياره

قه يرانى سه رى هوشياره

هه ڵگرى بيرى پوچه ڵه

كێشه مان كێشه ى گه نده ڵه

دنيا وايه

كه شێر نه بێ، وشتر: شايه!

جه نگه ڵستان

ئه چه رخێ به گه نده ڵستان

گورگو رێوى

پاسه وانى مه ڕى كێوى

كه مه ڕ خورا، چه قه ڵ دادوه ر

په نجه ى تاوان، ئه با بۆ كه ر !

ئابه وجۆره ، به ها ئه ڕژێ

ويژدان ناچار خۆى ئه كوژێ!

ده مسيش له دواى ئه و كوشتنه

هه ر دوژمنه

***

ئاشكرايه

له م دنيايه

وڵات هه رچه ندێ ئاوابێ

چه م هه رگيز بێچه قه ڵ نابێ

گه ل هه میشه  پێگه ی دیاره
زێڕی پاکی بیستوچواره

بڕوانه  رۆله ی نیشتمان
گه ریلاو پێمیمو شه ڕڤان
دوای ئه و  هه مو وه یشومانه
خۆبه خشانه
بزانه  چۆن هه ڵمه ت ئه به ن
چۆن دڕ ئه ده ن
به نێروی سێ ره گه زی تاڵ
به خوێنی ئاڵ!
قه ندیلو کۆبانێو هه ڵگورد
گه واهن بۆبزورگیی کورد
***
وه ره  برام بۆناو جه نگه ڵ
بۆ ڕادانی دزو گه نده ڵ
وه ره  مه یدان
بەکۆڵنه دان
به گه شبینیو به بیری پاک
به گوفتارو کرده وه ی چاک
گرێ کوێره  ئه کرێته وه
ئه نجام، گره و ئه برێته وه
ئاوا خۆمان
له  زێدی خۆ، ئه بین به خان

١٣١ بينين ٩٦ لێدوان لەوانە:



**Awat Sahebqran** خامە ڕەنگین بیت مامۆستا،تابلّێیت هۆنراوەیەکی نایابە،گوزارشتێکە بۆ ئەم دۆخەی ئێستامان



**Pshko Amin**
dastakant har xoshbet. bert hzrt har frawan .walam pr ba bere daroxan .



**Farman Amin** دەست و بیری هۆنراوەی ڕەنگینت لە بەرەوداب‌ێت. تەمەنێکی درێژی پڕ لە گەشی و تەندوستی هاویاری ژیانتبێ.



**Lanja Amjad**
Dast xosh lash sagh w taman drezh bet 👍🏼👍🏼



**مستەفا خالید** پیرۆزە ئەو ژیریە
ئەم کاملبوونی عەقڵیە
تۆیش وەک ملیۆنان کورد
بڕوابەخۆبوون
بڕوا بە سەربەخۆبوون
بۆ پێشەوە دەڕۆین
باسەرقاڵی گەندەڵ و دز نەبین
دەستەکان و هەستی جوانت خۆشببت ،دروست ئەوەیە نەوەستن تاسەرکەوتن ،ئەوسا دەتوانیین بگەڕێینەوە بۆ ناوخۆ و بە هیمەتی عەقڵ و لێزامی و دڵسۆزی نیشتیمان پاکەینەوە .لە هەموو دزێویەکی ناشیرین .وەستان بە جێمانە لە کاروان.

**Abdulqadir Rashan**



Dasttan xosh. Mrov ka nuseenakaany bareztaan axwenetawa, hiwaayak paydaa akaat. AAwaata xwaazm tandrusteetaan baash bet u taman drezh bn.



**Mariwan Qaradaxi** قەت بینیوتە پەنجە بگری
بۆ تاڵێکی قژی کەمان ..
تۆ بینیوتە
ئاوازێکی دوورە ووڵات
خەڵات بکرێ بۆ کوردستان ..
هەتا ئێستاش ..!
سازەکەی ( ئەحمەد کایا )
ئاوازی هەیە بۆ گریان ..
لەو ( پاریس ) ە غەریب دەژی
بە هەناسەیەکی نیشتمان
قەت خەندەی داهۆڵت بینیوە
بۆ پاساری ئاواز دانێ ..
فرمێسکی گوڵت بینیوە
لە پایزدا دوای ژوانێ
شەپۆلی دەریات بینی
بوو بووە ، لانکە بۆ گەیلانێ ..
ئاسمانی غەریبیت بینی
بە ڕقەوە چۆن دەبارێ
پەرژینی سنورەکانت دی
قەڵغانی دڕکیان لە شان بوو
بۆ شنگال و قامیشلۆ و کۆبانێ ..



**A Qadr Shkak** دەستەکانت خۆش بێت مامۆستا ژیر بەڕاستی هێندە پاراو ناسکە لێی تێر نابیت ، وەک بەفراوی ناو هەورازێ بۆ ڕێبواری ماندوو یاخوا تەندروستیتان هەمیشە باش بێت

**Nazdar Adham**



Dast u damt xosh be bo aw wsha nasku u jwana --- har bmenet u sarkawtu bet xwa bo kurdu kurdistant bhele bray barezm



**Kwestan Abdulkarem** ئه وانه ي احتكاري فكرو بيكردنه وه ي خه لكي كوردستانيان كردوه، ناهيلن كه س گه شبينبي
هه رميله تيك خه لكه كه ي ئازادي بيرو بؤچون و تيگه يشتني زاتي ليشيويندرا، گالته نيه!! تا گه شبين بي،
هه ر شتيكي باش بوتري، خيرا شتيكي زور خراپ ، وه كو به رده زمه روناكيه كه ده گري!



**Paka Maruf**
Dastw chawt xosh betw sarkawtw bet inshalla kak kaml gyan har bmeny bo aw nosena jwinant



**Kazhawa Omer**
Dastakant cosh xalla gyan yaxwa har lash saxu batwana beet bo nuseene barhame awa jwan



**Yassin Ibrahim** ئەودستانەت خۆش مامۆستای بیری کوردایەتیونیشتمان پەروەری



**د.عبدالوهاب جروستاني** هۆنراوەی جوان هەر لە خاوەن بیری جوانو رابوردو پاک ئەوشێتەوە



**Nasih Hama-Parezary Rawezhkar** مامۆستا گیان دەست و قەڵەمت هەروا بەبرشت بێ.



**Azhe Jalal** دەست و هەستی کوردابیت هەر گەشاوەبیت کاک کامیل گیان . بەراستی وانیە بۆ ئەو کەسانەی لە وانەی کوردایەتی تێ ناگەن....تەمەن دریژ بیت مامۆستای کوردایەتی...

**Shara Kamil Zheer** لەوە جوانتر قەد ناپێکرێ! ئەم نەوە نویانەی ٩٠ کان کە زۆر چاوکراوەن بەهۆی ئینتەرنێت و باشترین پەروەردەی زانستی قوتابخانە نمونەییەکان، ساڵانە من نەوە بە نەوە ئەبینم لە زانکۆ چەنەها کەسی هەڵکەوتوو دڵسۆزی کوردو کوردستان، تەنها پێویستیان بەم جۆرە هۆشداری و هیواو بڕوا بە تواناکانی خودو نەتەوەو مێژوو هەیە هەتا داهاتوویەکی گەش بنیات بنێن بۆ کوردستان! دەست خۆش دەم خۆش بۆ هەمیشە وەشاندنی تۆوی کوردایەتی ، بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و هیواپێدان، ئەی نمونەی سەرکردەی ڕاستەقینە

٣

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** شارا گیان، سوپاس بۆ وتەکانت، با هەمومان دڵنیابین کە بە ورەی بەرز بەسەر هەمو کۆسپەکانا سەرئەکەوین. هیوام زۆرە بە نەوەی نوێمان.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Mohammad Barzy** بەڕێزتان هەمیشە چرا گەشەکەی نیشتمانن و بەردەوام دڕ بە تاریکیی دەدەن . دەستەکانت خۆشبێت بۆ ئەو هۆنراوە زۆر بەرزە .

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** کاکە بەرزی، ئێوش گوڵە گەشەکەی کوردستانن. ئێوش هەمیشە بە پێنوسە بە برشتەکەتان دڕ بە تاریکی ئەدەن. ئەوە ئەرکی سەر شانمانە. هەر شادبن.



**Rebaz Abdulrahman** مامۆستا گیان ئه وه شیعره به هه له درایه پاڵ
مامۆستا په شێوه به ناوی ئه وه وه بڵاو کرایه وه ، ئه گینا له راستی هی شاعیری
لاو داناز عبدالرحمن و شیعری زۆر جوانیشی هه یه .
به نیسبه ت
گه شبینی و ره شبینی من له گه ڵ ئه و دوو چه مکه نیم ، واقیع چییه هه ر ئه وه
یه من چۆن بتوانم ئومێد بخه مه دڵی میلله تێکه وه .
مه گه ر ئێمه له م نیشتماندا ناژین نابینین جیاوازی ژیانی خه ڵک چۆنه ؟
کاکه پێویستمان به ئیراده هه یه نه ک ئومێد ، ئه وه درێه نجامه کانی ئه و ئومێده
بوو ناوی شۆرشێک بوو ، که پڕی بوو له خیانه ت و دۆسیه ی خه ڵکی فایلدار ..
رێز و خۆشه ویستیم

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە رێباز، پێمباشە کاکە داناز ئەوە رابگەیەنێ بزانین پەشیو
ئەڵێ چی. بەهیوام کاکە داناز هونراوەکانیتریشی بڵاوکاتەوە. برام: ئومێد نەبێ
ئیرادە دروست نابێ. کەسی بێ ئومێد چاوەڕوانی ئیرادەی لێناکرێ . جارێکیتریش
سوپاس و رێز.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Rebaz Abdulrahman** مامۆستا گیان ، نه ک جارێک ده یان جار رایگه
یاندوه له چه ند په یجێکه وه پۆزشیان بۆ هێناوه .
له سوید به مامۆستا په شێوی وتبوو له مه ڕ ئه و شیعره وه .

**Yousif Osman Aziz** بەڵێ وایە کورد وەک نەتەوە و خاک و ئاییندە لە ناو ئەو
هەموو زل هێزە بە پێوە ماوەتەوە

**Aras Faeq Salh** دەست خۆش مامۆستا قەڵەمت هەر بەبرشت بێت .... راستە چەندە
سەرکردەی گەندەڵمان هەیە هەزاران ئەوەندە شەرڤان و پ م و خەڵکی ووڵات پاریزمان
هەیە بۆیە هەتا ئیستا هەر بە پیوەین و نەکەوتوین

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە ئاراس، ئێوەو ئەو گیانبەخشانەمان هەبێ، هەرگیز ناکەوین.
ئەو سەرکردە گەندەڵانە خڵتەی کۆمەڵن و چارەنوسیان رەشە. زۆر سەرکردەی
گەندەڵ لەگۆڕەکانیشیان هێنرانە دەرێ و بەر سزای گەل کەوتن، لەوانە ستالین بۆ
نمونە. ئێوەش هەر شادبن.

کورته وه ڵام / 20 : بۆمامۆستا ئەتا قەرەداخی

له وتارێکیا به به رواری 2/5/2017 له ڕۆژنامه ی سپیدا ، نوسه ری به توانا مامۆستا ئه تا
قه ره داخی ئه پرسێ ئایا سه ربه خۆیی پێویستی به ڕیفراندۆمه ، یا به ڕێکخستنی ناوماڵی کورد؟
منیش وه ک کورته وه ڵامێ ئه ڵێم: هیچیان! ٥/٥/٢٠١٧

1-سه باره ت گشتپرسی، چ بۆگێرانه وه ی ناوچه داگیکراوه کان، چ بۆسه ربه خۆیی کوردستان، له ده یان ساڵ له مه وبه ره وه و له چه ندین وتارما وتومه گشتپرسی قوماره ! قوماریش یا ئه برێته وه یا ئه دۆڕێ، که سی ژیریش قوماری گشتپرسی له سه ر ماڵی خۆیناکا. ئه مڕۆ 193ده وڵه تی سه ربه خۆی ئه ندام له نه ته وه یه کگرتوه کانا هه یه . 13ده وله تی نائه ندامیش هه ن که ئه که نه 206 ده وڵه ت. ئه مانه جگه له سێوچوارێکیان، ئه وانیتر هیچیان له ڕێگه ی گشتپرسییه وه سه ربه خۆنه بون. هه روه ها وتومه : سه ربه خۆیی کوردستان هه موکاتێ کاتێتی گه رچی کات هه یه له کاتێتر گونجاوتره . کاتی ئێستاش له گونجاوترین کاته کانه .

2-سه باره ت رێکخستنی ناوماڵی کورد، بۆئه مه ش هیچ نه ته وه یه ک پێش سه ربه خۆبونی، ئه م لایه نه ی ره چاونه کردوه . له ناو هه رنه ته وه یه کا، تاکه که سێ یا گروپێ یا هیزبێ ده سپێشخه ریی کردوه و سه ربه خۆیی نیشتمانه که ی، به ڕێگه یه ک له ڕێگه کان، راگه یانوه . هه نێ گه لو وڵاتیش له ئه نجامی شه ڕه جیهانییه کانه وه ، یاله ئه نجامی به رژه وه نی وڵاتانیتره وه ، یاله هه ر هه لێکیترا، سه ربه خۆبون. نمونه ی نزیک بۆئه م راستییه : مهه مه د ئه لی پاشا له میسر، ئه تاتورک له تورکیا، سایکس بیکۆ دوای شه ڕی جیهانیی یه که م، گه لانی یه کێتیی سۆڤێت دوای بیرۆستروێکاکه ی گۆربه شۆف.. رێکخستنی ناوماڵیش بۆسه ربه خۆیی، کارێکی خراپنیه ، به ڵام کارێکه ، له هه مو جیهانا، زیاتر له خه یاڵئه چێ! چونکه به رژه وه نییه جیاوازه کان، هه میشه رێگرن له و ناوماڵرێکخستنه ، به تایبه تی له ئێسته ی باشوری کوردستانا که جڵه وی کار به ده س چه ن هیزبێکه وه یه و هه ر هیزبه ش په لی به ده س نه یارێکی کورده وه یه !. چاوه ڕوانی بۆیه کبون، ئه بێته چاوه ڕوانییه که ی گۆدۆ!!

هه مو ئه یزانین، هیزبه کوردیه کانی باشوری کوردستان، یاله شه ڕی تینو به خوێنی یه کدیابون، یاله ئاشتیی برسی به سامانی میلله تابون! (ته نانه ت گۆڕانیش له زمان رێکخه ره که یه وه وتوێتی منیش شه ریکم! که به شداریی په رله مانو هوکمیشیانکرد، ئه مانیش به شێ له بوجه و سامانی میلله تیان بۆخۆیان پچڕی! سه رباری ده یان ملیۆن دۆلار له مامیانو داگیرکردنی گردومردو وه رگرتنی پۆست له ئیراکی ئه ره بی!!). که واته هیچ چاوه ڕوانیه ک له م هیزبانه ناکرێ بۆڕێکخستنی ناوماڵی کورد تا له م ڕێگه یه وه سه ربه خۆیی ده سته به رکرێ.

مامۆستا ئه تا چاکیبۆچوه که ئه ڵێ هیچکام له هیزبه ده سڕۆیشتوه کانی کوردستان به رنامه ی سه ربه خۆییانه بوه . مه گه ر هه نێجار، شه رمنانه، ناوێکی مافی چاره نوسیان هێنابێ بێئه وه ی ئاماده بیان بۆکردبێ!!.

ئێستا ماوه ته وه سه ر پارتی دیموکراتی کوردستان که ماوه یه که خۆیکردۆته ئاڵاهه ڵگری سه ربه خۆیی. بابزانین ئه مه یان چیه !؟ ئایا به ڕاستیانه ؟ یائه میش هه ر موزایه ده ی نزیک هه ڵبژاردنی گشتییه ؟ دیاریشنیه ئایا تیشکێکی سه وزی نێوده وڵه تی بۆسه ربه خۆیی هه یه یانا؟ هه رچه نه ئه وه مه رجێنیه بۆسه ربه خۆیی . له هه مو بارێکا دوباره یئه که ینه وه : هه ل له مه له بارترنابێ. پارتی ئێستا خاوه نی هێزێکی چه کداری گه وره و سامانێکی زۆره ، یه کێتیش که دوای ئه ودێ، جارجارێ له و ده رگایه ئه دا. بۆنی نه وتو گاز، زلهێزه کانی کێشو گێژکردوه ، ئێراک له مه له ڕولاوازترنابێ، ئێران دۆشداماوه به ده س ئه مریکاوه ، سوریا له گیانه ڵه دایه ، تورکیا به ده س گویله نو په که که وه هیلاکه و باشورێکی شه شملیۆنیش له خۆی ناوروژێنێ. ده ی

ئه مه  ئه رزو ئه وه گه ز. برۆن تاپێش هه ڵبژاردنی گشتیش بۆئێوه . كه جارێ  سه ربه خۆییتان خسته  دوای ئه و هه ڵبژاردنه  به هه ر بیانویه ک، ئه وه  درۆتان له گه ڵ میلله تكردوه و هه مان برسیو تینوه كه ی پێشترنو گوێره كه  ئه وه یه شوێنتانئه كه وێو  ده نگتانئه داتێ.

٨٣ بينين ٣٢ لێدوان  لەوانە:



**Kamil Zheer** "سلاو مامۆستا كامیل كیان، هیوام تەندرووستي باش و ئاسوودەیة بۆ بەرێزتان و هەموو دلسۆزاني كوردو كوردستان.
وتارە بەنیزو بربەهاكەی بەرێزتانم خوێندەوة ، دەستەكانت خۆش بێت، لەكەڵ هەموو بۆجوونەكاني بەریزتم و هیچ جیاوازیەكم نەدۆزیەوة. دیسان سوباستان دەكەم و هیوام خۆشیتانة. برای دلسۆزتان عەتا قەرەداخي 8-5-2017"



**Osman Faqi** دەسخۆش مامۆستا کامل باشی بۆچویت ، واقعیانە شیکردنەوەت بۆ کردوە ..
سەربەخۆیی ریفراندۆمی ناوێت ..
ریخستنەوەی ناماڵیش مەحاڵە ، بەرژەوەندی و جەمسەرگیریی هیزەکان جیاوازە . هیزیک باوەری بە بەغدا هەبێ ناتوانێ باسی سەربەخۆیی بکات ..
دروستکردنی دەوڵەت پێویستی بە سەرکردەیەکی بەهێز و دکتاتۆر ە وەک ئەتاتورک ، ئەوی بە عربی پێی ئەڵێن قائد الضرورة
ریزم هەیە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ



**Kamil Zheer** کاکە ئوسمان، لەگەڵ بۆچونەکانتام. خۆزگە هەرکەس لەئاستی خۆیەوە دەنگی بەرزئەکردەوەو ئەیوت: بەسەئیتر گاڵتە بەئەقڵی ئێمە، بەغایچی!! یا گورزەکە بوەشێنن، یائیتر دەمتان داخەنو رێگەبدەن بەخەڵکیتر.



**Hallo Barzinjeyie** دەستخۆش مامۆستا بۆ ئەو باسە بە پێزە..



**ئیدریس سابیر** مامۆستا بەرێز ناوەرۆکی بەشێک لە نوسینەکانت لە گەڵ بیروباوەری نەتەوەیی و نیشتیمانی یەکناگرنەوە ، دروستتر خزمەت بە ئەجندای بنماڵەی بارزانی دەکات ، دەبینم هەندێک بەرێز دەستخۆشییان نوسیوە ، بەرای من یان لە ناوەرۆکی نوسینەکانت ناگەن ، یان هەواداری نزیک بنماڵەی بارزانین ، من پارتی بون بە ئازادی تاکەکسی دەزانم ، بەڵام دەروێیشی بۆ هەر حیزب و بنماڵەیەک ماڵویرانی بەدوادا دێت ، لەوجۆرەی هیتلەر و مۆسۆلینی و سەدام حسین . بەرێزت لە نوسینەکەتدا هێناوتە و بردوتە هەر قسەکانی مەسرور بارزانی و ئومێد خۆشناو و فازیل بەشارەتیت کردۆتەوە ، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز . ئێستا تێدەگەم کە بۆ بیری نەتەوەیی لە وڵاتی ئێمەدا جوانەمەرگ بوو . سەرکەوتووبیت



**Kamil Zheer** کاکە ئیبراهیم، داوات لێئەکەم جارێکیتر نوسینەکانم بەوردی بخوێنیتەوە. ئەوەی تۆ ئەیڵێی پێچەوانەکەی راستە. من تائێستا هیچی مەسروورو خۆشناوو بەشارەتیم نەخوێندۆتەوە. ئەگەر هەر سوریت لەسەر راکانت، تکایە نمونەم بۆبێنەرەوە نەک بریاری گۆترەو بێبەڵگە. لەگەڵ رێزم.

ببورە: کاکە ئدریس، نەک ئیبراهیم



**Nuri Karim** کاکە ئیدریس بۆچوونەکانت جوان و سەرنجراکێشن بەڵام قووڵبونەوەو بەڵگەو سەلماندنی گەرەکە، ئاەزیزم.



**Nuri Karim** روونکردنەوەیەکی کوردانەی بێ رتووش و راوەرێوی هێنانەوە، ئەوە بارو دۆخی باشوور،ئەوە کەشو هەوای ولاتانی دوور و نزیک، ئەوە راستییەکان و ئەوەش ئەرز و ئەوەش گەز. پارتی دەتوانێت فووی پیابکات،بابیکات، هەرلایەنێک رێگربێت دڵسۆزی خاک و نیتیمان نییە،بەڵام بەمەرجێک قانزاج سەری مایە نەخوات و سفر هیچ بەدەستەوە، لە هەردوو جەژنەکە ببین.



**Kamil Zheer** کاکە نوری، باوەرمەکە قازانج سەری مایە بخوا. ئێستە هەل لەبارە. وەک بەڵگەیەکی بچوک: هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەکەرکوک، هەراو نارازیو هەرەشەی زۆرینایەوە. دوایی کربونەوەو ئاڵاکەش بو بەئەمری واقع. ئنجا ماسیگرتنیش بەبێ تەربونی قاچ نابێ. لەوەشا هەر براوەئەبین.



**Awat Sahebqran** خامە رەنگین بیت مامۆستا کامیل،هاوبیرتانم،ئەوشمان لەیاد نەچێت،دانیشتووی کوردستان،لەیەکەم هەڵبژاردەکانا بە رێژەی لە ٩٧٪ دەنگی بۆ سەربەخۆی دا، ئیتر ئەم پرسەگورگانەیە ماناى چی،رانەگەیاندی،گوزارشتێکە بۆ بەردەوام بونی پارێزگاریکردن،لە بەرژەوەندێکانیان،لەکۆتایدا کورد ووتەنی: گا کە جووت ناکا،سوکی خاوەنیەتی



**Pshko Amin** هەربژیت ودەستیت خۆشبیت دەستی کاک عەتاش خۆشبیت بۆ وروژاندنی بابەتەکە منیش دەلیم ئەوە عەرزو ئەوە گەز گەر فشە کوردایەتی ناکات پارت ، دەبا رابگەیەنیت پیم وانیە هیچ کەسیک کە خۆی بەکورد بزانیت دژی بوەستیتەوە وپشتگیری نەکات گەرنەشی کرد دەلیم نەحەیاتان ما نەناو نەنیشان



**Saman MA Ahmed** دەستت خۆش مامۆستای بەرێز , ئێمەیش دەروێشی تەنانەت منالێکین گەر جارێ سەربەخۆیی بدات , دڵنیام سوپایەکی زەبەلاحی ژن و پیاوی بەساڵاچویشی بۆ دەبێتە پاسەوان ...

کورتە وەڵام/ 21 حەویجە و بزمارەکەی مەلای مەزبورە ٧/٦/٢٠١٧

وەک حەویجە بەشێ نەبێ لەم وڵاتە ! یابە شێکە و دائشی تیانیە !. تۆبروانە ، لە ئیراکو سوریاو هەمو دنیا شەڕ دژی دائش گەرمە ، کە چی حەویجە لە تەواوی ئارامیدایە ! هێزە چەکدارەکانی هەرێمو هیزبە کوردییەکانو بەرپرسەکانی کەرکوکیش، مێشێ میوانیاننیە وەک کریاری

خانوه که ی مه لای مه زبوره  که  به نرخێکی زۆر هه رزان له مه لای کڕی به مه رجێ بزمارێکی داکوتراو به دیواری حه وشه که وه ، هه ر هی مه لابێ. جائه و بزماره چیه !؟

رۆژی دوایی مه لا که رێکی به  بزماره که وه  به سته وه .

+ئه وه چیه  مه لا!؟

-بزماری خۆمه و که ری پێوه ئه به ستم.

دوه مرۆژ گایه ک، سێیه مرۆژ ئه سپێ! مه لا هه ر هه مان وه ڵامی هه بو.

زه ره ی که رو بۆره ی گاو هیله ی ئه سپ به جۆرێ ماڵه که یان بێزارکرد، به په له  گواستیانه وه و مه لا به خانوه که ی شادبوه وه .

له دوای شه ڕی موسڵو ته لئه فه ر، هه مو هێزه کانی ئیراک، به بیانوی بزماره که ی حه ویجه وه ، ئه ڕژێنه  ناوه ندو ده وروبه ری  که رکوکو پێی شادئه بنه وه و ده ستێ به  هه مو ئاسه واره کانی کورد له که رکوکا ئه   هێننه وه  به ئاڵاکه شمانه وه و ئاڵاخانه کانیش ئه ڵێن به خێربێنه وه  بۆ وڵاتی خۆتان ئه ی پاڵه وانه کانی به نی ئه سه د!.

ئه رکی ده سه ڵاتی کوردیه ، هه رچی زوتره ، خۆی ئه و بزماره  ده ربێنێو به نی ئه سه ده کان بیانوبربکا. ئه گینا نه ک هه ر ریش، سمێڵیش ئه نێینه  بانی.

٩٦ بینین  ٤٣ لێدوان لەوانە:

**Adam Bokan** دەست خۆش بۆ تۆی بەرێز زۆر جوانە لە دوای بە جێ هێشتنی کە رکوک ئەبێ بلًێین ئە و نا نە بە ورۆنە

**Nzar Mustafa** کوردستان تەنها موڵکی کوردە تە مەن درێژبی مامۆستای بیری نەتەوەیی

**Kemal Mahmud** دەست خۆش مامۆستا کوت و مت ئەو بزماری حەویجەیە لەکورد دەبیتە بەلا

**Mohamad Shaban** حویجه ئیستا له ناوەراستئ سوندان به تەنها ماوه ئی تاامریکابیان نه لیت به داعش جی بکه ن بۆ کەی برۆن کورد ممنونی داعشبیت که امریکابه داعش دروستی کرد کردی بهخاوەنی مادەی ١٤٠ هه رشونیک به دەست کوردەوه نه بوو به داعشی ووت بیکره بیده به کورد داعش کوردی کرد به هاوری امریکا هه رامریکا ش ووتی کوردم بۆ بکه به هاوری انفال چه ند کوردی دروس کرد کاک داعشوابوو بژی نه وت بژی داعشی مساحی امریکا



**Mohammad Barzy** دەستەکانت خۆشبێت و بە جوانی نیشانەت پێکاوە ، دیارە ئەبێ ئەوەش لە بیرنەکەین هەموو لایەک سیاسەت ئەکات جگە لە سەرکردە مسشەخۆرەکانی کورد نەبێت .

**Nuri Karim** مامۆستا گیان دەق نیشانت پێکاوە،تووبڵێی سەرانی کورد ئەوەندە گێل بن ئەوە نەزانن، یادەیزانن و لەوسەرییەوە هاتوونەتەوە ،بەڵام خۆیان گێل کردووە و زۆرینەی کوردی باشووررشیان حۆل کردووە، کەڕ و کاس هەرتەماشادەکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئەو خۆ گێل کردنە سەری بەکوێوەیە... خوانەکردە مەلاش هاتەوە ، دڵنیام ئەوەندە وەستایانە برو بیانووی بۆ دادەتاشن و پینەی دەکەن ، میلەت هەر کەڕ و کاس بێت. تۆش تەندروست و تەمە درێژبیت.

**Jabar Kadir**
Mamosty Barz Prsjar Awaya Qyaday Kurdiy Htaysta Hychy Badastbua Ela Lajashytyu Xofroshtn Nabyt Ba Dagyr Karr

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە جەبار، کورد جوانی وتوە: کەسێ بکا بێگانە پەرستی ئاخری ئەهێنێ نوشستی.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**أ.د.اسماعيل ابراهيم سعيد** به لي ماموستا كيان با به ته كه زور كرنكه بوجوونه كه ي به ريزت له جيي خو يدايه منيش دلنيام هيشتنه وه ي ئه م نا وجه يه به م شيوه يه وه ك خوله ميشيك وايه بشكوي ئاكريكي ترسناكي له ريزه وه بي بيش ما وه يه ك سه وكو رده يه كي كورد له نا وجه كه له ديداريكدا دركاندي كه خويان نا يا نه وي رزكاري بكه ن جونكه شاروجكهكه كانكاي تيرورە خه لكه كه سه ربه وانن ئه كه ريش رزكار بكري قوربانييه كي زوري ئه وي دواييش ده بي بد ريته وه ده ستيان بويه نا يانه وي ئه و هه نكأ وه بنين. لير ه دا بيويسته كورد وه ك به ريزت فه ررت بكه ري به دواي خولقاندني كه ش وهه وأي مومكينات دازيراه برسه كان ليكبدوا ته وه

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** مامۆستای بەڕێز ا د.اسماعیل، باوەڕ بەقسەی ئەو سەرکردەیە مەکە. حەویجە کاتێ دروستکرا ، بۆ تەعریبی ئەو ناوچەیەبو. ئەوانەی ئێستە لەحەویجە ئەژین ، هەمویان هاوردەن، مافی ئەویان نیە لەوەزیاتر لەحەویجە بمێننەوە. با بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان.و شارەکە بدرێتەوە بە خاوەنەکانی خۆی نەک بدرێتەوە بەداگیرکەران.

**Abdualrahman Xalifa** سڵاو مامۆستا ژیر
براي خەمخۆري نەتەوە
ئێمەي كوردي خاوەن ماڵ ، نەک هەر ئەم
بزمارەي عەرەب بەڵكو لە ديرۆكەوە بزمار رێژكراوين ، تورک كە ملي شكاندو بە جێي هێشتين بزمارێكي خۆي بەجێهێشتوە حزوري هەيە لە هەمو دژايەتيەكمانا هەر چي ئێمە بڵێين با ئەوان ئەڵێن نەخێر ئەگەر دژي بەرژەوەني خۆيشيان بێ ئێمەيش هێندە شەرمنين ئەگەر نەڵێم ترسنۆكين هەر ئاڵاي پێكەوەژيان بەرز ئەكەين خۆمان ئەخەڵەتێنين
سوپاس

**Faiza Foad** ئالا ام البنين قسەکانی خالی ئەکاتەوە ، چۆن لە ناو جەرگی سلێمانی
حسینییەیەکی کردەوە ئالاش بە نیازە شەق و شرەکانی شیعە لە کەرکوک بکا بە خاوەن مال
وەک بلێی کەرکوک ملّکی باوکیانە

**Dana Brzu**
Axer keshai dwai azad krdni Haweja grnga, chunka taslem ba xallkakai dakret ka xoyan terroristn !! Boya dabet ba pei naxoshayaki tokma bkret, nawak dwaii matrsi drust bkanawa bo Karkuk...!! Mn am bochunam la saroki mhwari rojawai Karkuk D kamal Karkuki best ka zor rastu durbena..!! Barezm keshai aqlli terrorist asan nya !! La kurdstansh matrsyan haya..!!! Rezm botan har bjeen

**Nawroz Mala Ali** کاک کامیل گیان لەوانەیە ڕێکەوتنی ژێربەژێربێت بۆڕازیکردنی
براکانمان لە تورک و عەرەب ! سیاسەتیش فەنی مومکینە !

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە نەورۆز گیان. ئەوە جاران ئەیانوت سیاست فەنی مومکینە.
ئێستە ئەوترێ سیاسەت فەنی خولقاندنی مومکینە. واتا کەسی سیاسی ئەبێ
نامومکین بکا بەمومکین. لە هەمو ڕێکەوتنێکی ژێربەژێردا کورد دۆڕاوبوە.

١

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Baba Ali Allaf** لە زووربەی هەرە زۆری وتارو نووسینەکان بەگومانەوە دەڕونم
وگەڵێ ئەیانهێنم و دەیانبەم هێشتا هەر تەمێکی بەسەرەوە دەبینم کەچی دەم ودەست ئەم
نووسینەی کاک کامیل ژیر وەک ئاوێنەی بەر هەتاو دەبینم ، هاوڕام لەگەڵی ڕێک لە
ئامانجی هێشتنەوەی حەویجە گەیشتووە و لەدیدی مندا تەمومژێکی بەسەرەوە نیە وهەرێم لە
دەستپێکی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵەوە زەنگی مەترسی دوای ئازادکردنی موسڵی لێداوە
کە جەنگێکیتری لەبەرە کەمتر نیە لە جەنگی داعش ، دەمێکە دەسەلاتدارانی بەغدا پلانی
خۆیان لەدژی هەرێم دادەڕێژن بەهاوکاری پاڵەوانەکانی بەنو ئەسەد ، بە داخەوە زۆرێک
هەن خۆیان بە سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیر دەزانن خۆیان لەم ڕاستییە دەبوێرن ، بەڕای من
دەستبردن بۆ ئەو بزمارە سەرەتای تەقینەوە چاوەڕوانکراوەکەی جەنگی دووەمی پاش
گرتنەوەی موسڵە




کورتە وەڵام /٢٢ بۆئەم گشتپرسییە ٢٣/٦/٢٠١٧

پێشتر لە چە ندین بۆنە و نوسینما وتومە : (راگە یاننی سە ربە خۆیی پێویستیی بە گشتپرسینیە ) خۆ ئە م باشوری کوردستانە  بە گشتپرسی نە لکێنراوە  بە ئیراکی ئە رە بیە وە  تابە گشتپرسی لێبجیابێتە وە . ئە م گشتپرسییە  پێشنیارکراوە ش، ڤایرۆسی دۆڕاننی لە گە ڵ خۆیا هە ڵگرتوە !  بابزانین چۆن؟

بە بڕوای من:

1- کە مینە  کانی ناو باشور، بە وانە ی ناو  هە رێمو کە رکوکو ناوچە  کوردییە کانیتری دە رە وە ی هە رێم کە ئە خە مڵێنرێن بە 15%ی دانیشتوان، دە نگ بۆسە ربە خۆیی کوردستان نادە ن.

2-گۆڕانخوازە کان، بە بە راورد بە کورسییە کانی پە رلە مانیان، رێژە یان ئە گاتە  24%، دێز ئاساو لە ڕقی پارتی، دە نگ بۆسە ربە خۆیی نادە ن.. تە نانە ت ئە گە ر پە رلە مانیش کارابکرێتە وە و دو وە زارە تە کە شیان بدرێتە وە و سە رکردایە تییە کە شیان بڕیاری دە نگ بۆسە ربە خۆیی بدا، ئە وا جە ماوە رە کە یان نە ک هە ر دە نگ بۆسە ربە خۆیی نادە ن، بە ڵکو بە چاوی رە خنە و گومانە وە  ئە ڕواننە  سە رکردایە تییە کە ی خۆیان!

3-یە کێتیی خاوە ن 18کورسیش، کە بە دو باڵە وە ، هە میشە  لە سە ر دو پە ت یارییە کە ن، نیوە ی دە نگی ئە مانیش فت. ئە وە تا هە ر لە ئێستاوە  کە وتونە تە  مە رجدانان بۆبە شداربون لە و

گشتپرسییه دا! ئه وه شمان بیرنه چێ ئه مان خاوه نی ئه و فه رموده یه ن که ئه ڵێ (ده وڵه تی کوردی خه ونی شاعیرانه ). بۆیه به لایه نی که مه وه ڕێژه ی 50%ی ده نگی ئه مانیش فت.

4- کۆمه ڵ هه مان هه ڵوێستی گۆڕانی دۆستیانی ئه بێو 6% ه که ی ئه مانیش ئێوه خۆش.

5- ده وڵه مه نده کانی دوای ڕاپه ڕینیش، له ئێستاوه ئه ڵێن: له چیمان که مه ، لێمان تێکمه ده ن. ئه مانیش به لایه نی که مه وه 1% یه کیان بۆدانێو فت.

ئیتر باباسی خه ڵکه برسیو ناڕازییه کانیش نه که ین که له لایه ک به ده س بێ موچه ییو بێ کارییه وه ئه نالێننو له لایکیتریشه وه به چاوی خۆیان جه رده هه ڵگڕاوه کانی هیزب ئه بیننو نه فره ت له هه مو داواکاریو پێشنیارێکی هیزبه کان ئه که ن!. دیاره چه می ناوچه ی زه ردو یه کگرتوش بێ چه قه ڵ نابێ.

به وجۆره : 1+6+9+24+15=55%ی میلله ت، به لایه نی که مه وه ، ده نگ بۆسه ربه خۆیی ناده نو گشتپرسییه که ئه دۆڕێو پرسی سه ربه خۆیی 100ساڵیتر ئه داته دواوه ! واتا ئه م گشتپرسییه ئه بێته سایکس بیکۆیه کیتر. باوه ڕیشناکه م پارتیو یه کێتی ئه م ڕاستییه نه زانن. ئه ی بۆچی ئه م گشتپرسییه دۆڕاوه ئه که ن!؟

له وه ڵاما به کورتی ئه ڵێم: ئه م گشتپرسییه ، یا بۆمژینی ڕقی خه ڵکه له گه نده ڵییه کانیان، یا ئه شێ ئه مانیش هه ر سه ربه خۆییان نه وێ، به ڵام بۆموزایه ده و بۆئه وه ی له و قسه یه ش ڕزگاریانببێ که ئه وترێ ئه مانه پیاوی دروستکردنی ده وڵه تنین به به ڵگه ی ئه وه ی تائێستا چه ندین هه لی سه ربه خۆییان له ده سداوه، ئه یانه وێ به م گشتپرسییه دۆڕاوه، خۆیان له و ڕه خنه یه قوتارکه نو کڵاوی خه تاکه ش بکه نه سه ر میلله تو بڵێن ئه وه تا میلله ت خۆی سه ربه خۆیی ناوێ!! ئاخر ئه وانه که ی له پرۆگرامیانا به ندێک هه یه بۆسه ربه خۆیی!؟ ئه و (مافی دیاریکردنی چاره نوس)ه ش که جارجار خۆیانی پێوه بائه ده ن، تیغێکی دو ده مه و ئه شێ بۆپێکه وه ژیانیش له گه ڵ داگیرکه رانا به کاربهێنرێ. ئنجا سیاسه ت جه مسه ری زۆره ، به دوری نازانم ئه م گشتپرسییه دۆڕاوه ، ده ستێکی ده ره کیی نه یاری له پشته وه بێ بۆئه وه ی سه ربه خۆییه که ی پێ زینده به چاڵبکرێ!. ئه ی وانیه ؟ ئه ی هه ر په لێکی ناوخۆ به ده س نه یارێکی ده ره کییه وه نیه ؟؟.

ڤایرۆسێکیتریش بۆ له بێشکه داخنکاننی ئه م گشتپرسییه ئه وه یه : ئه مڕۆ ته نیا 3مانگی ماوه و 3سانتیمه تر زه مینه سازی بۆسه رکه وتنی گشتپرسییه که نه کراوه ! تائێستا گشتپرسییه که هه ر قسه ی ڕوته و قسه ش ناچێته گیرفانه وه .

*

به هیوام من هه ڵه بمو گشتپرسییه که زۆرینه ی ده نگبێنی بۆسه ربه خۆیی. ئه وه ش دوباره ئه که مه وه که ئه م قوماری گشتپرسییه، نه کردنی باشتره له کردنی. له نه کردنیا هیوایه ک بۆسه ربه خۆیی هه رئه مێنێ. له دۆڕاننیا مایه که مان ئه بێته مایه ی پیازفرۆش! به ڵام ئه گه ر هه ر کرا، ئه وا شه ڕه و یه خه ت ئه گرێ – ئه گه ر نه یکه ی خوا ئه تگرێ. بۆیه پێویسته سه رنجی ئه م خاڵانه بدرێ:

ا)سه ربه خۆیی خواستی میلله ته ، هی هیچ که سو هیزبێک نیه . با که س له رقی ئه م یا ئه و ده نگ به مانه وه  له گه ڵ دوژمنی داگیرکه ر نه دا. ئه نفاله کانتان بیرنه چێ!.

ب)ئه گه ر دیوی ناوه وه ی ئه م گشتپرسییه  بۆئه وه یه  هیزبه  ده سه ڵاتداره کان تاوانی نه بونی ده وڵه ت له کۆڵ خۆیان بکه نه وه و  بیخه نه  ئه ستۆی میلله ت وه ک له سه ره وه  ئاماژه یه کما بۆکرد! ئه وا با زۆرینه ی میلله ت ده نگبدا بۆسه ربه خۆییو ئه وسا بزانین ئه مانه  هینی ئه و باره ن!؟ یا وه ک هه لیمه خان، ئه گه ڕێنه وه  بۆنه رێته که ی جاران؟ کوردواته نی ئه و خوه ی گرتویانه  به شیری، ته رکیئه که ن به پیری؟ ئه وه ش مه رجه  <u>که ئه بێ راگه یاننی سه ربه خۆییه که  نه که وێته  دوای هه ڵبژاردنه  گشتییه که ی کۆتایی ئه مساڵ! ئه گینا کێ باوه ڕ به وه ئه کا گشتپرسییه که  موزایه ده نه بوه !؟</u> یا بۆئه وه  نه بوه   چه ن ده یه یه کیتر درێژه به ده سه ڵاته که یان بده ن؟.

پ)وه ک وه ڵامێ بۆ ئه وانه ش که  (نان)یان له سه ربه خۆیی لاچاکتره ! ئه ڵێم: تێربونی چینه برسییه کان، هه ر له ژێر سایه ی سه ربه خۆییدا دێته  ئه نجام، نه ک له ژێر باری دیلێتیا.

ت)باشترین به ربه ستیش له ئه گه ری  نیازی خراپی هیزبه گه نده ڵه کانو داگیرکه ران، ئه وه یه زۆرینه ی میلله ت ده نگ بۆسه ربه خۆیی بدا. به وه  میلله ت براوه و ئه وان دۆڕاو

١٠٠ بینین ٨١ لێدوان لەوانە:

**Chia Samad** دەست خۆش ...بەڵام بەرای من ئەنجامەکەی هەر ئەوە دەبێت کە پارتی تەزویرچی ئەیەوێت،،ئیتر پێویست ناکات کەس خۆی پێوە سەرقاڵ بکات... ئەنجامەکەی لە ئێستاوە لە گیرفانی مەسعودایە...

**Kamil Zheer** ئەی ئێمە دەورمان چیە؟ خۆ نابێ دەستەوستان دانیشین

**Chia Samad** دەستان خۆش.. ئێوەی نوسەر رونکردنەوەکانتان بە جێیە..بەڵام تاکەی قسە و نوسین؟؟ وا میللەت تیاچوو... چ سودێکی هەیە؟

.

**Kamil Zheer** براکەم کاکە سەمەد، مەسەلێک ئەڵێ والساکت عن الحق شیطان اخرس کەواتە نابێ بێدەنگبین. ئێوەش هەر خۆشبن.

**Chia Samad** راستە هەر بمێنن

**Bextyar Jino** لەگەڵ رێزم بۆ بەرێزت مامۆستا ، بەخوا قسەی خۆمان بێت لەسەر لا بانگەشە بۆ راپرسیە کە دەکەیت ، هەرچەند لە ئێمە باشتر دەزانیت بۆ سەربەخۆیی نیە

**Kamil Zheer** خۆ منیش هەر وام وتوە، بەڵام ئەگەر هەر کرا، نابێ دەنگ بۆ داگیرکەر بدەین. ئەوە خیانەتە.

**Shara Kamil Zheer** شیکارییەکی ورد و دروست و دووربینانە، دەستخۆش.

**Dana Halabjaiy** هه ربژیت ماموستا ووردت کرده وه و كه غه می نه ته وه بیان هه بوایه ، ئه م شانوگه رییه یان ئیستا نه ئه کرد...

**Adnan Ahmad** يا شئخ تۆ پارتي يه توركمانه كان و جأشه زيبارييه كانت حساب نه كرد له گه ل ئه وده نگانه ي پارتي خۆيان كه ته نها بۆ به رژه وه ندي خۆيان پارتيين

**Kamil Zheer** کاکە ئەدنان، وتومە بەلایەنی کەمەوە، راستە ئەوانیش هەن

**Bêşikçî Rastî** بەدڵنیاییەوە، مامۆستا گیان، ئەمانە 'هێنی ئەو بارە نین'

**Emad Ali** دەست خۆش مامۆستا کامیل ...جوانە .



**Rezgar Mustafa Saeed** ماموستا: ناوه روكي ووتاره كه ت زور جياوازه له كه ل
قسه كاني عبدالله ئاكرين. جه نا بتان له ليكدانه وه ى وه زعه كه زور راستن, هيج هه له نين
به لام به راى من به به شداريكردن ميلله ت براوه نابيت و ئه وان نايدورينن. ده ستخوش



**Muhamad M. Rashid** که دەوڵەتی ساسانی دەڕوخێ
بزورگ میهری سەرەک وەزیرانیان بەرەو تەبەرستان ڕادەکات
لەوێ خەڵک پرسیاری لێدەکەن کە هۆی ڕوخانی ئێوە چی بوو؟
ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ:
ئێمە ئیشی گەورەمان دەدایە پیاوی بچوکو
ئیشی بچوکیشمان دەدایە پیاوی گەورە
ئیدی سەرەنجام پیاوە بچوکەکان
دەرەقەتی ئیشە گەورە کان نەهاتنو
پیاوە گەورە کانیش بە ئیشە بچوکە کان ڕازی نەبون و سەرەنجام
وەک خەڵکی کوردوستانی عێراق بوینە گاڵتە چی عەرەب و
ئەوە تا بە قنگی ڕوتی
ئەوان لەمەرزی باشماخ و ئێمەش لە مەرزی تەبەرستانین
هههههههههههه
تێکەڵ بونی ڕوداوە کان زەمان ومەکانی لێتێک داوم
ئەگەرچی ئەوەی ساسانی زۆرکۆنەو ئەوەی خۆشمان دوومانگی تر ڕودەدات
بەڵام باوەڕ بکەن عەقڵمان بەشی شرۆڤەی کارەساتەکانی پێنەماوە
کۆبونەوە پێنج قۆڵی و هی ژێرزەمینو چۆڵی وهی نەگبەتی و کوڵۆڵی
نیشتمانی نەک توشی سکچون کردوە
بەڵکو خەریکە هەمومان ئینتەلای ناهەقی ئەکەین

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ



**Kamil Zheer** ئیستە ئیش بەپێی گەورەو بچوکینیە، بەپێی ماستاوچێتییە
١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ



**Muhamad M. Rashid** وای وشەیەکی جوانە ؟!!!ماستاو

**Mhamad Kakl** مامۆستای به ریز ئه ی رۆل ده وری ره وت و که سه نه ته وه ییه کانی وه ك به ریزت چی یه ئه دۆ نه لین به به رنامه خه لکی له هه موو شك خه لکی بی هیواو دردۆنگ ده که ن بروا بفه رموو ئیستا که مینه و نه ته وه کانی تری کُردستان دیدیان له سه ر سه ربه خۆیی کوردستان له خۆمان باشتره ئه وان له ژیان وه ك مرۆڤ له عیراق بیٔ هیوا بوو ن که چی بۆ ده گرین ئه گه ر کورد له له وولاتیکی ئه ورویی بژیت یه ئه وه ی داوای راپرسی بۆ سه ربه خۆیی بکردا یه وه ك مه سیح له خاچ ده درا ئیمه له م جه هه نمه ی ناوی عیراقه ده مانه ویت قوتارمان بیت ئه وه زعمانه سه یره که سانیك له کاتیکدا بانکی سه ر به خوییان ده دا له هه موو رویه که وه اه ئیستا خراپتربووین که چی ئیستا دژین

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** بەڕێزم، ئەوانەی پێشتر بانگی سەربەخۆییان داوە ئێستا زیاتر داوای سەربەخۆیی ئەکەن. نازانم ئێوە مەبەستتان لە کێیە؟

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Mhamad Kakl** مه به سیتم ئه وانه ی پیشتر ریفرندۆمیان بۆ سه ربه خۆ ی ئه نجامدا ئیستا زۆر به یان دژی را پرسین له ئیستادا مهبه ستم نه بریزته ونه هیچ نه ته وه ییه ك چونکه خه لکی نه ته وه یی سه ربه حۆی له خۆینیدا یه نه له به ر خاترو نه له رقی هیچ که ییك نه له گه لی ده بیت نه له رقی هیچ که سبك دژ ی ده بیت

**Awat Marouf** التكرار قبيح ولو كان مريح،لەسەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان،چەند ساڵێک لەمەوبەر،ئەم گشت پرسیە کرا،بەرێژەی٩٨٪ دەنگی بۆ سەربەخۆی کوردستان دا،هەموو کوردێکی دڵسۆز لەگەڵ سەربەخۆییە،لەو کەسانە سوکتر وبێ بهاتر نیە کە سەربەخۆی بۆ گەل و نیشتمانی خۆی نەوێ،بەندە بەیەک متر دووجا لەخاک کە جێگەی چەقاندنی ئاڵای کوردستانی لەسەر بێت قبوڵمە،مانای بێ دەوڵەتی لای ئەوانەیە. کە ژیان لەئاوارەیدا بەسەر دەبەن

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** خۆزگە هەمو کوردێ ئەم هەستە پاکەی ئێوەی ببوایە مامۆستا ئاوات.

**Nawroz Mala Ali** کاکە کامیلی ئازیز هاوڕاتم ,ئەم گشتپرسیە تەنهاو تەنها
وەرەقەی فشارە ئەنجامەکەشی بە بەڵێ یان بەنەخێر لەناو ڕەفەکاندا تەپو تۆز دەی
خوات ! پرسیاری خەڵک ئەوەیە ئەم ریفراندمە بۆچیە ؟ بۆسەربەخۆییە ؟
بۆ جیابونەوەیە لەعیراق ؟
بۆ دەوڵەتە ؟
هەر دەڵێن ئەم ریفراندۆمە دەکەین ! باشە دوای ئەمە چی؟
بە باوەڕی تەواوەوە دەڵێم هیچ !

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** نەورۆز گیان، المعنی فی قلب الشاعر. من ئەترسم لەهیچیش
کەمتربێو ماڵوێرانیی بەدوادابێ. خوابکا ئێمە هەڵەبین.

**Salman Karim** مامۆستا گیان، ئەگەر میللەتێک دوای 100 ساڵ هەستی نەکردبێ
دەوڵەتی ئێراق وەکو بزنەکەی هەیاس مامەڵەی لەگەڵ کردووە، دوو ساڵ گەدەی
پرکردووەو دوو ساڵی دواتر گورگەکەی پێشان داوە؛ میللەتێک لە سەدەی 21 دا هێشتا
تێنەگەیشتبێ کە دەوڵەت دەتوانێ سەد سەرۆک و سەد حزب بەرێ بکاو خۆی وەکو
دەوڵەت و سەردار بمێنێ، و لەبەر گەدەی و لە کینەی حزب و سەرکردەیەکی دیاریکراو
سەرداریی خۆی ڕەتبکاتەوە، هەر بۆ ژێرچەپۆکی داگیرکەر باشە.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** کاکە سەلمان، تاپێش ڕاپەڕین تاوانەکە لەئەستۆی
داگیرکەردابو. لەدوای ڕاپەڕینەوە تاوانەکە چوە ئەستۆی دەسەڵاتی کوردی.
ئەمانە ئەگەر کارامەو پاکبونایە ئەیانتوانی میللەت وشیاربکەنەوە. کەچی
وایانکرد خەڵکە سادەو ساویلکەکە بڵێن ڕەحمەت لە کفندز. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ
بێئومێدبین.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

وەڵامێک بنووسە...

**A Qadr Shkak** مامۆستا ژیر سڵاو
بەهیوای تەمەندرێژیتانم
ئەگەر لەکوردستان لە 25% خەڵکی نەچێت بۆ دەنگدان 20% بەنەخێر دەنگ بدات
55% دەبێت بە بەڵێ هەرچەند لەدهۆک لە 90% بۆ سەرەوە بە بەڵێ دەبێت و لە
هەولێریش لە 75% بەڵێ دەبێت بۆیە دەکرێ بڵێین بە تێکڕا ئەو ڕیفراندۆمە دۆڕاوە
سەروو 55% دەنگی بەڵێ دەبێت من زۆر حساباتی ڕێژەی دەنگدانم هێناو برد گەیشتمە
ئەو بڕوایەی سەرکەوتوو دەبێت. ناشتوانین حوکم بدەین و سندوقەکان یەکلایی دەکاتەوە
،بەس هێندە هەیە ئێمەی نەتەوەیی لەسەر وەسیەتی مامۆستای گەورەمان بەشیر مشیر
بڵێین کورد دەبێت دەوڵەتی هەبێت و بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێین،

**Hogr Mohammed** مامۆستای بەڕێز و ئازیزم لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ بەڕێزت ، چەند تێبینی و پرسیارێک .
*ئەوەی پێویستی بە موناقەشە و موجامەلە نەبێت خواستی سەربەخۆیی و دەولەتی کوردیە بەڵام :
بۆ لەم کاتەدا کە ناو مالی کورد نەک تەبا و ئارام نیە بەڵکو حیزبەکان لە حاڵێکدان نزیک بە کاتی شەڕی براکوژیە و هەموویان خەریکی ددان سووینن و یەکتری تەخوین کردنن
* کاتێک هەڵبژێردراوە هاولاتی بە هۆی گەندەڵی و ڕاو ڕووتی حیزبەکان کەمترین هەست و خەمی سەربەخۆیی هەیە ، هاولاتی خەمی نانیەتی زیاتر .
* لە سەروو هەموویەوە مێژووی ٢٦ ساڵ حوکمەت و دەوڵەتداری ئەمانە بە جۆرێک کوردایەتی و خواستی سەربەخۆیی بەرەو هەڵدێر بردووە ئێستاکە نەوەیەک لە گەنج پێگەیشتووە کە زۆر زۆر بەداخەوە تف لە کورد بوونی خۆی و خاکەکەی دەکات ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی هەڵەی پارتە دەسەڵاتدارەکان .
دواجار پرسیارێکی زۆر سادە مامۆستا گیان تۆ دەوڵەتێکی دیکتاتۆری کوردیت دەوێت ؟؟؟
ئاخر ئەمانە خۆ جارێکە هیچ نین کە ئامادەن هەموو گەنجانی ووڵات و هێزی مرۆیی ئەم گەلە بهاڕن و خوێنیان بڕژن بۆ سەرۆکەکانیان ،ئاخۆ ئەگەر ببن بە پاشا و سەرۆکی وڵات چی دەکەن ؟؟؟؟ دەترسم زۆر دەترسم ئەو کات لەو دەولەتەدا نا مافی مرۆڤ بوونمان هەبێ لەبەر ئەوەی وەک سەرۆک بیر ناکەینەوە و مافی ژیانیشمان لێ بسەننەوە و هەرچیەکیان بوێ بیکوژن هەروەک کە ئێستا دەیبینین لە هەولێر.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** کاکە هۆگری بەڕێز، ئەمە وەڵامەکانمە:1-بەڵێ ئەم گشتپرسییە لەم کاتەدا جێگەی گومانەو دورنیە دەستی نەیارانی لەپشتبێ بۆ زیندەبەچاڵردنی پرسی سەربەخۆیی 2-بەڵێ هاوڵاتی هەقی خۆیەتی لە خشەی گوریسیش بترسێو وابزانێ مارە! بەتایبەتی کە سکی برسیبێو چاوی دەریالوشەکان ببینێ 3-با ئیرادەمان بەهێزبێ، ئەم پۆخڵەواتەش کۆتایی دێ. 4-دروشمی کاژیک: کوردستان بۆ کورد یەکسانی بۆ گەل.. لەیەکسانیدا دیکتاتۆری بونی نابێ.. ئەوساش لەدژی دیکتاتۆری خەباتئەکەین. کەواتە نابێ بەهیچ بیانویەک دژی دەوڵەتی کوردیبین.

**M Omar Muhammad** مامۆستا ئەم ریژەو ژمارانەت لە گیرفانی خۆت دەرهێناوە . کاتێک داعش هێرشی هێنا بۆ سەرکوردستان خەڵکانێکی بێ هەستی نەتەوەیی دەیان گووت یەک کەس ئامادە نییە خۆی بدات بەکوشت بەڵام بەچاوی خۆمان بینیمان یەکەم شکستی داعش لە کوردستان بووکە بەچەکی دووەوڵەتی عێراق و سووریا پرچەک کرابوون .گەلی کوردستان سەر بۆ کەس نەوی ناکات .بەڕێزتان ماوەیەک کوڕی خەڵکتان بەکوشت دەدا بەناوی کاژیک وپاسوکەوە ئێستاش ئاوا وەڵامی شەهیدان دەدەیتەوە . ئەی کەی کاتی ریفراندۆم و سەربەخۆییە ؟ بەرێزتان کە پاسوکتان هەڵوەشان ئێتر چیترتان دەوێت ؟ ئەگەر ناوانن گوڵبن دڕکیش مەبن .

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** سەربەخۆیی هەمو کاتێ کاتێتی، بەڵام ئەم گشتپرسییە نەکاتێتی نە پێویستە. نازانم کاتێ کاژیکو پاسۆک کاریان بۆ سەربەخۆیی ئەکرد، ئێوە لەکوێبون!؟

**Sam Hawar** کاکی برا ،ۆمەر،ا تۆ لنگاو قوچ تێگە پشتووی لە مەقالەکە!!!
مامۆستا ژیر افەرمویت ابیت سەربەخۆیی رابگەێنریت بەزووترین کات وە پویست بە ریفراندوم ناکات، چونکە لەم کاتەدا اگەریکی زۆر هەیە انجامیەکەی بە نەخێر دەرچیت، او کاتە او هەلەمان لەدەست اچیت سەربەخۆیی راگەیەنین! نازنم تۆ ورێنەی چی اکەیت و باسی چی اکەیت و کی سەەبەخۆیی ناویت گوڵ و درکی چی؟ کی کوری خەلکی بە کوشت یاوە؟ اوەی شەری برا کوژی کرد و نەوت و سامانی میلەتیان داگیر کرد ایستا لافی کوردایەتی لی ایەن؟ کی وتویەتی میلەتی کورد سەر بۆ کەس نەوی اکات، ایمە الین ام هیزبە گەندەل و خۆ فرۆشانە سەر بۆ داگیر کەر نەوی اکەن لە پیناوی مانەوە لەسەر کورسی! هەست اکەم تۆ تۆزیك ورێنە اکەیت و چاکت خواردووە لە پارەی نەوتەکە بۆیە دەهۆلی بۆ لی ایەیت هەی نەزان

٢

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Sam Hawar** ژیر تۆو امسالی تۆی فیرکرد لە پەنجاکانەوە کوردایەتی چیە و ووشەی سەربەخۆیی ابیت لەسەر زمانی هەموو کوردیکەوە بیتە دەرەوە! او کاتەی اوانەی ایستا تۆ مەسینەیان بۆ هەل اگرییت، بەهەموو توانایەکییانەوە دژایەتی کوردایەتیتیان اکرد، یان استا جادەکەی پانە وا کەوتونەتە قسە!

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer**
کاکە سام، وەڵامەکانت دروستو بەجێن. بۆیە میلەتێ گەنجی وەک Sam Hawar تۆی پێگەیاندبێ، هەر ئەبێ بگا بە ئامانجی سەربەخۆیی. پێدەچێت ئەم مامۆستایە Mamosta Omar Muhammad ناوەرۆک نەخوێنێتەوە هەر سەردێرو !روکەشی بابەتەکان سەیرکات بۆیە تێروانینی و تێگەیشتنی بە گشتی بەم شێوەیە

**M Omar Muhammad**

Sam Hawar کاکه سام هاوار من فێری مەسینە هەڵگرتن نیم و کەمێ ڕێزی
خۆت بگرە جنێو قسەی ناشیرین هیچی لێ سەوز ناکەی . من پێش مامۆستا کامیل
ژیر کورد بووم هەر کوردیش دەبم .بەڵام ئەوە مامۆستا کامیل ژیرو ئەمسالەکانی
پارتی سۆسیالیستی کوردیان توانەوەو حەل کرد نەک ئێمە .

**Sam Hawar**

Mamosta Omar Muhammad پیش هەموو شتیك تۆ ریزی خۆتبگرە
قسەی ناشیرین بەو زاتە لە دەمت نەیەتە دەری هەی مامۆستای نەزان لەوە اچی
تۆ پیری اوەل و اخر شەر بیت! انجا کاکە قسەکانت هیچی رەبتیان نیە
بەیەکەوەههها! تۆ کە بەخۆت بڵیی مامۆستا هەر اوەت لیچاوەروان اکریت
هههها! کی باسی سۆسیالیست و توانەوەی سۆسیالیستی کردووە تا تۆ بڵی ایمە
نەبووین و اوان بوون،! بابەتەکە شتیکی کەیە، کۆمینتی منیش لەسەر اوە بووە
کە تۆ ام مەقالەیەت نەخوینتەوە هەر لە خۆتەوە الی مامۆستا دژی سەربەخۆییە
بی اوەی ناوەرۆکی بابەتەکە بخونیتەوە! بابەتەکە اسلەن بانگەشە کردنە بۆ
سەربۆخۆیی، استا پیش بەیانی، وابزانم دوای کۆمینتەکەی من انجا لیی
تیگەیشتیت! دووەم، توانەوەی سۆسیالیستی چی باس اکەیت؟؟؟ بۆ خاتری خوا
کاکە، اوە چ پەیوەندی هەیە تۆ هەر راسپیراویت دژ بیت و شتیك بنوسی خۆ
زۆر اشکرایە شتەکە! کاکی برا وەکو هەر راسپیراویت تۆزیك بە اقلانە شتەکان
بکە مامۆستا چ سوودیکی لە توانەوە بینیوە یان ابینیت تا دەستی هەبیت! اوە تۆی
بویت بە مەسینە هەلگری لقی ٤ اگەر اوەنە دلت بە نەمانی سۆسیالیست اسوتی
چی اکەیت لە ناو پارتی! مامۆستا ژیر اشکارایە کە کەسایەتیەکی سەربەخۆییە
وسەربەهیج لایەن وهزبیك نیە تا دەستی هەبووبیت و هەبیت لەو شتانەی باسی
اکەیت، خەلك اگەر دەستی هەبیت لە شتیك بۆ سوود وەرگتن ایکات وەکو امەی
تۆ ایکەیت ایستا! پاشان هزب هەر بوونی هەلەیە، انجا وەرە ام هەموو هزبە!
سیەم: تۆ کیی هەتا خۆت بینیتە استی کوردبوونی مامۆستای گەورە! او لە ٥٠
کانەوەو لە کتیبی کوردایەتیەکەیەوەو هۆنراوەکانیەوەو کاری فکریەوە زۆر
بویرانە بە شوەیەك هاتە مەیدان گویی هەزارانی پر کردوەو شۆرشیکی فیکری و
اقلی هەلگیرساند کە هەتا ایستا اگرەکەی بەردەوامە لە هەموو پارچەکانی
کوردستان، او بە شتیکی تازە کە کوردایەتی و سەربەخۆییە شۆرشی
هەلگیرساند، لە رۆژهەلات و رۆژاو باکورەوە کوردەکان اوالی هۆنراوە
نوسراوەکانی بوون تا خۆیانی پیجۆشکەن، جەنەها بەڵگە هەیە لەسەر اوە، هەتا

هەلگیرساند، لە رۆژهەلات و رۆژاو باکورەوە کوردەکان اوالی هۆنراوە
نوسراوەکانی بوون تا خۆیانی پیجۆشکەن، جەنەها بەڵگە هەیە لەسەر اوە، هەتا
ام تەمەنەی هەر پر بە دەم بەردەوامە، بی اوەی هیچ رۆژیك بیری لە
بەژوەندییەکی خۆی کردبیتەوە یا پۆستیکی وەرگرتبی؟ میژوو شاهیدی هەموو
امانەیە! تۆ کیت و چیت کردوە جیبەنجەت کوا هەتا اسلان بویری اوە بکەیت بیر
لەوەبکەیتەوە نەك بیتە استی او زاتە، بەلکو لە قاپییەکەشی نزیك بیتەوە! او زاتە
رۆژیك ابیت پەیکەریان بۆ بکریت لە هەموو بەشکانی کوردستان بۆ پاکی و
دلسۆزیان بۆ کورد، مەبینە ایستا تۆو هاوهزبییەکانیت بەربستن لەبەردەم ام
کەساییەتیانە کە سیمبلن بۆ کورد، رۆژیك دیت کە ایوەو مانان نەمان
راستەیەکان اشکراتر ابن! هەرچەنیك هەولبەیت و راسپیریت و پارە وەرگریت
ناتوانیت ناوو ناوبانگی ژیر و هاوهەلویستەکانی او لەکەدار بکەیت، لەبەر اوە
هەر سەری شکاوو هینی دراوت بۆ تۆو امسالی تۆ امینیتەوە، هەی مەسینە
هەلگرانە، هەی کوردبووی رۆژانی جادەی پان هەی مامۆستای بەخۆ وت
!مامۆستا، روو رەشیتان بۆ امینتەوە لە میژوو!! 



**Hakeem Kakaways** دەستخۆش مامۆستا. لەگەڵ بۆچوونەکانی جەنابتدام و منیش پێم
وایە هەر ئەو ڕێژەیە، یا نەختێ زیاتر دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدرێ. ئەم گشتپرسییەش هەر
بۆ دەنگنەهێنان و دۆڕاندن دەکرێ. نەک هەر ئەوە، چۆن لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا
دەستکاری دەنگەکان بۆ مەبەستی سەرکەوتنی حیزبی دەکرا، ئەم جارە بۆ دۆڕاندن
دەستکاری دەکرێ و دەڵێن: ئەوەتا میللەت سەربەخۆیی ناوێ!. لەگەڵ ئەو ترس و
گومانانەشدا، من دەنگدان بۆ ژێردەستەیی بە خیانەت دەزانم!. ئەوجا، ئەو تەعریبەی ئێستا لە
کەرکووک دەکرێ، لە سەردەمی بەعسدا نەکراوە.. ئەوەش بەڵایەکە و وەک زنجیر لە دەست
و پێمان ئاڵاوە.



**Pshko Amin** مامۆستا کامیلی بەڕێز دەستی تۆی مامۆستا خۆش بۆ ئەو
نوسینەجوان وبەپێزەت بێگومان ئێمەی نەوەی دوای ئێوە هەمومان لە ئێوەی
مامۆستاوە دەرسی کوردایەتی فێربوین

**Pshko Amin** سەربەخۆی لەوەتەی هەین لەهەولی بەدەست هینانیدابوین ، وە باری گرانی ئەم هەولەش بەشی زۆری لە سەرشانی کوردە نەتەوەیەکان بوە کەتەنها ئەوان داواکاری راستەقینەیبوون ئەوانیتر لەژێرلیوەوە یان لەگیرفان چەپەوە جاربەجاری یان بۆلەیەک یان چەمۆلەیەکیان ناوە لەداگیرکەرە رەزا قورسەکەی کە بە برایان دەزانی ویردی دەمیان برایەتی کوردی مەرو ئەوانی داگیرکەری گورگبوو ،کە هەمیشە لە بوسەدا بوون بۆ قرکردنی ئیمەی مەر گەر دەسەلاتیان هەبوایە وەک چەندەها جار خۆیان لەوبوارەدا تاقی کردەوەو دریغیشیان لینەکردوین لە کوشتن و لەناوبردنمان ،بۆیە دەتوانین کە ئیمەی نەتەوەی بە شانازیەوە بلیین تاکە لایەنێک کە بە ئاشکراو بیترس ئەم داوایەی هەبوە کاژیک وپاسۆکەکان بوە ، کە بە راستی وبەرونی دەریان بریوەو وەک هیواو ئامانجی میللەت تەماشایان کردوە وکاریان بۆکردوە و بە مافی راستەقینەی کوردیان زانیوەوهەموومافیکیتریان بەفشە ماف زانیوە ، رۆژانیک بووحیزبەکانیتر هەرشەی دارکاریان لە نەتەوەیەکان دەکرد گەربیوتایە ولاتەکەمان داگیر کراوەودەمانەویت لە ولاتی داگیرکەر جیابینەوە بەلام ،ئیمە وابیر دەکەینەوە کە هیندە ئاور لە رابردوو بدەینەوە کە خزمەت بە داهاتوی نەتەوەکەمان بکات ،بۆیە وەک بەریزیشتان ئاماژەی پیدەکەن دەبیت ئەمرۆ هەموان پشتگیری لەم گشت پپرسیە بکەین بەلکو هەڵگری بارەکەبن وبەراستیان بیت کورد واتەنی کردە پەشیمانبین باشترە نەک نەکردنی ، بۆیە لەسەر ئیمەی نەتەوەیە کە ئەمرۆ لەپیناو ئامانجە نەتەوەیەکەماندا ئەوەی لەدەستمان دیت ،ئەوە وەک وتمان کاری ئیمەیە کە بیکەین ،بەلام ئیتر ئەمرۆکە ئەوان دەیکەن وهاتونەتە سەربۆچون و راکەی ئیمە دەبیت بلیین کویرە جیت دەویت!! ، ئیمەهەتاا ئەمرۆش هەر کردومانەو وتومانە وداوامانکردوە بۆیە هەرگیز کۆل لە داوەکانمان نادەین وخەباتی بۆدەکەین و بەکاری سەرشانمانی دەزانین ، بۆیە دەڵیم ئیتر رۆژی کارە گرنگەکەیە ، واتە تاقیکردنەوەی ناوبوارەکە ،هی سیروان لیدمم ئەمبەیت نا ،وەک پرس نا بەڵکو دەبیت بلیین سیروان بشمبەیت هەر لیت دەدەم!!!! با لە پیناو سەربەخۆیدا برۆم ئیدی کۆیلەی بەسە مردن بە سەربەرزی وسەربەخۆی خۆشتر وباشترە نەک بەدیلی بە نەنگی ، بەهیزی خۆم وپشتیوانی نەتەوە رۆژیکەو ئەمرۆ دەبیت بلیین سەربەخۆی وهەموانیش دەبیت داوایکات ،هەربژیتو دەستیت خۆش مامۆستا ی بیری نەتەوەی هەرئەوە رەچاودەکریت لە تۆی کوردپەروەر کە هاندانی خەلکو رۆشنکردنەوەی ریگە چارەکانەو بیرخستنەوەی هۆکارەکان لە نەهامەتی و کۆستەکە

**Kamil Zheer** یا خائینیشە. هەر بژین کاکە نزار

**Nzar Mustafa** دەست خۆش مامۆستا ئەوەی باوەری بەسەربەخۆیی نەبێت یان گێلە یان داگیرکەر



**Khdir Abdulla** ده ست خؤش مامؤستا له گه ل زؤربه ی بؤچونه کانتم به لام من رام وایه ئه م ريفراندؤمه ته نها موزايه ده يه بؤ هه لبژاردنی كؤتايي ئه م سال ئه ويش ئه گه ر بكرئ ؟؟




کورته وه ڵام23بۆ جه یمز جێفری ١٤/٧/٢٠١٧

وه ڵام بۆ هه ڤپه یڤینه که ی روداوی 13/7/2017 له گه ڵ باڵیۆزی پێشوی ئه مریکی له ئیراک، هه ویرێکی ئاوکێشه ، به ڵام ئه کرێ به کورتی وه ڵامی هه نێ لایه نی بده ینه وه :

-جێفری: سیاسه تی ئه مریکا بریتییه له ئیراکێکی یه کگرتوی فیدراڵی دیموکراسی، 4500سه ربازی ئه مریکی له و پێناوه دا گیانیان به خشی.

+که ی وایه !؟ ئه مریکا له من باشتر ئه زانێ که ئیراکێکی یه کگرتوی فیدراڵی دیموکراسی، له وه ئه سته متره بته وێ 3+4 بکاته 8. ئه و سه ربازه کوژراوانه ش له پێناوی داگیرکردنی ئیراکابو. به ڵام به خت نه یهێنا وه کچۆن له ڤێتنامیش به و مه ره یه چونو هه ڵاتن.

- کورد حه زئه که ن ئه م گشتپرسییه ش وه ک ئه وه ی 2005 به کراوه یی بهێڵنه وه .

+تۆ به م قسه یه دانمان بۆرۆئه که ی! وانیه ، جه ماوه ری کورد به م گشتپرسییه ناپێویسته ، ئه گه ر زۆرینه ی ده نگی به به ڵێ هێنا، خوازیاری راگه یاندنی سه ربه خۆییه . تاکه ی ئه میش به کراوه یی بهێڵینه وه ؟ تائه وکاته ی ئیراک ئه بێته وه هێزه که ی جارانو به ئه نفالو کیمیایی

وه ڵاممان ئه داته وه !؟ بۆیه  ئێستا، یادوای گشتپرسییه که به ماوه یه کی که م، ڕاگه یاندنی سه ربه خۆییه که ، کاڵای پڕباڵامانه .

-کوردستانێکی سه ربه خۆ، ئیراک به ره و ئاقاری سه رهه ڵدانی دائشێکیدیکه  ئه با. تاوه کو ئه م هه له  هه بێ، ئه مریکا له گه ڵ کوردستانێکی سه ربه خۆنابێ!

+جوانه ! شیردا بۆداپیر. نه  له ئیراکێکی فیدراڵی یه کگرتوی دیموکراسیو نه  له ئیراکێکی دائشاویو حه شدی شه عبیاویدا مافی سه ربه خۆییمان نه بێ، ئه ی که ی!؟ ئنجا خۆئێمه  گه ره نتیمان به ئیراک نه داوه  که هه ر پارێزه ریبین. بۆچی ئیراک پیاوه تی زۆره  به سه رمانه وه ؟ چاره نوسی کوردیش یا هه ر نه ته وه یه کیدی، نه به سراوه  به  ڕاو ره زامه ندیی ئه مریکاوه. ڕاسته ئه مریکا، یا هه ر ده وڵه تێ، له گه ڵ سه ربه خۆییماندابن باشتره ، پێچه وانه که شی، رێ له سه ربه خۆییمان ناگرێ. سه ربه خۆیی ئیراده ی خۆمانه .

-هه ماهه نگی ئه مریکا له گه ڵ یه په گه،  کاتیو سنورداره !

+واتا دوایی به گورگانخواردومان ئه ده ن!

-به ته واوی روننیه  کام ناوچه،  کام گوند، کام شاخ کوردییه .

+کاتی خۆی کامیل چادرچیش وایوت، ره شید ئارفیش به پێکه نینه وه  وتی: وشتر ئه که ین به حه که م، له کوێدا وه ستا، ئیتر دوایئه وه  کوردستانه  (وشتر ئاژه ڵی لمه و به به رزاییو شاخا سه رناکه وێ).

-تورکیا خاڵی یه کلاکه ره وه یه   بۆ هه ر گۆڕانکارییه ک له ڕه وشی کوردستاندا.

+به رژه وه ندییه کانی تورکیا له باشوری کوردستانا به جۆرێ په ره یسه ندوه و چڕبۆته وه که ناتوانێ ده س له و به ژه وه ندیانه  هه ڵگرێ نه  ئێستا نه  له باشورێکی سه ربه خۆشدا. له هه ردو باره که دا تورکیا به ده س په که که و گویله نیه کانه وه  ئه ناڵێنێ، ناچێ شه ش ملیۆن کوردی باشوریش بکاته  دژکاری خۆی. ئه گه ر هه ر ئه و دێزگه راییه شی کرد، ئه وا ئه نجامه که ی، تۆپینی خۆیئه بێ. هه روه ها تورکیا ئه وه ش باشئه زانێ که  له ئه گه ری نه مانی حکومه ته که ی باشوری کوردستانا یا ده وڵه تی باشوری کوردستاناو گه ڕانه وه ی بۆسه ر ئیراک، هه مو ئه و به رژه وه ندییانه ی له ده سئه چێو مه گه ر هه ر کاڵه ک به ئه ژنۆ بشکێنێ!.

-پرسیاره که  ئه وه یه  ئایا سه ربه خۆیی، شته کان به ره وپێشتر ئه با؟ له ڕوی ئابوریو سیاسییه وه سودی زۆرتری بۆخه ڵکی کوردستان ئه بێ؟

+با ئه و پرسیاره  هه ڵگێڕینه وه . ئایا مانه وه ی کورد  به  ژێرده سته ییو دیلی، له ڕوی ئابوریو سیاسییه وه  سودی زۆرتری بۆخه ڵکی کوردستانئه بێ!؟ بۆچی به ژێرده سته یه تی تورکیاو ئیران، خێری دنیا به سه ر باکورو رۆژهه ڵاتی کوردستاندا رژاوه !؟ ڕاسته  ئه شێ سه ره تا توشی هه ندێ کێشه ی ئابوریو سیاسی ببین، به ڵام زۆرناخایه نێ به سه ر ئه و کێشانه دا زاڵئه بین. کورد نه ته وه یه کی ئازاو کوردستانیش خاوه نی ئابورییه کی به هێزه ، بۆیه  ئاینده مان گه شه  مام جیفری.

له کۆتاییدا ئه شێ ئه وه ش بڵێم که ئه م به ڕیزه، بیرمه ندێکی سه ر به دیموکراتییه کانی ئه مریکایه ، مه رجنیه وته کانی گوزاره  له ڕای کۆمارییه کانی خاوه ن ده سه ڵاتی ئێستابکا.

٧٣ بینین ٣١ لێدوان لەوانە:

**Ali Ahmed Hamza**
BA TAMAY KHALLK BEN ABE BE SHEW SAR BNENAWA , KHODA GAWRAYA ROZHEK DET IRAN U TURKIA WAK IRAQ LE BET ( KHODA LA SULLTAN MAHMOOD GAWRA TRA)

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

بینینی ١ وەڵامدانەوەی تر

**Sam Hawar** هەر بژیت مامۆستای کوردایەتی بۆ هەموو بۆ چونە بەجی کانت!
هەموومان قوتانی تۆین

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ · دەستکاریکرا

بینینی ١ وەڵامدانەوەی تر

**Ali Ahmed Hamza**
Khallky kurdstan Zor Zor bashtr azhen La khallky IRAN < MAGHREB Ballam handy kas chawbrseen / Boon ba TOTY har KAYRAN KARANIANA >>>>>

**Sirwan Osman** سه ربه خۆيی و دروست بونی ده وله ت بيويستييه كي دولي و داخلي يه (نه ته وه يی)؛
وه ايشي زۆر جدي ده ويت وه ك زه مينه سازی
اينتاج و إدارة و مؤسسات و به رزه وه ندی تاك (هاولاتي)'
كاتي زۆر هه بوو بۆ بونيادناني ام ركيزه اساسيانه ی ده وله ت به لام استغلال نه كرا بۆ اومه به سته ره وايه،
فرصه ی زۆر كونجاو هه بوو بۆ ده ست ببكی ام هه وله (سه ربه خۆي) به لام دركي بی نه كرا يان كه لكی لی وه رنه كيرا وه ك (برۆسه ی ازادی ايراك ،برياری رئيس وزراي ايراك مالكي له سالي 2014 به بريني حصه ی كورد له موازه نه ی ايراك،دروست بونی هيزي داعش )
باشترين هه نكاو له ءيستادا :
بونياد نانی بايه كانی دروست بونی ده وله ت ((دروست كردنی مؤسسه ی راسته قينه و عداله ی اجتماعي(دادی صحي ،قضائي ، تعليمي،عمل،...)
دواي تحقيق بونی او اساسياتانه به زويی بربار له راكه ياندنی سه ربه خۆيی بدريت.

**Shamal Hama Aziz** ئه ی برام نه ت وت كه خه لك به رگه ی برسيتی و فشاری ده ره كی ئه گريت ئه ی كرمی داره كه چی ليبكات كه هه ناوی خه لكيان خواردووه مه به ستم ده سه لاتی ئيستای كوردستانه ؟

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکه شەماڵ، لەگەڵتام. ئێستا کرمی دارەکە، یا کوردواتەنی مشتۆی ناو هەمانەکە، ئێمەی کوشتوە. بەڵێ ئێستا دەسەڵاتی گەندەڵ مۆتەکەیە بەسەرمانەوە. دەسەڵاتی گەندەڵیش لەم بارودۆخەدا لەناونابرێ چونکە ئەم دەسەڵاتە هێزبییە خراپە لەلایەن دژەکانمانەوە نەخشەی گەندەڵییان بۆدارێژراوەو پشتگیری ئەکرێن. بەڵام لەدەوڵەتێکی سەربەخۆدا رادانیان ئاسانترە وەک لەئێستا. تۆ بڕوانە دەسەڵاتەکانی ئێراکو میسرو تورکیاو ئێرانو ..تاد کێ باوەڕیئەکرد دەسەڵاتی پاشایەتی ئیراک کە نیوەی دنیا پشتگیرییان ئاکرد بەچەن ئەفسەرێ بڕوخێ!؟ دەبا جارێ بەهەمومان دەوڵەتەکە دروستبکەین ئەوسا چاککردنی دەسەڵاتەکە ئاسانە.

**Osman Faqi** دەستان خۆش مامۆستا زۆر واقعی و مەنتیقیە شیکردنەوەکەت

**Awat Marouf** مامۆستا ژیر، لەبەرژەوەندی ئەمریکا نیە،بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکرسی،خاوەن دامەزراوەی یاسای،یاخود هاتبوویێت بۆ بەدەسگەیشتنی مافی چارەنووسی گەلانی ژێر دەست، بەڵکو لەبەرژەوەندییایەتی، هەموو پەتی بووکەشووشەکان،بۆ گەمەپێکردنیان لەدەستی خۆیدابێت، تۆ بەتەمای ڕەزامەندی دەوڵەتەکانی دەورووبەر بیت،یاخود ڕەزامەندی زلهێزەکانی جیهان،بمرە بێتە خەوت،وەک کورد دەڵێت،زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاندوە،لەسەر سینی ئاڵتوون بۆیان نەڕازاوەتەوە،دەبێت ئەوە کورد بێت،بڵێ مافی ڕەوای خۆمە، کەبەدەستی بهێنم،ئیتر باناحەزان لەوورگی خۆیان بدەن،ئەم جەنگە دەروونیە پێش ئەم پرۆسەیە شتێکی سرووشتیە کەخۆیان ودام دەستەکاندیان،لەم جۆرە بابەتانە بڵاوبکەنەوە

**Osman Faqi** له بەرژەوەندیی اسرائیله عراق و سوریا پاچه پارچه بكرێن ، امریكاش خواستی اسرائیل بەجێ دێنێ

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Pshko Amin** هەمیشە پینوسە بەبرشتەکەت هەر راستی و کوردانەو نەتەوەیانە کەوتۆتەکار شتی نوسیوە،هەمیشە لەکاردابوە بۆئەوانەی دژایەتی سەربەخۆخوازی نەتەوەیان کردوەو وەلامی گورچکبریان دراوەتەوە ،هیوای بەختەوەری وتەندروستیوتەمەنیکی زۆردریژیت بۆدەخوازم ، ئەمرۆ کورد پیویستی پیتانە بۆ وەلامدانەوەی ئەوانەی کە دەیانەویت بۆهەمیشە هەلمانخلەتینین بەقسەی هیچ وپوچ ، دەستەکانت خۆشبیت مامۆستای کوردایەتی ومەردایەتی



**Abdualrahman Xalifa** سڵاو مام ژير ئەوەي كە سەربەخۆي و ئاواتي دێرين و لە مێژینەي كوردي سوک و رسواكردووه خۆمانين با گلەي لە بێگانە نەكەين تكايە ئەو ئامانجە پیرۆزەي ئێوە تێكۆشانتان بۆ كردوە وەک كەسي پاكي نەتەوەي بەم گاڵتەجاريەي ئێستا باسوک نەبێ لەگەڵ رێزو تقديري گەورەم بۆ جەنابت

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ · دەستكاريكرا



**Kamil Zheer** مامۆستای بەڕێز ، ئەگەر خۆشمانبین خۆ ناکرێ نەگەڕێین بەشوێن چارەسەردا. ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتیش لەسەر ڕێبازەکەمان بەردەوامینو نەبەملاو نەبەولادا لانادەین. ڕێگاکەشمان پڕ لەدڕکوداڵو کۆسپە، بەڵام هەر بەردەوامینو بەگاڵتەجاڕییەکان ڕێبازەکەمان سوک نابێ دڵنیابە. ئێوەش هەر شادبن.



**Jamal Abdulrahman**
Pisht geery wittarakat akam kak Zheer, aw pyawa bardawam dizhy barzhawabdyakany iraq u kurda, wa azanet ba sarbakhoyeey kurdistan hech bo meshka poottakay awu khalkany Amereky tiresh bimenetawa ka mala la chilkawa bikka , wa ha mmo khaky iraqish baraw nahamaty bardawamy barin

کورتە وە ڵام/ 24 بۆسایکس عە بادی ٢٠/٧/٢٠١٧

ئە بادی لە 18/7/2017دا رایگە یان :

-من پشتگیری لە سایکس بیکۆ ناکە م، بە ڵام کوردستان بە شێکە لە ئیراک!

+شە ل نیە و پای شکاوە ! لە سایکس بیکۆوە بۆسایکس ئە بادی.

-ئە مە و ێ ببم بە کورد.

+چۆن کوردێ؟ جاش یا باش؟

-ئە گە ر هە مو سنورە کان هە ڵبوە شێنینە وە ، ئە ی ئێمە بۆکوێ برۆین؟

+بە سە ربە خۆیی کورد ، سنورە کانی ئێوە هە ڵناوە شێتە وە ، تە نیا سنورێکی تازە تان لە شیمال حە بییە وە ئە بێ بە کوردستان.

-بە رژە وە ندیی کورد ئە وە یە کە بە شیکبن لە ئیراک.

+بە رژە وە ندیی کورد ئە وە یە بە شێکبێ لە کوردستانی گە ورە ، بە رژە وە ندیی ئیراکیش ئە وە یە بە شێکبێ لە ئە رە بستانی گە ورە . ئە م پێکهاتە تێکە ڵە نامۆیە ، بوە یە کی ناسروشتیو نارە سە نە و بە رهە مهێنە ری خوێنرشتنو ئازارو مە رگە !.

-کورد لە ئیراک ئێستا هاوڵاتیی پلە  یە کن.

+ئە گە ر نیوە ی فرۆکە  جە نگییە کانتانو نیوە ی دژە  ئاسمانییە کانتانو نیوە ی چە کە زە مینییە کانتانمان بدە نێ کە  لە ماوە ی 90ساڵی رابوردودا بە پارە ی سامانی کوردستان کڕراونو دە ستیش لە ناوچە  کوردستانییە  داگیرکراوە کان هە ڵگرنو داهاتیش بە ڕێژە ی پێکهاتە کان دابە شکرێ، ئە وسا ئە شێ ببینە  پلە  یە ک. ئە مە ش ئە گە رێکە  لە کێڵگە ی ئە م ئیراکە دا هە رگیز سە وزنابێ.

-نە  لە بە غدا دیکتاتۆری هە یە ، نە  پێویستیشئە کا لە کوردستان میلیشیا هە بێ.

+لە کوردستان تە نیا پێشمە رگە  هە یە ، لە ئیراک، جگە  لە سوپا، چە ندین میلیشیای حە شدی شە ئبیو حە شدی ئە شاییری هە یە !.

بە کورتی، وتە کانت، لە توندکردنی تە وقی دیلێتی لە گە ردنماناو سایکس بیکۆیە کیتر بە ولاوە چییترنین. بیانخە رە وە  ناو جە واڵە کە ت.

١١٠ بینین ٤٢ لێدوان لەوانە:


Osman Faqi دەسخۆش مامۆستا کامل .. خۆزگە چەن بەرنامەیەکی تلڤزیۆنیت ئەکرد
Kamil Zheer سوپاس کاکە ئوسمان. بەرنامەو هەڤپەیڤینی تەلەفیزیۆنیم زۆرکردوە. لە ئێن ئاڕ تی و روداو خەزن کراون ، بگەڕێ ئەیاندۆزیتەوە.
Pshko Amin دەستیت خۆشبیت کاک کامیل بۆ پینوسە بەرشتەکەت ، وەلامیکی پربەپیست وجەرگبرت داوەتەوە بەو داگیرکەرە شۆڤینیە ،لەجیی خۆیدا زۆربەخیرایش کورتو پرواتا ،خەلک زۆربەدلیەتی

**Bêşikçî Rastî** له بەرژەوەندی ستراتیژی عیراقدایه گەر کورد جیابێتەوه، چونکوم دوای سەدەیەك چاوەڕوانی و مالۆیرانی ، کورد بێ وچان چاوەڕێی ئەو ساتەیە کە تیایدا سنورە دەستکردەکان تووڕی ناو زبڵدانی مێژووی دەستکردی ئینگلیزەکان و فەرەنسیە بێ قیمەتەکانی ئەوکات بدات. ئەو کاتە ، جگە لە کێشەی چینایەتی ، عیراقیەکان تەنها کێشەی شیعە و سوننەیان دەمێنێ و بەڵکو خوا هیدایەتیان بدا و لەو کێشەیەش رزگاریان بێو ببن بە بەشەر !!!

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە بێشکچی بەڕێز، کێشەکە ئەوەیە ئەرەب نازانێ

**Jehan Omer** کاک کامل ئێمە لە دێر زەمانەوە دەزانین عەرەب وفارس وتورکی فاشی هەمیشە داگیر کەرن ئیتر ئێمە خۆمان هەڵ ئەخەڵەتێنین ئەوەش خەتای ئەوان نیە بەڵکو سووچی گیرفان بڕوو دزەڕانی لای خۆمانە لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئەم میللەتەیان داماوکردوو من وەک تاکێکی کورد بڕوام بەم حیزب وسیاسیانەی کورد نیە هەریەکەیان کلکی لەگەڵ لایەک گرێداوە سوپاس بۆ نووسینە جوانەکەی بەڕێزتان

٢

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاک جیهان، باوەڕبکە هەمو جۆرەکانی هیزب بۆ قۆناغی خەباتی رزگاریمان خراپە ئەنجامیان گەندەڵی ئەبێ، بۆیە ئێمە وازمان لە هیزبایەتی هێناو باوەڕمان بەخەباتی هزریو سەربازی هەیە تا سەربەخۆیی. سوپاس بۆ وتە جوانەکانت

کورته وه لام /25 بۆ وتارێکی ئه نوه ر ئه ڵمان! ٢٣/٨/٢٠١٧

له ماڵپه ڕی هاوبیرانی کوردایه تیدا، به به رواری 21/8/2017 ئه نوه ر ئه ڵمان ناوێ، وتارێکی دژی پیرۆزیی نیشتمان بڵاوکردۆته وه که نه ئه بوایه ئه و ماڵپه ره ی ئاراسته یه کی نه ته وه یی هه یه ، به وتاری له وجۆره، کاتی خوێنه ره وه کانی به فیرۆبدا ! به تایبه تی له م کاتی هه لی سه ربه خۆیی کوردستانه دا!

تیکرا نوسینه که ی له خولگه ی رسته یه کدایه که ئه ڵێ (چمکه کانی ئازادیی مرۆڤ له خاکێ نیشتمان پیرۆزترن! له کوێ مافه کانی مرۆڤ پارێزراوبێ ده شی ئه و جێیه نیشتمانبێ!)

پێش ئه م، فه یله سوفه کانی بیری کۆمۆنستی، سه د ساڵێ له م جۆره خه ره که یان رستو ئه نجام به فویه کی گۆربه شۆف ریسه که یان بوه وه به خوری! ئه وه بو گه لانی سۆڤیتو ئه ورووپای رۆژهه ڵاتو زۆریتر، گه رانه وه بۆ چمکی پیرۆزیی نیشتمانه کانیان. سه باره ت ئازادیش، زوربه ی مرۆڤه کانی رۆژئاوای گێتی، ده مێساڵه له که ماڵێ ئازادیدان، که چی هیچیان ده سبه رداری پیرۆزیو خۆشه ویستیی نیشتمانه کانیان نه بون. هه میشه هه ر شانازی به نیشتمانه کانیانه وه ئه که ن. که م له و وڵاتانه وازی له بستێ خاکی خۆی هێناوه ؟ ته نانه ت ئه و بیانیانه ی له و وڵاته ئازادانه شدا ئه ژین یا نیشته جێنو هه مو مافه کانیان وه ک مرۆڤ پارێزراوه ، هه ر خه و به نیشتمانه که ی خۆیانه وه ئه بینن. ئه وه تا ئه م کاکه ئه نوه ره ش که ره گه زنامه کوردستانییه که ی خۆی گۆڕیوه به (ئه ڵمان!!) هه ر به کوردی ئه و وتاره ی نوسیوه ! ئه وه پیرۆزیی نیشتمانه که یه تی له نائاگاییدا وایلێئه کا ده سبه رداری زمانی نیشتمانه که ی نه بێ. پیرۆزیی نیشتمان، دیارده یه کی ده سکردنیه . به شێکه له ناخی مرۆڤ، وه ک خۆشه ویستیی نێوان دایکو باوکو مناڵه کانیان، وه ک دو دڵدار. هه زاران نمونه له سه ر ئه وانه هه یه که ده یان ساڵه وێرانه نیشتمانێکی خۆیان جێهێشتو و پێشکه وتوترین وڵاتیان کردۆته

نشینگه ی خۆیان (نه ک نیشتمانی خۆیان) که چی هه ر دڵیان بۆ کوێره دێیه کی وێرانه نیشتمانه که ی خۆیان لێئه داو کاریشی بۆئه که ن. به ڵکو سۆزیان بۆ خۆشه ویستیو پیرۆزیی نیشتمانه که یان زیاتر له په ره سه ندندایه . مرۆڤ هه ر یه ک نیشتمانی هه یه نه ک دو. ستالین که وشکترین کۆمۆنستبو، له نمایشێکا، له به ر تیپی نیشتمانه که ی خۆی (جۆرجیا) هه ستایه سه ر پێو که وته چه پڵه لێدان بۆیان! ئه وه له پیرۆزییو خۆشه ویتیی جۆرجیاوه بوه نه ک تیپه که ، به ڵکو ئه و، پێشتر ئه ندامانی ئه و تیپه ی هه ر نه دیبو. کچه تێکۆشه ری ناودار، دوڕیه محه مه د عه لی عه ونی، له میسر له دایکبوه و گه وره بوه ، که چی هه ر کوردستانی به نیشتمانی خۆی ئه زانی وه ک له نوسینه کانیا ده رئه که وێو وه ک من ساڵی 1962 له ڤیه نا دیومه و دوانومه . چه رچل ئه ڵێ ئاماده م له گه ڵ شه یتان هاوپه یمانی بکه م له پێناوی نیشتمانه که ما.. که واته خۆشه ویستیو پیرۆزیی نیشتمان دروستکه ری هه ستو سۆزه نه ک به پێچه وانه وه . راسته برِی خۆشه ویستیی نیشتمان له که سێکه وه بۆکه سێکیتر جیاوازه ، به ڵام ئه و پیرۆزییه ، که م یازۆر، بونی هه ر هه یه . بێگومان له ناو هه مو گشتێکیشدا، زۆڵه کو ده گمه ن هه یه که ئه وانه پێوانه یان له سه رناکرێ.

نوسینه که ، هیچ بایه خێکی زانستیانه ی نیه و پڕه له دژیه کیو به درۆخستنه وه ی خۆی، ئه گه ر له ماڵپه ڕی هاوبیرانی کوردایه تیدا نه بوایه ، هه ر باسیشم نه ئه کرد!. کۆتاییه که شی به شتێیه ک هێناوه که ناویناوه هه ڵبه ست! راستییه که ش ئه وه یه : له هه مو شت بچێ له هه ڵبه ستناچێ. منیش به م هۆنراوه یه وه ڵامی هه ڵبه سته که ی ئه ده مه وه :

خۆشترین ماچ

چ جۆرێ ماچ خۆشترینه ؟

ته ڕو پاراو و شیرینه ؟

شیله ی شه کر ، یا هه نگوینه ؟

سه ری گۆنا؟ خاڵی رومه ت ؟یا ناوچه وان؟

سه رگۆی مه مك ؟ لێو و زمان؟

ئه ندامی روت ؟ یا داپۆشراو ؟

به رده سکه وێ ، یا ببینرێ به نیگای چاو؟

زۆروزه به ن ؟ یاخود ده گمه ن ؟

به هیچکامیان باوه ڕمه که ن

*

به ئاسمانا مه له یئه کرد که ژاوه که م

له شی ئاڵایه پرچی خاوی هه ورو ته م

بێ ترسو خه م

ماچی ته ڕو پاراوی ده م

*

به شارانی ماچبارانا

به ناو شه پۆلی جوانانا

هه زاران قۆناغم بڕی

بلیتی شوێنی ناوازه م گه لێ کڕی

له  که نارا

له  ناوه ندی گه وره شارا

ریزه  بوکی شۆخی ته لار

له ناو به رگی سپیی به ورا

پێیان له سه ر  فه رشی گوڵزار

ده میان له ناو ده می هه ورا

تێرمژینی لێو و زمان

چله ی زستان

ئه چه رخێنێ به رۆژانی به هارستان

*

له  هاوینا

له دیمه نێکی شیرینا

مه مکه کانی سنگی سه وزی نیاگارام

گرتو مژی

له به ر پرژی تاڤگه کانی

وامئه زانی

ئه م ده ڤه ره  به هه شتێکه و مرۆڤ تیایا

هه تا ئه ژی!

که چی مه لی سرکی خۆزگه م

هه ر جوکه یبو

بۆخۆشترین ماچی خاکی وڵاته که م





Buffalo-New York-USA 19/7/2012

٩٥ بينين ٤٩ لێدوان لەوانە:

**Baba Xaman Xaman** اوو ليى تيك جوه كس هيه ولاتى خوى نويت

**Kamil Zheer** هەر بەڕاستی ئەو برادەرە لێی تێکچوە. لەنامەیەکیدا دوای وەڵامەکەمان، ئەو لێتێکچونەی پێوە دیارە. دوای ئەم کۆمێنتانە نامەکەی بڵاوئەکەمەوە. هەر شادبن بابە خەمانی بەڕێز.

**Fausy Ramsy** دەستەکانت خۆش مامۆستای هەموان.... تەمەن درێژ و تەندروست بن.

**Kamil Zheer** مامۆستای پایە بەرز، ئێمە خوێنکاری هۆنیاری گەورە، باوکی بەڕێزتانین. ئێوەش هەر شادبن.

**Zana Tofik** ده ست خوش سه ركرده ي نه ته وه يي به هيوام نمونه ت زور بيت بو خزمه ت كردني بير نه ته وه ي

**Kamil Zheer** زانا گیان، گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە، ئەمڕۆ نۆرەی گەنجی وەک ئێوەیە جڵەوی کاروانەکە بگرنەدەست. سەرکوتوبن.



**Azad Saadi Saeed** گەورەی ئێمەیت مامۆستا گیان!! بەڕێزتان مایەی پێزانین و پێنازینی ئەو خزمەتکارەتانن و ئێمە هەموو کات بچووکی تۆین. داوا کارم لە خودای گەورە تەمەن درێژ ۆ ساغ و سەلامەتت بکات.

**مصطفى چاوشين** نەخێر ئەوە بیری کۆمۆنسیتی نیە پاراستنی مافی مرۆڤ وئازادی تاک وپاراستنی کەرامەتی تاک لەئەمریکای سەرمایەدارەو بگرە تا هەموو وڵاتانی ئەوروپا کوردان لەو وڵاتانە مافیان پارێزراوە هەمان ماف وئەرکی هاونیشتمانی ڕەسەنی ئەو وڵاتانەیان هەیە بەڵام کەرامەتی تاکی کورد لەسایەی شۆرشگێرەکانی شاخ وفیرعەونەکانی شار ڕێک وەک ئەم وێنەیە پارێزراوە کوژراوەکان دوور نین دوێنێ وپێرێ بوون بکوژەکایش دیارن ئاوا کارامەتی تاک کورد بپارێزین !!!!




٣

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** کاکە مستەفا. ئێمەش زیاتر لە 60 ساڵە دژی مافیاکان ئەنوسینو خەبات ئەکەین . چەنجار کەوتوینەتە بەر مەترسیی کوشتن. بابەتی ئەم نوسینەمان سەبارەت بە پیرۆزیی نیشتمانە بەرێزم. پێم باشە لەوبارەیەوە باری سەرنجتان بنوسن. هەر شادبن.



**Pshko Amin** کام ئازادی لەدەرەوەی نیشتیمان ،مرۆڤ بێ نیشتیمان نەئازادەو نەئازادیشی هەیە ،ئا کابرایەک هەبوولە ئەلمانیای رۆژئاوادا دەژیا ، کوردی فەیلی بوو ، لەخیزانیکی دەولەمەندی بەغدا ،خاوەن سەروەتوسامان ،پاش سەردانیکردین بۆ بەرلینی رۆژهەلات پیش روخانی دیوارویەکگرتنەوە ئەوسا ئەولا خۆیانبەکوشت دەدا بگەنە ئەمدیوی دیوارەکە ئەوسائەوی سەر بە سۆڤیەتبوو ،لەوی ژنیکی ئەلمان دەناسیت وحەز لەیەکدەکەن کابرا زۆر قوزو ریکوپیکبوو
ژنە پاش ماوەیەک دەهینیت و وەرەقەو ێ٨ەمسەروئەوسەری بۆتەواودەکاتو دەیهینتە ئەم دیوواتە ئەمدیویدیوار بۆ بەرلینی غەربی ، ئی ژنە دەگویزیتەوەو دەیهینتە ئەلمانیا و هەموشتیکی بۆجیبەجیدەکات لە ئەلمانیای دیموکراسی ،ماوەیک بەیەکەوە دەبەن کابرا هەمووشتیک بۆ ژنەدەکات ماڵ وحاڵ هەموی هەرجی مال پیویستی دەبیت بە پارەی خیزانەکەی دەکریتو دەیهینتەمال ،ژنە پاش چەند مانگیک حەز لەپیاویتردەکات ،دەیکات بەشەروهەرا وپۆلیس دینتە سەر مال پۆلیس بەکابرادەلیت تۆ ئەجنەبی دەبیت برۆیت لەم مالەدا ونابی بییتەوە پیایدا دەنا زیندانیت دەکەین ، کابرادەلیت من ئەجنەبی نیم من ئەلمانم جنسیەی ئەلمانیم هەیە من مافم هەیە ،من ئەم خانومە دروستکردوە من وزۆر منیتر ...من هیچ ناخوات پێی دەلین تۆ ئەلمان نیت تۆ هیچ نیت تۆ و کۆمەلیک وشەی ناشیرین ، بەلی لیرە ئازادی هەیە بەلام بۆ خەلکی ولاتی خۆیان نەک بۆ ئاوارەو پەناهینده ،لیرە ئازادی هەربۆخۆیانە ،بۆ ئاوارەو دورە ولاتیک نیە ،مرۆڤ ناتوانیت نیشتیمان لەبیرکات هەمیشە دلی لای نیشتیمانە جاهەرچۆنیک بیت ئەونیشتیمانە ، تەنها لەوێ سەنگت هەیەو هەست بەئارامی دەکەیت،نەک لەشوینیکیتر! بۆیەمن هەموشتیکی جوان لەچاوی نیشتیمانەوە دەبینم ودەبیستم ،هەمیشە دلم بۆ ناو کوختیکی ئەوی لیدەدات ،دەست خۆش کاک کامیلی بەریز



**A Qadr Shkak** دەسخۆش مامۆستا ژیر ، مرۆڤ ئەگەر نیشتیمانی نەبێ ئازادی لەکوێدا فەراهەم دەکات لەکام سوچی وولآتیکی بێگانەدا خۆی دەدۆزێتەوە ، دەکرێ لەو ساتەدا خۆی بناسێتەوە ؟؟ یاخود ئازادیەکانی لەشێوەی پاڕانەوە دا دەبینێتەوە ، بۆیە مرۆڤ کە نیشتیمانی نەبوو جوانی ڕوخسارو گشت هێماکانی مرۆڤ بوون لەگەڵ سفرد یەکسان دەبێتەوە ،


Chia Samad هەمیشە تێرو تەسەلەکان بەلایانەوە ئاساییە ئەنجامی گۆڕانکاریەکان،، چی ڕو ئەیات و چی ئەنجامێکی ئەبێت ، چونکە خەزێنەی پڕیان پشت قایمی کردون .. ئێتر ئەو خەڵکەی ئەمڕۆ موچەی وەرگرتوە و بۆ ڕۆژی دوایی هیچی پێ نەماوە ئەبێت بەردەوام بێت لەو حاڵەو هەمیشە ترس و باجی خراپتر بونی زروفەکە ئەبێت ئەوان بیەن ،، مرۆڤ نانی نەبێت کە مرد لە برسا دەوڵەت و سەربەخۆیی بەو چییی؟؟؟؟؟؟

**Hussain Jaff** سوپاس کاکە کامیل زیری هاوبیر بۆ ڕونکردنەوەکەت٢٠٠٩ هەرچەندە من نوسینی ئە برادەرەم نە خوێندوەتەوە٠٠٠بەڵام لەوەڵامەکەی بەڕێزتان ئەوەم خوێندەوە کە زۆر کاری لێکردوی تەمەن درێژو لەشساخ بیت٠

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

Kamil Zheer وەڵامی دایەوە · ١ وەڵامدانەوە

**Hamarashid Haras** دەستخۆش مامۆستا، ئەوەی دژایەتی دەوڵەتی کوردی ئەکات بە هەر پاساوێك، ئەگەر ناپاك نیە، با کەس وکاری پیشانی دکتۆری دەروونی بدەن.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Chia Samad** کەس دژایەتی ناکا بەڕێزم ، بەڵام هەر شتێک بناغەکەی بە دزی و گەندەڵی و بێ بەرنامەیی دابمەزرێ ، زۆر بە قورسی ئەڕوخێ بەسەر داماوەکانی ژێرپاو ، پارە دارەکانیش ئاشبەتاڵی بۆ ئەکەن ...

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە چیا، هاوڕاتم . ئەبێ بناغەکەی بەهێزو بەبەرنامەو دور لەگەندەڵیبێ. ئەگەر وانەبو،ئەوسا حکومەتەکە ئەڕوخێ، بەڵام دەوڵەتەکە هەر ئەمێنێ. ئەو دنیایە هەر وابوە. خۆ نابێ میللەتیش دەستەوستانبێ. نەوەی نوێ پێئەگاو سەری دنیا بەپوش ناگیرێ.

**Arif Kerim** دەستخۆش مامۆستا بۆ ئەو وەڵامە دروستە، هەروەها بۆ هۆنراوەکەت ، خاک و نیشتمان لانەی ئێمەیە ، بەبێ ئەو دوانە نە ئازادین و نە بوونمان هەیە ، ئازادی لەسەر خاک و نیشتمان لەدایک دەبێ .

**Aras Saber** دةست و پينووست خوش ماموستاى بيرى پيروزى كوردايةتي ماموستاي بةريزم ئةمرو چونكة سةروك بارزاني سةكردايةتي هةولي ريفراندوم سةربةخويي هةرمي كوردستان دةدات جةماعةتيك كة دةوري مةلاي خةتي و حةسةن خةيري دةبينن خةريكي بانگةشةن لة دژى بيري نيشتماني و نةتةوةيي و ياري بة هةست و سوزي خةلك دةكةن و هةموو شتيك لاي ئةوةن پارة و پول و مووچةية و خةلكي فير دةكةن بلبين نةخير بو سةربةخويي و بةلي بو ژيردةستي و مةسةلةكةش تةنها دژايةتي مالباتي بارزانة چونكة باش دةزانن دةبيتة گةورةترين دةسكةوت بۆ پارتي و بارزاني لة ميژوو دا

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** هاوبیری خۆشەویستم، کورد وتوێتی کەری دێز تۆپینی خۆیو زەرەری خاوەنی ئەوێ! ئەگینا چۆن بۆ سەربەخۆیی ئەڵێ نەخێر کە ئەنجامەکەی بەردەوامبونی دیلێتیو سەرشۆڕییە!؟

**Zardasht Zardashty** ئه وانه كيشه ى كورد بوون و وابه سته بوون يان له كه ل خاك و نه ته وه دا نى يه و نه ماوه هيندە مه ست و غه رقى ئاره زووە سيكسى يه كانى اوروبابوون دنياله جاويلكه حه زه كانى ئه ويدا ده بينن هه ر ئه وانه ن به كه زوجاوى اوربا كوردستان يان كردؤته تاريكستان خه ريكى شيواندنى بوونى نه ته وه يشمانن

کورتە وە ڵام /26 بۆنەخێرەکان ٨/٩/٢٠١٧

لە وەڵامێکی مامۆستا هەمە ڕەشید هەرمسدا بە بەرواری ٢٣/٨/٢٠١٧ وتم (وادیارە هەنێ کەس جیاوازی لە نێوان حکومەتو دەوڵەتدا ناکەن) مەبەستەکەم ئەوەبو، لەڕقی ئەم حکومەتەی ئێستای کوردستان، هەندێ کەس دەنگ بە نەخێر ئەدەن لەگشتپرسییەکەی ٢٥/٩/٢٠١٧دا! بەم بیانوانە: گەندەڵی، بێ موچەیی، کورسییە ماوەبەسەرچوەکەی سەرۆک، پەرلەمانی پەکخراو، دوای سەربەخۆییش هەر گەندەڵەکان فەرمانڕەوا ئەبن، تورکیا لەپشت ئەم گشتپرسییەوەیە، زۆر بیانوتر.

لە٥/٩/٢٠١٧دا، بەڕێکەوت، حازم ساغیە لەرۆژنامەی الحیاتدا وتارێک بەئەرەبی ئەنوسێ، تیایا ئەڵێ:

هەمو حکومەتە یەکلەدوای یەکەکانی ئێراک لەگەڵ یەکدی ناکۆکبون، بەڵام هەمویان لەسەر ئەوە کۆکبون (بەهەمو پێکهاتەکانی ئێستاشیانەوە) کەئەبێ کورد تاهەتایە هەر ژێردەسەو خزمەتکاری ئێراکبن، ئەگینا ئەبنە ئیسرائیلی دوەمو خائنن!

هەر لەم ڕۆژانەدا وتاری نوسەرێکی بەناوبانگی بەریتانی، ڕۆبەرت فیسک، بە ڤیدیۆ بڵاوبوەوە بەناونیشانی (چەمکی حکومەت و نیشتمان تێکەڵ بەیەک مەکەن) لەهەندێ ڕستەیدا ئەڵێ:

- ئەزانن بۆچی ناوماڵی ئەرەب زۆر پاکەو شەقامەکانیان زۆر پیسە؟ چونکە هەستئەکەن ماڵەکانیان مڵکی خۆیانە بەڵام هەستناکەن نیشتمانەکەیان مڵکی خۆیانە! هۆکەش ئەوەیە چەمکی حکومەتو نیشتمان تێکەڵئەکەن! واتا بەیەک شتی ئەزانن، ئەوەش بەڵای گەورەیە!
- حکومەت ئیدارەیەکی سیاسییە بۆ ماوەیەکی کورت لەچاو تەمەنی نیشتمانا. هیچ حکومەتێ تاهەتا نامێنێتەوە، بەڵام نیشتمان مێژووەو جوگرافیایە، ئەو خاکەیە کەئێسکوپروسکی ئەژدادمانی تیایە، دابونەرێتەکانمانە. لەبەرئەوە هەمو کەس مافی ئەوەی هەیە رقی لەحکومەتەکەبێ، بەڵام مافی ئەوەنیە رقی لە نیشتمانەکەبێ. بەڵای گەورەتریش ئەوەیە: لەناوبردنی نیشتمان بەتۆڵە بزانین لەحکومەت وەک نیشتمان هی حکومەتێ نەک هی میللەت!
- ئەو گەلەی تۆڵە لەنیشتمانەکەی ئەکاتەوە، شایەنی حکومەتێکی باشترنیە.
- ئەگەر بیر لەخۆمان بکەینەوە، ئەبینین کەس ئەوەندەی خۆمان زیان بەنیشتمانەکەمان ناگەیەنێ!

*

کۆی ئەو وتانە، بەسەر ئێمەی کوردیشا ئەچەسپێ. ئەوەی دەنگ بە نەخێر ئەدا لەم گشتپرسییەدا، ئەوە تۆڵەنیە لەم حکومەتەی هەرێمی کوردستان. ئەوە زیان گەیاندنە بەدەوڵەتی کوردی کە ئاشکرایە یەکێک لەپایەکانی دەوڵەت نیشتمانە، واتا کوردستان!

من ناڵێم دوای ئەم گشتپرسییە دەوڵەتێکی کوردیی عەیار ٢٤ دروستئەبێ. لەوانەیە دەوڵەتێکی عەیار ١ یش هەر دروستنەبێو ئەم گشتپرسییە تەنیا بۆ موزایەدەو هەڵبژاردنی گشتیی داهاتوبێ، ،یا بۆدرێژەدانبێ بەکورسییەکەی بارزانی، یا بۆئەوەبێ ئەو دەوڵەتە بچێتە ژێر باڵی تورکەوە، یا بۆ هەر مەبەستێکیتر!.. کێشە گەورە ترسناکەکە لەوەدایە ئەگەر دەنگی نەخێر زیاتربێ لەبەڵێ، ئەم ئەنجامانەی بەدوادادێ:

١- دروسبونی دەوڵەتی کوردی ١٠٠ساڵیتر دوائەکەوێ.
٢-ئەبێ، وەک حازم ساغیە ئەڵێ، هەر ژێردەسەو خزمەتکاری ئەرەب بین، ئەگینا خائنو سەر بەئیسرائیلین.
٣- نەک هەر ناوچە دابڕێنراوەکان، بەڵکو قەوارەکەی هەرێمیشمان لەدەسئەچێو دەریایەکیش خوێنمان لێئەچۆڕێو شارەکانیشمان وەک موسڵ وێرانئەکرێ. (نەخێرخوازەکان)یش بەتەمای ئەوەنەبن ببنە جێگرەوەی حکومەتەکەی ئێستەی هەرێم! پەڕوباڵی ئەوانیش ئەسوتێنن وەک ئەوکوردەی بەجلی کوردییەوە پروپاگەندەی بۆ ئەتاتورک کردو دوایی بەپێی یاسا لەسێدارەدرا چونکە جلی کوردیی لەبەرکردبو!!
٤- هیچ دەزگاو دەوڵەتێکیش لەسەرمان هەڵنادانێو ئەڵێن خۆیان جیابونەوەیان لەئیراک نەویست، کەواتە ئەوە کێشەیەکی ناوخۆیی ئیراکەو بۆماننیە دەستی تێوەردەین!

*

پێشتر لە کورتە وەلام ٢٢ و نوسینی تریشما وتومە: راگەیاندنی سەربەخۆیی، پێویستی بەگشتپرسی نیە. ئەوەتا بەهۆی جاڕدانی ئەم گشتپرسییەوە، گەلێ لایەنی دەرەکیو ناوەکی بونەتە نەیار! بەڵام ئەگەر ئەو گشتپرسییە هەر کرا. ئەبێ دەنگ بە بەڵێ بدەین. دەوڵەتی کوردی، سەرەتا هەرچۆنێبێ، وردەوردە بەرەو چاکی ئەچێ، رۆژلەدوایرۆژ پشتگیریمان زیاترئەبێ، ئابوریمان بەهێزتر ئەبێ، چاکسازیش

لەدەوڵەتدا باشتر ئەکرێ نەک لەژێردەستەیەتیو کۆیلەیەتیدا (ئێوە ئەزانن گەندەڵکارە گەورەکان بۆیە تێرنابن چونکە لەنائاگاییاندا خۆیان بەخاوەنی کوردستان نازاننو هەر چاویان لەوەوەیە لەئاشبەتاڵێکیتردا خۆیان بگەیەننەوە هەندارانو لەوێ وەک پاشا بژین!!) ئەوەش کەگوایە پیلانێکی تورکییێ بۆئەوەی ولایەتی موسڵ بخاتەوە سەر تورکیا، خەونێکە هەرگیز نایەتەدی. نە زلهێزەکان رێگەی ئەوەیئەدەن، نە کوردیش بەوە رازیئەبێ. کەواتە ئەرکێکی نەتەوەییو نیشتمانییە، دەنگ بە بەڵێ بدەین. بەڵام ئەگەر لەدوای گشتپرسییەکەوە تاپێش هەڵبژاردنە گشتییەکەی پەرلەمانی کوردستان، سەربەخۆییەکە رانەگەیەنرا، ئەوا دەرئەکەوێ گشتپرسییەکە بۆموزایەدەبووەو داواکارم کەس دەنگ بەلایەنەکانی ئەم حکومەتەی ئێستەی هەرێم نەدا.

٨٤ بینین ٦٤ لێدوان لەوانە:

**Chra Kamil Zheer** دە ستت خوش بیت بابە گیان وخوا تە مە ن دریژیت بکات ب
ئیمە و هە موو کورد قسە کانت زور رە واو بە سودە زور راستە

**Kamil Zheer** چرا گیان، چاوە جوانەکانی تۆش خۆشبێو هیوادارم لەکوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکساندا تەمەنێکی درێژو بەختیاربیت.

**Emad Ali** دةست خؤش بة رةهايي هاوراتم مامؤستا طيان .. هةر بذيت

**Nawroz Fahedl** دەست خۆش حەمەرشی هەرەس
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**A Qadr Shkak** دەسخۆش ماموستا ژیر
شیکارێکی زۆر جوان بوو ، بەرای من هەرچی ناکۆکی و کێشەی هەنوکەیی و لابەلا هەیە وەلانرێ ، مامۆستا ئاگاداری کۆمەڵێک هەرزەی نا سیاسی چی دەڵێن و چی دەکەن ترسی ئەوەم هەیە هەندێک کەسانی خاوەن ئەزموون ماوون لە گۆرەپانی سیاسەتدا ئەگەر ئەوانە دووورکەونەوە ،ئەم هەرێمە بەمانە نەک بەرێوە ناچێ هەرزوو ویران دەبێ ، خاوەن بیری فەلسەفە دەچێ دەڵێ نەخێر خۆی بەرابەری نەخێر دەزانێ ، بەهەر حاڵ رۆژی سەربەخۆیی نزیکە و ئومێدەوارین پێی بگەین و دوای ئەوە بشمرین زۆر گرنگ نیە .
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** دەسخۆش کاکە شوکاک، تکایە سەیرێکی وەڵامەکەی من بکە بۆ کاک رۆمان.
١
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**A Qadr Shkak** ماموستا ژیر سڵاو
خۆ ماندوو کردن لەگەڵ هەندێک کەسدا بێسوودە ، وەڵامەکەت زۆر تەواوە بەڵام کە گوێت لێنەگری خۆ ماندوو کردنە تۆ سەلامەت بیت و خەم مەخۆ .دەوڵەتی کوردستان دروست بووە .

**Ara Zheer** دەستەکانت خۆش باوکی بەڕێزم، سوربونتان لەسەر ئەو ڕێبازە جێگەی شانازیە. دەوڵەت هەردەم لەپێش هەمو بەرژەوەندیەکانەوەیە، کۆشش و هەوڵەکانت هەر دەگا بە ئامانج

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** سوپاس ئارا گیان ، پشت بەئێوەو نەتەوەکەمان ئەگەینە ئامانج.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Sarko Aref** دە ستخوش ماموستا ... دە نگدان بە سە ربە خویی ئە رکیکی سادە ی هە موو تاکیکی ئە م نە تە وە یە ستە ندیدە یە یە . .. دروست بوونی دە ولە ت بە مانای بوونی ( کیانە ) ... هە مو کیانیکی سیاسی پاریزراو دە بیت لە کومە لگای نیو دە ولە تی نموونە ( آفغانستان ) لە کوتایی هە فتاکانی سە دە ی رابروو وە وە کیشە ی هە یە و دا گیر کراوە بە لام هە ر ( ئە فغانستانە ) .
دە با هە ر هە موومان بە جیاوازی بیرورا مان هە ول بدە ین ستە م و دە سە لاتی داگیرکە ر بشکینین و بە یە ک دە نگ بلیین بە لی بو سە ربە خویی ..

**Mohamed M Qaradaghi** دەستت خۆش بێت مامۆستای نەتەوەپەروەر.
من تەنیا یەك سەرنجی بچوك دەخەمە سەر بۆچونەکەی بەرێزت سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا. ئەو خەم سارديیەی تورکیا بەرامبەر بە گشت پرسی هۆکارەکەی ئەوە نییە وەك ئەوەی گەلێك کەس بە هەڵە وای بۆ دەچن گوایە تورکیا لە پشت ئەو بڕیاری گشت پرسیەوەیەو بە نیازە خەونی دێرینی ویلایەتی موسڵ بەدیبهێنێت .
ئەو بۆچوونە گەلێك نادروستە لەبەر گەلێك هۆ: یەکێکیان وەك بەرێزت ئاماژەت پێداوە ئەستەمە زلهێزەکان ڕێ بە کارێکی وابدەن، بەڵام هۆکارێکی کاریگەری تر ئەوەیە کە ئەگەر ئەو زرە خەونە بێتەدی ئەوسا سەرژمێری کورد لە تورکیا گەلێك زۆر دەبێت، ئاشکرایشە هەرگیز ئەوە لە بەرژەوەندی شۆڤێنیستە تورکەکان نییە.

**Othman Saeed** دەوڵەتی کوردستان بۆهەر چوار پارچەکە؟ئەگەروابێت زۆر باشە بەڵێ.نیشتیمانەکەمان هەر ام پارچەیە کە بەعراقەوە نووساوە؟باسی بنچینەی ام دەوڵەتە تازەیەش بکە چی بۆآمادەکراوە ایستا

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** دەولەت بۆ چوار پارچەکە لەئێستادا، مەگەر بەگۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستبێت بۆ بەرژەوەندیی زلهێزەکان. جارجار هەواڵێکی لەوجۆرە بەر گوێ ئەکەوێ. ئەم دەوڵەتە تازەیەش ئەگەر دروستببێ ، لەسفرەوە دەسپێئەکات. زۆر دەوڵەتی ئەو دنیایەش هەروابوە.



**Nazhad Barzinji** دەست خۆش شرۆڤەیەکی جوانت کردووە هیوادارم ئەوەی ئەیخوێنێتەوە لە مەبەستی کوردایەتیەکە بگات پاساوی سەقەت نەهێنێتەوە بۆ بەردەوام بوون لەسەنگەر ی دژە سەربەخۆیی سوپاس

بهاءالدين نوري به رێز کاک عمر عوسمان مه به ستم له دواخستن بۆئه وه نیه که داگیر که ران رازیبن دوای شه ش مانگ به ڵکو شه ست هه زارساڵیش چاوه روانبین نایبینین، به ڵام من مه به ستم خۆرێخستن وخۆ به هێز کردنه ،که دوو بنه مای زۆر سه ره کی بناغه ی دروستکردنی ده وڵه ته یه که م ئاسایشی خوراک دووه م هێزیکی یه گرتو که هه ردوو کیشمان هه بو وه هه یشه به ڵام نه کرا له ماوه ی چاره که سه ده یه ک هه ربه رێز بارزانی له کۆبونه وه ی له گه ل ماموستا ئاینیه کاندا ده ڵێت دوای روخانی به غدا ئیمه سێ لیوای پێشمه رگه مان نارد بۆپاراستی حکومه تی تازه دروست بو ئێستاش هه رپێشمه رگه له به غدا په رله مان وشویته گرنگەکان ده پارێزێ له وروژانه پێشمه رگه یه ک سه رپێچیکارێکی کوشتوه له سه یته ره که عشیره تی شه مه رچیان به کورد نه کرد ،ده ڵێم باخۆمان به هێز بکه ین به س هه ڵه و قومار به م خاک ومیله ته به ش مه ینه ته بکه ین ،هه رماموستا ی به ریزو گه وره مان کاک کامل له وتارێکی پێشتردا باسی کردبو راپرسی له ناوچه دابرێنراوه کان قوماره(که هه ڵه ی سیاسی بو ناونرا جێناکۆکه کانو راپرسی تێدا بکرێت وه ک ئیمه له گه ڵ میله تێکی پێشکه وتو دیموکراتیخوازی اورووپی مامه ڵه ده که ین نه ک عه ره ب)هیوادارم مه به سته که م روون کردبێته وه .

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

Fadhil Nakshbandi ده ستخۆ شی له به ر یزان ، کاك كامل ژ یر و ما مۆستا به ها د ین نوري ده كه م ، كورد واته ني نآن بۆ نانه وا وگۆ شت بۆ قه ساب

**بهاءالدين نوري** ماموٚستاگيان ئه ى ئه گه ر بوٚ شه ش مانگ ياساٚيک دوابخرێت وبه جدى
کارى بوٚبکرێ له لايه ن که سانى پسپوٚر وخه مخوٚر وخاوه ن ئه زمون و شاره زا له
ياساى نيوده وڵه تى ودبلوماسيه ت ..هتد نمونه ى جه نابت و ما موٚستا مسعود عبدالخالق و
ده يان به رێزى تر ،نه ک به م داموده زگايه ى سه روٚکايه‌تى هه رێم وحکومه ت ،ئيتر ئه
مپه له پروزه يه ى بوٚچيه .سوپاس

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** ماموٚستا بەهادینی بەڕێز،بڕوانە وەڵامەکەی من بۆ کاک ئارف
کەریم.. وەڵامەکەی کاک ئومەر ئوسمانیش دروستە. دواخستنی دەوڵەتی کوردی،
هەلئەڕەخسێنێ بۆ داگیرکەرەکانی کوردستان بۆئەوەی زیاتر بەهێزبنو زیاتر
یەکبگرن دژمان. ئەمرۆ هەمویان لاوازن. با ئەم هەلە لەدەسنەچێ.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer**
Omer Osman Barzingi کاکە ئومەر، بۆیە من بەپێویستم زانی پێش ماگی
11 سەربەخۆییەکە رابگەیەنرێ. لەهەمو بارێکدا دوای دائش مایە پوچ دەرئەچین.
ئێستاو هەمو کات خراپترین دەوڵەتی کوردی لە باشترین دەوڵەتی داگیکەرەکانمان
چاکترە.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Arif Kerim** بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان ، بۆ رزگاربوون لە داگیرکەرە ئیقلیمییەکانی عەرەب و تورک و فارس ، بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیموکراتی ئازاد و دادپەروەر لە کوردستاندا ، با هەمووما‌ن دژی سازش و بازرگانیکرن بە مەسەلەی نەتەوەیی و نیشتمانیمانەوە بوەستینەوە و دوژمن لە خاکەکەمان دەرپەڕێنین و یاری بە چارەنووسی ئەم میللەتەوە نەکەین ، بەڵێ مامۆستا گیان من لەگەڵ بۆچوون و هەڵوێستەکانی جەنابتاندام ، هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتووبن .

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** مامۆستا ئارف، من لەو باوەڕەدانیم ئەم دەسەڵاتەی ئێستە لەتوانایدابێ ئازادیو دادپەروەریو دەسپاکیو یەکسانی دەستەبەر بکات، بەڵام ئاماژەکردنیان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئەوە گۆڕانکارییەکی نەوعیە لەڕێڕەویانا، بۆیە پێویستە بۆ ئەو مەبەستە دەنگبدەین بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی. دەنگدان بەنەخێر هیچی لێسەوزنابێو دوبەرەکییەکی تازە دروستئەکا وەک سەردەمی میرنشینییەکان.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Arif Kerim** بەڵێ مامۆستا من لەگەڵ رای ئێوەدام بەلام بەومەرجەی رێفراندەم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بێ نەک بۆ بەرژەوەندی تاک و بنەماڵە ، بۆ پاراستنی کورسی ، لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستا من گومانم هەیە کە رێفراندەم ئەنجام بدرێت لە 25/9 دا ، بابزانین ئەم گەمەیە چی لێدێت.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Ali Ahmed Hamza** نه بنه ماله ي بابان و نه سوران نه بنه ماله ي حه فيد ماوه نه بنه ماله ي به رزاني ئه مينيت . به لام بنه ماله ى فتنه و حه قد و كراهية له ناو خوماندا كوتايي نايه ت كه سه ري هـه موومان ئه خوات ! ئه بوايه هـه رگيز شه رري ( براكوژيمان له بير نه چووايه .

**Akram Nabaz** ما موستا كيان ئه و خيله له باوه شي روم و عه جه م به روه رده بون هيچ هه ستيكى نه ته وه ييان نيه جكه له و بيرو ئايدلوزيه خيله كيانه ى خويان بوتير بونى مه رامه كه سي و خيل و قه بيله كه ى خويانئه م مه سه له ى ريفراندومه بوبه رزكردنه وه ى بالانسى له ناوجوى بارزته فه شه لو خيله كيه كه ى خويان وه ك فيليك بوراكيشانى عاتيفه ى زورينه ى ده نك ده ر ,,

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer**
.باوەڕبکە ئەگەر وادەرچو، خۆیان زەرەرمەند ئەبن **Akram Nabaz**

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

وەڵامێک بنووسە...

**Pshko Amin** دەست خۆش مامۆستا کامیل هەربژیت وسەربەرزبیت ئەوە بۆچونی نەتەوەیەکانە بەرامبەر بەم پاشاگەردانەیەی ئەرۆ ،هەمیشە دەیلیین کە دەسەلات تاوانبارە بەلام نابیت ئیمە لەوتاوانبارتربین و جیاوازی نەکەین لەنیوان سەربەخۆبون وکویلەیدا ،بۆیەدەنگدابەسەربەخۆی دەنگدان نیە بەدەسەلاتی گەندەل دەنگدانە ئازادیو بەنەتەوە بەدوبارە نەبونەوەی ئەنفال و کیمیاباران بەهەلواسین جگەلەوش چرایەک دەبیت بۆئازادبونی بەشە داگیرکراوەکانیتری خاک ونەتوەو دەبیتە پالپشتیان

**Zardasht Zardashty** مامۆستا خوا راوه ستاو وسه ركه وتوت بكات ، به راستى بابه ته كه ئه وه نده به هيزو به كه لكه ته نها بيرمه ندانى نه ته وه ى ده توانن ئه م جياكارى و ئايدۆلۆزيه ته له خوينه ر بكه يه نيت نيشتمان شتيكه وحكومه ت و رق و حقدى ده روونى و حزبى شتيكى تره ، ده سته كانت خۆش زۆر سوودم ليبينى

**Shamal Hama Aziz** ئه گه ريفراندۆم و ده وله ت گيرفانمان پره كات له پاره و حكومه تمان بۆ لائه دات و كاره باو ئاومان بۆ ئه گيريته وه و پاره ى نه وته به تالانبراوه كه مان بۆ دينيته وه و قوتابخانه كانمان بۆ ئه كات به يه ك ده وام و سه رۆكى ناشه رعى ناهيليت ئه وا به لێ

٢

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە شەماڵ، هیوادارین وابێ، ئەگەر وانەبو ئەرکی میللەتە بیروخێنێ. ئەوەش ئاشکرایە کە ئەوانە لەکفلەکونێکا دەستەبەر نابێ. باوەڕبکە حکومەتی ئەمریکاش گیرفانی کەس پرناکا. هەرکەس بەرمنجی شانی خۆی گیرفانی پرئەبێ. هەر میللەتیش خاوەن دەسەڵاتە بۆگۆڕینی حکومەت بەکودەتا یا بەهەڵبژاردن. بۆنمونە: تائێستا زیاتر لە شەش جار حکومەتی ئیراک روخێنرا.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Hama Amin Siwaily** مەفرزە خاسەکانیش داوای پرکردنی گیرفانیان دەرد شەرەفیشیان فرۆشت

**Hama Amin Siwaily** مەفرزە خاسەکانیش داوای پڕکردنی گیرفانیان دەرد شەرەفیشیان فرۆشت

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Shamal Hama Aziz** رازیبوون بە دە ولە تیك ئە م سە رۆکە کورد کوژو خائینە دە م سپی بیت ئە و پە رری بیشە رە فییە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Shamal Hama Aziz** کاك کامیل حکومە ت و سە رۆك پارە نادە ن بە س بادزیشمان لینە کات
خە لك دە وامی ئاسایی خوی دە کات هە ر لە ماموستاو دکتۆر و کارمە ند ئە رکی خۆیان جیبە جێ کردووە بە لام حکومە ت ئیستە نە وتە فرۆشێ مافە کە یان دە دزێ
جاردانی دە ولە ت بۆ بە دیهینانی ژیانیکی خۆشترو سە ربە رزترە
سە رۆك کۆرو کۆبوونە وە ئە کات باسی یادە وە ری خۆیە کات بە لام پلانی هیچی نییە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Shamal Hama Aziz** شە ش جار حکومە تی ئیراق روخاوە باجاریکیش حکومە تی هە ولیر بروخیت و ببنە پە ند بۆ داهاتوو

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ساڵ

**Mohemed Jaza** حکومەتی هەولێر کە مەبەستت پارتیە قەد بەئێوە ناڕوخێ کاکشماڵ..بیر لەشتی تر بکەوە

کورتە وە ڵام/27 بۆ پرسی دە وڵە تو دە سە ڵاتێکی گونجاو ٩/١/٢٠١٨

بۆ هە ر دە ردێک زانینی 3رێگە پێویستە :1-پە یبردن بە دە ردە کە 2-هۆکە ی 3-چارە کە ی.

بۆکێشە گە ورە کە ی کوردیش، هە مان سێ رێگە :-

دە ردە کە چیە ؟

بێ دە وڵە تیە . بۆدەوڵەتماننیە؟

ئەشێ هۆی نەبونی دەوڵەتی کوردی، لەدوای هەرەسی دەوڵەتی مادەوە، بگەڕێتەوە بۆ هەنێ هۆکار، لەوانە:

١-شکستی دەرونی: لە دێر زە مانە وە ، کورد کۆمە ڵکوژئە کریَ. لە دوای هە رە سی دە وڵە تی مادە وە ، فارسە کان کە وتنە کۆمە ڵکوژیی کورد. فتوحاتی ئیسلامی، هێرشی مە غۆلە کان، ئوسمانی، سە فە وی، دەوڵەتانی تورکو ئیراکو سوریەو ئێران، هە ریە ک بە جۆریَ کوردیان کۆمە ڵکوژکردوە . دواجار دائش.

ئە م کۆمە ڵکوژیانە ، کوردیان بە چە ترسێنکردوە، وە ک ئە و منالّە ی کە باوکی بە لێدانی زۆر بە چە ترسێنی ئە کاتو منالّە کە لە کۆلان یا قوتابخانە ، منالانیتر بە ئاسانی ئە یبە زێنن. واتا منالّە کە هە ر لە مالّە کە ی خۆیە وە کە سێتییە کە ی شکست ئە هێنیو لە ناخیا باوە ڕی بە خۆی نامێنیَ کە ئە توانیَ ئە ویش زالّبیَ بە سە ر منالّێکیترا ! لە بە رئە وە هە میشە وایپێخۆشئە بیَ ببێتە خواردە ستو پاشکۆی منالّیتر.

کوردیش هە ر وایبە سە رهاتوە . لە نە ست(لاشعور)یا باوە ڕی بە وە نە ماوە کە ئە توانیَ زالّبیَ بە سە ر ئە وانە دا کە کۆمڵکوژیانکردوە ، باوە ڕی بە وە شنە ماوە کە ئە توانیَ خۆی فە رمانڕە وایی خۆیبکا بە هۆی ئە و شکستانە ی کە هێناویێتی!. هە میشە ملکە چە بۆئە وە ی نە تە وە یە کیتر فە رمانڕە وایبێو ئە میش نۆکە رێتیی بۆبکا! بە دە ربڕینێکیتر، کورد توشی شکستی دەرونیو گرێی خواردە ستیبوە . واتا لە نائاگاییدا وائە زانیَ کە فە رماڕە واکە ی هە ر ئە بیَ بێگانە یە کبیَ!. لە مە وە دیاردە ی ناپاکیو جاشێتیش دروستبوە . ئدریسی بە تلیسی بە م دە رونە سە قە تە وە میرنشینییە کوردییە کانیکرد بە پاشکۆی ئوسمانی. شازدە ی ئکتۆبە ر هە ر بە وجۆرە ! پێنوسە جلخوارەکانیش کە هەمیشە، راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، خۆراکی کۆسمۆپۆلیتی ئەکەن بەگەروی تاکی کورداو سالانێکیش مارکسییەکان لەهەولّی خەباتی چینایەتیو نانەتەوەییابون، لەهەموی خراپتر!.

لە هە مو گشتێکا دە گمە نیش هە یە . لە ناو کوردیشدا کە سی وا هە ڵکە وتوە کە باوە ڕی بە خۆیبیَ. شۆڕشی بە ر پاکردوە، یا قە وارە یە کی سیاسیی بچوکی بۆکورد پێکهێناوە ، بە ڵام چونکە هاوکارە کانیو نە تە وە کە ی لە ناخیانا شکستخواردوبون، باوە ڕیان بە وە نە بوە کە ئە و سە رکردە یە سە رکە وتوئە بیَ، یا ئە و قە وارە یە تاسە رئە بیَ، بۆیە نە ک هە ر بە رگە ی هێرشێکی داگیرکە ریان نە گرتوە ، بە ڵکو هاوکاریشبون لە گە ڵ ئە و داگیرکە رە دا، واتا بە نرخێکی هە رزان، یا بە بیَ هیچ نرخیَ، بون بە جاشی داگیرکە ر یا بە لایە نی کە مە وە ، تە نیا دە وری سە یرکە ریان بینیوە !.

لە گۆشە یە کیترە وە ، داگیرکە رانی کوردستانیش، بەو شکستە دەرونییەی کوردیان زانیوە، بۆیە بە بیَ ترس، کۆمە ڵکوژیی کوردیانکردوە ، چونکە زانیویانە ئە گە ر کورد لە شە ڕێکا سە ریشکە ویَ، کۆمە ڵکوژیی ئە وان ناکا! لە بە رئە وە ی خاوە ن کە سێتییە کی شکستخواردوە ، نە ک لە بە رئە وە ی کورد مرۆڤدۆستە وە ک هە نیَ رۆشنبیری جلخوارو ترسنۆک ئە یڵێنو فە لسە فە ی مرۆڤایە تیمان پێئە فرۆشن!! جائە گە ر لە و هە لانە دا کە بۆکورد رێکە وتون ، کۆمالّکوژیی دوژمنمان بکردایە تە وە ، ئە وا ئە وان، یا جارێکیتر پە لاماریان نە ئە داینە وە ، یا لە ترسی تۆڵە، زاتی ئە وە یان نە ئە کرد کۆمە ڵکوژمان بکە نە وە . ئە م بارە دە رونیە شکستخواردوە وایکردوە کە تۆڵە لە جاشو گە ندە ڵو ناپاکانی ناوخۆش نە کرێتە وە!.

لە مبارە یە وە هە نیَ نمونە : سە لاهە دینی ئە یوبیو ئە بو موسلیمی خۆراسانی، بە و لە شکرە زۆرە ی هە یانبو، ئە یانتوانی تۆڵە ی کۆمە ڵکوژیی (فتوحاتە کانی ئە رە ب) بکە نە وە ، یاهیچنە بیَ

قه واره يه ک بۆنه ته وه که ی خۆيشيان درۆستبکه ن، نه يانكرد!. دواى راپه ڕين، هه مو ئه و هێزه چه كدارانه ی كورديان ئه نفالكرد، كه وتنه ده ست كورد ، كه چی له جياتی تۆڵه سه ننه وه ، دالّده درانو به ڕێزه وه گه يه نرانه وه زێدی خۆيان!. جاشو گه نده ڵو ناپاكانی ناوخۆش، نه ک هه ر سزانه دران، به ڵكو پاداش درانه وه !. فڕۆكه وانه توركومانه كه ی كه هه ڵه بجه ی كيميابارانكردو كه وته ده س كورد، به ره ڵاكرا!. دوای 2003 ئه ره بو توركومان، كه ركوكو دوزو ناوچه كوردييه داگيركراوه كانيتری كوردستانيان به جێهێشت، كه چی دو هيزبه گه نده ڵه كه چون به ڕێزه وه هه مويانيان هێنايه وه و ده وڵه تی ئيراكيشيان نۆژه نكرده وه ، ئه وانيش له 16ئوكتوبه ری 2017دا بەدەبابە بەسەر لاشەی گەنجی كوردا ڕۆيشتن!. دواييش خەڵكی ئەو ناوچانەيان ناچاركرد زێدی خۆيان جێبێڵن، چونكه ترسی په رچه كرداری كورديان نيه . دەسەڵاتی كورديش، له جياتی خۆڕێكخستن بۆتۆڵه ، سەرقاڵی ئەوەيه هه رێم زياتر بخاتەوه ژێر بالی به غا به ناوی ده ستورو دانوستانه وه !. دانوستانه كه ش بۆبوجه و موچه ، نه ک بۆسه ننه وه ی ناوچه داگيركراوه كان، يا تۆڵه ی كۆمه ڵكوژييه كان !! ئه وه له كاتێكا كورد له 16ی ئوكتوبه را به شه ڕ نه يدۆڕانوه !. پێشمه رگه شكۆی نه شكاوه . ئەوەش سەلماوه كه ده ستورو ماده ی ئێكسپايه ری سەدو چل، هيچی لێسەوزنابێ. پێشمه رگەش به ژماره زۆر، پڕچه كی قورس، پاڵپشتی نێوده وڵه تيو وره ی به رزی هەيه . به ڵام رابه رايه تييه كه ی متمانه ی به خۆينيه !. ئه گينا ئه وه چ بيركردنه وه يه كه ئه و رابه رايه تييه ی به و هه مو هێزو چه كی قورسو وره ی به رزی پێشمه رگه وه نه يتوانيبێ ئه و شوێنانه بپارێزێ، به دانوستان ئه توانێ بيانسه نێته وه !؟

ئه م گرێی خوارده ستييه ، له ڕابوردوه وه، ره گی به ناخی كوردا رۆچوه . كه ريم خانی زه ند، دوای مردنی نادرشا ( 1750 تا1779 ) ٢٩ساڵ فه رمانڕه وايی هه مو ئێرانی كه وته ده ستو ئێران ناونرا ده وڵه تی زه ند، زه نديه كانيش كوردن. به سره ش كه وته ژێرده ستی ئه و ده وڵه ته ، كه چی كه ريم خان له جياتی ئه وه ی نازناوی پاشا له خۆی بنێ، نازناوی (وه كيل)ی لكان به خۆيه وه ، مه به ستی ئه وه بو كه به وه كاله ت فه رمانڕه وا بێ تا كوڕه كه ی نادرشا گه وره ئه بێ، ئه وسا جڵه وی فه رمانڕه وايی ئه گێڕێته وه بۆنه وه ی نادرشای فارس! هه ر واشيكرد!! جگه له وه چه ندين هه ليتر بۆكورد رێكه وتوه كه ده سه ڵاتی هه مو ئيراک يا سوريا بگرێته ده ست، كه چی ئه و هه لانه ی له ده ستداوه ، چونكه باوه ڕی به خۆی نه بوه، له به رئه وه ی كه مينه يه ! كه چی كه مينه ی سونه له ئيراک 1921تا 2003و كه مينه ی عه له وی له سورياو كه مينه ی فارس له ئێران تا ئێستا فه رمانڕه وان!. كورديش ئه يتوانی، يائه توانێ ده سه ڵاتی پايته ختێک بگرێته ده ست، به ناو، هه ربه ناوی ئه وانه وه . به ڵام به ناوه رۆک، بۆراژه ی خۆی > گەڕانەوەمان بۆئەم چەمكەئەبێ.

٢-شاخەكان: تا ئێستا لەناو كوردا، وا زانراوه كه شاخەكانی كوردستان، تاكه پشتو پەنای كوردبونو هۆكاری مانەويبون. ئەشی ئەم سەرنجه تا رادەيه لايەنی راستيی تيابێ، بەڵام ئەگەر زياترو وردتر، سەرنج لەم لايەنەبدەين، بۆماندەرئەكەوێ كه شاخەكانيشمان لەڕابوردوا هەر زيانبون بۆكورد!.

دوای هەرەسی دەوڵەتی مادو كۆمەڵكوژيی كورد لەلايەن فارسەكانەوه، كوردەكان لەشارەكانيانەوه هەڵاتنو بەناوچه شاخاوييەكانا بڵاوبونەوه، هەر بنەماڵەيەكو بۆشاخێكی سەخت دورلەوانيترا!. بەپێی هەنێ سەرچاوەش، ئەو بنەماڵانه نزيكەی بيست ساڵ بەشاخەوه ماونەتەوەو ژيانی كولەمەرگييان بەگژوگياو بەرهەمی دارودرەختبوه، بەتايبەتی بەڕوا!. ئێسته با شيكارييەک بۆئەم ئەنجامه بكەين:

ا: وەنەبێ لەمێژودا هەر کورد توشی لێقەومانی هەرەسی دەوڵەتو کۆمەڵکوژیبوبێ، چەندین نەتەوەیتر دەوڵەتیان روخێنراوەو کوشتاری زۆریانلێکراوەو دوایی لەهەلێکی گونجاوا توانیویانە دەوڵەتی خۆیان دروستبکەنەوە.

ب: کورد بۆیە لەو سەردەمەدا توانای ئەوەی نەبوە، چونکە، لەلایەک لەشارەکانیان دورکەوتونەتەوە، لەلایەکیتریشەوە لەشاخەکانا، بەو پەرشوبڵاوییە، نە دەنگیان بەیەکدی گەیشتوە، نە توانیویانە یەکبگرنەوە بۆدروستکردنەوەی دەوڵەتی خۆیان.

پ: ئەگەر ئەو شاخانە نەبونایە، کورد توشی ئەو پەرشوبڵاوییە نەئەبو. ئەوانەی بەر زەبری کۆمەڵکوژییەکە نەئەکەوتن، هەر لەشارەکانیانا ئەمانەوەو هەلی هەستانەوەی دەوڵەتەکەیان لەدەسنەئەچو.

کەواتە، شاخەکان، گەرچی ژیانی کوردیان پاراستوە، بەڵام تا ئەمرۆش هۆیەکبون بۆدروستنەبونی دەوڵەتی کوردی. ئەم راستییە لەسەردەمی مێژوی نزیکیشمانا هەروابوە. جەنگاوەرانی کورد، داویانەتە شاخو شاریان بەجێهێشتوە بۆداگیرکەر. شۆڕشی ئەیلول بۆنمونە. دەسەڵاتی ناوەندیش، ئەو شاخانەی لاگرنگنەبوەو بەردەوامبوە لەکۆیلەکردنی شارەکانمان بەکەمترین زیان. هەموشمان ئەزانین کە ئەمریکاو ڤیەتنامو جولەکە لەفەلەستین بۆنمونە، بەڕاپەڕینی شارەکانیان، داگیرکەرانیان راوناوەو سەربەخۆییان بەدەسهێناوە بۆخۆیان. چونکە داگیرکەر، هەر تا رادەیەک بەرگەی کوشتنی فەرمانبەرانو سەربازەکانیانئەگرێ، دوائەوە نەتەوەکانی خۆیان لێیان قبوڵناکەن هەر رۆژەو ژمارەیەک لاشەی رۆڵەکانیان بۆبگەڕێتەوە. ناچار شارە داگیرکراوەکان جێدێڵنو هەلی دەوڵەت بۆ گەلی داگیرکراو ئەڕەخسێ.

٣-ئاین: ئاینو ئاینزا (مەزهەب) دەورێکی کاریگەر ئەگێڕن بۆسەربەخۆیی گەلان. دوائەوەی نەتەوەی فارس دەسیگرت بەسەر ئاینی زەردەشتیا، کورد ئەو پەرۆشییەی بۆ ئەو ئاینە نەما. کاتێکیش شاڵاوی ئەرەب بەئاینی ئیسلامییەوە رویکردە کوردستان، کورد بەناچاریو بۆئەوەش کە لەفارس رزگارببێ، بەبێ بەرەنگاربونەوەیەکی زۆر، ئاینی ئیسلامییان وەرگرت. بەڵام چونکە ئاینەکە تایبەتبو بەئەرەب (انا أنزلناكم قرئانا عربيا لعلكم تعقلون) نەتوانرا بەهۆی ئەو ئاینەوە دەوڵەتی کوردی دروستبکرێ. فارس، زو فریای خۆیکەوتو بەئاینزای (شیعە) قەوارەی خۆی پاراست. تورکیش بەخەلافەت. هەنێ نەتەوەیتریش، بەهۆی دوریان لەئەرەبەوە، قەوارەی تایبەتیی خۆیان هەیە. کەواتە نەبونی ئاین، یا ئاینزایەکی تایبەت بەکورد کە لەئێستادا پەیڕەوکرێ، هۆیەکیترە بۆنەبونی دەوڵەتی کوردی.

٤-دەوڵەتی ئەیوبی: ئەم دەوڵەتە کە ٨١ ساڵی خایان (٥٦٧ تا٦٤٨)ی هیجری، لە دو روەوە زیانی گەورەی بەنەتەوەی کورد گەیانوەو بۆتە هۆی دروستنەبونی دەوڵەتی کوردی:

یەکەم: سەلاهەدینی ئەیوبی، سەدان هەزار گەنجی کوردی لەکوردستانەوە کێشکرد بۆ وڵاتە ئەرەبییەکان. نە خۆیانو نە وەچەیان، نەگەڕانەوە بۆکوردستانو لەناو ئەو وڵاتانەدا توانەوە. ئەوەش گورزێکی کوشندەبو لەوزەی بەشەریی کورد بەجۆرێ کە لەئەنفالەکان زیاتر کوردی کردە قوربانی لەپێناوی دەوڵەتی ئەیوبیا، ئەو دەوڵەتەی گەورەترین خزمەتی ئەرەبیکرد بەوەی میسرو سۆدانو شامو هیجازو یەمەنو مەغریبی کۆکردەوە لەیەک دەوڵەتی ئەرەبیا، بەڵام بیری سەلاهەدین بەلای دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردیا نەچو!

دوەم: سەلاهەدینی کورد، لە ٢/ئوکتوبەر/١١٨٧ز بەیت مەقدەسی لەخاچپەرستەکان سەنەوە دوای کوشتوبڕیان. ئەم روداوە وەک گرێیەک لەدڵی خاچپەرستەکانا مایەوە تا لەساڵی ١٩١٨دا هەلێکی زێڕین بۆ سایکس بیکۆی وەچەی خاچپەرستەکان هەڵکەوتو تۆڵەی کردەوەکەی سەلاهەدینیان بەوە لەکورد کردەوە کە کوردستانیان بەجۆری پارچەپارچە کرد، کوردیان کرد بەکەمینە لەژێردەستی تورکیاو ئیرانو ئیراکو سوریادا بۆئەوەی هەر بەژێردەستەیی بمێننەوەو رزگاریاننەبێ، چونکە کورد لەناو ئەو دەوڵەتانەدا وەک کەمینە، نە بەهەڵبژاردنو نە بەشەڕ، هاوتانینو دەرەقەتی ئەو دەوڵەتانە نادەن!. بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەش لەماوەی سەد ساڵی رابوردوا، ناوچە کوردییەکانیان هەر بەوێرانیو هەژاری هێشتۆتەوەو سامانیان تالآنکردون بۆئەوەی سەرمایەگوزاری لەکوردستانا دروستنەبێو هەرچاویان لەموچەی کولەمەرگیی ئەوانەوەبێو بیرلەدەوڵەتی کوردی نەکەنەوە!.

٥-لاوازیی هوشیاریی نەتەوەیی: کورد بەپێچەوانەی نەتەوەکانیترەوە، هوشیاریی نەتەوەییەکەی زۆر لاوازە! ئەوەش بۆتە هۆیئەوەی بەساویلکەیەتی بمێنێتەوە، هەست بەناتەواوییکا، زوهەڵخەڵەتێ، دۆستو دوژمنی خۆی لێکجیانەکاتەوە، پەنا بۆداگیرکەرەکانیببا، چاوچنۆکبێ، یەکگرتونەبێ، هەلی سەربەخۆیی لەدەسبداو...هتد. ئەگەر نەبونی هوشیاریی نەتەوەیی نەبێ، بۆچی کورد، ئیراکی لەبەریەکهەڵوەشاو دروستئەکاتەوە! سوپاکەی دائەمەزرێنێتەوە! ئەوهەمو گەندەڵییەی تیابڵاوئەبێتەوە! شەڕی ناوخۆئەکا!.

## چارەسەریەکان

ئاشکراو بەڵگەنەویستە کە چارەسەری ریشەیی کێشەکانی کورد، لەرزگاربونیایە لەژێردەستەییو چەوسانەوە. ئەوەش بەدینایەت ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی خۆینەبێ وەک ئەو دەوڵەتانەی دنیا. چارەسەرییە نیوەناچڵەکانی وەک ئۆتۆنۆمیو فیدراڵیو پێکەوەژیان، بەهەرناوێکەوە، ئەگەر بۆ هەنێ نەتەوەی پێشکەوتوی وەک نەتەوەکانی سویسراو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا گونجاوبێ، بۆکورد ناگونجێ. چونکە نەتەوەکانی تورکو فارسو ئەرەب، بەهەزار ساڵیتریش، ناگەنە ئاستی ئەو پێشکەوتنەی ئەو دو وڵاتە تا دان بەمافە نەتەوەییەکانی کوردا بنێن. بەڵکو هەمیشە وەک کۆیلەو نۆکەرو جانەوەر ئەڕواننە کورد. کوردستانیش بەمڵکی خۆیانئەزانن. تورک، بەردەوام ئەوە دوبارەئەکاتەوە کە تورکیا یەک دەوڵەتو یەک نەتەوەو یەک زمانە. فارس، هەمو ئێران بەمڵکی خۆی ئەزانێ. ئەرەب، ئەڵێ کورد نەوەی جنۆکەیە. هەموشیان چەندین جار کۆمەڵکوژیی کوردیانکردوە!.

بۆسەربەخۆیی کوردستان، چەندین رێگا هەیە کەپێشتر من لەسمینارێکا لەئەڵمانیا/کۆڵن بەبەرواری ١٣/٨/٢٠١١ ئاماژەم بۆرێگاکانی سەربەخۆیی کردوە. یەکێ لەو رێگایانە: بەخاوەنبونی دەسەڵاتە لەهەرکام لەدەوڵەتانی ئیراک، سوریا، تورکیا، یا ئێران. جگە لەوە، راگەیاننی دەوڵەتی کوردی لەئێستاو لەهەمو کاتێکا کاریکردەیەو ئەبێ هەنگاوی کردەیی بۆبنرێ. بێگومان کاتەکان چونیەکنین. کات هەیە لەکاتێکیتر باشترە، بۆهەر هەلو کاتێکیش ئامادەکاریی خۆیئەوێ. لەکاتی ئێستادا، لەهەمو روەکانی سیاسیو سەربازیو ئابوریو کۆمەلآیەتییەوە، هەلێکی زێڕین لەبارە بۆراگەیاننی سەربەخۆیی باشوری کوردستان، ئیراک بەکردەیی بۆتە ٣ پارچە، هکومەتەکەی ئێستای بەغا لاوازترین حکومەتی ئیراکە لەڕوی کەرەستەییو واتاییەوە ( مادیو مەعنەوی)و سەربازیەوە بەدرێژایی مێژوی ئیراک،

بازاڕی نەوتی کوردستان لەبرەودایە، سەربەخۆیی بۆتە خواستو ویستی زوربەی جەماوەری کورد، ئەگەر لایەنێکی سیاسیی کوردیش هەبێ دژی سەربەخۆیی بوەستێتەوە، ئەوا بەڕاگەیاننی سەربەخۆیی، ئەو لایەنە وەک بەفری بەهار لەئاستی خۆی ئەتوێتەوەو تەپڵی نابوتی لێئەداو هەر جەماوەرەکەی خۆی لێیهەڵئەگەڕێتەوەو...هتد. بەڵام بەداخەوە لەوەئەچێ ئەم هەڵەش وەک هەڵەکانی رابوردو لەدەسبچێ! بەم بەڵگانە:

راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەبێ لەکاتی هەڵێکی وادا، کتوپڕ (موفاجەئە) یەکبێو دوانەخرێ، نەک پێشەکی بدرکێنرێو نەیاران بکەونە خۆیان بۆلەباربردنی. لەگشتپرسییەکەی ٢٠١٨و ٢٠٠٥دا ٩٣%و ٩٨% دەنگ بۆسەربەخۆیی دراوەا. ماوەتەوە ئەوەی پێشەکی چەکی بەرگریی، بەتایبەتی دژەئاسمانیی، بۆئامادەبکرێ. زەخیرەیەکی زۆری هەمەجۆری بۆبخرێ، سەرباری هەنێ راسپاردەیتر کەناکرێ لەم نوسینەدا بدرکێنرێ. وەنەبێ ئەوانەش کاری نەکردەبن، داهاتی نەوتی ئێستەی کوردستانو داهاتەکانیتر، لەوانە زیاتری تیائەبێ ئەگەر بەفیڕۆ نەدرێ یا بەر شاڵاوی گەندەڵی نەکەوێ وەک ئەوەی بەشێ لەو داهاتە بدرێ بەهیزبەکان کە مانگانە ئەکاتە زیاتر لەچەن ملیۆن دۆلار. نابێ بوجەی هیزب لەسەر بوجەی گشتیبێ، بەتایبەتی ئێستا ئەو هیزبانە پرۆژەی ئابوریی ناڕەوای ئەوەنە زۆریان هەیە کەلێیانئەڕژێ. جگەلەوانە، سەربەخۆیی کوردستان پێویستی بەرەزامەنیی نەئەمریکاو نەهیچ دەوڵەتێکی دەرەکیو هەرێمینییە. هیچ دەوڵەتێ ( وەلی ئەمر)ی کورد نیە. هیچ دەوڵەتێکیش سەربازی خۆی بەکوشت نادا بۆرێگری لەباشوری کوردستانێکی سەربەخۆ، مەگەر ئیراکی لەڕولاوازو ئەفلیجو لەبەریەکهەڵوەشاو کەئەویش دەرەقەتنایەت. بەپێچەوانەوە، زوربەی دەوڵەتان، ئەکەونە پێشبڕکێ بۆدانانان بەدەوڵەتی کوردیی سەربەخۆدا، وەک چۆن بینیمان زلهێزەکان سەرەتا دژی دابەشکردنی یوگۆسلافیاو سۆدانبونو دوایی بونە پشتگیریان. ئابلۆقەی ئابوری ترسێکە لەسەری ترسنۆکەکانا، ئەگینا کاری کردەنیە، ئەو سنورە دورودرێژەی باشور بە دە ملیۆن کەس ناتەنرێ، باشور پێشتر سەرنەکەوتنی ئەو جۆرە ئابلۆقەیەی دیوە، زیاتر لەبیست ساڵە قەندیل ئابلۆقەی ئابوریی لەسەرەو ئەو ئابلۆقەیە سەرکەوتنی بەدەسنەهێناوە. ئێستە ئیتر هیچ پاساوێک بۆوەرگرتنی پۆست لەبەغا نەماوە. نابێ لەوەبترسین کەهەنێ قوربانیبدەین یا بۆماوەیەک توشی هەنێ تەنگژەی ئابوریبببین! لەمێژوی دێرینی کوردا، باپیرانی ئێمە ساڵانێک تەنیا بەبەڕو ژیاون! ئەوە تەنیا مرۆڤە ترسنۆکو خاوەن ژێرزەمینە پڕلەدۆلارەکانن کە لەقوربانیدان ئەترسن. ئەگینا هەمیشە پێشمەرگە قارەمانەکان، بەسکی برسیو گەروی تینوەوە ئەجەنگنو قوربانیئەدەن لەپێناوی بنیاتنانی دەوڵەتی کوردیا!.

گریمان هەمو ئەو وتانەمان دوربون لەهەڵکەوتەو بارو دۆخی ئەمڕۆی کوردستانەوە، گریمان ئەگەر سەربەخۆییمان لەهەر کونجێکی کوردستان راگەیان، ئەوا چوار داگیرکەرەکەو هەمو جیهانیش لەدژمان ئەوەستنەوەو رێگریمان لێئەکەن وەکچۆن بەرەنگاری ریفراندۆمەکە بونەوە، ئەمەش ئەگەرێکەو ئەشێ وابێ. لەبارێکی وادا، رێگایەکیتر بۆسەربەخۆییمان هەیە کە ئەگونجێ ئاسانترین رێگابێ، ئەویش رێگای دەسگرتن بەسەر دەسەڵاتا لەهەرکام لەپایتەختەکانی داگیرکەرانمان وەکچۆن کەمینەی سوننە ٨٢ساڵ فەرمانڕەوای ئیراکبو، کەمینەی ئەلەوی لە ١٩٧٠وە تائێستا فەرمانڕەوای سوریایە، هەروەها کەمینەی فارسیش لەئێران، دروستەو دەستوریشە کەمینەی کوردیش ببێتە فەرمانڕەوای هەرکام لەو وڵاتانە لەهەلی گونجاوا کە ئێستا ئەو هەلە لەبارە بۆکورد لەئێراکو سوریاشدا. لەرابوردوشا ئەو هەلە کەوتە دەس کەریم خانی زەند لەئێرانو بەکر سدقی لە ئێراکو هوسنی زەئیم لەسوریا، بەڵام نەیانزانی چۆن پارێزگاری لەخۆیانو لەدەسەڵاتەکەیان بکەنو بیخەنە خزمەتی کوردەوە!.

ئەركی ئێستەی دەسڵاتی كوردی لەباشورا

پێشه كی ئه بێ ئه و راستییه بزانین كه ئه م هه رێمی كوردستانه ی ئێمه، بۆته راستییه كی چه سپاوو بۆهیچ هێزو ده وڵه تێكنیه له ناوییه رێ. به تایبه تی ئێسته ، بەهۆی بونی نەوتو گازەوە لەهەرێم، له به رژه وه ندیی زلهێزه كانه كه بیپارێزن، سه رباری بریاره كانی 688و هێلی 36و ناوچه ی دژه فڕینو ئارامو ده رایه ك نه وتو گاز. لەهەمانكاتا دوریشنیه كەشەپوتێكی سەركەشی خاوەن دەسەڵات هیرشیبكاتەسەر، بەڵام سەركەوتونابێ.

بۆئه م دۆخه ی ئێستاو بۆپرسی ده وڵه ت به گشتیو به كورتی، ئه وه یه دەسەڵاتی هەرێم، یا كه سێك یا هێزێكی چه كداری نیشتمانی، ئه م ئه ركانه ئه نجام بدات :

1- دامه زراننی سوپایه كی یه كگرتوی رزگاریی مۆدێرن (هه ر به ناوی پێشمه رگه وه له هه ردو ره گه ز) و پرچه ككردنی به هه مو جۆره چه كێك به چه كی ئاسمانیشه وه . ته نیا ئه و سوپایه و رابه ره كه ی جڵه وی شه ڕو به رگریو كارو سه ركردایه تی وڵات بگرێته دەست.

سه باره ت چه ك، چه ندین سه رچاوه هه یه كه ئاماده ن چه كی قورسو فڕۆكه و چه كی ئه تۆمیش به قه رزی نه وتو گاز بفرۆشن. ئه وسا ناوچه داگیركراوه كانیش به ئاسانی ئه سه ندرێنه وه .

2- رونكاری (شه فافیه ت) له داهاتو خه رجییه كانداو وردبینیكردنیانو گلدانه وه ی به شێك له داهاتی گشتی له بانكی ناوه ندا بۆیه ده ك.

3-بنه بڕكردنی گه نده ڵیو سزای ناپاكو گه نده ڵكارو سه ندنه وه ی ماڵی دزراو. به نه هێشتنی گه نده ڵی، ئه بینه خاوه نی ئابورییه كی ئه وتۆ كه پێویستیمان به بوجه و موچه ی به غدا نامێنێ.

4-په روه رده ی كوردایه تی له منداڵییه وه . ئه گه ر ئه وه نه كرێ، ئه وا ناخی نه وه كانمان به په روه رده ی دژه كوردایه تی پڕئه كرێته وه .

5- توێژینەوەی زانستیو كاری كردەیی بۆرزگاركردنی كورد له گرێی خوارده ستیو وازهێنان له به زه ییو درۆی مرۆڤایه تی..

6-یاسا، به ڕاستی سه روه ربێو ئه نجومه نی وه زیران له كه سانی پیشه وه ر (ته كنۆكرات) پێكبێ.

7-نه هێشتنی پارتایه تی، یا سڕكردنی، تا هوشیاریی نه ته وه یی ئه گاته ئاستێكی به رز. ئه و گه ڕه لاوژه ی پارتایه تییه ی ئێسته ، شێرپه نجه ی كورده . بەنەهێشتنی پارتایەتی، سامانێكی زۆر ئەگەڕێتەوە بۆخەزێنەی میریی. مەترسیی دوبەرەكیو شەڕی ناوخۆ نامێنێ، گەندەڵی كەمئەبێتەوە یا نامێنێ.

8-نه هێشتنی چەمكو درۆی دیموكراتی. دیموكراسی له كۆمه ڵگه ی دواكه وتودا، واتا ده سه ڵاتی زۆرینه ی خراپ به سه ر كه مینه ی باشدا. یا هه ر ناوێكی بێ ناوه رۆكه .

9-سیستمی په رله مانی دوابخرێ بۆدوای سه ربه خۆیی.

10-له دۆخی نائاساییو ته نگژه ی ئابوریا، ته نیا ئه وه نه ی راده ی كه می ژیان، موچه دابینكرێ بۆموچه خۆران به یه كسانی (وه كیه ك) له سه ره ك وه زیرانه وه تا بچوكترین موچه خۆر. خۆ

ئه گه ر پله به رزه کان بۆماوه یه کی گونجاو خۆبه خشانه کاربکه ن، ئه وا ئه بنه نمونه یه کی باش بۆئه وه ی پله نزمه کانیش به موچه یه کی که م رازیبن تا کۆتایی ته نگژه ئابورییه که .

11-خۆماڵی (تامیم) کردنی زه ویو بەگرێبەستی درێژخایەن بدرێ بەکرێ بەکەرتی تایبەتو بەکۆمپانیای بیانی بۆ مەبەستی وه به رهێنانی کشتوکاڵیو پێشه سازیو گه شتیاریو ئاژه ڵداریو گەشەدانیان، واتا گه شه ی ئابوری له هه مو رویه که وه به که رتی نه وتو گازیشه وه .

12-له م دۆخه ماندا، تەنیا یەک زانکۆو یه ک ده زگای راگه یانن به سه. ئه وانیتر پاره به فیڕۆدانو بێیه رهه من . به گشتی ده سگرتنه وه (تقشف) له هه مو بواره کاندا.

13-دڵنیایی تەندروستی بۆ هاولاتیانو پەره بەنەخۆشخانه گشتییەکان. خه سته خانه ی ئه هلیو نۆڕینگەو ئەزمونگه تایبەتەکان نه هێڵرێو موچەی پزیشکو ئەزمونکارو مامۆستا بەپێی بارستایی کارەکانیانو ژماره ی وانه کانیانبێ.

14——دەستورێ، سەروەریی یاساو ئازادیو یه کسانیو مافی پێکهاته ئاینیو نەتەوەییەکانو مافی ئافره تی تیاپارێزراوبێ.

15-له هیچ کاتێکا هه مو هێلکه کان نه خرێنه سه به ته یه که وه . ئه بێ ئه و راستییه بزانین که زلهێزه کان هه میشه چاویان له نیشتمانو له سامانه سروشتییه کانمانه . بۆئه و مه به سته، هه ر لایه کیان به جۆرێ یاری به ئێمه ئه که ن. ئه بێ ئێمه ش خۆمان هه رزانفرۆش نه که ین به هیچ لایه کیان. به ڵکو پێویسته ئێمه ش گه مه به هه مویانو به چوار داگیرکه ره که شمان بکه ین.

16-ئه گه ر گه نده ڵی نه هێڵین، پێویستیمان به بوجه ی به غدا نابێ.

17-ئه گه ر ژماره ی موچه خۆرانی میری به ڕێژه ی 75% که مکرێنه وه ، که رتی تایبه تیمان ئه بوژێته وه و به رهه می کشتوکاڵیو پیشه سازیو ئاژه ڵیو به روبومیان به جۆرێ په ره ئه سه نێ که هه نارده کردنمان له هاورده کردنمان زیاتربێ.

بنه ما گشتییه کان:

ا- کوردایەتی، راگری بونو مانی ئێستەو ئایندەمانه. بیروباوه ڕه کانیتر، فه لسه فه ی ئه و جۆره که سانه ن که به بڕوانامه یه ک یا خوێندنه وه ی چه ند کتێبێ خۆیان لێئه بێته فه یله سوف.
هه روه ها فه لسه فه ی ترسنۆکه کانو نه زانه کانو ئه وانه ی له ئه نجامی گرێی ده رونیو خوارده ستییه وه باوه ڕیان به خۆیانو نه ته وه که یان نیه و..تاد.

ب- هەمو نزیکبونەوەیه لەداگیرکەران، ئەگەر ئامانجێکی سیاسیی لەدوانەبێ، دورکەوتنەوەیه لەسەربەخۆیی.

ج-سەربەخۆیی کوردستان له هه لی گونجاوا لەدەسنەدرێ.

د -نۆژەنکردنەوەی ماڵی داگیرکەران، وێرانکردنی ماڵی داگیرکراوانه.

هـ - ئاشتیو برایەتی لەنێوان داگیرکەرو داگیرکراوا، کۆیلەیەتییه بۆدوەمیان. ئه بێ کوردستان لەجەنگێکی گەرم یا ساردابێ تا رزگارکردنی دوا بسته خاکی.

و-وه رگرتنی هەر پۆستێکی وەزاریو پەرلەمانیو سه ربازی لەناو دەسەڵاتی داگیرکەرانا، دەرزییەکی سڕکەرە لەجەستەی کوردستان. مه گه ر بۆمه به ستی قۆستنه وه ی هه لێک بۆ ده سه ڵات به پێی پلانێکی تۆکمه .

ز-خواپه رستی، پێویستی به مزگه وتو که نیسه نیه . باهه رکه س له ماڵی خۆیا خواپه رستیی خۆی بکا. مزگه وتو که نیسه کان بکرێنه مه ڵبه ندی خزمه تگوزاریی کۆمه ڵایه تی.

تێبینی: وه ک چۆن ژینگه کان چونیه کنین، کۆمەڵگەکانیش چونیەکنین، هەرکۆمەڵگەو لەهەر سەردەمو بارودۆخێکا، جۆره خه باتێکو جوره سیستمێکو جۆره بیروباوه ڕێکی بۆئەگونجێو گەشەی پێئەدا. واتا ئەبێ کاڵا لەقەد باڵابێ. ئەم بەرنامەیە کاڵای بەقەد باڵای ئەمڕۆی باشوری کوردستانه و له هه لی گونجاوا ده وڵه تیش دابینئەکا. ئاینده، بەرنامەی جیاوازی خۆی ئەبێ. ئەم بەرنامەیەش پێشنیارەو شیاوی لێکۆڵینه وه یه له هه ر به ڕێزێکه وه .

٨٣ بینین  ٥٠ لێدوان لەوانە:



**Rezgar Mustafa Saeed** مامۆستا کامل ژیر ئه و ڕووناکبیره به رزه یه هه تا ئێستا
ناوێریێ خاڵ له سه ر پیته کان دانێت. هه ندێک له ووتاره که ی له خه یاڵ نزیکه هه
ندێکیشی هی ئه وه یه بکرێت به به رنامه ی حزبێک. پێشنیار ئه که م مامۆستا و براده
رانی وه کوو حزبێک خۆیان ئاشکرا بکه ن و بوێرانه بێنه کۆڕی خه بات. باشتره له وه ی
خۆیان بخزێننه ناو ئه م حیزب و ئه و حیزب هه ر وه کو له ٥٩ وه کردوویانه. ده ستخۆش
مامۆستا.



**Sam Hawar** کاکی برا بەریزت لەوە ئەچیت هەر ناوەرۆکی بابەتەکە تینەگەیشتبی، مامۆستا ئەلی هزب نەمینی سودی نیە، تۆ تاازە ئەلیی وەکو هزب بینە مەیدان!!!!! پاشان جەبنابت زۆر باش ئەم کۆمەلگا گەندەلە ئەناسی، ئەوەی پارەی نەبیت کەس شوینی ناکەویت، هەر بۆیە هەموو ئەو هزبانەی دروست بوون و بەردەوامبوون، یەکەم شت لە دزییەوە دەستیان پیکردوە، لە داگیرکردنی گرد و بەرزاییەکانەوە بۆ بیرە نەوتەکان بۆ شەریکات سوپەرمارکیت و بالەخانەو هەتا پرۆژە گەندەلییە گەورەترەکان، بەهەموویانەوە بیجیاوازی ئەم پەیرەوو پرۆگرامیان بووە دوایش و بە پەلەش بۆ کورو نەوەکانیان ئەیگویزنەوە!! بۆ؟ چونکە میللەتە گەندەلەکەی خۆیان ئەناسن، ئەگەر پارەو گەندەلی و دزی نەکایت کەس شوینت ناکەویت! ئنجا بەریزت ئەگەر تۆزیك بیرکردنەوەت هەبی، لە کوی دنیا هەیە کە بە قسەکەی تۆ بیت ` `خۆیان بخزێننە ناو ئە م حیزب و ئە و حیزب هە ر وە کو لە ٥٩ وە کردوویانە`` خەلك ئەوەنە سال خۆی بخزینیتە پال لایەك کەجی نە پلەو پۆستیکی هزبی هکومی وەرگریت، نە مادیەن سودمەند بوبیت و قەسر موچەی بندیوار و ئمتیازاتی هیچ نەبوبیت؟؟؟ تۆ و ئەمسالەکانی وەك بەریزت بون بە کۆیلەی هزبیك یان دژە هزبیك، واتان لیهاتوە باوەر ناکەن کەسانیك هەبین کە سەربەخۆ بن و تەنهاو تەنها خەمی نەتەوەکەیان ببیتە جولینەری قەلەمەکەیان!! خەلك ئەو شتەی پیهەزم ناکریت لەم کۆمەلگا گەندەلە! ئەو بەشەی بەبەتەکەش کەتۆ باسی ئەکەی لە خەیال ئەچیت، جونکە گریی خۆ بەکەم زانین و بروا بەخۆنەبوون بەوەی کە ئیمەش ئەتوانین هەبین بە ئەوەی کەس دەستمان بگریت لەهەمان کاتیشا قاچمان بشکینی، بۆیە ئەو شتە زۆر سەرەتاییانەی کە لەزۆربەی گۆمەلگای دنیا پەیرەو کراوە هەتا کەوتونەتە سەرپی خۆیان تۆ جورئەتی ئەوەت نیە هەر بیهنیتە بەر چاوی خۆشت و بە خەیال ناوی ئەبەیت!!!! هەر کەسانی وەکو جەنابیشت بوون کە ئیەیانوت دەولەتی کوردی خەیالە میشکی تاکی کوردیان وا پر کردوەە کە هەموو شتیك هەر بە خەیال بیتە بەر چاوی ! ئەم وەلام یانەوەم بۆ بەریزت لە رەخنەوە نییە، بەس هەزم کرد ئاوینەیەك بەمە دەستت هەتا دووجار بیر بیکەیتەوە، ئەم کۆمەلگایە پرە لە کەسانی وەکو بەریزت کە متنانەو بروایان بە هیچ نەماوە، وا ئەزانن هەر ئەبیت کۆیلەی لایەك بیت و دژی لایەکی تر بیت، ئتر کوردایەتیان وا بچوك کردۆتەوە خەلك رەش و سپی بۆ لەیەك جیا ناکریتەوە



**Rezgar Mustafa Saeed** سوپاس بۆ ڕوونكردنه وه كه ت، میلله ت گه نده
ڵ نیه. ناوی لێ بنێ پارتی ی یه كێتی گه نده ڵن، دووباره ی ئه كه مه وه كه
پێویسته ئێوه وه كو لیستێكی ئاشكرا و (دیار) بێنه مه یدان زۆر له قازانجی كورد
ئه بێت ( قسه هه زاره دووی به كاره).



**Sam Hawar**

**Rezgar Mustafa Saeed** کاکی برا جەنابت بە هەلە تیگەیشتویت ئەگەر
وابزانی گەندەلی یانی پارتی و یەکیتی! گەندەلی بەشیکە لە کەلتوری کوردی،
یەکیتی و پارتی هەلقولاوی خەلکن خۆ لە مەریخەوە نەهینراون! یەکتی و پارتی
ملیونان خەلکیان لەگەلایا؟ بۆ جونکە ئەو خەلکە گەندەلن. ٩٠% میللەتی کورد
گەندەلە، هەریەکەو لەسەر ئستیك کیشەکە ئەومیە ئەوەی کەم ئەبات خۆی بە
مەخدور ئەزانیت وا ئەزانیت گەندەل نییە چونکە کەمە بەشەکەی! کیشەکە ئەوە
نەوشیروان گردیك و کۆمپانییەکی برد کە مولکی گەل بوو بەشی لە بیرەنەوتەکان
کۆمپانیا و سوپەر مارکیتەکان، کە لە هەموو گەندەلتر ئەوەبوو لە پیش مردنی
هەمووی کرد بە ناوی منالەکانی، وە ئەو هەموو سالە کە سەرۆکی ناوەوی یەکیتی
و کە گەندەلترین حزب بوو، چاوپۆشی لە وەزیرە دزەکانی کردبوو کەچی ئەم
خەلکە گەوجە ئەلین غاندی کوردبووە نالین لەگەل یەکیتی و ارتی هیچ فەرقی
نەبووە!!! ئەوەی پارەی نەبوبی کەس شوینی نەکەوتوە، ئەوە باشترین بەلگەیە کە
میلەت گەندەل رەگەکەی لە میلتەکایە، بۆیە ئەبیت هەر لە ویشەوە هەلکەنریت!
مامۆستا ژیر ئەو پیاوە بەرزە بیویرمیە و بووە کە لە زەمانیکا ئەو بە نووسین و
هۆنراوەکانی درکی بە گەندەلی و پەنجەی بە چاوی بەرپرسان ئەکرد سەدەها
هەزاری وەکو من تۆ بۆ کاکە ومامە نەشیروان هەلئەپەرین زۆر بروامان پیان بوو!
شیرکۆ بیکەس هۆنراوەی بۆ مام جلال و سەوز ئەوت، بروا ناکەم کەس وەکو
مامۆستا ژیر نوقتەی لەسەر حەرف دانابیت مەگەر چەند کەسیکی زۆر کەمی وەکو
پەشیو وەکو ژیر بوبیتن! ئەرکی رۆشنبیریش هۆشیار کردنەوەی میللەتە بە نووسین
لە هەموو دنیا، نەك و مەرج نیە دانای حزب بیت

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ



**Rezgar Mustafa Saeed** نیگە ران نیم لە قسە کانت، بە ڵام ئە گە ر بۆ یە
کجاریش بێت با مامۆستا باسی خە باتی باکوورو ڕۆژئاواش بکات.

**Sam Hawar**

**Rezgar Mustafa Saeed** نازام بەڕاستی بەڕیزت ئەو جوابەت نوسیوە یان بە مەغنای مەجازی ئەڵلی؟؟ مامۆستا لە ٦٠ كان باسی ٤ پارچەی كوردستانی كردووە خەڵكی فیری ئەوەكردووە كە شتیك هەیە كوردستانی گەورەیە لەپیش برایەتیە كویرانەكی كوردو دوژمنەكانی یەت!!! لەو كاتەدا ئەوان لەگەڵ كوردەكانی رۆژئاوا باكور و رۆژهەلات ریكختنیان هەبوە كاژيك ئەندامی لە هەموو بەشاكەنی كوردستان هەبوو، بەڕیزت تازە ئەو دوایە ئەكیت وباسی شتیك ئەكەیت كە ئەو چاوی میلەتی لەسەر كردوە!!! بەڕاستی شتیكی سەیرە! وا دەر ئەكەوی جەنابت نەبابەتاكانی ژیرت هەر نە خوینۆتەوە نە ئگاداری خەباتی هەییت، بمبورە بەس زۆر دیارە كویرانە بی ئگاداری هاتوو كومینت ئەنوسی یان ڕاسپیردراوی كە برا ناكەم بەڕیزیكی وەك تۆ قبولی ئەوەی دووم بكات! بەڕیز كتیبی كوردایاتی ژیر بخویەنرەوە كە لە ٥٠ كان چاپ و بلاو كراوەتەوە، ئیمە لە خۆرهەلات وەكو قورئان بە شوینیا گەڕاوین تا دەستمان كەویت، یان كتیبەكەی لەسەر كاژيك نوسراوە، ئەوكاتە تیئەگەیت ژیر كییە و چ رۆلیكی هەبوە لەسەر جاو كردنەوەی كوردانی هەر ٤ بەشەكە! هەموو هۆنراوەكان و نوسیەناكنی لەسەر ئەم چەند سالانەی دوایشی لەسەر خەباتی باكور و رۆژئاوا رۆژ هەلاتە، دیارە بەڕیزت هیج ئگادارنیت، ئەتوانی سەیری پەیجەكەی بكەیت. لەام مامۆستا ژیر خوای كوردایەتیە، ئەو خوایەی كەنە پارە نە مەنسەب نەیانتوانی ڕایكیشن و قەلەمەكەی بۆ هیچ شتیك بەكار بهنریت غەیری كورد و كردستان، لەكاتیكا لە زامانی لافاوی پارە رژاون و نەوتا هەزارەها ویژدان فرۆشرا بۆ زەرد و سەوز و نیلی لە پیناوی مەنسەبیك یان پارە یان پارچە ئەرزیك !! من لەبەر ئەوەی تیزی ماجستەرەكەم لەسەر هۆنراوەكانی بەریز ژیر بوو بۆ لیكۆلینەوەی وردو زانستی لەسەر هەموو شتیكی ئەم زاتەم كردووە بە خوای كوردایەتی دا ئەنیم

**Rezgar Mustafa Saeed** قسه كانت دووباره ن، با بفه رموێ وه ك مامۆستا بهادین نووری ووتارێک له سه ر وه زعی ئێستای عفرین بنووسێ تا ئێمه ش ده ستخۆشی لێ بکه ین.

**Sam Hawar**

**Rezgar Mustafa Saeed** بروا ناكەم مامۆستا ژیریان هەر رۆشبیریكی راستەقینە بۆ ئەوە بنوسی تا ئیوەمان دەستخۆشی لیبكەن، رۆشنبیر دەوری ئەوەیە بەرچاوی خەلك رۆشنكاتەوە بۆ ئەو شتانەی كە خەلكی ئاسایی نایبینی یان لای دیار نییە، دۆخی ئەفرین شتیكە وەكو رۆژ لای هەموو كوردیك دیارە، چ پیویست ئەكات رۆشنبیریك قسەی لەسەر بكات! یان لای كورد بوە بە باو ئەبیت لەهەموو بۆنەیەك و رووداویك و بەسەرهاتیك هەر شتیك بنوسی!! قەلەمی رۆشنبیر زۆر لەوە پیرۆزترە ئیش بكات بۆ دەستخۆشی و خۆدەرخستن، پیویستە ئیش بكات بۆ خزمەت



**Kamil Zheer**

Sam Hawar پێشەکی سوپاسی زۆرم بۆهەمو ئەو بەڕێزانەی وەڵامیان هەبوە یا وەڵامیان ئەبێ بەئەرێنی یا نەرێنی لەسەر هەر نوسینێکی من. چونکە لەئەنجامی ئەو وەڵامانەو پەرچە وەڵامەکاندا، راستییەکان زیاتر دەرئەکەون، بیرۆکەی نوێ لەدایک ئەبێ، داهێنانو گەشەکردن فەراهەم ئەبنو..تاد.
بۆنمونە: لەئەنجامی وتو وێژەکانی هەردو بەڕێز رزگار مستەفاو سام هاواردا سەبارەت ئەم کورتە وەڵامە، کۆمەڵێ چەمکی نوێ لەژێر بەرەوە کەوتنە سەر بەرە. لەوانە:

1-ئەبێ نوسەر بەمێشکی خۆی بیربکاتەوەو بنوسێ، نەک لەسەر خواستی داواکاران وەک مامۆستا رزگار ئەیەوێ!
2-ئەوەی وەڵامێک یالێدوانێکی ئەبێ لەسەر هەر نوسینێک، پێویستە لەناوەرۆکی بابەتەکە گەیشتبێو دو جار بیربکاتەوە وەک مامۆستا سام ئاماژەی بۆکردوە.
3-لەکۆمەڵگەکانی وەک کۆمەڵگەی کوردیدا، حیزب یەکسانە بەگەندەڵی، کە حیزبێکت دامەزراند، هەرچیچەندێک پاکبی، پێویستیت بەپارەئەبێ. بۆئەو پارەیە، یائەبێ ببی بەکۆیلەی ئەم لایەنو ئەو دەوڵەت، یا پەنا بەریتە بەر رێگەی نارەوا!. ئەنجامی هەردو رێگەکەش، ناپاکیو گەندەڵییە.
4-ئەو هاوبیرانەی کاژیکیان لە 59دا دامەزرانو تا75 درێژەیان پێدا، پاسۆکیش لە76 تا 93 بەبێ پەنابردن بۆ پەیداکردنی پارە بەرێگەی گەندەڵی ، بوێربون نەک ترسنۆک. چونکە لەو رۆژگارەدا، لەسەر داواکردنی ئۆتۆنۆمییەک کورد ئەکوژرا، ئەوان لەپێناوی سەربەخۆییو یەکگرتنەوەی چوار پارچەکەی کوردستاندا خەباتیان ئەکردو شەهیدیان ئەداو لاوانیان پەروەردە ئەکردا!. ئنجا نەک هەر داگیرکەران، حیزبەکانی ناو کوردستانیش ئاستەنگبون لەرێگەیاندا. ئیتر ئەوانیش دەسبەرداری حیزبایەتی بونو بیریان لەرێگەیتر کردەوە. بەرئەنجام ئەوە سەلما کە کورد لەرێگەی لەشکرو هێزو چەکو شەقەوە بەئامانجە نەتەوەییەکانی ئەگات. حیزبایەتیو درۆی دیموکراتیو مافی مرۆڤ، زیاتر بەرەو ماڵوێرانیمان ئەبات وەک لەم بەرنامەیەدا خاڵمان خستۆتە سەر پیتەکان. هەڵبەتە یەکلەشکریش مەرجە بۆسەرکەوتن. 16ئۆکتۆبەر نمونەیەکی خراپی فرەحیزبیو فرەلەشکرییە، یەکلەشکرییەکەی پەکەکە لەباکورو لەرۆژئاواش زامنی سەرکەوتنمانە. کەرکوک بە نیو کاژێر کەوت، ئفرین بەرامبەر دوەم گەورەهێزی ناتۆ، ئەسرۆ 14رۆژە خۆڕاگرە. وەڵامە لۆجیکیەکانی لاوی پێگەیشتو مامۆستا سام هاواریش (بەبێ ئەوەی تائێستا یەکترمان دیبێ یالەگەڵ یەک دوابین) بەڵگەی ئەوەیە بیری کوردایەتی خەملیوەو خەریکە لەگرێی دەرونیی خواردەستیو خۆبەکەمزانین رزگارمان ئەبێ.
ئەمە سەرەتا سەرکەوتنمانە. تۆ بڕوانە ئەو دەستەواژە جوانەی کاکە سام کە ئەوەنەگەیەنێ (نابێ دەستمان درێژکەین بۆئەوەی دەستمان ئەگرێو قاچمان ئەشکێنێ) واتا باوەڕ بەخۆکردن.



**Rezgar Mustafa Saeed** به ڕێز ماموٚستا کامل ژیر: وه نه بێ له ووتاره
که ت تێ نه گه م! منی شه قڵاوه یی کاتێک له هه فتاکان له زانکوٚی سلێمانی بووم
به حوکمی ئه وه ی ئه ندامی ڕێکخراوی پارتی و کادری پاراستن بووم له نزیکه
وه ئاگاداری ئێوه و کاژیک بووم له دوای ٧٦ یش کاتێک له هه ولێر له کوٚمه ڵه
مسئولی خه تی فلاحی گعێتل و گوێر بووم دیسان زوٚر به ووردی ده نگوو باسی
پاسوٚکم ئه زانی. بێگومان ڕێزی تایبه تیم بوٚ جه نابت و خه باتی هاوبیرانت هه یه،
ووتاره که ی جه نابتان قسه زوٚر هه ڵئه گرێت منیش حه ز ناکه م له ڕووی جه
نابتان بکه ومه (مهاترات). زوٚر دڵخوٚشم که ئاماژه تان به خه باتی مان و نه مانی
ئێستای (ئه فرین) ت کردوه. نا بێ جه نابیشتان له قسه کانی منی له هوٚڵه ندا که
وتوو نیگه ران بن. ئاخر منیش وه کو جه نابتان بێ ئومیدم به رانبه ر حیزبه کانی
باشوور. سوپاس

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ



**Kamil Zheer**
هەرگیز نیگەران نیم . بەڵکو هەمو وەڵامێکم Rezgar Mustafa Saeed
پێخۆشە ئەگەر هێرشیشبێ بۆ سەرم. چونکە لەئەنجامی وتو وێژەوە ئەگەینە
ئەنجام . هەر شادبی ماموٚستا رزگار



**Baba Ali Allaf** وەڵا کاک کامیل کرۆکی کیشەی کوردو چارەسەری قەیرانەکان و
هەنگاوی بوێرانە بۆ سەربەخۆیی لێرەوە دەست پێدەکا ، بەیەکخستنی هێزی پێشمەرگەی
کوردستان و دەسەلاتیکی تاکرەوی چاونەترسی گورز وەشێن دەنگە ناسازەکان بیرورِا
پوچەڵەکان سەرەگەندەڵ وبێ خێرەکان هەموو کورنووش دێنن ئەوەی رِازی نەبوو
وەڵامەکەی سزا قورسەکە بێ بێگومانم بەمە کوردئازادو کوردستان سەربەخۆ دەبێ ، بەو
مەرجەی ژیا نی هەمووان چوون یەک ویەکسان بێ هەرچی داهاتو سامانی نەتەوەییە بۆ
ئەو ئامانجە بێ وبەس
دەسخۆش هاورِام لەگەڵت بەرنامەیەکی دروستەو دەکرێ بخرێتە باس ودەوڵەمەندتر بکرێ
ولایەنەکان لەسەری رِێک بکەون وبیخەنە بواری کار پێکردن لە هەر بەرپرس و فەرما
دەیەک واژووی رِەزامەندی لێبسەندرێ بۆ کارکردن وسەرپێچی نەکردنی ولادان لەو هێڵ
وسنوورەدیاریکراوە دەبێ خۆی حوکمی خۆی بدا وهەرکەس شفاعەتی بۆکرد هەمان
حوکمی بەسەرابدرێ

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ · دەستکاریکرا



**Kamil Zheer** وەڵامێکی دروستە ماموٚستا بابە ئەلی. هەر شادبن

**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل بۆئەو بەرنامەجوانەی پێشنیازت کردوە ،
بەداخەوە ئەمرۆ دەسەلاتی کوردی وا بەزیوە مرۆڤ بەزەیی پیایدا دیتەوە ، بونەتە گالتە
جاری داگیرکەران ودەبیت پشکۆیان بەسەردا بکوژێنرینەوە تا ترس بەریاندەدات
وترسەکەیان دەرەویتەوە ودینەوە هۆش خۆیان ،ئەوە نیەهەرهەموی بۆ حەج روولە بەغدا
دەکەن وپیشبرکێیانە کی زوتر کرنوش بەعەبادی دەباد و عەبادی سویند دەخوات موچە
بنیریت ! معارەزە پیش دەسەلات دەکەویت ودەسەلات بەهیوایە خۆی جیبەجیکەری بیت ،
هەربۆئەمەش هەموان سەرشۆر و هەرچی ماهیەت هەیە ئەمانە نیانە !! ئەوەتا دەسەلات
دەلیت هەردانیشین هەرچی هەیە دەیکەین تا کیشەکان جێ بەجیدەکریت ئاخر ئەمە واتە
هەرچی داگیرکەر دەیلیت ئەمان بە زیادەوە تەسلیمی دەکەن دەنا چۆن جیبەجێدەکەن ،تو
لەشکستاو ئەو سەرکەوتندا دەبیت هەرتۆ سەرشۆرکەینو زیاتر بدەیت ، گرنگ ئەوەیە ئەمار
دانیشین ئیتر هیچیتر کیشە نیە ، وەک کەم دانیشتبن لەگەلیاندا ولەو سەرەوە شلپیکی تەریان
نەدابێت بە پشتیانا و دەستیان کەم لەبنی هەمانەکەوە هاتبیتە دەرەوە ، جارانیتر زۆریان
پیدابن وا ئەمجارە گەربەغدا لە گەلیاندا دانیشیت ئیتر هەمووشتیک کۆتای دیت !!! وا دیارە
بیسلمینەوە لە دەسکەوتی نەتەوەی کە بە خوینی رۆلەی کورد بەرهەم هاتوە ، هەرجی هەی
دەیدۆرینین ودەیدەن بەبەغدا ، ئەمە مەترسیە بۆیە هیوادارم بەغدا هەر رازی نەبیت
بەبینیان !! دەوەرە ئا ئەمانە رابەرایەتی کورد دەکەن بۆیە حالمان جوانە ، بۆیەکتری کوشتر
وپاشقول لەیەکگرتن هەموو شیرو ریوی ، لەگەل داگیرکەرو دوژمنیشدا نەزان وساویلکەو
مندال نەفرەتیان لیبیت ،ئەمانە وەک خۆیان وان ریگەش نادەن کەسانی بەتواناو شارەزا بیت
پیشەوە تا لەم میحنەتە هەرهیچ نەبیت راستی کاتەوە وکەمتر لەدەست بدەین !

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Jehan Omer** دەستخۆش چارەسەرێکی چاک وگوونجاوە بۆ ئەم تێکشکانە

**Baban Bahram** دەست خۆش بۆ ئەو پێشنیارە جوانە هیوادارم سەرکردەیەکی ئازاو
بەتوانا. لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵکەوێ و تەخت و تاجی ئەم گەندەل کارانە لە
بنەوە دەربهێنێ و هێزی پێشمەگەی یەکگرتوو بەرهەم بهێنێ بۆ ئەو مەبەستە. پیرۆزە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە بابان: پشتبەست بە گەشبینی وەک بەڕێزتان، بەو ئامانجە
ئەگەین درەنگ یا زو.

**Karwan Raouf Hama** دەست خۆش مامۆستا کاتیکی گونجاوە زیاتر لەسەر دەولەت بون و نیشتمان پەروەری بنوسین امە پیویستمان بەناسینی خۆمانە وە یاخود بەخۆدا چونەوە لە رابردوەکانمان

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** کاروان گیان، بەهیوام هە رگیز بێئومێد نەبینو کار بۆ ئایندە بکەین. سوپاس



**Nuri Karim** ئەم لێکۆڵینەوەیەی ماموستا کامیل ژیر بەنێونیشانی (کورتە وەڵام/27 بۆ
پرسی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی گونجاو, بۆ هەر دەردێک زانینی 3 رێگە پێویستە) وەک
هەموو نووسین و تێروانین و لێکۆڵینەوەکانی دیکەی, بابەتێکی چڕو پڕو زانستییانە و
شیکردنەوەیەکی دروستی کەسایەتی مرۆڤی کورد,هۆکارەکان و چارەسەرەکانیش لە دێر
زەمانەوە هەتا ١٦/ ئۆکتۆبەر/٢٠١٨ و ئەمڕۆش٠٠ بەڕاستیی پلان و بەرنامەیەکی پوخت و
سادەو بێ گرێ و گۆڵ و خۆشدەستە بۆ پراکتیزەکردن, ئەی چی ماوە ? دیارە
جێبەجێکردن, بەڵام کە کار دێتە سەر جێبەجێکردن, پێدەچێت بگەڕێینەوە سەرەتای
تێڕوانینە زانستیی و ئەکادیمییەکەی مامۆستا کامیل ژیر و گرمۆڵەبونەوە لە خانەی یەکەم و
سەرەتای لێکۆڵینەوەکە, کەبریتییە لە سەر لەنوێ دیاریکردنی دەردەکە و دەستنیشانکردنی
هۆکارەکان و ئینجا دۆزینەوەی چارەسەرەکان٠٠ بەو هیوایەی بەردەوام لەو بازنەیەدا
نەخولێینەوە و ماموستاش تەندروست و تەمەن درێژبێت٠

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ · دەستکاریکرا



**Kamil Zheer** هاوبیری بەڕێزم کاکە نوری، مادەم ئەم بەرنامەیە لای خەڵکی
پەسندە، ڕۆژێک ئەبێ بەرجەستە بکرێو بچێتە بواری جێبەجێکردن. ڕێزم هەیە.



**Zana Tofik** سلاو خوشە ویست بو ماموستای و سە رکردەی نە تە وەی بە راست کورد
لە ئیستا بیویستی بە سە رکردایە تی کە سانی وە ک ئیوە ن

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ



**Kamil Zheer** کاکە زانا، پێویستیمان بە لاوی هوشیاری وەک ئێوەش هەیە.
زور سوپاس

**Zardasht Zardashty** بەڕێز زۆر جوانت نوسیوە بەڕاستی کاتی ئەوەیە سلێمانی
بەئاگابێتەوە کۆمەڵێ جاش وزڕە ڕۆشنبیر ئیرهابی فکری وایان لەوشارەدا کردووە شەرم
لەسلێمانی بوونی خۆماندەکەین گەشتومەتە قەناعەتێک سلێمانی ناهێڵێ قەدکوردببێ
بەدەوڵەت ، لەکاتێکدا شارمەڵبەندو کوانووی کوردایەتی ونەتەوەی بوو لەهاوبیرانی بیری
نەتەوەی سەقافڵەیان لەسلێمانیدا بوو ، بۆیە پێویستە جەنابت وهاوبیرە نەتەوەی یەکان ڕۆڵ
کاریگەریتان هەبێت ،ناوچەکەبەگشتی دەکوڵێ ولەسەرئاگرە جەنگێکی مخابەراتی و
دەروونی زیاتر لەجەنگی تەقلیدی دەکرێت هەمووشی فڕکان فڕکانی دابەشکردنێکی دیکەی
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە هاکا ژانگرتی و لەدایک بوونێکی تر ڕووبدات ، کوردیش کەوتۆتە
سەرخۆی چ ڕۆڵ و کاریگەریدەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی ، دەستەکانت خۆش و
خوابتهێڵێ بۆخزمەتی بیری نەتەوەی و کوردو کوردستان

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە زەردەشت، سەرکەوتنی بەرگرییەکانی ئفرین زامنن بۆ
ئەوەی لەنەخشەی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگەمان دیاربێ. بێگومان پێویستە
لەهەمو ناوچەکانیتریش لە خەباتێکی بەردەوامدابین.

**Lezma Barzan** به ريز ماموستا ژير،من وه ک خوم زور له ميژه گه يشتوومه ته ئه م بروايه ی که که وره ترين نه هامه ت که به سه ر ئيمه دا هاتوو ه ئه وه يه که له سالانی سييه کان و چله کاندا ،تبنی مارکسيزم و کومونيسمان کرد.مارکسيزم وه ک زانست و هزر،هيشتا ئه ورووپا نه يتوانيوه که هه زمی کات،جا بيهينه پيش چاو که له و سالانه دا که نيوه ی زياتری خه لکی بيسه واد بوون ،چون توانيويانه که تيبگه ن.من پيش ئه وه ی که مروف بم،کوردم.واش په روه ده کراووم که نه به کردار،نه به گوفتار و نه به هزريش ،بو چرکه ييکيش بيت کورد بوونم له ياد بچيت.به لام پرسياره کان خويان دينه پيش،باشه گه ر نه ته وه يين،بو وايين؟من بروام وايه که له سه د ساله يی چووی ،هيچ سه رکرده ييکی کورد نه ی توانيووه که که سايه تی نه ته وه يی کورد ،په ره پييدا.ئه وه ش وای لی کردووين که هه موو کات خومان له ئاست خه لاکانی تردا ،به که م بزانيين.با بتوانيين دور له سوز و عه تف ،پرسياره کان شی که ينه وه و بگيين به ئامانجيک.دووباره سوپاستان ده که م که وا وه رامتان دامه وه و ده رگاييکی تازه تان بو په يوه نيمان کرده وه.سوپاس.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer**
کاکه لیزمه، بۆیه هیچ سەرکردەیەکی کورد تائێستا نەیتوانیوه Lezma Barzan بگاتە ئامانج، چونکه هەمویان بێبەرنامەبونو شۆڕشەکانمان هەرەمەکیبون. بەهیوام لەمەودوا بۆ هەر هەنگاوێک بەرنامەیەکی زانستانە پەیڕەوکەین.

**Chia Kamil Zheer** دەست خۆش باوکه گیان سەد لە سەد لەگەڵ بۆچون و پێشنیارەکانتم

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** چاوەکانت خۆش چیا گیان.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Karwan Raouf Hama** دەست خۆش مامۆست گیان بەڕاستی ئەم شتانە هەموی تەواوە بەلام ئەوانەی دەستەلات یان بەدەستە ئایا تیدەگەن جۆن لەو بارودۆخە هەلسوکەوت بکەن

**ئیدریس سابیر** مامۆستای بەڕێز ئەوانەی لە سەر ئەم بارودۆخەی ئێستا دەژین ، لەڕێی هەڵبژاردنیشەوە ئامادەی دەستبەرداری دەسەڵاتەکانیان نین ، چ جای ئەوەی گوێ لە مرۆڤە ژیرەکانمان بگرن و ئارەزوومەندانە هەندێک هەنگاو لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا بنێن .
دەستی بەڕێزیشت خۆش بێت.

**Kamil Zheer** کاکە ئدریس، ئەبێ شۆڕسی نوێمان، هەرکات بەرپابو، لەپاکتاوکردنی دەسەڵاتی گەدەڵی خۆمانەوە دەسپێبکات. ئەوسا زاڵئەبین بەسەر بێگانەی داگیرکەردا.

**Othman Saeed** امم نووسین و هۆنراوەو وتارانەی لەم بابەتەی کاک کامل ساڵەهای ساڵە دەوترێت اەگەر سەدی سەد لەجێی خۆیابێت اەوا ایمەی کەپێمان دەڵێن کورد کوردبین آیا ایمە کوردین؟واتە(کرداری باش و وتاری باشمان بۆنەتەوەی کوردە؟)هەتاهەموومان نەبین بەکوردبەهیچ شێوەیەک نیوەی مافەکنیشمان بەدەست ناهێنین و بەآسانی لێمان دەسەنرێتەوە.کاک کامل اەگەر کوردیت لەوبوارەدا بنووسە کورد دەبێت چۆن چۆنی کورد بێت وەرە دەرەوە بگەڕێ و قسەلەگەڵ امم شارەدا بکە بزانە چەند کورد دەبینیت.ڕێزم بۆت هەیە هیوادارم لەش دروست بیت.

**Kamil Zheer** بەڕێزم کاکە ئوسمان، لەهەمو دنیادا تەنیا ژمارەیەک کەس هەڵکەوتونو نەتەوەکەیان رزگارکردوە. یەکڕیزی لەهیچ وڵاتو لەهیچ نەتەوەیەکدا بونی نیەو بونی نەبوە. ئەوە سروشتی مرۆڤە. با هەمیشە گەشبینبین، بەهیوام کەسانێک هەڵکەون ئەو بەرنامەیە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. دنیا ئەوەی ماوێتی زیاترە لەوەی رۆییوە.

:

**Othman Saeed** اەوەی بەڕێزت دەیڵێ ڕاستە اەمە بەوچەند کەسەی وەک تۆ دەیڵێیت کورد بێت بەڵام نەبینراوەو نابینرێت کەکەس کورد بێت.تەندروستیت چۆنە نابینرێیت لەدەرەوە

**Hawre HamaSalh** کاک کامیل ژیر، ئەم خاڵبەندی نەتەوە پەرستیو نەتەوەپاراستنەت بۆ کێ نووسیوە؟ ؟بۆ ئەوبە ناو نەتەوە پەرستە دێرین و تازانە درۆزانانەی بۆئەبەد هەتکی مەفهومی نەتە وە خۆشویستن کرد؟؟ کێ پشتی کوردە؟ ئەمریکا مەسەلەن؟وەمزانی نووسینەکەت پێش ۱۶اوکتوبەرە! یان پێش لە خوێن هەلکێشانی عەفرینە!! نەتەوە پەرستەکانی باشوور تەقەلە کوردە خەمخۆرە کان ئەکەن!کەئە یانەوێت لە عەفرین ببنە قەقنەس!!..ننەووت؟!اجا نەوتمان هەیە؟ خەوتان خۆش.

**Kamil Zheer** کاک هاوڕێ، نوسینەکەت روون نیە! مەبەستت لە نەتەوەپەرست کێیە؟ قسەکانیتریشت تەمومژاوین! ئنجا تۆ ئەگەر نەتەوەی خۆت خۆشنەوێ تارادەی پەرستن، ئەی چ نەتەوەیەکیترت خۆشئەوێ؟ عەرەب یا تورک یا فارس؟؟؟

کورتە وە ڵام/28 بۆ دژە سە ربە خۆییە کان ۵/۵/۲۰۱۸

* هەستە، دەمێکە نوستوی.

- نوستنی چی؟ ئەی من نەمردم؟

* مردن!؟ مردن بونی نیە. لەم گەردونەدا هەمو شت وەک خۆی زیندوە. مرۆڤ لەنەوەکانیا بەرجەستە ئەبێتەوە ، بەڵام گۆڕانی بەسەرادێ.

- کوا؟ من هیچ گۆڕانێک نابینم. ئەوە زەویو کۆمەڵەی ئەستێرەکانو گیانلەبەرەکان، وەکخۆیانن، بەڵام سەیرە! من ئەم مرۆڤانە ناناسم!

* ئەوانە نەوەکانی ئێمەن.

- ئەی کەواتە چی گۆڕاوە؟

* ئاوەز.
- ئاوەز چیە؟
* ئەوەیە کە پێیئەوترێ ئەکڵ(ئەقڵ). تۆ سەیرێکی مۆبایلەکەتبکە.
- ئای! خۆ لەسەری نوسراوە کاری کوردستان! ئەوە چۆنو بەچی کراوە!؟
* بە ئاوەز. پارچەبەپارچە هەڵمانوەشانو لەسەریمان دروستکردەوە. هەربەوجۆرە هەمو بەرهەمە پیشەسازیو تەکنەلۆجییەکانو چەکی جەنگو فڕۆکەش. بەنیازین سەرێکی ئەستێرەکانیش بدەین.
- داگیرکەرەکانمان هێشتیان؟
* دەسەڵاتمان لێوەرگرتنەوە. ئەوانە هەریەکەو لەکونجێکی ئەم جیهانەوە هاتبونو دەستیانگرتبو بەسەر نیشتمانەکەماندا. ئێستە خۆمان فەرمانڕەوای کوردستانین لەدەریای سپیەوە تا کەنداو. واتا هەمو ئەوانەی پێیانئەوترا ئێراکو سوریاو تورکیاو ئێرانو بەشێک لە ئەرمەنستانو ئازربایجانیش. ئەوانە هەموی هی خۆمانبون. ئەی نەمانئەوت قەرز کۆنئەبێو نافەوتێ؟
- بۆچی ئەو وڵاتانە قەرزی ئێمەبون!؟ بەبەڵگەی چی؟
* بەڵێ، بەبەڵگە مێژوییەکان، تەنانەت ئەوانەی بیانیەکانیش نوسیویانە. تۆ سەیرێکی ئەم هەواڵەشکە لەسایتی روداو رۆژی ٢٠/٤/٢٠١٨ نوسرابو :
سەرۆکی گشتیی هوداپار لە شاری ئامەد کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانی سازکردو وتی:
چارەسەری پرسی کورد، چارەسەرکردنی پرسی تورکیا ئاسانتر دەکات، پێویستە هکومەتی تورکیا پرسی کورد چارەسەر بکات، چونکە کورد پێش تورکەکان خاوەنی ئەم وڵاتە بون".
* ئەوە یەکێکبو لە بەڵگەکانی قەرزەکە.
- ئەو قەرزانە بەچی گەڕانەوە بۆخۆمان؟
* بە ئاوەز. جاران وامانئەزانی هەر چەن شارێکی ئەوسا هی کوردە، چەندین شۆڕشمانکردو خوێنمان رشت بۆئازادکردنیان بەبێ ئەنجام. دوایی بۆماندەرکەوت، کودەتا بەسەر چوار پایەتەختەکەدا ئاسانترە لەرزگارکردنی یەک شار بەڵکو یەک گوندیشمان. ئەزانی ئەگەر چاوت لەهەموی نەبێ، ئەستەمە بەشێکیت دەسکەوێتەوە؟
- ئەو هەمو پایەتەختە! کاری کردەبو؟
* هەر یەکەمیان سەختبو. کەپەندمان لەڕابوردو وەرگرتو پێلانێکی پتەومان داڕشت، ئیتر بەرودوا ئەوانیتر یەک لەویتر ئاسانتربو.
- چیانلێهات؟
* زوربەیان لەجێی خۆیان ماون. هەندێکیشیان گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان.
ئێستە لەکوردستان نەداگیرکەر هەیە، نەداگیرکراو، تەنیا دەسەڵات بەدەس خاوەنەکەیەوەیە. ئەوانیش وەک کورد هەمو مافێکیان هەیە. تەنیا بۆیاننیە بەشێ لەنیشتمان دابڕن، چونکە مڵکی ئەوان نیە. زۆریش لەئارامیو خۆشییان. ئەڵێن باشبو لەدەس ئەو بیرۆکە کۆنو بەستەڵۆکو کۆنەپەرستو رژێمە دیکتاتۆریانە رزگارمانبو. ئەڵێن بەڕاستی کوردستان بەهەشتی ژینە.
- تۆ ئەزانی منیش وا وردەوردە ئەم بیرۆکانەم دێتەوەبیر کە لەسمینارەکەی شاری کۆڵن-ئەڵمانیا درکانومن؟ بڕوانە:

سمیناریک لەشاری کۆلن ـ ئەلمانیا
ئامادەبوان : بڕێک لە کوردانی دانیشتوی کۆلن و شارەکانی دەوروبەریو ژمارەیەک نووسەرو رۆشنبیرو رۆژنامەنوسو سیاسەتکار. لەنیوانیاندا د.حسەین حەبەشو بیرمەندی کورد د.جەمال نەبەز

لەبەرلینەوەو سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان د.جەواد مەلا لەبەریتانیاوەو ئەندازیار بروسکە ئیبراهیمو خاتو ئیرمگارد لە میونشنەوە .
کات و شوێن: ١.٣٠ تا ٧.٣٠ رۆژی ١٣/٨/٢٠١١ لە هۆڵی **Altc Feuenuache Koln**

ئەمە بەشێکێتی:

کامیل ژیر: رێگاکانی سەربەخۆیی زۆرن، یەکێ لەو رێگایانە رێگای کودەتایە. وەک ئەوەی بەکر سدقی کە ئەگەر بیتوانیایە پاریزگاریی خۆی بکا، دەسەڵاتی ئیراک ئەکەوتە دەس کورد، ئەم رێگایە، زۆر گراننیە. بەتایبەتی تۆ ناڵیی پارچەیەک لەئیراک جیا ئەکەمەوە کە ئەرەبی سوننەو شیئەو تورکومانو دراوسێکانی ئیراکو زلهێزەکانیش پێی رازینابن. ئەوەبو ئەفسەرێکی وەک قاسمە شێتوکە بەکڵاوێک ئەو بەغایەیگرد کەئەندامی ناتۆشبو، خۆیشی بەرگەز ئەرەبنەبو!، بەڵام ئەمیش نەیزانی پارێزگاری لەخۆیبکا.

ریگای دەسگرتنی کەمینەیەک بەسەر پایتەختی دەولەتیکی فرە نەتەوەدا ، وەک کەمینەی فارس بەسەر ئیران و کەمینەی سوننە بەسەر ئیراک و کەمینەی ئەلەوی بەسەر سوریادا، کارێکی ئەستەم نەبو. ئەو هەلە بۆ کوردیش ریکەوت ، وەک ئەوەی سەلاهەدینی ئەیوبیو ئەبو موسلیمی خۆراسانیو کەریم خانی زەندو کەوتنی رژێمی بەئس. بەلام باپیرانمان نەیانزانی بۆ سودی کورد بەکاریبینن. چونکە ئاوەزیان جام بوبو. یاوەک بەشیر موشیر ئەیوت: کێشەکەیان کێشەی دیماغبو دیماغ! (١)

* بەڵێ نەوەکانمان پەندیان لەو رابوردوانە وەرگرت. تۆ سەیرکە: بیرۆکەی رەسەن وەک کانییەک وایە سەرڕێژیشیکەی لەلایەکیترەوە هەڵئەقوڵێتەوە، شەش ساڵێک دوای ئەو سمینارەی تۆ، گەنجێکی کورد بەناوی سەرکاو هادییەوە هەڵکەوتو لەپاریسەوە چەن ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە لەشێوەی ئەو بیرۆکەیەی تودا بەوردەکارییەکی زیاترەوە، ئیتر بیرۆکەکە وردەوردە چوە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە ئێستە دەوڵەتی ماد کەوتۆتەوە سەر پێی خۆیو سنورەکانیمان سەندۆتەوەو شان لەشانی زلهێزەکانی جیهان ئەدەین.
- ئەکرا پێشتریش بەو ئەنجامە بگەین، بەڵام چەن خاڵێ رێگربون.
* وەکو؟
- وەکو نەبونی بیرمەندی گەورە، هەبونی فرەپارتی کە نەتەوەکەمانیان کەرتوپەرت کردبو و بوبونە شێرپەنجەی ناپاکیو گەندەڵیو نۆکەرایەتی بۆبێگانە، نەبونی سەرکردەی کارێزما، بێمتمانەیەتی بەخۆمان، گرێی دەرونی خواردەستیو..تادوایی. تۆ سەرنجێ لەمێژوبدە، چەن نەتەوە سەدان ساڵ ژێردەستەبونو دوایی هەستانەوە بەسەر داگیرکەرەکانیانا. ئێمەش لەو نەتەوانە کەمترنەبوین.
* مەگەر ئاوەز!

(١) لە رۆمانی بەشیر موشیردا زیاتر درێژە بەم بیرۆکەیە ئەدەین

٤٦ بينين ١٧ لێدوان لەوانە:

**Muhamad M. Rashid** ئێمە هیچ نەبوین و نابین بە هیچ ، ئێستاس بۆنی ژاوە ژاوەی شەرە هەرەکمان لێ دێ !

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** ئەزانی بۆچی نەبوین بەهیچ؟ چونکە تائێستا هەر بە لاڕێدا ڕۆیشتوین. هەتا نەکەوینە سەر ڕاستە ڕێگای ڕزگاری، ناگەینە ئەنجام. واتا (ماێبنی علی الباطل فهو باطل ایضا ) کێشەکەمان کێشەی شەڕەگەڕەکنیە، شەڕەگەڕەک ئەنجامی گرتنەبەری ڕێگەی هەڵەیە. تائێستا ئاوەزی کورد هەر ئەوەندەی بڕکردوە کە ئەزمونە دۆڕاوەکانی دوبارە بکاتەوە! چەندین شۆڕشو دانوستانو قەوانی برایەتیی گورگو مەڕمان دوبارەکردەوەو هەر نەگەیشتینە ئەنجام! دەبا بیگۆڕین. دەبا ئێتر داوای ماف لەمافخۆر نەکەین. با خۆمان دەسەڵات بگرینەدەسو ماف بەخۆمان ڕەوابیبنینو مافی کەسیش نەخۆین. دەسەڵاتیش بەوجۆرە ئەگرینەدەس کە لەکورتە وەڵامەکەدا ئاماژەم بۆکردوە. تۆش هەر سەرفرازبیت کاکە مەهەمەد.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Muhamad M. Rashid** ئەم نیشتیمانە، نە لێ ئەگەڕێ لێی هەڵێین و لە دوری هەناسێ بدەین،
نەش هێن میهرە بتوانێ ئۆخژنی بێ بۆ ژینمان..!



**Mohammad Barzy** هەردوو چاوەکەم کاک کامل دەستەکانت خۆشبێت بۆ ئەو نووسینە پڕ مانایە ، دڵنیام ڕۆژێک دەگەین بە ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانمان ...
شێخ ڕەزا دەڵێت :
لێگەڕێ با کەر لە ناو قەرسیلدا یاری بکات .... ڕۆژێک ئەبێ خاوەن قەرسیل کەر دارکاری بکات .
جا کاکە گیان ڕۆژێکیش دەبێ خاوەن ئاوزەکان ، گەمژەکان دارکاری بکەن ....
زیاتر ببینە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ



**Kamil Zheer**
Mohammad Barzy برا خۆشەویستەکەم کاکە بەرزی گیان، هەر لەوبارەیەوە خاوەن دەغڵێک ، لای مەلای مەزبورە، ئەڵێ کەرەکەت ئێستە کەوتۆتە وەردەکەمو قەرسیلەکەم پێشێلئەکا! مەلا دەستیکرد بە دارکاریی کەرێکیتری. کابرا وتی ئەمەیان نیە. مەلا وتی تۆ نایناسی، گەر ئەمیش بکەوێتە قەرسیلەکەت، خراپترئەکا. ئەوەیە کێشەی بێ ئاوەزەکان! ئەها لەپێشبڕکێدان بۆ زەڕین ، واتا بۆدەنگدان! دەبا بگەوزێنو روڕەشی مێژوبن. ئێوەش پایەتان هەر بەرزو پیرۆزبێ.

**Karwan Raouf Hama** دەست خۆش مامۆستا گیان هێشتا ئەوانە نیشتمان قەرزار بار دەکەن خۆیان بە وڵات پارێز دادەنێت

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** گرنگ نیە من چۆن بروانمە خۆم، گرنگ ئەو چاوە وردبینانەن کە ئەڕواننە من. پەتی درۆش کورتەو ئەنجام هەر بوراستییە. تۆش هەر خۆشبێت کاروان گیان.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل بەلی تەنها ئاوەزمان نیە ، دەنا گەر هەمان با، دەتوانین هەنگاو بەسەر هەموو مەحالیکدا بنین وسەرکەوین هیچ شتێک مەحال نیە ونەدەبوو لە بەردەم ئیمەی کوردا !!، گەرئاوەزمان هەبوایە بە داخەوە نیمانە!! ئەوش بەلگە کە نیمانە شەری یەکتردەکەین کەحیزبەکی ێ من زیاتر دەنگبهینیت لە پ ،گ ترۆتەشقەڵەکانیتر،تازیاتر ئۆکەر بنیرمە پەرلەمانی وڵاتداگیرکەرەکەو ئەونوێنەرە سوێند بخوات لەیەک پارچەی وڵاتە داگیرکەرکە بکات، ئەری جگەلەبی ئەقل کێ ئەمەی کردوە ؟ ئەوەتا خۆشمان دەچین دەنگ دەدەین بە جاشێک پیچیتە پەرلەمانی پایتەختی داگیرکەرو سوێند بخوات کە پارێزگاری لە یەک پارچەی وڵاتداگیرکەرەکە بکات و بیپارێزێت لەپارچي پارچەبوون ،ئای کە دەبەنگین ، ئای کەبیهۆشین ئەمە بەلەگەی بی ئاوزیە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** کاک پشکۆ: تۆ هەمیشە ئامانجەکان بەچاکی ئەپێکیت، چونکە خاوەنی ئاوەزێکی گەشو کراوەو وردبینیت. با بێ ئاوەزەکان هەر لە خۆلۆخاشاکی گەوجیدا بگەوزێنو رورەشی مێژوبن. سوپاس بۆ وەڵامە جوانەکانت.

**Şara Kamîl Jîr** دەستخۆش! تۆ لە ٥٠ کانەوە دەست ئەخەیتە سەر چارەسەری راستەقینەی کێشەی کورد، بەڵام بەهۆی هەموو ئەو هۆیانەی باستکردون، سیاسیە کورتبینەکان و شوێنکەوتوەکانیان لە میللەت لە یەک بازنەیا ئەخولێنەوە. بڕوابەخۆنەبونیان وایلێکردون نەتوانن لێی دەرچن.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** لێکدانەوەیەکی راستو وردبینانەیە.. ئەمەش قۆناغێکی تاریکە لەمێژوماندا. زۆر گەلیتریش بە قۆناغی تاریکدا تێپەڕیون. ئەنجام بە تیشکی رۆژی روناک بەستەڵۆکەکان تواونەتەوەو هاوکێشە گەڕاوەتەوە بۆ ترازوە لاسەنگەکان. دەسخۆشو هەر شادبی.

---

کورتە وە ڵام/29 بۆ پرسیاریَ: دە نگ بە کام هاوپە یمانی بدە ین؟ ٣١/٨/٢٠١٨

با جارێ له وه بگه ڕێین که  باشوری کوردستان، له  ژێرده سه یه کی ئیراک به ولاوه  چیترنیه .
چاره سه ریشی، ته نیا سه ربه خۆییه .

ئێسته  له ئیراکی ئه ره بی، پێشبڕکێیه  له سه ر: کام هاوپه یمانی ده سه ڵات بگرێته  ده س؟ بۆئه و ئامانجه ش، گوایه  ده نگی کورد یه کلاکه ره وه یه .

پێشه کی ئه بێ بزانین، ئه م بارودۆخه ی ئێسته ی  ئیراک ، به ئه نجامی ئه و پێشبڕکێیه  چاره سه ر نابێ. که س نازانێ بورکانی  ژێر ئیراک له  چ کاتێکدا ئه ته قێته وه !؟ تێکه ڵه  ناسروشتییه که ی شیئه و سونه و کورد، هه رگیزاوهه رگیز له مه نجه ڵێکدا ناکوڵێ. که واته  چاره سه رییه کان، به دابینکردنی نیمچه  ئارامییه کیشه وه ، که  ئه و ئارامییه ش له به رژه وه ندیی ئێمه نییه ، کاتین و هیچیتر.

با وانه یه ک له  شه ڕی ئیراک-ئیرانه وه  وه رگرین. ئه نجامه که ی به کیمیاییو ئه نفالی کورد شکایه وه . ئه مجاره  زۆرانبازییه که  له نێوان ئه مریکاو ئێراندایه !. جا ئه گه ر کورد ده نگبدا به هه ر لایه کی پێشبڕکێکه ی ئێسته ، به ڵگه نه ویسته ، جارێکیتر ئه نجامه که ی هه ر به سه ر کوردا ئه شکێته وه  کاتێ لایه کیتریان، به هه ر رێگه یه ک، ده س به سه ر ده سه ڵاتا بگرێته وه !.

که واته  باشترو‌ایه ، هه رێم، ته نیا ده وری سه یرکه ر ببینێو ده نگ به هیچ لایه کیان نه دا. به گفتی رێوی نه خه ڵه تێ. ده نگ بده ین یا نه ده ین، نوێنه رمان له به غدا ببێ یا نه بێ و...هتد، له مه ی ئێستا هه مانه ، زیاترمان پێ ڕه وانابینن. که واته  با ئه م تۆزه  ده سه ڵاته شمان له ده سنه ده ین له پێناوی چه ن پۆستێکی کارتۆنیدا له به غا!. با به بێ ده نگو به نهێنی، خۆمان ئاماده که ین بۆهه لی ره وای چاره نوسمان. سه باره ت گوشاره  ده ره کییه کانیش، باش وایه ، به داواکاریی توانابه ده ر (تعجیزی) وه ڵامیان بده ینه وه و ده مکوتیانبکه ین. ئاشکرایه  ئه و لایه نه  ده ره کییانه ، چه نجار به گورگانخواردویان داوین، ئیتر به سه. لێگه ڕێن با هاوپه یمانییه کان خۆیان چۆن کابینه  پێکدێنن پێکیبێنن. خۆیان واته نی: (به ئسه هوم به ینه هوم) .

ئه م کورته  وه ڵامه ش، ئه شێ ئه زمونێکبێ، بۆجیاکردنه وه ی دانا له  نادان. به هیوام هاوڕێیانی خۆشه ویست باری سه رنجیان پیشانبده ن

٦٤ بینین ٤١ لێدوان لەوانە:



**Awat Sahebqran** چوونی کورد بۆ بەغداد،جگە لەئاسنی سارد کوتین، شتێکی دیگە نیە،شیوەنی هەریسەکەیە،وەگەرنا ئەم پارتە خەسیوانە دەمێکە گیانی نیشتمان پەروەریان،لەهەراجخانە هەرزان فرۆش کردووە،بۆ ئەوانەی کەپێیان وایە، لەسەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی ئەم نیشتمانەدا، نیشتمان هی هەموان بووە، دوور لە ڕەچاوکردنی هیچ بەهایەک، بانگەشەی بۆدەکەن، بەدڵنیاییەوە، هەستی گشتی بەلاڕێدا دەبەن و دەیانەوێت مێژوو لەکەداربکەن و فریوی بدەن،لەبازنەیەکی بۆشدا خەڵک دەخولێننەوە،بەدەستەواژەی بریقەداری وەک لامەرکەزی،ئۆتۆنۆمی،بەزمانی هەولێریان( شلەخەجێ) فیدرالی،ئیترنازانم لەتوورکەسیحراویە بەجێ ماوەکەی ( خورشیدا),چیترمان پێشکەش دەکەن،بێگوومان دەیدرکێنن،ئەوەی کەئێستا لەگۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان ڕوودەدات، بەرهەمی تێڕوانین و بیرکردنەوەی دەشتەکی خۆیانە،شوێنی تری بۆ مەگەرێ،گەر دەیانەوێت وانەبێ دەبێ خۆیان لەبنەڕەتەوە لە پێکهاتەیەکی شیاودا خۆیان بسازێنن، بەبڕوای من ئەستەمە،چونکە هەرزەی خۆیان ناتوانن تێپەڕێنن،هۆشمەندانە بارودۆخەکە بخوێنەوە،لۆژیکیانە کارلیکی لەگەڵ بکەن، دڵنیابن سەرەڕای داهاتوو، ئەوەی هەشە لەدەست دەچێ،مێژووش فرمێسکێکی تاقانەی بۆ نارێژێت،ئیتر بابزانین
لەزنجیرەی درۆکانی ئەمڕۆیانا
بۆ سەردێڕو بۆ ناونیشان
خۆشەویستیت ئەی نیشتمان
ئامرازێک بوو بۆ نێو گیرفان



**Kamil Zheer** دەسخۆش مامۆستا ئاوات بۆ ئەو وەڵامە . ئامانجەکەی منیش هەر جوڵاندنی ڕای هاوبیرانو ڕای گشتییە، ئەگینا منیش دەمێکە دەستم لەوانە شتوە، بەڵام نائومێد نیم، لەناو ریزەکانی نەتەوەکەماندا هێشتا ئەوەندە ترووسکە ماوە کە گڕکانێکی لێبکەوێتەوە. ئەوی بژی، ئەبینێ.



**Omer Ahmed** زۆر ڕاستە مامۆستا



**Ali Elnjaxi** ئایندە تاریکە

:



**Kamil Zheer** نا کاکە ئەلی، ڕەشبین مەبە، ئەگەر ئێمە بجوڵێین ئەتوانین ئایندەمان روناک بکەینەوە.



**Awat Sahebqran** لەسەردەمی سەلجوقیەکاندا،دوو تیرەی پاشماوەی مەغۆلەکان،کە تەیمورلەنگ سەرکردایەتی دەکردن،لەناوەراستی ئەنازۆڵەوە،بە ناوی ( قەرە قوینلۆ، ئاق قوینلۆ)پەلاماری ئێراقیان دا،کە بەکوردیەکەی، بەرخی ڕەش و بەرخی سپی ناسراون



**م.محمد أحمد** جیاوازینیە سەگی ڕەشو سپی

**Salar Shex Najib Barawi** دەستت خۆش بێت زۆر دروستە

**Mohammed Shaida** به ريز كورد رابووردوو و أموري جياوازي نيه أوه ي له رابوردوودا رووي داوه هه ر وه كو اوه ي ايستايه جونكه به بيي زه مه ن ده بوايه كورنكاري ببوايه ، له رابوردوودا نه خوينده وأر بو به ته ور خوي ده بريه وه كه بريتي بون له سه روك هوزه كان له بيناو بارجه يه ك زه وي يان كيسه يه ك روبي ، به لام امرو حزبيك كه زوربه ي خاوه ن شه هاده ن أوروبيان ديوه خيانه ت له كه ل و نشتمانبه كه ي اكات واتا كوا رابووردو و ايستا هيج جياوازيه ك نيه ته نها اوه نه بيت أسلوبي خيانه ته كه له رابوردو ايستادا جياوازه ، حزب كه بيشره وه امرو خيانه ت له كه له كه ي ده كات له بيناو باره و كورسيدا ، امرو حزبه كورديه كان ده جن بو به غداد بوجي ؟ بو مافه كاني كورد ؟بو وه ركرتنه وه ي ناوجه دابراوه كان ؟ نه خير بو كومه ليك امتيازات و كورسي و باره ، واتا كوا جياوازي له نيوان خيانه تي رابووردو و ايستادا؟ تا كورد ماوه ده بيت بلي ام نانه به ورونه .

**Mohammed Shaida** ايستا ايمه جي بكه ين و جاره مان جيه ، وه ك به ريزت ده فه رموي كوركان خواردوويان كرديون ، به ريزم او كوركه ي كه تو باسي ليده كه يت غه ريبه نيه له شوينيكي ده ره كيه وه نه هاتوه به لكو اوه كوركي خوماليه له ناو خوماندايه وه ك كورد وه ته ني ده ليت ته ور ده سكي له دار نه بيت دار نابريته وه بو نمونه كورد سالي ١٩١٩ ده وله تي دروست كرد جي بيش له شكري إنكليز كه وتو هيناني بو سليماني ده وله ته سأواكه يان رووخاند سالي ١٩٤٦ ده وله تمان دروست نه كرد له مهابات بيش اوه ي هيزي شاه بكاته مهابات له شكره كه مان رأي نه كرد له كه ل جه نه راله كه مانداو خويان كرده وه به عراقدا ؟ أيا اماره تي بابان و سوران و بادينان و به درخانيه كان و أرده لان خومان به ده ستي خومان نه مان رووخاندن ؟ روزي ٣١ / اب /١٩٩٦ نه جوين بو به غداد تانك و زريبوشي به عسمان نه هينايه سه ر هه ولير ، ايستاش حزبه كان كاتي هه لبزاردن كزي و فزيان نه كرد ، جي ماوه كورد خوي به خوي نه كات وه ك كرد وه ته ني ده ليت مريشك خوي خول به سه ر خويدا نه كات كه س ناتواني خولي به سه را بكات . با كورد به س تاوان بخاته سه رشاني خه لك با خومان خومان جا بكه ين اوه نده ت زان ده وله تي كوردي بو خوي ديته كيرفانمانه وه . اري كاكه تير نه بوون ؟ اري ام كورسيه شره يه اوه نده ديني خومانو نشتماني بو بفروشين . شاعريكي كورد ده ليت : اي كوردينه اي مه ردينه با ده ست له ناو ده سكه ين هه مو بو به رزيتي خاكي وه ته بو يه كيتي بجين هه مو كوردين هه مو مه ردين هه مو شاعريكي تر ده ليت : برايته له خه و هه ستن به يانه زه ماني هه ولو علم و خوش زيانه . هه ر ته مه ندريز بن .؟

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** بەڕێز، ئاماژەکانت بۆ ڕابوردو دروستو تەواون. بەڵام مەڵی (چی ماوە کورد خۆی بەخۆی نەکات) ئەوە سەرکردەی لێنەزانو بودەڵەو ترسنۆکو خائنو خۆفرۆشبوە بە کوردی کردوە. بەڵێ با خۆمان خۆمان چاک بکەین وەک خۆت نوسیوتە. وا خەریکین و ئاگادارت ئەکەین . دەسخۆشو هەر بژین.

**Kamal Muhamad** کاک کامیل لەگەڵ ڕێزدا برادەران بە ناوی ڕادەربڕینەوە کوڵی سووکایەتان بە خۆمان کردووە ئەبێ فێربین لە شەوو ڕۆژێکدا حەوت جار سیاسەت بگۆڕین نابێت سووربین لە یەک جۆر سیاسەت هەموو شتێکیش خراپ نیە ئیمە بەتەمەنەکان ئەزانین کورد لە کوێ بووەو گەیشتووەتە کوێ

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** زۆر ڕاستە کاکە کەمال. سیاسەت ئەبێ وابێ بەمەرجێ مەعدەنەکە پاکبێ.

**Ebrahim Abdulkadr Ali** کاک کامیل گیان وەکو دەزانین ئەوانە هیچ بەرژەوەندییان نەلەگەڵ خاک و نە لە گەڵ نەتەوەدا نییە تەنها سەروەتوسامان نەبێ بڕوابکە لەمێژە هەمویان فرۆشتووە ..ئەوەی دەیڵێن تەنها بۆ فریودانە..جا بۆچی ئێمە ڕوی بۆچونمان لەوان بنێن ئیمە دەبێت لەگەڵ ئەوجۆرە خاک فرۆشانەدا خۆمان هیلاک نەکەین ئەگەر هەرشتێ بەخۆما بکرێ لێی ڕانەوەستین ..سەرکەوتن بۆ هاوبیرانی نەتەوەکەمان

**Ebrahim Abdulkadr Ali** زۆر وترا..بەڵام کوردوتەنی یەکجار بەماست دەڵێن ترشە ئەوەی ئیمە دەیڵێین بوو بە خەڕەک

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** ئەو خەڕەکەی ئیمە هەر لەکاردابێ باشە. بێ دەنگی مانای ڕەزامەندییە

**Fauzi Majed** دەستەکانت خۆش مامۆستا گیان،پێشنیارەکەت لەجێی خۆیدایە بەڵام ئاغاکانیان ڕێگایان پێنادەن ئەو ڕێگایە بگرنە بەر چونکە لە بەرژەوەنیان نییە.جەنابیشت دەزانیت مرۆڤ تا کۆیلە بێت لە بەرژەوەندی خاوەنەکەی کار دەکات.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** سوپاس کاکە فەوزی، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ بێ دەنگبین.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Aras Faeq Salh** هەر حیزبەو ئاغاکەی وتی بچۆ پاڵ کێ ئەچێ ، بەرژەوەندی میللەت گوزەشت

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** بۆیە حیزبایەتی لە شێرپەنجە خراپترە.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Karwan Raouf Hama** هیچ هیوایەک نیە لە ئیراقی عەرەبی

**Kamil Zheer** دەسخۆش کاکە پشکۆ. نوسینەکانمان ئەگەر کار لەوان نەکا، خۆ خەڵکێکی زۆر ئەبنە دۆستمان. مەبەستەکەش ئەوەیە.

٢

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Nzar Mustafa** مرۆڤی ژیر دوجار لەکونێکا ماران گەستە نابێ بەڵام سەرکردایەتی کورد پەند وەرناگرن

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** با بەشیان هەر ئەوەبێ مارانگەزین.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Nizar Mhammad** هەر نەتەوەیەکی تر بوایە داگیرکەرەکەی ئەوەندە لاوازبوایە ئیستا بەغداشی داگیردەکرد بەلام جاشیزم ناهێلێ هەر چاویان لە بەغدایە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** راستە.. نازانم هیچ لەو حیزبانە شکئەبەی چاوی لەبەغدانەبێ؟ فەریکە فەیلەسوفەکانی گۆران ، هەر زۆر بێشەرمانە بەغدا بە باوەپیارەی خۆیان ئەزانن، واتا دەمێکە دایکی خۆیان لە بەغدا مارەکردوە. لەبیرت دێ تەنیا منو تۆ چوینەوە بەگژ نەوشیروانا لە وتێل پالاس!؟



**Pshko Amin** ماමۆستاکامیلی بەریز لیم ببورە گەربلیم ئەمانە هەمووشتیکن جگە کورد نەبیت ،لایمن تاکە جەوهەرو کۆلەکەی کوردبوون هەستە بەداخەوە ئەم حیزبە کوردیانە ئەو کۆلەکەیان نیە ،بەزۆرنیە کەنەبوو نیە ، بەم پیریەشیان بەخوا بۆیان دروست نابیت تا هەستیان بجولیت ،ئاخر خۆ کوردستان دوای روخانی سەدام ئازادبوو داگیرکەر نەمابوو ئەمان خۆیان چوونە بەغدای ئەنفال و بەتکاو رجاو بەساقەو بە قوربانیان بون وتا هینایانەوە ! لەکاتیکدا دەکرا لەدوای ئەنفال شیری حوشترو دیاری عەرەبیان لەگەلدا بکردنایە بەلام ئەوە ئەمانەنین ،ئەمانە بە نۆکەری پەروەردەکراوین بۆیە گەر سەربەخۆیشیان بۆ بخریتە سەر سینیەکی ئالتونی و بلین فەرموو هەر دژی دەبن ئیتر ئەوە وەهایە بەدەست کەس نیە ، کامۆ دەلیت ، تۆ کە خۆت نەتەویت لەکۆیلەی ئازادبیت من چیت لەگەڵ بکەم ودەسەڵاتم چیە وچۆندەتوانم رزگارتکەم !!! ئەمانە ئەنفال و کیمیا باران کۆمەلکوژی سەد سال هەستی سەربەخۆی لەدلدا نەبزواندین ودروستی نەکرد ئیتر هەرچیان لەگەلدا بوتریت وبکریت ئاسنی سارد کوتانە ،ئاخر کەیدەزانین ئەمانە کە داگیرکەر چۆکدانادات و خاکی داگیرکراوت چۆلناکات بە هیزی تفەنگ نەبیت گەر سەربەخۆیان بویت ! نائەمان نایانەویت دەنا هەرچی ەبرژەوەندی ەهیەدەیانکردە قوربانی سەربەخۆی ، سەریان بەهەموو ناکۆکیەک دادەدا لەخزمەت سەربەخۆیدا گەربیان ویستایە !! هەمووکورد برواتە بەغداوببیتەسەرۆک کۆماری هیندەی جەلال تالەبانی ناتوانیت خزمەت بەکورد بکات ، ئاخر خۆ ئەو هیچی نەکرد وهیچی پینەکرا ئیتر ئەمانەیتر بەتەمای جین وچیان پیدەکریت هەموان وەک دکتور فواد مەعسوم دەبن ودەبنە گالتە جار ،بۆیە چونەوە بۆ لای داگیرکەر تەنها زەلیلی و شکست دەهینیت بەدوای خۆیدا !! عەرەب وعەقلی عەرەب بروایان بەوکرد نیە وەک نەتەوەیەکی خاوەن ماف ئەوان سەیری ئیمەدەکەن وەک کۆیلە کۆیلەش تەنها بەهیز دەتوانیت خۆی ئازادکات ، دەنا خاوەن کۆیلە بروای بە ئازادی کۆیلەکەی نیە ، دوینی لەسەرهەمان شت ئەمەم نوسی ،،، گەرانەوە بۆ بەغدا یان گەرانەوە بۆدواوە ، چ گەرەنتیەک هەیە کە بەغدا دیسانەوە ئەنفالی کورد ناکات، گەرانەوەتان بەم چەشنەی ئیستا ،بە لە ٤٩% خاکی داگیرکراوەوە هیچ جیاوازیەکی نیە لە شکستی ١٦ئۆکتۆبەر ،واتە شکستیکی ترو رازیبوون بە داگیرکاریەکانی خاک وئەنفالەکەی ١٦ ئۆکتۆبەر ، هەرکەس ولایەک برواتە بەغدا بێگەرانەوەی کوردو پێشمەرگە بۆ شوینە داگیرکراوەکان ، واتە پیش ١٦ ئۆکتۆبەر مانای بەشدارە لەفرۆشتنی خاکدا ! دەستیت خۆش وەهەربژیت


**Kamil Zheer** دەسخۆش کاکە پشکۆ. نوسینەکانمان ئەگەر کار لەوان نەکا، خۆ
خەڵکێکی زۆر ئەبنە دۆستمان. مەبەستەکەش ئەوەیە.

**Hemn Mahmod** هیچ تروسکاییەك نابینم کە ئەمانە ی ئێمە بەرێوەدەبەن بیر لەسەربەخۆیی بکەنەوە و هەمووی دەکەن قوربانی پۆستێکی کارتۆنی بەغدا
١
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** بەڵێ وایە کاکە هێمن. منیش ئەوانە باش ئەناسم، بەڵام خەمی نەتەوەکەمانم هەیە.
١
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Arif Kerim** مامۆستا گیان ، میللەتفرۆش و دەوڵەتفرۆش و سەروەتوسامانیگەلفرۆش هیچیان پێناکری و هیچیان لێناوشێتەوە ، ئەمانە بچنە پاڵ بەغدا یان نەچن هەر ئاوانن کە بە چاوی خۆمان دەیانبینین ، ئەمەی جەنابت باسی لێوە دەکەیت بە سەرکردەی لێوەشاوە و لێهاتوو و شۆرشگێر دەکریت کەبرواى بە کوردو کوردستان و بزوتنەوەی شۆرشگێری و رزگاریخوازی گەلەکەی هەبێت ، ئێمە لەمێژەوە بەغدا و بەغاییەکان و سەرکردەکانی ناو عەرەب دەناسین و دەزانین ئەوانە بروایان بە کوردو کوردستان نییە و کورد بە میوان دەزانن لەسەر خاکەکەی خۆی ، ئیتر بچیتە پاڵ بەغدا یان نەچیت چی لەمەسەلەکە ناگۆرێ و هەموو جارێ دەمی مەسەلە عەرەبیەکە دووپات بکەینەوە : عادت حلیمە الی عادتها القدیمە .
تەندروستیت بۆ دەخوازم مامۆستا ، هەر سەرکەوتووبیت . بەم زوانە لە سلێمانی قسەو باسمان دەبێت .
١
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** مامۆستای بەرێز، فەرمایشتەکانت دروستن. ئامانج لەو نوسینەی من ، وروژاندنی رای گشتییە. کە تەشریفت هێنا، قسەی زۆرمان ئەبێ.

کورتە وەڵام/ 30- بۆنەیارانی گشتپرسییەکەی پار     ١٨/٩/٢٠١٨

وەک پشتر لەنوسینەکانما، ئەنجامەکەی ئەو گشتپرسییەم پیرۆزکردوە، لێرەداو لەساڵیادی ئەو گشتپرسییەدا، جارێکیتریش هەمان پیرۆزبایی لە نەتەوەی کوردمان ئەکەمەوەو رایئەگەینم کە ئەو گشتپرسییە خاڵێکی وەرچەرخانی ئەرێنیبو لەهزری ئەندامانی نەتەوەکەماندا کە بەیەکدەنگی رای جەماوەری خۆمان سەبارەت سەربەخۆیی کوردستان، پیشانی جیهانی دورو نزیکداو پێکەوەژیانمان لەگەڵ داگیرکەران رەتکردەوە.

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی، ئەگەرچی لەراگەیەنراوێکمانا بەژمارە ١٢ بەبەرواى ٣/٢/٢٠١٦، واتا زیاتر لە ساڵونیوێک پێش گشتپرسییەکە، بەپەرێزەوە روانیمانە پرۆسەی گشتپرسیو وتمان خەڵکی هوشیار گشتپرسی بۆمافی رەوای خۆی ناکاو لە رێی گشتپرسییەوە بە سەربەخۆیی ناگەین لەناو نەتەوە دواکەوتوەکانی داگیرکەرانی کوردستاناو...تاد، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ گشپرسییەکە بو بە بریار، هەمو توانایەکی خۆمان خستە گەڕ بۆ ئەوەی گشتپرسییەکە زیاترین دەنگ بەدەسبێنێ بۆ سەربەخۆییمان.

ئەو گشتپرسییە، ئەگەرچی نەیارانی دەرەکیو ناپاکانی ناوخۆی بەجۆرێ وروژان کە کەوتنە پیلانگێران دژی باشوری کوردستان، بەڵام گشتپرسییەکە بو بە بەڵگەنامەیەکی مێژویی کە نە بەداگیرکردنەوەی هەندێ ناوچەی باشورو چەن کانە نەوتێ، نە بەداخستنی فرۆکەخانەو خاڵە سنورییەکان، نە بەهیچ کردەوەیەکی دژکارانە، ئەو بەڵگەنامەیە ناسڕرێتەوە. بۆ هیچ کەسو لایەنێکو هیچ حیزبێکو هیچ پەرلەمانێکو هیچ حکومەتێکیشنیە ئەنجامی ئەو گشتپرسییە بسڕێتەوە، تەنانەت بۆ نەتەوەی کورد خۆیشی نیە ،ئێستە یا لەئایندەدا، ئەو گشتپرسییە بسڕێتەوە. چونکە ئەوە راو بریاری ئەو خەڵکانەبو کە لە ٢٥/ئەیلولی/ ٢٠١٧دا، تاپۆی ئەنجامی ئەو گشتپرسییەیان بەخشیە نەتەوەی کوردو بەهەمو دنیاشیان راگەیان.

کاردانەوەی ئەو گشتپرسییەو هەڵوێستی نەرێنیی ئیراکو دەوڵەتانی نزیکو دور، ئەو راستییەی سەلماند کەئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی، هەمیشە وتومانە ئەبێ نەتەوەکەمان پشت بەخۆی ببەستێ بۆ بەدەسخستنی مافەکانیو بەچەمکەکانی پێکەوەژیانو برایەتیی درۆزنەو مرۆڤایەتیی ساختە هەڵنەخەڵەتێو بەدەستی داگیرکەران هەڵنەسورێو پشت بە زلهێزەکانیش نەبەستێ، چونکە ئەو زلهێزانە، تەنیاوتەنیا، بۆبەرژەوەندیی خۆیان کار ئەکەنو لەتەنگژەترین رۆژگارمانا دەستمان لێبەرەڵائەکەن. کۆتایی کۆماری مهابادو رێکەوتنەکەی جەزائیرو کشانەوەی روس لە عفرینو زۆر نمونەیتر، بەڵگەی راستیی قسەمانن.

بۆ سەلماندنی زیاتری ئەم رایە، لەدوای ئەو گشتپرسییەوە، کە کورد زیاتر لەمافی رەوای خۆی نەدرکاندوە، ئەبوایە، بەپێی پێوەرە جیهانییەکانو جاڕنامەی مافی مرۆڤو تەنانەت پێشەکییەکەی دەستوری عیراقیش، رێز لە ئیرادەی نەتەوەی کورد بگیرایە، کەچی بەپێچەوانەوە، نەک هەر دوژمنان کە بەردەوام ئەیانەوێ ئەم نەتەوەیە، وەک مەڕی ملکەچ تاهەتایە هەر ژێردەستەو ملکەچبێ بۆچەقۆی ئەوانو بۆئەنفالو کیمیابارانو گۆڕی بەکۆمەڵیتر، بەڵکو ژمارەیەک لەو زلهێزانەی کە هەزاران میل دورن لێمانەوە، ئەوانیش هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانەیان نەنوان لەگەڵمان وەک چۆن هەمان هەڵوێستیان هەبو بەرامبەر گشتپرسییەکەی گەلی کەتەلۆنیای داگیرکراو.

ئەو گشتپرسییەی ئێمە، هەندێ راستیو واتاو پەند ئەگەیەنێ کە ئەتوانین لەم خاڵانەدا کورتیانکەینەوە:

١- گشتپرسییەکە، لەهەر کەسو لایەنێکەوە سەچاوەی گرتبێ، بو بە هی هەمو جەماوەری نەتەوەکەمان، بەبەڵگەی ئەوەی لە٩٢،٧% ی میللەت بەئەرێنی دەنگی بۆدا، هەرچەندە ژمارەیەک حیزبی کوردیو زۆڵەکورد دژی وەستانەوە.

٢- بە پێچەوانەی هەندێ بیروراوە کە ئەڵێ دیاریکردنی ئەو رۆژە بۆ گشتپرسییەکە کاتێکی گونجاو نەبو، ئەڵێین ئەو رۆژەو هەمو رۆژەکانیتری ساڵ، کاتی گونجاون بۆ دەربڕینی رای نەتەوەکەمان سەبارەت مافە رەواکانی خۆی. ئەو گشتپرسییە، خۆ بۆ ئەوەنەبو کە لەو رۆژەدا باشور لەعیراق جیابێتەوە، بەڵکو تەنیا بۆ وەرگرتنی رای گشتییو سەبارەت ٢ ئەگەر:
- یا خواستی سەربەخۆیی کوردستان
- یا ویستی پێکەوە ژیان لەگەڵ عیراقدا.
جا وەک زۆرینە دەنگی بۆسەربەخۆییدا، لەوانەبو زۆرینە دەنگی بۆپێکەوە ژیان بدایە لەگەڵ عیراقدا.
کەواتە کارێکی لەوجۆرە، هەمو رۆژێ کاتیەتی.

٣- ئەو گشتپرسییە، ئەو راستییەی سەلمان کە میللەت هەمیشە زۆرینەیەو حیزبەکان کەمینەن لەچاو کۆی نەتەوەدا. ئەوەبو ژمارەیەک لە حیزبەکانی باشوری کوردستان، بە ئاشکرا، دابڕانی خۆیان لەو گشتپرسییە راگەیان. هەندێکیتریش لەو حیزبانە، لەژێر پەردەوە خۆیان لەو گشتپرسییە دابڕی. لەگەڵ ئەوەشدا بینیمان رێژەی دەنگی ئەرێنی گەیشتە زیاتر لە ٩٢٪. لەگشتپرسییەکەی ٢٠٠٥ یشدا گەیبە ٩٨٪ کە ئەوە بەڵگەی ئەوەیە دەنگی خەڵکی سەربەخۆو بێلایەن، هەموکاتێ لەدەنگی حیزبەکان زیاترە. ئەوە نەک هەر لەکوردستان بەڵکو لە هەمو دنیادا ئەو راستییە سەلماوە کە میللەت هەمیشە زۆرینەیە.

٤- هەندێ کەسو لایەن، کارەساتو ناپاکییەکەی ١٦ی ئوکتۆبەرو داگیرکردنەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکانو لێکەوتەکانیتر ئەبەستنەوە بە ئەنجامی گشتپرسییەکەوە. ئەمە راستنیە. ئەو گشتپرسییە بکرایە یا نا، ئەو ناوچانە هەر هێرشیان ئەکرایەوەسەر. دەسەڵاتی عیراق، بۆئەو مەبەستە، چاوەڕوانی کۆتایی داعشی ئەکرد. لەلایەکیتریشەوە، حیزبە کوردییەکان نەیانتوانی پێگەی خۆیانو پێگەی کورد لەو ناوچانەدا بەهێزکەن لەدوای کەوتنی رژێمی بەعسەوە کە ئەبوایە لەو هەلە زێرینەدا ئەو ناوچانەیان پاکبکردایەتەوە لە هەمو ئەو کەسە نامۆیانەی بەمەبەستی تەعریب نیشتەجێ کرابون لەو ناوچانەدا، بەڵکو لەجیاتی ئەوە، ئەو حیزبانە، لەلایەکەوە خەریکی هێنانەوەی ئەوانەشبون کە رایانکردبو، لەلایەکیتریشەوە دەستیانکرد بە تاڵانوبڕیو دیمەنێکی ناشیرینیاندا بەنەتەوەکەمان!

٥- پێویستە لەو گشتپرسییەوە فێربین کە ئیتر دیاردەی حیزب حیزبێنە، نەک هەر دەوری نەماوە بۆ راژەی گەلەکەمان، بەڵکو بۆتە دیاردەیەکی زیانبەخشیشو پێویستە خۆمانی لێبپارێزین ئەگەر هەر بەم جۆرەی ئێستە بمێننەوە. ئەرکی نیشتمانیی دڵسۆزانی ناو ئەو حیزبانەیە کە ئیتر لەبەرەیەکی یەکگرتودا، یا لەکۆنگرەیەکی نەتەوەییدا یەکگرنو ببنە یەک راو یەک بریار تا رزگاربونی تەواوی نەتەوەکەمان. بەپێچەوانەوە، ئەگەر هەر وەک ئێستە پەرشوبڵاوو گەندەڵو ناکۆکو وابەستەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانبن، ئەوا ئەرکی هەمو تاکێکی نەتەوەکەمانە خۆیان بکشێننەوە لەو حیزبانە بۆئەوەی دەوریان نەمێنێو هەل برەخسێ بۆ قارەمانێکی فریادڕەسی وەک جۆرج واشنتۆن، ناپلیۆن، غاندی، ماندێلاو زۆریتر کەهەر یەکەیان بون بەرزگارکەری نەتەوەکەیانو سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان دەستەبەرکرد. کوردیش وەک مرۆڤ، هیچی کەمترنیە لەو نەتەوانە. تەنیا ئەوەیە کورد تائێستا نەکەوتۆتە سەر هێڵی راستی خۆی. جا ئەو هێڵە کامەیە؟ ئەوە ناگونجێ لە وتارێکی کراوەی ئاوادا بدرکێنرێ. تەنیا لێرەدا ئەوە ئەڵێم: ئەمڕۆ لەڕەوشێکی هەستیارو پڕقەیراندایین. رۆژی پەرشوبڵاویماننیە، خۆڕاگریو ورەی بەرزمان، زامنی سەرکەوتنمانە. تا شکستو ملکەچی یەکینەخستوین، بابۆسەرکەوتنو سەربەخۆیی یەکگرین.

دڵنیابن ئێمە لەدوژمنانمان بەهێزترین، چونکە رەوایەتی لەگەڵ ئێمەدایەو ئەوان ناڕەوان. ئێمە بەرگری لەنیشتمانی خۆمان ئەکەینو ئەوان بێگانەن. بیرماننەچێ ئێمە سەدەیەکە بەپەرشوبڵاویو بەچەکی سوکەوە ئەجەنگینو رەگەزەکانی نەتەوەیی خۆمان پاراستوە، ئێستە خاوەنی چەکی قورسو کاریگەری ئەوتۆین کەدوژمنی شەکەتو بێ ورە، خۆی بۆڕاناگیرێ لەئاستمان، بەتایبەتی ئێستە، سەرباری ئەزمونی شەڕی شاخ، خاوەن ئەزمونی شەڕی شارو کۆڵانو کۆڵانیشین. ئەگەر جاران بە یەکباڵ ئەجەنگاین، ئێستە خوشکانی جەنگاوەر باڵەکەیترمانن. ئەو ئێراکەی هەڕەشەی فسفس پاڵەوانانەمان

لێئەکاو حەشدی شەعبییەکەشی کەحەشدی دزیو تاڵانییە، بەرگەی گورزی هێزی پێشمەرگەی نەبەرد ناگرێ. شەڕی قارەمانانەی پردێو شەڕی جەوامێرانەی سحێلا بەڵگەی راستیی قسەمانن.

هیچ پێویستیشنیە کورد، دوای ئەو هەڵبژاردنەی عیراق، خۆی بەکێشەی نێوان لایەنە عیراقییەکانەوە خەرێکبکا، با کورد نەبێتە لایەنگری هیچ لایەکیان. هەمو لایەکیان دژ بەئێمە چونیەکن. با خەریکی رێکخستنی ناوماڵی خۆمانبین. با کارێک بکەین دوژمنان لە پایتەختەکانی خۆشیان خۆیان بۆرانەگیرێ.. بۆ کەسێکیش کەسە، ئەلفێ بەسە.

گەشەداربێ ساڵیادی ئەنجامی گشتپرسییەکەی ٢٠١٧\٩\٢٥.

٩٤ بینین ٧١ لێدوان لەوانە:


Sana Kurdee پەنجەت نەڕزێت هزری هەر لە بیری نەتەوەیی دا بیت و هەر بژیت بۆ کورد
Shex Yousif او قسە جوانانە ی بە ریزت نیشانە ی نشتمان بە روە ری و تیکە یشتن لە مافی نە تە وە تە مە ن دریز و دلخوش و خامە تیز بیت
Kamal M Barawy هەر سەربەرزو تەمەندرێژبن،مامۆستای ژیر و دڵسۆزی نەتەوە 🌹

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Peshraw Med** ڕێفراندۆم تەنها شانۆیەکی دروستکراوی دوژمانی کورد بو بە دەستی
زلهێزەکان و ئاژاوەی ئیسرائیل بە بەکارهێنانی داگیرەکەرە ڕاستەوخۆکانی کوردستان..
بەڵگە هەیە و لە داهاتویشدا ئەخرێتە سەر مێز هەروەکو شۆڕشە چەواشەکانی تری پێشو و
بەتییەت فرۆشتنی شۆڕشی ٧٤. شانۆی ڕیفراندۆم لە داگیرکردنەوەی موسڵەوە دەستی پێکر
بۆ داگیرکردنەوەی کەرکوک. ڕیفراندۆم بێ مەبەست یەک لایەنی باشی هەبو: ئەویش ئەوە
بو کە لە ئاستی جیهان بیسترا کە نەتەوەی کورد خوازیاری سەربەستیە ئەگینا جاش
دەسەڵاتی باشور بیری لە شتی وا نەکردبۆوە تەنها بەجێهێنانی ناپاکی و هەڕاجکردنی
نیشتمان بە فەرمانی دوژمنان!

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** ڕێز لە بیرو بۆچونی هەمو کەس ئەگرم. ئاینده ڕاستییەکان
دەرئەخات. ئێوەش هەر شادبن کاک پێشڕەو.



**Neamat Said Saedon Ghareeb** خامەت رەنگین مامۆستا کوردپەروەریەکەی
بەشیر مشیر لەتۆدا دەبینم دەبێت هەمووان بەشیریزمی بیربکەینە وە و کامیل ژیرانە بنوسین



**Hawre HamaSalh** سلاومامۆستا..بەو کەسانە اڵێییت کە لەگەڵ گشت پرسی نەبوون زوڵە کوردن؟؟زۆرباشە ای بەوانە اڵێییت چی کە پێشەوای گشت پرس بوون و بە کی برکی رایان کردوە بۆ بەغدا؟؟؟2مامۆستا گیان پاڵ پشت وبنەما و بەڵگەت کامەیە کە افەرموویت گشت پرسی بۆ دوو امانج بوو 1بۆ ژیان لە گەڵ عیراق2بۆ سەرەخۆیی کوردستان؟خۆ دۆکۆمێنت و ووتارو بانگهێشتەکانی کاک مەسعود ماون و لی ادرێنەوە!!!!لە هەمووی گرنگتر بەر انجامی گشت پرسییەکە بەچی گەیاندووین؟لە دەست دانی خاک و نەوت وەک خۆت افەرموویت ای چی لە جیاتی بە دەست هات؟خوزگە وەڵامی پێویستم وەر اگرتەوە...تەندروست باش بن...

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ



**Kamil Zheer** کاک هاورێ، بەرلەوەی دژی زوڵە کورد قسەکردبێ، زۆر زیاترم بەوانە کردوە کە ئەچن بۆ دەرباری بەغداد بەپارتیو یەکێتیو گۆرانو ئیسلامیشەوە. بچو سەیری نوسینەکانم بکە لە سایتەکانی ئەمرۆ، کۆنگرە، کوردستان پۆست، کوردستاننێت، پێنوسەکان، هاوبیران، فەیسبوکو زۆریتر. سەبارەت 2 ئامانجەکەی گشتپرسی، ئەوە لەو پەڕە کاغەزانەدا نوسرابو کە کۆمسیۆن ئامادەی کردبو و دەنگیان لەسە ئەدرا. ئەوە لەهەمو گشتپرسییەکی دنیادا هەر وایە، بە نمونە: گشتپرسییەکەی بەریتانیا بۆجیابونەوە لەیەکێتیی ئەوروپا، ئایا ئەتەوێ جیابیتەوە یا لەگەڵی بمێنیتەوە؟ هەروەها ئەوەی کەتەلۆنیا. ئەوەی بەو ئەنجامە خراپانەی گەیاندین، زیاتر ناپاکییەکەی16ی ئوکتۆبەربو، ئەگینا خۆ ساڵی 2005یش گشتپرسی کراو 98% دەنگی بە سەربەخۆییدا، ئایا ئەوەش هەر فریواندومبو؟ ئەی نابێ پرسیار لەمیللەت بکەی؟ خۆ کەس زۆری لەو خەڵکە نەکردبو دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن. کەسیش رێگرنەبو لەو زوڵە کوردانەی دەنگی نەخێریاندا. سەبارەت گەوجاندن، ئەوە کاری زوڵە کوردەکانە نەک نەتەوەییەکانی کورد. هیوادارم چاوێک بەخۆتاندا بگێرنەوە. هەر شادو بەختیاربن.



**Hama Xan** وشەی زۆلە کورد بۆ ئەوانەن کە پەنجەکانیان هیزی ئەوی تیا بوبی نەخیر هەلبژیریت، نەك بۆ ئەوەی دەنکی نەداوە یانسەرنجی هەبوبی لەسەر کردنی رفراندۆم. چونکە ئاکامی ئەگەری سەرکەوتنی نەخیر زۆر کارەساتیکی گەورە ئەبوو بۆ میلەتەکەمان، مامۆستا زۆر جوان رونی کردەوە لە چاوپیکەتنەکەی رەنج سەنگاوی لەگەل بەریزی پیش ریفراندۆم، هەر ئەوەبوو وای لە من کرد بریاری بەشدارکرن بدەم بە بەلی

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ · دەستکاریکرا



**Kamil Zheer**

وەک پشتگیرییەک بۆ سەرنجە جوانەکانی بەڕێزتان، وا نوری **Hama Xaen** مالیکیش هاتە دەنگو ئەڵێ ئەگەر هاوکاریی یەکێتیو قاسم سلێمانی نەبوایە، هەرگیز نەمانئەتوانی بچینە کەرکوک.

**Mohammed Shaida** به دا خه وه زوو ده مانزاني او كشتبرسيه بو ده وله ت نيه جونكه هه ندي له به ربرساني او حزبه اشكرايان كرد كه رابرسيه كه شه رت نيه بو ده وله ت بيت وه له انجاميشدا ده ركه وت كه بو زه عامه تي و كورسي و سومعه يه .

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** ئەوە راستە، ئێمەش هەر وامان وتوە، بەڵام 92،7%ی میللەت لەهەستو نیازی پاکیانەوە دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا. وتارەکەی منیش بۆ ئەو خەڵکە دڵ پاکەیە نەک بۆ ئەو زۆڵە کوردانەی رێژەیان 7،3% بو و دەنگیان بە نەخێردا!

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Goran Babaali** دەستت خۆش،
گەر روخسەتم بدەی بۆ ئەم تێشکە
ناونانی کۆماری مەهاباد دەمێکە راست کراوەتەوە،کەنابیت وا ناو بنریت دەگوتریت
کۆماری کوردستان

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** راستە ناوی کۆماری کوردستانبو، بەڵام چونکە پایتەختەکەی مهابادبو، ئەشوترێ کۆماری مهاباد.

**Raoof Sidiq** دەست خۆش بەکورتیو پڕ زانیاریو هەڵوێست ڕونت کردۆتەوە .



**Abdulsattar Azeez Abdullah** هەربژین مامۆستا گیان خامەتان بڕشت و
ڕەنگین بەراستی خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیانەت کردووە بۆ گشت پرسیە پیرۆزەکە و
هەر هەبی



**Fuad Sdiq** ماموستاي به ريز
بروات به كه سيك هه يه پيشره وي سوباي باسداراني كردبيت بو سه ندنه وه ي ناوچه رزگار كراوه كاني كوردوستاني رۆژهه لات له ده ست كوردو
ده با به ي به عسي هينا بيته سه ر په رلماني كوردوستان و به pkk بليت داگير كه رو به تورك و اردوغان بليت دۆست و گه وره ترين بنه ماله ي دزو مافياوكورد كوژ بن و هه مووماں ده ر انجامي گشت پر سيه كه شمان بيني كه له ده ست داني ٥١/ كوردوستان بوو به ريزشت به ستا يشه وه يادي كه يته وه
وه لامي او پرسيار ه م ده ست كه وت كه بوچي پاش اوهه موو ساله له خه باتان به مه نجه ليك ياپراخ تير اخۆن

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ساڵ



**Hama Xan** دەستخۆش منیش ئیستا تیگەیشتم بۆ پاسۆك هەر بەمنەجیلیك یاپراخ تیریان ئەخوارد، چونكە میلەت خۆی گەندەڵە، بۆیە هەمووی هەر شوین یەكیتی و پارتی و گۆران و دزەكانی كە كەوتن و كەس شوین حیزبە پاكە راستەكە نەكەوت! كومانم نییە هەردوو بەریزتان چەنها جار دەنگتان یاوە بەم حیزبە گەندەلانەی ئیستا گلەییان لیئەكەن! چاوەكەم سەرنەكەوتنی كاژیك و كە لەدوایشدا پاسۆك كە چاویان لیكردن، (وەكو حزب نەك وەكو فیكر، چونكە وەكو فیكر ئیستا بەری رەنجەكەی ئەخوریت!)، ئەوە بو كە گەلی باشور هەرخۆیان گەندەل نەفامن بۆیە دركیان بەو حزبە نەتەوەییانە نەكردوە، بیگومان شوینیشیان نەكەوتون چونكە پارەی تیا نەبوو.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ



**Hama Xan** شتایش كردنی ریفراندۆمیك كە ئیرادەی میلەتیكی دەرخست چ پەیوەندی بەوەیە كردویەتی؟ لەدەست دانی لە ٥٠% خاكیش هەر هەتمی بوو ئەوە قسەی من نییە قسەی سەرۆكوەرزیرانی اراق خۆیەتی! بەلام دیارە كورد زۆرینەی وەكو بەریزتانە كە تیناگات، بۆیە تا ئیستا نەگەیشتوین بە هیچ

**Kamil Zheer**

Haval Shex Ata بۆ هەردو بەڕێز فوئاد سدیق و هەڤاڵ شیخ ئەتا: تکایە .
سەرنجێکی وەڵامەکانی بەڕێز هەمەخان بدەن.

**Azad Ali Dartash** ماموستا برسياريك له به ريزت
تو له وباوه ره دايت تاكو ايستا كورد زانيبيتي كي دوزمنه و كيش دوسته ؟؟؟؟ به ريزت سه
يريكي نه خشه ي كوردستاني باشوور بكه و بزانه كورد دوستي هه يه !!!!! من ده ليم
خوري ازادي كورد له روز اواوه هه لديت " ماموستا له رابه ريني به هاري ١٩٩١ هه ر
هه موو حيزبه كان كه وتنه دزين و تالانكردن ويران كردني كوردوستان و أو يو كردني
شوفل بلدوزه رو كاركه كاني قيرو ده يان كاركه ي ترو ويرانكردني به ندا وي بخمة كه كه
وره ت ين بروزه ي كوردوستان بوو به لام له كوباني باش ويرانكردني له ماوه يه كي زور
كه م قوتابخانه كان نوزه ن كرانه وه به بالبشتي ماموستاكان و قووتابيه كان به لام هه
ركيزاو هه ركيز أو بيروزييه لاي خومان به دي ناكريت و نه شكراوه
حه زده كه م به ريزيشت راي خوت ده ربريت و سوباس

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** کاکە ئازاد، بۆ وەڵام:1-کورد دۆستی نیە، هەروەها
نەتەوەکانیتریش. دنیا دنیای بەرژەوەندییە نەک دۆستایەتی. بۆیە ئەبێ هەمو
نەتەوەیەک تەنیا پشت بەخۆی ببەستێ 2-دور نیە خۆری ئازادی لەخۆرئاواوە
هەڵبێ چونکە حیزبەکانی ئەوێ گەندەڵ نین 3-لە راپەریندا پاسۆک دزیو تاڵانیی
نەکرد 5-بە گشتی میلەت باشە، ئەوە حیزبەکانە یا باش ئەبن یا خراپ. حیزبەکانی
ئێستای باشور خراپن و پێویستە میلەت شوێنیان نەکەون.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Azad Ali Dartash**
زورسوباس ماموستا Kamil Zheer

**Ahmad Ali** بە ڕێزت لە هەستێکی نەتەوایەتی ڕاستگۆیی پیروزەوە تێکەڵ
بەسۆزدارییەوە ڕات دەربڕیوە٠٠٠ئەوەش ویستی مێژوویی نەتەوەکەمان بووە و بەڵام بە
داخەوە بە کەسانی دۆ ڕاو ناپاک کاری وامەزن ناکرێت و دەستی داگیرکەرو دەرەکی هەڵی
دەسوورێنێ

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** باوەڕبکە دەمێکە ئاوەزم زاڵکردوە بەسەر سۆزدا، بەڵام سۆزیش
لە جێگەی خۆیدا پێویستە. خۆشەویستی بە هەمو جۆرەکانییەوە لە سۆزەوە سەرچاوە
ئەگرێ. هەر شادبن کاکە ئەحمەد

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Ahmad Ali** بە ڕێز من لە لاویتییەوە دەتناسم زۆریش پێکەوە دوو بەدوو
دایلۆگ وجەدەلمان کردووە لە سەر مەسەلەی کوردو کوردایەتی و بارو دۆخی ئەو
شەستەکان و تا هەشتاکان ٠٠بەڕێزت کەسایەتێکی ڕاستگۆو خۆنەویست بووی لەو
مەسەلەیەدا هۆشمەندو کارا بووی٠٠ هیوای تەمەن درێژی و دروستیت
دەخوازم٠٠٠ماموستا ئەحمەد ناسراو بە ماموستا ئەحمەدی زیندانی

**Tahir Mustafa** ده ست و ده مت خوش
من وه ک خوم هه ر (3) روژ جاریک گشتپرسی سه ربه خویی بکریت هه ر که س و لایه
نیک بیکات بی هیچ دوودلییه ک ده نگی به لیی ده ده می

٢

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** ئەوە ئەرکێکی نیشتمانییە. هەر بژین

**Mustafa Husian** بيش هةمووشت ريزم قبول بكه ..ئازبزم زؤله كورد ئةواية
هةرؤزه له سةر بةتيك ياري بكات و ياري بةجارةنوسي نةتةوةكةي بكات و
نةزانيت ج دةرءئجاميك بةدةست دينيت و بةفيتي دوزمني نةتةوةكةي هةنكاويك
بنيت نةكات و شوين و تواناش لةبةرزةوةندي نةتةوةكةي نةبيت ..!!!
هةموومان دلتيان بيش خؤمان و دؤستةكانيشمان دوزمن زياتر دلنيايه كورديك نيه
سةربةخؤي ئةويت.. تكانه با له بةر مةبةستيكي تايبةتي بةريزي بةيةكتر
نةكةين ..هةمووان له كةشتييةكةداين هةركةس كوني كات هةموو
ئةخنكين ..جاريكي تر ريزم قبول بكه.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer**
دەمخۆش کاکە مستەفا، وتەکانت لەگڵ ئەم هۆنراوەیەدا **Mustafa Husian**
گونجاوە کەئەڵێ: ئیش کەئێستە روی لەهەورازە سەرەولێژی نەکەی- فکری
دوریشی ئەوێ قەت بە دۆعاو نوێژی نەکەی.

**Kamal Abdulla** سڵاو لە مامۆستا کامیل ژیر
هەر لە یادی ڕاپرسیەکەی پارەوە،بەڕێزت ئەو کات لە ووتاریکی خۆتا لە وڵامی نەخێرەکان
ووتت ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە گەر تا هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی کوردستان سەربەخۆیی
ڕانەگەیاند، ئەوا ڕیفراندۆمەکە بۆ موزایەدەیە و داوا دەکەم کەس دەنگ بەم پارتانە
نەدات.مامۆستای ژیری خۆشەویست ڕیفراندۆمێک گەندەڵکاران بڕیاری لێ بدەن و خۆت
ووتەنی بۆ موزایەدە بێت ، ئەو هەموو زیانانەی لێ بکەوێتەوە،پیرۆزیەکەی لە کوێ دایە.
هیوادارم بە سنگێکی فراوانەوە لێم وەربگری

**Kamil Zheer** کاکە کەمال، من لەو قسانەی خۆم پەشیمان نیم.ئێستەش ئەڵێم ئەو
دەسەڵاتە گەندەڵە، تائێستا زیاتر لە50وتارم لەسەر گەندەڵییەکانیان نوسیوە. بەڵێ ئەو
گشتپرسییە بۆ موزایەدەبو. من وتومە کەس دەنگ بەم پارتانە نەدا، نەموتوە کەس
دەنگ بە گشتپرسییەکە نەدات. مەبەستم لە دەنگنەدان هەڵبژاردنی پەرلەمانە نەک
گشتپرسییەکە. لە راگەیاندنی ژمارە 12 ی هاوبیرانی کوردایەتیدا داوامانکردوە ئەو
گشتپرسییە نەکرێ، بەڵام کە کرا، پێویستبو دەنگی بەڵێ بدەین، وەک ئەو پەندەی
ئەڵێ کە ریش بو بەریشەوە ئەبێ شانەی بۆهەڵگری. ئەو گشتپرسییە بوبەمڵکی
میلەت، ناپاکی ئەبو دەنگی بەڵێمان بۆ نەدایە.تکایە جارێکیتر بەوردی ئەم کورتە
وەڵامە بخوێنەرەوە. لەگەڵ رێزم. تکایە سەرنجێکی وەڵامەکەی بەڕێز تاهیر مستەفا
بدە. خۆ ئەوە من پێمنەوتوە!.

**Kamal Abdulla** دەست خۆش بۆ وڵامەکەت ماموستا،بە هیوای لەشساغیتان

**پێگەی وتاریکورد** کاک کامیل گشگیری پێویستە، بە ئالەتەکانی بیری ژیرەوەو بە کەسانی شایستەی نەتەوەوە. ئەوانەی گشگیرییەکەیان ئەنجامدا، لە تەوقیتێکی ناژیرانەو، هەروەها کەسانی خائین و خۆفرۆش بوون

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** بەڕێز، هەر کەسو لایەنێک ئەو گشتپرسییەی کردبێ، دوایی بوتە مڵکی میلەت. ئاخۆ ئەکرێ لەبەرئەوەی داعش ئاو ئەخواتەوە ئێمە ئاو لەخۆمان حەرامکەین؟ یا لەبەرئەوەی ئۆتومبێل ئیستیعمار دروستی ئەکا ئێمە نابێ سوارییبین! ؟ ئەوەنیە هەمومان جلوبەرگو کاڵای تورکی فاشت بەکارئەهێنین!؟

**Hama Amin Siwaily** دەست خوش ماموستای کوردایەتی هەمیشە دەست کیش وخوفرۆشەکان بەر بەست بوون لەبەردەم سەربەخویی نەتەوەکەمان نەک دوژمنانمان هەرگیز دوژمنان ناتوانن بیری نەتەوەییمان لاواز بکەن ئەوە زۆڵە کوردەکانن بەبەرنامە کاری بۆدەکەن خەڵکی وڵاتەکەمان بی ئومید دەکەن

کورته  وه ڵام/31- بۆساخته یه کی پێشه کی! ٢٣/٩/٢٠١٨

به پێی هه واڵیکی روداو له هه فته ی رابوردودا، به ربژێره کانی پارتی، یه کی ده فته رێ دۆلار. یه کێتی یه کی ده  ملیۆن دینار وه رئه گرن بۆ ریکلامی هه ڵبژاردنیان بۆ په رله مانی کوردستان!.هیزبه کانیتریش هه ریه که و به جۆرێ. ئه م هه واڵه  گه لێ لێکدانه و  هه ڵئه گرێ، له وانه :

1-ئه و هیزبانه ، ئه و  پارانه یان له کوێبو؟ ئه واننه بون دوای راپه رین به  گیرفانی به تاڵه وه گه رانه وه ؟ لای که سیش شاردراوه نیه ، ئه و پارانه و  هه مو سامانه کانی خۆیانو شوێنکه وتوه کانیان، پاره ی دزراوه  له کوردی داماو.

2-له پێناوی ئه و بره  پاره یه دا، به ربژێری خراپو لێنه هاتو، ته نگ به  به ربژێری چاکو لێهاتو هه ڵئه چنێو  هه زارته لاشو مامه  هه مه یی بۆئه کا!. خۆ ئه گه ر گرتیو ده نگی پێویستی هێنا پشتبه ست به هیزبه که ی به هه ر هۆکارێکی نه شیاو، ئه وا دو شه شی هێناوه و موچه ی خه یاڵیی به سه ردا ئه رژێ. ئیتر به لایه وه  ئاسایی ئه بێ هه میشه  به  زورنای هیزبه که ی هه ڵپه رێ. ئه نجام ئه و جۆره  ئه ندام په رله مانانه  له مرۆڤه وه  ئه بن به  توتی! په رله مانیش ئه بێته  هۆڵی خۆرازندنه وه و چاوبرکێ، یا سه رخه وشاکاندن.

3-ئه و پارانه ، هه ندێ پرۆژه و وه به رهێنانی پێئه کرێ که  ئه شێ خشتێکی پێ بخرێته  سه ر خشتێکو ژماره یه ک گه نجی بێکارێشی پێدامه زرێ.

4- به رامبه ر ئه و خا ڵانه  ، ئه شێ پرسیارێ بێته  ئاراوه ، ئه ی چۆن!؟ ئه وه نیه  ده وڵه تانیتریش په رله مانیان هه یه ؟ له وه ڵامدا: با، به ڵام دو جۆرن. جۆرێکیان هه روه ک ئه مه ی ئێمه  وان . له جۆره که یتریاندا، پاره  به  به ربژێر به ربژێر نادرێ. به ربژێر به پێی لێهاتویی دیاریئه کرێ. له ناو

په رله مانیشدا كه سایه تیی خۆیان ئه پارێزنو نابن به توتی. ئه وه ئه مسالّ چوار به ربژێری كورد ئه چنه په رله مانی سویده وه . لێیان بپرسن: یه ك پولیان پێشه كی وه رگرتوه ؟

سیستمێكیتریش هه یه ، پێیئه وترێ سیستمی بازنه یی. واتا ناوه نده كانی هه ڵبژاردن ئه كرێنه بازنه بازنه . هه ر بازنه یه ك (هه ر شارێک یا ناوچه یه ك) نوێنه ری خۆی هه ڵئه بژێرێ بۆپه رله مان كه ژماره یان به پێی دانیشتوه كانیان ئه بێ. ئه مه یان به ڕای من وه ك یاساناسێ، بۆ ئه م هه رێمه ی ئێمه گونجاوه . تۆ له شاره كه ی خۆتا به ربژێر ئه ناسیت، كه چوه په رله مانیش، چاودێریی ئه كه ی بزانی چیئه كا بۆناوچه كه ی خۆی، واتا ئه زانی به ربژێرو نوێنه ری ناوچه كه ت كێیه و ئه شتوانی لێپرسینه وه ی له گه ڵبكه ی. به ڵام ئێستا خه ڵكی هه ڵه بجه ، بۆنمونه ، نازانن به ر بژێره كانی زاخۆ كێن!. سودێكیتری ئه م سیستمه ئه وه یه میلله ت تا راده یه ك له دێوه زمه ی هیزبی رزگارئه بێ به وه ی خه ڵكی ناوچه كه چه ن به ربژێرێكی سه ربه خۆ(نا هیزبی) هه ڵبژێرن كه ئه شێ زۆرینه ش پێكبێنن. به وه په رله مان له ده س هیزبه گه نده ڵه كان قوتارببێ.

5-نادادپه روه رییه كیتری ئه م هه ڵبژاردنه ی ئێسته ، ئه وه یه هیزبه ده سكورته كان ناتوانن به ده فته ره دراو به ربژێر بكڕنو ئه وانیش به مێزی رازاوه ی چێشتخانه كانو سه یرانگه كانو مه یخانه كان، ده نگی كاسه لێسه كانی میلله ت بكڕن.

6-دوا خاڵ، ئه م كڕینو فرۆشتنه ، ته زویرێكی ئاشكرای پێشه كییه سه رباری ته زویره نهێنییه پاشه كییه كان!.

به هیوام هاو ڕێیان رای خۆیان به رامبه ر ئه و دو سیستمه پێشانبده ن، كامیان گونجاوترن بۆ ئه مڕۆی ئێمه ؟

٧٥ بینین ٣٤ لێدوان لەوانە:



**Kamal Muhamad** ژیان پێمان ناڵێ ئەوەندەڕەشدۆست بین

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ



**Kamil Zheer** هەمیشە گەشبینی پەسندە. سوپاس کاکە کەمال

**Pshko Amin** دەست خوش ماموستا بوچونێکی جوانە ئەوان کورد واتەنی شایەکە لەماڵی خویاندایە بویە تەنها ئەوانین دەتوانین قنج هەڵپەرین بوک و زاواش هەر لە خویانە زەرەر مەند تەنها خەڵکە هەژارە ناحزبیەکەیە کە گیری خواردوە بە دەست ئەمانەوە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** کەواتە نەفرەت لە هیزبایەتی



**Awat Marouf** سەرەتا دەمەوێت بلێم، گەلی زیندوو توانای ئەوەی هەیە بلێ نەء و تا
ئێرە و بەس،بڕژێنە سەرشەقامەکان،دژی نادادپەروەری،زوڵم ولێنەهاتووی چەند گرگنێکی
ڕەزاقورس،وەک مۆتەکە خۆیان داوە بەسەر ئەم گەلە خێرنەدیوە،هەندێکیان تووشی ئینتەلای
دەماغ بوون،نە گۆڤار وکەناڵی میدیاکان بەشیان ناکات و قورخیان کردوە،گەلحویی گشتی
زۆربڵاوە لەناوماندا،وادەزانین ئەم بتەگەورانە فریاد ڕەسمانن،دیارە کاریان لەسەر کەسایەتی
تاکی کورد کردوە،وەک کەلاوەیەکی داتەپیویان لێکردوە،هەردەم چەپڵەی مووچڕکاوی
لێدەدات بۆ پرۆسەی سوکایەتی بە خود خۆی، مامۆستا ژیر سەبارەت بەجۆری هەڵبژاردن
لە ئەلمانیا چوار جۆرن، یەکەم: هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەلمانیا کەتێیدا حکومەت و
ڕاوێژکار هەڵدەبژێرێت. دووهەم: هەڵبژاردنی هەرێمەکان،لەم هەڵبژاردنەدا تەنها نوێنەر
هەڵدەبژێرێت بۆ پەرلەمانی هەرێم ،کاری لەسنووری ئەو هەرێمەدا دەبێت،نابێتە نوێنەر لە
پەرلەمانی ئەلمانیا،دەست نیشان کردنی سەرۆکی هەرێم دەست نیشانکردنی حکومەتی
هەرێم تێدا دەستەبەردەکرێت،،سێهەم:هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شار وشارۆچکە
وشارەدێکان،کەتێدا سەرۆکی ئەنجومەنی شار(پارێزگار،قایمقام،مدیرناحیە)تیا
هەڵدەبژێرێت،کاری نوێنەر لەچوارچێوەی شار،یاخود قەزا و ناحیە دەرناچێت،چوارهەم:
هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا،کە نوێنەرەکان پاش دەرچونیان لەپەرلەمانی ئەوروپا لە
شتراسبورگ دەست بەکار دەبێت،بۆ بەرژەوەندی وولاتەکەی بەگشتی و بەتایبەت بۆ ئەو
ناوچەیەی کەخۆی لێ کاندید کردوە، ئەوەی بەرچاوم کەوت لەم ڕۆژانەدا،دانانی لافیتەیەک
لەبەر سەرای سلێمانی کەتێیدا نوسرابوو تاکە ڕێگەی چارەسەری بۆ نەتەوەکەمان ڕێبازی
پاسۆکە،دەڵێن دامو دەزگای ئەمنی کەوتونە گەڕان وسۆراخکردن،کێ ئەم شیعارەی
داناوە،خۆ ئەمانە تیرۆریست نین،کوردی نیشتمان پەروەرن،لە خانەی خیانەتەوە
نەهاتوون،من وەک مرۆڤێکی کورد،لەگەڵ هەر دەنگێکم کە بەرەو سەربەخۆی بمبات،بەسە
ئێتر برایەتی کورد و عەرەب مەگەر بەشیری قوتوو،بژی کورد، بژی کوردستان

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ · دەستکاریکرا



**Kamil Zheer** هاوڕاتم مامۆستا ئاوات ،دەسخۆش بۆ شیکردنەوە وردو
جوانەکانتان.

**Fuad Sdiq** هيچ سيسته ميكيات گونجا و نيه چونكه ديمو كراتيه ت له كوردستان بۆ ني
نيه به هه موو پيوه ركاني ديموكراتيت جووت بنه ما له و گروپه ايسلانيكانيش و گورانيش
ده بنه به فري برژاو به بووني ديموكراتيه ت

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** ئەبێ مرۆڤايەتی بەشوێن سیستمێکی تازەدا بگەڕێ چونکە لەهیچ
وڵاتیکدا دیموکراتیەت سەرکەوتنی رەهای بەدەست نەهێناوە.

**Mohamad Shaban** جا ئه گه ر که سانی تر یش بن هه روا ئەبیت هه ر بۆ پاره بوو کاک نوشیروانووتیم کێسه م.له گه ل یەکیتی پارەیه نه ک بیروو باوڕ ئەو مقابلە ی خۆ ئەی بیشتریش هه ر له یەکیتی نه بوو یا کردەکه به تق پۆ


هاوڵاتی
www.hawlati.com
مژده مژده
ئیستا لە ...وران
نەوشیروان مستەفا: هیچ گرژییەکم لەگەڵ مام جەلالدا نییەو شەریکم لەهەموو سەروەتو سامانو دارایی یەکێتیدا
پارتیو یەکێتی بەجیا ناویان بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان تۆمارکردووە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** کارێکی چاکت کردوە کە ئەو بەڵگەنامەیەت پاراستوە. با ئەهلی گردەکە بیخوێننەوە.

**Farman Amin** دەستخۆش مامۆستای هێژا.
بۆ ئەوەی بەربژێری کوڕ و کچی خەمخۆری گەل و خاک هەڵبژێردرێ
گەرەکە لەپەتای لەسیستەمی وابەستەیی هیزبی و خۆمان ڕزگارکەین.
ئەوەی لەم گێژاوکەیەش گەل دەربازبێت گەرەکە بەگژ دیوەزمەی وابەست
بنەماڵەییدا بچێن کە ڕەگ و ڕیشەکەی داگیرکەر لەدوای گرتنەدەسەڵاتی
هەخامەنشینیەکانەوە دامەزراوە کە دەوڵەتی مادیان کردە میرنشینی و
کوێخانشینی کە وابەستەبێت بە داگیرکەرەوە. تائێستا داگیرکەر و زل
خۆرایی خۆر وای پێباشە، چونکە هەرکاتێ بیەوێ وەک پار و تیکەی نا
بەئاسانی قووتئەدرێ. لێرەوە دۆست و نەیار دیاری ئەکرێت بۆ شیتەڵکر
چارەسەرکردنی ئەم ((شیردا بۆ پیردا )) یە چۆتە ناو چین و توێژی گەل

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** ڕاستە بەڕێزم، نە هیزبایەتی نە بنەماڵەیی. داگیرکەریش هەروایە، چار خەباتی نەتەوەییانەی ڕاستینەیە.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Fausy Ramsy** دەستخۆش.منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەی بەڕێزتاندا.

کورته وه لام32/- بۆبابه تیکی ئادل باخه وان سه باره ت ئیسلام ٨/١٠/٢٠١٨

بابەتە کە ی ئادل باخە وان، لە سایتی روداودا 17/6/2016 بڵاوکرایە وە وەک وەڵامێک بۆ کچە کوردێک کە نامەی دوکتۆراکەی لەسەر پرسی کورد ئامادە ئەکاو ئەپرسێ: تا چەن ئیسلام بەرپرسە لەدواکەوتنی پرسی کورد؟ ئە ویش ئە لێ تاوانبارکردنی ئیسلام بە وە ی کە بە رپرسیارە لە دواکە وتنی پرسی سیاسیی کورد، هە ڵە یە .

بۆ ئەوهە ڵە یە ش 4 وڵاتی ئیسلامی بە نمونە ئەهێنێتەوە کە ئیسلام نەبوە هۆی (دواکەوتنیان!!).لێرەدا ئەبوایە باخە وان بەڵگەیەکی بە هێزتری بۆئەم وەڵامەی بهێنایەتەوەو بیوتایە: (بەبەڵگەی ئەوەی دۆزینەوەو داهێنانی کارەباو مۆبایل و چیوچی، لەوڵاتە ئیسلامییە کانی پاکستانو ئەفغانستانو ئەرەبستانو وڵاتی فارسو تورکیاوە سەریانهەڵداوە، نە ک لە رۆژئاواوە ! بۆیە ئیسلام بە رپرس نە بوە لە دواکە وتنی ئە و نە تە وانە بە کوردیشە وە !).

بێ گومان کاریگە رێتیی نە رێنیی ئیسلام لە سە ر کورد، زیاتربوە وە ک لە سە ر نە تە وە کانیتر. هۆی ئە وە ش ئە وە بوە کە کورد لە و سە ردە مە داو ئێستە ش هیچ قەوارەیەکی سە ربە خۆی خۆی نەبوە تا وە ک ئە وانیترشێرگیرانە بەرگریی لێبکا، تە نانە ت هە مو پە رستگە ئایینییە کانو پە رتوکە پیرۆزە کانی زە دە شتیانیشیان وێرانکردو سوتانیانن.. بەڵام نە تە وە کانیتر، ژێردەسەی هیچ لایەک نەبونو قەوارەی خۆیان هەبو، بۆیە پارێزگارییان لە قە وارە و کلتورو پیرۆزمە ندییە کانی خۆیانکردو ملیان نەدا ئەرەب بەدەردی کوردیانبەرێ، هە رچە ندە ئە وانیش هە ر یە کە و بە جۆرێکو تا رادە یە ک زیانی لێکە وتوە . ئاخر ئەوەیە گرنگیی قەوارەی سیاسی.نەک پێکەوەژیان لەگەڵ داگیرکەراندا.

راستە ئەبوایە کوردیش وەک ئەوانیتر رێگەیەکی بدۆزیایەتەوە بۆپاراستنی خۆی، بەڵام نەبونی هوشیاریی نەتەوەییان، ئەو دەرگایەشی لێداخستن! ئەو نەبونی هوشیارییەش، بە شێکی ئە گە ڕیتە وە بۆ پرکردنی مێشکی کورد بە چە مکی ئاینی ئیسلامی کە گوایە ئە م دنیا فانییە و ئە و دنیا ئە بە دییە، بۆیە ئە رکی ئێوە ی کوردی موسوڵمان پێنج فە رزە کە ی ئیسلامە نە ک نە تە وایە تیو سە ربە خۆییو...هتد. ئێستەش ئە و دیاردە یە بە جۆرێکیتر بەردەوامە لە لایە ن هیزبە کوردییە گە ندە ڵە نانە تە وە بیە کانە وە کە پێکە وە ژیانیان لە گە ڵ داگیرکە راندا کردۆتە بە رنامە ی کاریانو هە میشە لە هە ڵپە ی پۆستی کارتونین لە پایتە ختی داگیرکە راندا!. کە جارجارێکیش باس لە کوردایە تی ئە کە ن، راستییە کە ی ئە وە یە ، بە وە ، کوردایە تی ناشیرین ئە کە ن نە ک بە رگریی لێئە کە ن! لە بە رئە وە ، هە ڵە یە کە زاراوە ی کوردایە تی یا نە تە وایە تی بخرێتە پاڵ ئە و هیزبانە .

سه باره ت به رگریی فارسو ئه فغانیو پاکستانیو تورک له قه واره کانیان، ئه وه هه سته نه ته وه ییه که یانه نه ک ئاینی ئیسلام وه ک باخه وان شرۆڤه ی ئه کا!. دواجار، باخه وان تێکه ڵه و پێکه ڵه یه ک له نێوان ئیسلامو موسوڵماندا ئه کا وه ک له جیاتی هه سه ن که چه ل بڵێی که چه ل هه سه ن!. له دوا دێری نوسینه که شیا ئه لێ (کورد خۆی مه حرومکردوه له به کار هێنانی چه کێک -مه به ستی ئیسلامه - که زیاتر له فڕۆکه و زرێپۆش ناسیۆنالیزمی کوردی پێویستی پێی بوه). له وه ڵامدا ئه ڵێم ئاخۆ ناسیۆنالیزمی ئه ره بی، به هۆی ئه و چه که وه که خۆی داهێنه ریبوه ، بۆڕی رۆژئاوایداوه له داهێنانی فڕۆکه و زرێپۆشو کاره سه رسوڕهێنه ره کانی کۆمپیوته ردا؟ تا کوردیش چاوی لێبکاو خۆی بێبه ش نه کا!؟.

ئنجا بۆ مەبەستی پرسیارەکەی ئەو کچە خوێندکارە لە باخەوان، ئەپرسین: ئەوە هۆی چیە کۆمەڵگە موسوڵمانەکان، بەکوردیشەوە، دواکەوتوترینی کۆمەڵگەکانی جیهانن؟ ئایا داگیرکارییه کانی ئه ره ب به ناوی ئیسلامه وه ، خێروبێربونو به سه ر نه ته وه کانیتردا رژان!؟ ئایا راسته ئیسلام هیچ به رپرس نیه له دواکه وتنی کورد وه ک وه ڵامه که ی باخه وان بۆ ئه و کچه خوێندکاره کورده !؟ ئایا داگیرکردن، به هه مو جۆره کانیه وه، به درێژایی مێژو، بۆکۆیله کردنی داگیرکراو نه بوه ؟ من لێره دا وه ڵامی ئه م پرسیارانه به جێدێڵم بۆهاوڕێیانی خۆشه ویستی خوێنه ره وه ی ئه م کورته وه ڵامه و دێمه سه ر پرسیاری دوه م:

پرسیاری دوەممان: کاک ئادل، بەڕێزتان بە چ زمانێک ئەنوسن؟ وا لە وتارێکی یەک لاپەڕە ییدا ئەم هەمو زاراوە بیانیانەتان بەکارهێناوە: (ناسیۆنالیزم، مەخزەن، کۆلیکتڤ، میتۆد، ستراکتۆر، بەستراکتۆرکراو، ستراکتۆر دروستکەر، ترانساندانس، غەرق، یۆنیڤێرساڵ، جەوهەر، ئەکشن، نێگەتیڤ، مۆبێلیزە، شەرعیەتدان، میکانیزم، وجود، ئەکتەر، ترادیسیۆن، تراژیدیا، سامبول، جاهیلانە، مەحروم کردوە، جەوهەرگەرا) !؟ لەکاتێکا زمانی کوردی پەکی لەسەر ئەو زاراوانە نەکەوتوە، فەرمو ئەوە واتاکانیان:

ناسیۆنالیزم : نەتەوایەتی. (کورد لەجیاتی ئەم دو زاراوەیە، ئەڵێ: کوردایەتی، کە نە ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایە نە قەومیەتی ئەرەبە ، هیچ ناوەرۆکێکی رەگەزپەرستیش لە زاراوە ی کوردایە تیدا نیە.

مەخزەن: گەنجینە، کۆگا -کۆلێکتیڤ: هاوبەش -میتۆد: بەرنامە ، رێگە -ستراکتۆر: چێوە - ترانساندانس: تێپەڕین ، زیادەڕۆ -غەرق: نوقم -یونیڤێرسال: جیهانی -جەوهەر: گەوهەر، ناوەرۆک، ماک -ئەکشن: کردار -نێگەتیڤ: نەرێنی -مۆبێلیزە: جوڵێنەر. (کە لە جێگەی خۆیدا بەکارینەهێناوە!) - شەرعیەتدان: رەوایەتیدان -میکانیزم: شێواز -وجود: بون

-ئەکتەر: بکەر، نوێنەر -ترادیسیۆن: نەرێت -تراژیدیا: کارەسات، مەرگەسات -سامبول: هێما - جاهیلانە: نەزانانە -

مەحروم کردوە: بێبەشکردوە -جەوهەرگەرا: ئەمەیان، ئەشێ کاک ئادل خۆیشی نەزانێ چ واتایەکی هەیە، وەک واتای (والسماء ذات الحبك) کە کابرای فارس بەمجۆرە لێکیداوەتەوە: (والسماء: یعنی ڤالسماء . ذات: زاتی خودایەست . اما الهوبك: نە من میدانم، نە تۆ میدانی، نە ئەنکی پدەر سوخت گوفت میدانەد) واتا نەمن ئەیزانم، نەتۆ ئەیزانی، نەئەو باوک سوتاوەی وتوشێتی ئەیزانێ!.

ئەمەش رستەیەکە، بۆنمونە، لەرستەکانی نوسینەکەی کاکی باخەوان:

-ئیسلام ستراکتۆرێکی بەستراکتۆرکراوی ستراکتۆر دروستکەر نیە تا بەشێوەیەکی ترانساندانس بێت!

جا خەڵکینە: تو ویژدانتان ئەمە کوردینوسینە یا کوردیلاقەکردنە!؟ بەزەییم بەو خوشکە خوێندکارەدا دێتەوە، ئەترسم وتەکانی باخە وان، تێکەڵ نامەی دوکتۆراکەی بکا! لەکوێش؟ لە بەریتانیا!!

دە قی وتارە کە ی ئادل باخە وان

کچە خوێندکارێکی بەریتانی، بە ریشە کورد، کە نامەی دکتۆراکەی لەسەر پرسی کورد ئامادە دەکات، هەفتەی رابردوو رووبەڕووی پرسیارێکی گرنگی کردمەوە: تا چەند ئیسلام بەرپرسە لە دواکەوتنی پرسی کورد؟ بایەخی ئەم پرسیارە لەوەدایە کە ئێمە دەباتەوە سەر پرسیاری: ئیسلام چییە و چۆن ناسیۆنالیزمی کوردی مامەڵەی لەگەڵ ئیسلامدا کردووە؟
بێگومان من لێرەدا ناتوانم پێناسەی ناسیۆنالیزمی کوردی بکەم و ئەمە هەڵدەگرم بۆ کات و شوێنێکی دیکە و راستەوخۆ دەڕۆمە سەر خودی پرسیارەکە و ناوەڕۆکە ئاڵۆزەکەی.
خەیاڵدانی کۆلێکتڤی ناسیۆنالیزمی کوردی مەخزەنێکی لێوانلێوە لە "بڕیاری پێشینە" و یەکێکیش لەوانە بریتییە لە تاوانبارکردنی ئیسلام بەوەی کە بەرپرسیارە لە دواکەوتنی پرسی سیاسیی کورد. من نەك هەر بۆچوونەکەم پێ هەڵەیە، بەڵکو میتۆدی گەیشتن بەو بۆچوون و دەرئەنجامەشم پێ هەڵەیە.
ئیسلام ستراکتۆرێکی بەستراکتۆرکراوی ستراکتۆر دروستکەر نییە تا بەشێوەیەکی ترانساندانس بێت و پرسی نەتەوەیەك بەرز بکاتەوە بۆ ئاسمان و پرسی نەتەوەیەکی دیکە غەرقی نێو دەریاکان بکات. ئیسلام وەك ئاینێکی یونیڤێرسال، دۆستی نەتەوەیەك نییە و دوژمنی نەتەوەیەکی دیکە، کولتوری نەتەوەیەك نییە و دژە کولتوری نەتەوەیەکی دیکە.
هەڵەن ئەو کەسانەی بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کۆنکرێتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەك یان کۆمەڵگایەك پەنا بۆ ئیسلام دەبەن وەك ئەوەی ئیسلام جەوهەرێکی نەگۆڕی مێژوویی هەبێت. نەخێر، ئەوەی قسە دەکات، ئەوەی کە دەجووڵێت، ئەوەی ئەکشن بڵاودەکاتەوە، ئەوەی دەستنیشانی شتەکان دەکات، موسوڵمانانن نەك ئیسلام.
ئەوە ئیسلام نییە کە پێماندەڵێت موسوڵمانان چین و کێن، بەڵکو ئەوە موسوڵمانانن کە پێماندەڵێن ئیسلام چییە و چۆنە. لێرەوە پرسیاری ئەوەی کە تا چەند ئیسلام بەرپرسە لە دواکەوتنی پرسی سیاسیی کورد؟ من بە نێگەتیڤ وەڵامی دەدەمەوە و پێموایە ئەوە خودی کوردە موسوڵمانەکانن کە ئاستێکی وشیاریی هێندە بەرزیان نەبووە بۆ ئەوەی ئیسلام وەك سەرچاوەیەك مۆبیلیزە بکەن و بیخەنە خزمەت پێشکەوتنی پرسە سیاسییەکانی خۆیانەوە.
فارسەکان عەرەب نین، ئیسلامیش لە تاران لەدایك نەبووە، بەڵام فارسەکان توانیویانە هەر لە سەردەمی عەباسیەکانەوە تا دەگاتە ئیمام خومەینی، ئیسلام وەك سەرچاوەیەك مۆبیلیزە بکەن بۆ شەرعیەتدان بە پرسەکانیان. ئیسلام لە پاکستاندا سەری هەڵنەداوە و پێغەمبەری ئیسلامیش پاکستانی نەبووە و قورئانیش بە زمانی ئۆردو نەهاتووەتە خوارەوە، بەڵام پاکستانیەکان توانیویانە ئیسلام وەربگێڕنە سەر میکانیزمی شەرعیەتبەخشین بە "وجودی" دەوڵەتەکەیان. کە سوپای سووری سۆڤێتی ئەفغانستان داگیر دەکات، ئەفغانیەکان دێن و ئیسلام وەکو سەرچاوەی بەرەنگاری و راپەڕین و شۆڕش دژ بە داگیرکەران بەکاردەهێنن. ئەم هاوکێشەیە بۆ تورکەکانیش راستە: ئەوان لەڕێگای شەرعیەتی ئیسلامیەوە، نەك هەر توانییان دەوڵەت

دروست بکەن، بەڵکو دەوڵەتەکەشیان (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) بەسەر نیوەی جیهاندا فەرزکرد.
بەدیوێکی دیکەدا، ئەکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن ئیسلام وەربگێڕنە سەر کولتورێك لە جەنگ و دواکەوتوویی و گەندەڵی و شکست. لەنێو قورئان و فەرمووده و ترادیسیۆنی ئیسلامیدا، هێندە دەق و نموونە هەن کە بە ئاسانی ئەکتەرەکان بتوانن بۆ شەرعیەتدان بە دروستکردنی قەیران و تراژیدیاکانیان بەکاریان بهێنن. گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ سعودیە، قەتەر، کوێت، میسر، مەغریب و... وردکردنەوەی هەلومەرجی کێڵگەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەئاسانی ئەم تێزەمان بۆ دەسەلمێنن.
بەڵام لە ئاستێکی دیکەدا هەمان ئەم ئەکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە دەتوانن ئیسلام وەربگێڕنە سەر کولتورێك لە پێکەوەژیان (وەکو ئەندەنوسیا) و گەشەی ئابووری (وەکو تورکیا) و بەهێزکردنی پرسی ناسیۆنالیزم (وەکو فەلەستین).
لێرەوە بەخشینی ناوەڕۆکێکی مەنگی مێژوویی نەگۆڕ بە ئیسلام هیچ مانایەکی نییە و لەگەڵ واقیعدا یەك ناگرێتەوە. تراژیدیای ئەکتەرە سیاسییە کوردەکان لەوەدایە کە نەك هەر نەیانتوانیوە ئیسلام وەك سەرمایەی سامبۆلیکی زیاتر لە نەوەد لە سەدی کۆمەڵگای کوردی بەکاربێنن بۆ خزمەتکردنی پرسی کورد، بەڵکو جاهیلانە هەوڵیان داوە ئیسلام وەك دوژمنێکی نەگۆڕی جەوهەرگەرا بینا بکەن و بەمشێوەیەش هەم جەماوەرە موسوڵمانە کوردەکەیان لەدەستداوە، هەم خۆشیان مەحروم کردووە لەبەکارهێنانی چەکێك کە زیاتر لە فڕۆکە و زرێپۆش ناسیۆنالیزمی کوردی پێویستی پێی بووە.
٨٥ بینین ٣٥ لێدوان لەوانە:

**Ebrahim Abdulkadr Ali** دەست خۆش لەجێی خۆیەتی

**Jabar Kadir**
Maosta dast xosh jbo au runkrdau sanzyant harbjeet 👍❤️

**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل بەداخەوە ئەم بادەرە نەزانانە ساری شتەکان دەبێت تا وای لێدێت خۆشی نازانێت دەڵێت چی

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** چاوەکانت خۆش کاک پشکۆ، بە هیوام ئەو برادەرانە هێدی هێدی لەشتەکان بگەن، ئەبی نەفەسمان درێژبێ.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Aladdin Mohammad** دەستە کانت خۆش بێت ماموستا گیان هیوادارم تندروستیت باش بێت ریگات پی بدات زیاتر ئەم بابەتە نەتەویانە راست بکەی تەوە وانەیەکی کاملە بەگوی خوینەری ئەدەیت ، تەمەن دریژبێت

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** سوپاسی زۆرم بۆ کاکە ئەلادینی هاوبیرو خۆشەویستم، ئەوەندەی بتوانین وانەی نەتەوەییو رێگەی راست پێشکەش نەوەکانمان ئەکەین. ئێوەش هەر شادبن.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Aladdin Mohammad**
Kamil Zheer ماموستای من جه نابتان استاذی ئیمه ن له م قوناغه دا پیویستمان به تویه



**Awat Marouf** دەست خۆش مامۆستا ژیر،بۆ ئەو لێکدانەوە وشیکاریە بەپێزە،بابەتیانە بۆی چویت،بەڵگەشت خستۆتە ڕوو،سەبارەت بەخودی پرسیارەکە،دروست نەوتراوە،دەبوا بەگشتی ئەو پرسیارە بکردرایە،ئایا بەگشتی ئایین هۆکاری دواکەتویی نەتەوەکانن،ئایین بەربەستە لەپێشکەوتن،سەبارەت بە دۆخی کورد ئەمیش دەگرێتەوە،دیانەتەکانی تریش هەن لەناو کوردا،ڕووناکی بخرێتە سەر،ئیسلام تاوان بار نەکرێت بەوەی هۆکاری دواکەوتی ولاوازی بیری نەتەوەیمان بێت،هۆکارەکە ئەوانەن کە چۆن ئایین بەکاردەهێنن بۆ مەبەستێک و بەرژەوەندی تایبەتی ڕامیاری خۆیان،لەمێژوودا ئەمە بەزەق بەرچاو دەکەوێت،کە کەنیسە لە ئەوروپا،لەچەرخی ناوەڕاستدا چەندەها ئافرەتی قژسووری دەسوتان کەئەمانە هاوشێوەی شەیتان وجنن،لەدوای کۆچی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت،دەست و پێوەنگەکەی کەوتنە فراوانکردنی سنووریان کە بە فتوحات الاسلامیە دەستی پێکرد،بە زەبری شمشێر،کەخودی ئاینی ئیسلام دەڵێت ئیکراە لە دیندا نیە،ئەمەش بەڵگەیەی تری مێژووی تر،فارسەکان کەخاوەی ئیمبراتوریەتێکی گەورە بوون،هەمیشە هەوڵی پاراستنی ئەو قەوارەیەیان داوە،دوای ڕووخانیان لە مدائن لەسەردەمی عمری کوڕی خەتاب،پاش بردنی سەروەتیان تەنانەت کچ و ژنەکەی ئەو شایەیان برد،وەک کەنیزەک،کەناوی شابانو کچی یزدجری کوڕی نوشیروان،کەبوو بەهاوسەری ئیمامی حوسەین،ئاینزای شیعە مەزهەبی لێکەوتەوە،ئەویش زیرەکی فارس بوو ،کەبەجۆرێک ئاینی ئیسلام پیادە دەکەن بۆ خزمەتی خۆیان،وەگەرنا ئیمامی علی خاوەنی ١١ منداڵ بوە،چما تەنها ئەمیان هەڵبژارد،تەنها کەنەوەی حوسەین خوێنی فارسی تێدایە،لەکاتێکدا ئێمەی کورد،دوای ڕوخاندنی ئیمپراتوریەتی میدیەکان،پەرژوبڵاو،هەڵە مێژوویەکانیش گەر ڕەخسابێت،بەکاریان نەهێناوە،وەک سەلاحەدینی ئەیوبی،ئەمە تا ئێرە باری ئاینی لەووڵاتی هیند ئەوەندە دڵخۆشکەر نیە،فەرموو کەزۆرینەی هیندۆسن،چۆن مافی ئافرەت پاش نەمانی مێردی چی لێبەسەردێت،نەئەوەش بەکارهێنانی منداڵ بۆ سواڵکردن،پاش ئەوەی یان چاوێکی کوێردەکەن یان دەستی دەقرتێنن،تاخەڵک بەزەی پێدا بێتەوە،سەبارەت بە کارهێنانی چەند دەستەواژەیەک،کە لە ڕووی ووتنەوە هەڵە بەکار هاتوە،وەک ستراکچەر،نەک ستراکتۆر،دەست خۆش مامۆستا ووشە چێوە مانای بەرامبەر وەردەگرێت،لەگەڵ ڕێزم



**Kamil Zheer** مامۆستای بەڕێز:1- پرسیارو وەڵامەکە بەوجۆرە بوە لەنێوان
ئەو کچەو باخەواندا، بۆیە منیش لەسنوری ئەو پرسارو وەڵامە دەرنەچوم 2-
سەرچاوەی پاڵپێوەنەر بۆسوتاندنی قژ زەردەکان، ئاینەکەیانبوە. 3-هەروەها
ئەنفالیش کە بەهۆیەوە ئەو ئاینە سەپێنرا بەسەر کورداو کوردستان وێرانکراو
ئافرەتە جوانەکان بران بۆ خەلیفەکان، هەر ئاینەکەبوە. (یسالونک عن الانفال، قل
الانفال لله والرسول- سورە من سور القران) ئەنفال واتا تاڵانی کە کوردی بۆ
کۆمەڵکوژکراوە لەلایەن موسوڵمانە ئەرەبەکانەوە، لەولاشەوە وتراوە لا اکراه فی
الدین!. هەر بەوجۆرە لەقورئاندا هاتوە: (ان الله غفور الرحیم.. ان الله شدید العقاب)
کەواتە ئەنفالچییەکان هەم ئایەتێکیان پەیڕەوکردوە، هەم بۆ سودی خۆشیان بەکاریان
هێناوە. بەمانایەکیتر جیاوازی نیە لەنێوان ئیسلام و موسوڵماندا وەک لەوەڵامەکەمدا
بە باخەوانم وتوە. هەربەوجۆرەش لەنێوان ئیسلامی ئەنفالو ئیسلامی دائشدا. لەگەڵ
ڕێزم.

**Kamal Faraj** ماموستا کامیل : ده سته کانت خوش ، ته ندروست ساغو سه لامه ت بیی بو بره و دان به روشنبیریی کورد .. به لام ده بیی به ته مای جیی بی له داکیرکه ریکی تاسه ر ایسقان تاریك به رست و دوا که و ت و که خویی هیجی نیی یه له جه هاله ت زیاتر له هه موو رویه کی ووشیارییه وه ، جکه له سه ر کوت کردنی اوانه ی خاکی داکیر کردوون?? بووه ی بیر له حالی خویان نه که نه وه وه خیرو به ری ره نجیان بخوا، هه ر وه ك سه ر ده می ده ره به کایه تی خومان؟؟؟ بیویستمان به بلاووکردنه وه ی زیاتری روشنبییی یه .. نه ك سه ر کونه ی یه کتریی اوه با بو دوایی سه ر فرازی هه لکرین .. با جاریی واز له ( ده ر ده کورد) و دل بینین!؟ کورد له بن ده ستی بینج باوه بیاره یه ؟ وه ك هه تیو ؟ تارزکاریی نه بیی و له سه ر بیی خویی رانه وه ستی و نه بی به خاوه ن که سایه تی خویی .. هه ر وا امینی؟ له که ل ریزو سلاووم بوت ماموستای به ریز ، سه ر که و تووبیی .



بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** وته جوانەکانت راستو دروستن کاکه کەماڵ، بەڵام سەبارەت سەرکۆنەکردنو دەردە کوردو...هتد، ئەوەش پێویسته چونکه بەبێ رەخنەی بنیاتنەر سەرکۆنەی ناتەواوییەکانو بنەبڕکردنی گەندەڵیو نەخۆشییەکان، رزگارمان نابێو لەسەر پێی خۆمان راناوەستینو نابین بە خاوەنی کەسایەتیی خۆمان. لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**Karwan Raouf Hama** دەست خۆش مامۆستا گیان بەلام ئەوانەی بەو شیوەیە هۆگری ئیسلامن هەمو شتیک دەکە بەقوربانی ئیسلام باس کردنی نەتەوەلایان کفرە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** ئەوانە گەوجێنراون ، زۆری ئەوێ تا رێگەی راست ئەدۆزنەوە

**Kamal Abdulla** دەستەکانت خۆش مامۆستا ژیر،نووسینی لەم بابەتەی بەڕێزت،کە ڕاست و ڕەوان،بێ پێچ و پەنا،زانستی و بابەتی،بە ئاسانی مانا بدا بەدەستەوە،لە دونیای نووسینی ئەمڕۆی کوردا زۆر زۆر کەمە.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** بەهیوام ئەم جۆرە نوسینە پەرەبسێنێو ببێتە خەمی رۆشنبیرانمان. ئێوەش هەر شادبن.

**Abdulwahab M. Talabani** دە ستە کانت خوش بی ماموستا ژیر ئە وە ی نووسیوتانە دە رسیکی نە تە وە یی زور بالایە.. تە مە ن دریژ بن

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** سوپاسو پێزانینم بۆ کاکە ئەبدولوەهاب

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Jamal Abdulrahman**
llay Kurd ka ziradashty pisht gwey khist wa dway mellata.
nistakan kawt
llata abet dway beru Barwary natawaeey u kiltory khoy
awa esta ema Bajjy aw hallana adayn!

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** دەسخۆش کاکە دوکتۆر، کورد نەک هەر نیشتمانەکەی داگیرکرا، بەڵکو مێشکیشی داگیرکراو پڕکرا لە بیرو کلتوری بیابانو لم.

کورتە وەڵام/٣٣-سەبارەت چاکسازی ٥/٦/٢٠٢٠

هاوڕێانی خۆشەویست: لەمڕۆوە گۆشە هەفتانەکەمان تەرخانئەکەین بۆ وتووێژ سەبارەت چەمکە هەڵەکانی پەیوەند بەئێستاو ئایندەی نەتەوەکەمان، شادمانم بەبەشداریی ئێوەو نەیارانیش لەم هەوڵەدا بەلێدوانی ئەرێنی یا نەرێنی یا رەخنەو وەڵامی پێویست تا گەیشتن بەئەنجام. لەئایندەشدا هەموی بکەم بەپەرتوکێ کە ببێتە سەرچاوەیەکی مێژوییو ئاوێنەیەکی باڵانما بۆپیشاندانی هزرو هەڵکەوتەی ئەم رۆژگارەمان. پێمباشە لێدوانەکان تۆزێ درێژەو ناوەرۆکیکی وای هەبێ کە گوزارە لەڕای نوسەرەکەی بکا.

بابەتی ئەمڕۆمان سەبارەت چاکسازییە. چاکسازی، مەرجی پێشکەوتنە لەهەمو بوارەکانی ژیانا، بەهۆی چاکسازی لەئامێری تەشیدا، خەڕەک دروستکرا کە لەیەک کاتا کاری چەن تەشییەکیکرد بۆڕستنی خوری، لەوەوە داهێنانی ئامێری هەڵم بۆچنینی قوماش. ئەو چاکسازیو داهێنانە، بو بەسەرەتای بەرپابونی شۆڕشی پیشەسازی لەچەرخی هەژدەدا. دوایئەوە، چەندین چاکسازیو داهێنانی سەرسوڕهێنەریتر کە ئێستا مرۆڤایەتی بەرەکەی ئەخوا، لەکارەباوە تا ئەگاتە ئامێرە تەکنەلۆجییەکانی ئەم سەردەمە.

بەهەمانشێوە، بەهۆی پێویستییەکانی ژیانەوە، چاکسازی لەسیستمی فەرمانڕەواییشدا کراوە. لەکۆیلەیەتییەوە تا سەروەریی یاسا. ئێستا ئێمەی کورد کە تەنیا لەهەرێمی کوردستانا سەرەداوێکی فەرمانڕەواییمان بەدەستەوەیە، لەهەمو وڵاتێکیتر زیاتر پێویستیمان بەچاکسازییە لەهەمو بوارێکا، بەتایبەتی لەبەڕێوەبردنی وڵاتا. کەچی لەپێکهێنانی یەکەم کابینەی هەرێمەوە تا ئێستا، لەجیاتی چاکسازی، گەندەڵی ڕۆژلەدوایڕۆژ لەپەرەسەندنایە! هەرچەنە ئەم کابینەیەی ئێستا، بەڵێنی چاکسازییداوەو خەڵکیش بەهیوایە بەڵێنەکە ببێتە کردار. بەڵام پێناچێ چاکسازییەکی کاریگەری ئەوتۆی بۆبکرێ کە گەندەڵی بنەبڕکا ئەگەر بەڕاستیشیبێ، مەگەر هەنێ هەنگاوی لاوازو روکەش. چونکە بەپێی بنەمایەکی گشتیی یاسایی: بینایەک بناغەکەی لەسەر بۆشبێ، ئەو بینایەش هەر بۆشە (مابنی علی الباطل فهو باطل ایضا). بناغەی ئەم کابینەیەش لەسەر بناغەی پارتایەتی دروستکراوە! ئەوەش بناغەیەکی بۆشە. بابزانین چۆن؟

ئەگونجێ لەهەنێ وڵاتی یاساسەروەرا، پارتایەتی، سودێکی هەبێ، بەڵام لەو وڵاتانەدا کە یاسا بۆبەرژەوەنیی پارت دائەڕێژرێ، یاخود یاسا لەلایەن پارتەکانەوە پێشێلئەکرێ، پارتایەتی ئەبێتە ڤایرۆس بۆمیللەت. خۆئەوە هەر کوردنیە کە فرەپارتی سستوسڕیکردوەو دایڕزانوە! بۆنمونە: ئێمەی کورد لەنزیکەوە ئیراکی ئەرەبی ئەبینین کە ئێستا بەهۆی فرەپارتییەوە چیبەسەرهاتوە! تەنانەت ئەم پەتایە، خەریکە وڵاتە زلهێزە فرەپارتییەکانیش ئەگرێتەوە!. هەڵبەت بۆشیکردنەوەی ئەم ڕاستییە، گەڕانەوەمان ئەبێ. جارێ با تۆزێ لەکابینەکەی ئێستای هەرێم بدوێین:

ئەم کابینەیە، کە دروشمی چاکسازیی هەڵکردوە، لەوەناچێ لەو هەوڵەدا سەرکەوتنێکی کاریگەر ئەنجامبدا. چونکە کابینەیەکی فرەپارتییە. ئەو پارتانەی لێیکۆبونەتەوە، بۆخواردنی کێکی بوجەو داهاتی هەرێم هاتونو خەمی چاکسازییان نیە! ئەگەر ئەو خەمەیان هەیە، با یەکەمجار لەخۆیانەوە دەسپێبکەنو واز لەو کێکە بێنن کە سەرچاوەی سەرەکیی گەندەڵییە.

پارتەکانی باشوری کوردستان، لەسەردەمی شاخەوە، خوویان بەوەوەگرتوە: داهاتەکانی گومرگ لەنێوخۆیانا بەشکەنو لەسەر سفرەی هەژارانی گوندەکانیش بژین!. شەڕی یەکدیبکەن، کلک لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستانا گرێبدەنو..هتد. خویەکیش گیرا بەشیری، تەرکنادرێ بەپیری. ئەوەبو لەرۆژانی راپەڕینا، وڵاتیان تاڵانکردو ئاودیویانکرد، دوایئەوە شەڕی ناوخۆ، ساڵانی ۲۰۰۳ تا ۲۰۱۰ دو پارتە دەسەڵاتدارەکە، مانگانە یەکی ۳۵ ملیۆن دۆلاریان لەبوجەی هەرێم لائەدا بۆخۆیان. لەساڵی ۲۰۱۰ەوە گۆڕانو ئیسلامییەکانیش بون بەبرابەشیان. لەکاتێکا، لەهیچ وڵاتێکی یاساسەروەرا، بوجەی وڵات بەپارت نادرێ. ئەگەر درا، ئەوا ئەشێ بڵێین: (دز پاسەوانبێ، هەزار کەلاوە بەپولێ). ئەوە سەرباری دەسگرتنیان بەسەر هەمو جومگەکانی وڵاتا کە لای میللەت شاردراوەنیە.

ئێستا چینێکی تایبەت لە وڵاتە دواکەوتوەکانا دروستبوە، ئەشێ پێبڵێین (چینی مشەخۆر) ئەم چینە لەکۆمەڵە مرۆڤێ پێکهاتوە کە هیچ بەرهەمێکیان بۆوڵاتنیەو هایلاڤیش ئەژین، بایەخیان بۆبڕوانامەی بەرزو تواناو زیرەکیو بلیمەتیی تاکەکەسو رەنجی شان نەهێشتوە. خۆت بهاوێژەرە ناو یەکێ لەپارتە دەسڕۆیشتوەکان، دەرگاکانی وەزیریو پلەی بەرزو ئەندامپەرلەمانیو هاوردەو هەناردەو دەوڵەمەنیت بۆئەکرێتەوە، بەتایبەتی بۆئەوانەی لەهونەری ماستاوچێتیا شارەزاو چالاکن .

ئەم کابینەی نۆیەمەی ئێستا، نەک چاکسازیی کاریگەری بۆناکرێ، بەڵکو لەپێکهێنانیەوە، دەنگێکی تازە بەرزبۆتەوە، دەنگی نا ناوەندی (لامەرکەزی) کە خواستی هەنێ لایەنی پێکهاتەکەیەتی. قەڵەموەشێنەکانیشیان، تەپڵی بۆئەکوتن بەجۆرێ کە دێزگەرایی گەیشتۆتە رادەیە، لەسایتی کوردستانپۆستا، هێمن ناوێ، بەبیانوی نا ناوەندییەوە، لەبنی هەمانەکە ئەداو بێشەرمانە داوای روخانی قەوارەکەی هەرێمو گەڕانەوەی بۆژێردەستی بەغدا ئەکا! ئەو قەوارەیەی کە بەخوێنی سەدان هەزار کورد دەستەبەربوە! لەجیاتی ئەوەی بەرەو بەهێزبونو سەربەخۆیی ئاڕاستەکرێ، بەبیانوی نا ناوەندییەوە هەوڵی زیاترلاوازکردنو روخانی ئەدرێ!! لەکاتێکا ئەوانەی پاچی روخانی قەوارەکەیان بەدەستەوەیە، ئەوانەن کە بەهۆی ئەم قەوارەیەوە هەڵگڕاون!. ئەمە لەوەئەچێ بەرد فڕێدەیتە ئەو کانییەی ئاوی لێئەخۆیتەوە!. سەیرە! ئەم بەردهاوێژانەی ئێستا، ئەوانەن کە دوای راپەڕین، بەجوتێ سۆلو گیرفانی بەتاڵەوە گەڕانەوە!. گریمان ئەوانە لەم هەوڵەیانا سەرکەوتوبونو ئەم قەوارەیەیان روخانو هەرێم کرایەوە بە سێ پارێزگای ژێردەسەی ئیراک! ئەنجام چیئەبێ؟ گومانیتیانیە، ئەنجام گەڕانەوەئەبێ بۆئەو رۆژانەی مولازم موحسنێک، وەک سەگی هار، نەک هەر لەهەژاران بەرئەبێ، لەهەڵئاوساوە سۆل لەپێکانو پاچبەدەستەکانیش بەرئەبێو چارەنوسیان لەچارەنوسی هەسەن خەیری* باشترنابێ .

وادیارە هەنێ کەس جیاوازی لەنێوان قەوارەی سیاسیو دەسڵاتی سیاسیا ناکەن. یا ئەیزاننو خۆیان گێلئەکەن. مافی هەموکەسە داوای روخانی دەسەڵاتێکی سیاسیی گەندەڵ یا بێتوانا یا هەر جۆرە خراپیەک بکا، بەڵام مافی کەسنیە داوای روخانی قەوارەی سیاسیی نیشتمانەکەی بکا، یا هەوڵ بۆئەوەبدا وڵاتەکەی بخاتە ژێر دەستی وڵاتێکیترەوە. ئەگەر ئەوەیکرد، ئەوە ئەچێتە واری ناپاکی (خیانەت)ی نیشتمانیەوەو سزاکەی کوشتنە سەرەڕای روڕەشی.

سیستمی نا ناوەندی ئەگەر هەنێ لایەنی باشیشی هەبێ بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوە، یا فراوانو دەوڵەمەن، بۆ ئەم هەرێمە بچوکە لاتەی ئێمە کە بریتییە لە سێ پارێزگاو لەتێ، زیانی هەیە نەک سود. گریمان سودی هەبێو رەواشبێ، ئەوا لەم رۆژەمانا، بەباوەڕی من، بۆمەبەستێکی ناڕەوایە .

لەئەڵقەکانی داهاتوا، لێدوانی زیاترمان ئەبێ سەبارەت:

-١دیاردەی کوشندەی فرەپارتی .

-٢سیستمی ناوەندیو نا ناوەندی.

-٣چاکسازی بەکێ و چۆن ئەکرێ؟

*هەسەن خەیری، ئەو زۆڵە کوردەبو کە ئەتاتورک بە بەرگی کوردییەوە ناردی بۆکۆمەڵەی نەتەوەکان لەژنێڤ، وتی من نوێنەری کوردم، ئێمە نامانەوێ لەدەوڵەتی تورکیا جیابینەوە. کە گەڕایەوە، لە سێدارە

درا بەتۆمەتی ئەوەی بەرگی کوردیی پۆشیوە!. دوایی لەسەر سێدارەکە وتی: داواکاریم ئەوەیە لەسەر ڕێگەیەک بمنێژن کە کورد هاتوچۆی پیائەکا، بۆئەوەی هەرچی بەلای گۆڕەکەما تێپەڕی، توفێکم لێبکا

٨٣بەدڵبون ٤٧ لێدوان لەوانە:

**Bakhtyar Bamo** دەستخۆش هیچت نەهێشتەوە هەمویت باس کرد زۆر تەواوە ، کێشەکە ئەوەیە ئەمانە دەست لەم مشەخۆریە هەڵناگرن !ئادنیا دنیابێ وەک کورد ئەڵێ ، خۆزۆریشمان نیە بکەینە گوێچکەیانا و لایانبەین ؟ چەپڵەێدەروئافەرینکەروئەشە ئەشهەدوبیلاکەریان ئەوەندەزۆرە ،هەربەوئەشهەدوبیلاوایەیە موچەی دەکەسی ڕەنجدەر وەرئەگرێ !ئیدی چۆن چۆنی ئەمانە هەرنەبێ تۆزێ ڕیتمی هەڵسوکەوتیان بەئاراستەراستەقینەکەدا وەرچەرخێنن؟ ئەمە ڕونادا ئیدی چیبکەین ؟ هەربەقسەوباس و گلەیی و گازەندە کار مەیسەرنابێ !

**Kamil Zheer** سوپاس کاکە بەختیار بۆسەرنجەکانت. زۆر ڕاستە، هەر بەگلەیی کار مەیسەرنابێ. لەئەڵقەکانی داهاتودا، چارەسەریش پیشانئەدەین.

**Shwan Saeed** دە ست خؤش كاكە ژير ، خوا بيان برێ حسن خيري مان زؤرە لە ئە مرؤ دا و كە س دە رس لە رابوردو وە رناگرێ لە بە ر بە رژە وە ندي تايبە تي خؤي و ماستاو چيتي . من بە ر لە زياتر ٥ سال كؤ بونە وە يە كي يە كيك لە هە رە دە سە لات دارە كاني سليماني ئە مرؤم بيني لە گە ل هە نديك لايە نگراني پارتە كە ي كە زؤر بە توندي و زمانيكي زؤر زبر و بێ ئە دە بيانە هە رە شە ي لە ناو بردني ئە م قە وارە سياسيە ي ئە كرد و فە رمووي هە رئە بێ ئە وخە ونە يان لە گؤر بنيم . ليرە دا مە بە ستم ئە وە يە كە هە ردە ميكە ئە م پيلان گيريە بؤ لە ناوبردني قە وارە ي هە ريم داريژراوە ئە ويش هە ر لە سە ر رقي كؤن و دژايە تي دوو بنە مالە داريژراوە و هە موو ميللە ت دە كە نە قورباني بؤ فروان كردني دە سە لات و هە يمە نە . لە گە ل ريزم 🌹🌹🌹🌹🌹

**Kamil Zheer**
وتەکانتان بەجێیە کاکە هێمن. من بەوە گەشبینم کە خەڵکەکە هەموی وەک حەسەن خەیری نیە، هێشتا مرۆڤی چاک ماوە. هەزارانی وەک بەڕێزتان بۆنمونە. دڵنیابە ئەتوانین پەتی درۆو فرچۆک ببچڕێنین لەهەڵێکی گونجاوا، بەمەرجێ لەئێستاوە کاری بۆبکەین، لەئەڵقەکانی داهاتوا چونێتی ئەو کارە پێشنیارئەکەین هەر شادبن.

**Hemn Mahmod** دەستخۆش زۆر ڕاستە گەر سەرنج بدەی لە فەرمانگەیەکی بچوکەوە تاکو باڵاترین دەسەڵات کەپەرلەمان و وەزیرانە و لەحزبایەتیشدا هەرکەسێ وەستای قسان بێت و کوڵەواری دەستان بێت لای سەروی بەرکەوتووە کەسانی دڵسۆزوخەمخۆری دور لەحزب و خۆنەبەرپێشەوەبەزمان لەدوای دواوە بەپێوەن کەزۆربەدەست و کارمەیشن بەداخەوە ئەزمونەکەش هەر دەسەڵاتە وای لەخەڵک کردووە هەمووی وەک حەسەن خەیرییەکان بێت زۆربەداخەوە

**Kamil Zheer** کاکە هێمن، هێشتا کەسانی باش ماوەو جێگەی هیوان ریزی پێشەوە بگرن، هیچ دەسەڵاتێکیش تا سەر نابێ، با ورەمان بەرزبێ. هەر شادبن.

**Kamal Muhamad** کاک کامیل بۆچوونەکانت مامناوەندییە پێکاوتەو نەتپێکاوە کارکراوە زۆرتر ئەتوانرێ زۆرتر بکرێ پارتایەتی هەمووی ڕەش نییە لە جیهانا زۆربەی دەسکەوتە نەتەوەییەکان بە هۆی خەباتی پارتێک یان هاوپەیمانییەتی چەند پارتێکەوە دەستکەوتوون چاکسازیش ئەبێ هەر لەقۆناغێکا دەستی پێبکرێ دڵسۆزانی نەتەوە پاڵپشتیبن جێبەجێ ئەکرێ پرسی ناناوەندی و چاو لە پاشکۆیەتی بێگانەو گەندەڵی ڕێژەییەو لە هەموو شوێنێک هەیە خۆ ئەبێ چاومان ئەوە ببینێ کە ئەگەر یەک مەتر قاچمان لەسنووری ئەو چەند شارەی کە مابوومان بترازایە لە سێدارە ئەدراین ئایا نابێت ئێستا قەبارەو قورسایەتی ناخۆمان و ئاوەدانی وپێشکەوتنەکانمانان سەنگمان لەگەڵ عێراق و دەورو بەرو نێودەوڵەتی نەبینینین ئەبێ دەستکەوتنەکانمان پەرەپێبدەین کەموکوڕیەکان کەمکەینەوە ئەم قەبارەیەی هەمانە دەستکەوتی ڕەنجی دووهەزارو پێنج سەد ساڵمانە دەبا ئەمەی هەمانە ئەگەر جوانە باجوانتریکەین ناشیرینەکان کەم بکەینەوە با ئەوەش بزانین دوژمنەکانمان بەهەموو هێزیان کار بۆ ئەوە ئەکەن جوانییەکانمان لەبەر ناشیرین بکەن ناشیرینە بچووکەکانمان گەورە بکەن خۆمان بکەن بە دوژمنی خۆمان کاروانی کوردایەتی ناوەستێ بە خێرایی بەڕێوەین بەرەو سەرکەوتن بەرەو سەرەربەخۆیی کوردستان..........،،،،،،

کاک کەمال، مامناوەندیش خراپنیەو لەسفر باشترە، منیش نەموتوە پارتایەتی هەموی رەشە لەجیهانا، تکایە جارێکیتر سەرنجی ئەم رستەیە بدە (ئەگونجێ لەهەنێ وڵاتی یاساسەروەرا پارتایەتی سودێکی هەبێو...هتد) تۆ باشئەزانی لەهەمو رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، بەهەرێمەکەی ئێمەشەوە، یاسا سەروەرنیە. ئەوە ٢٩ ساڵە چاکسازی هەر نەکرا! ئاو کە نەچوەسەریو لێی نەڕوا بۆگەنئەکا، ئەگەر قاچمان لەسنوری ئەو سێ پارێزگایە نەترازێ، ئەپوکێینەوە. راستە ئێمە بەشەڕی روبەڕوبونەوە دەرەقەتنایەین چونکە هێزی سەربازیمان هاوتانیە، بەڵام رێگەیتر هەیە. بۆنمونە: ئەگەر تاکتاک لەسێدارەدراین یا کوژراین ئێمەش ئەوەندەمان لەتوانادا هەیە تاک تاک تۆڵەیان لێبکەینەوە. ئەگەر خەرمانمان سوتێنرا، ئەتوانین خەرمانیان بسوتێنین. ئەگەر لەزێدی خۆمان دەرکراین، ئەتوانین نەیەڵین ئەوانەی لەجێگەمان نیشتەجێ ئەکرێن وچانبدەنو ئارام بژین.. شەڕی پارتیزانی پشتی دوژمن ئەشکێنێ. بەڵام ئەگەر وەک پیرەژنی دۆ رژاو هەر بکوڕێزێینەوە، ماڵوێران ئەبین!. ئەگەر ئاڵۆزیو پشێوی نەخەینە ناوماڵی دوژمنەوە، ئەوان ئارامیی ناوماڵی ئێمە ناهێڵن، بەتایبەتی کە هێڵی لارو نمونەکانی وەک هەسەن خەیرییان زۆرە. پەرۆشیی منیش بۆئەوەیە ئەم قەوارەیەمان جوانتر بکەین، بەڵام ئەوە بەگەندەڵی ناکرێ. ماڵوێرانیی ٢٥٠٠ ساڵمان لەئەنجامی ئەوەوەبوە کە خۆمانیان کردوە بەدوژمنی خۆمان، بۆیە چاوپۆشین لەزۆڵەکی ناوخۆ، تاوانە. ئەشێ ئەم پرۆژەی نا ناوەندییەش بۆ هەمان مەبەستبێ!. ئەگەر دەسەڵاتی کوردی وابزانێ کاروانی کوردایەتی بەرەو سەربەخۆیی، بەشەقامی پانو تەلاری بەرز ئەکرێ، وانیە. لەئەڵقەکانی داهاتوا تیشکی زیاتر ئەخەمە سەر ئەم لایەنانە. کاک کەمالی بەڕێز خوازیاری تەمەنی درێژو تەندروستیی باشتانم.



**Ary Q Rabaty** هەربژیت مامۆستا گیان دەستان خۆش..بێگومان من دەزانم بەڕێزتان چەند تامەزرۆی کوردایەتی و دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بێ دەست تێوەردانی ئەملاولای.. بەڵام ئەبێت ئەو راستیە بدرکێنین کە ئێستا دووبەرەی سەرەکی درووستبووە لەم کابینەی ۹ ی حازریە ..یەکەمیان بەهەموو توانایەوە هەوڵدەدات هەڵەکان ڕاست بکرێنەوە و چاکسازییەکی ڕیشەیی بکرێت و بەرەی دوەمیش نایەوێت لە ئێستادا ئەوچاکسازیە سەربگرێت بۆ ئەوەی بەرەی یەکەم سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت و لەدژی ئەو خەڵکی هاندەدات بۆ ئاژاوەنانەوە و دروستبوونی دووئیدارەیی بەناوی نا ناوەندی و کەمکردنەوەی قورسایی دەسەڵاتی کابینەی ۹ و دەستتێکەڵکردن لەگەڵ فارس و عەرەب بۆ تێکدانی ئەو قەوارەسیاسی یە



**Kamil Zheer** کاکە ئاری، سوپاس بۆ لێدوانەکەتان. هەرکام لەو دو بەرەیە بەکردەیی چاکسازی بکا، براوەئەبێو میللەت پشتیئەگرێو ئەبێتە لایەنگری. پێویستناکا چاوەڕوانی بەرەکەیتربێ. ئەی بۆ نایکا؟ با لەخۆیەوەو لەناوچەکەی خۆیەوە دەسپێبکا. لەئەڵقەکانی داهاتوا، زیاتر لەچاکسازیو مەرجەکانی ئەدوێمو پیشانیئەدەم چاکسازی چیەو چۆنئەکرێ. هەر شادبن.



**MamTaha Pasok** دەست خۆش هاوراتم تەنهابەگوۆڕینی ئەم دەسەڵاتەو گەڕانەوەی یاساو دەسەڵات بۆپەرلەمانێکی لەتەواوی کۆمەڵکەپێکهاتوو دروستببێ ببێتە جێگرەوەی ئەمسیستەمە



**Pshko Amin** کوردو حیزبایەتی ،
حیزب هۆیەکە واتە ئامرازیکە مرۆڤ دروستیکردوە یان دەیکات بۆ خزمەتکردن بە ئاماجێک ،کەواتە دەبیت حیزب لەپیناو ئامانجیکدا کاربکات ، لیرەوە دەبێت تێبگەین کەحیزب هۆیەکە وەک عارەبانەو ئوتۆمبیل وفرۆکە مرۆڤەکان خۆیان دروستیان کردوە ،لە پێناو ئامانجێکدا کە خۆشگوزەرانی خەڵکەکە واتە دروستکەرەکەیەتی ، جا ئایا حیزبی کوردی ئەمرۆ ئاوهایە لەپیناو خۆشگوزەرانی خەلکی کوردا کاردەکات یاخود کورد کراوەتە قوربانی حیزبی کوردی ،
گەروابیت دەبێت بلّیین ئەم حیزبە یادەبیت خۆی بگۆریت یاندەبیت نەمینیت ،بەپیی ئەوتەجروبانەی هەمانە ئەمانەی ئێمە نەدەگورین نە هەڵدەوەشینەوە ،ئەوسا لەسەرەتای سەدەی بیستدا تاناوەراستیشی چەندان حیزبی کوردی وکۆمەڵەی کوردی بنیاتنران و هەڵوەشانەوە ، بەلام وەک دەبینین ئەمانەی ئەم سەردەمەمان نە هەڵدەوەشینەوە نەدەگورین ، هەندیکی حیزبی ئەمرۆ سەریان لێتێکچووە لەنیوان هۆو ئامانجدا ئەوەتا ئەمرۆ کورد واتە ئامانج دەکرێتە قوربانی هۆ کەحیزبە فەنیە ،
کورد واماوەیەکی زۆرە دوو حیزبی دروستکردوە نەگۆرینیان تیداکردوە نە هەڵیشی دوەشێنیەوە ،لەکاتیکدا کەئەم حیزبە هەر بەدەروری خۆیدا سوردەخوات و گیری خواردوە ،لەکاتیکدا دەبیت وپیوستە حیزب بەپیی سەردەم و شیوەی خەباتی خۆی بگۆریت، تا بتوانیت لەگەل رەوتی میژوودا بروات و دەربەرێت ئێمە ئەم حیزبانەمان لەشاخەوە هینایەوە شار ،واتە لەشۆرشەوە بۆخەباتی پەرلەمەنتاری خۆبەریوەبردن . بەڵام هیچ گۆرانیکیان تیدانەکردن،لەشاخ چۆنبوون لەشاریش بەهەمانشیوە ،
ئەمرۆ حیزب بۆتە ئامانج و کورد کراوەتە مەرِی ساقە سەری قوربانی حیزب و لە خزمەتی حیز بدا سەر دەبر رێت ،

مرۆڤەکان خۆیان حیزبیان دروست کردوە هەروەک بتپەرستەکانی قورەیش ئەوان چۆن دەیانپەرست ئێمەش ئەمان دەپەرستین بە مەرجێک دەشبینین ، بەهۆی حیزبە گیانەوە تابینە قاقامان گەندەڵی و دزی و داروخان و پەرتپەرت بوون و لەدەستدان وبەرەو دواوە چوونە ، کەواتە ئەم حیزبانە بارگرانین لەمکاتەدا بۆیە نەمانیان باشترە ،
بێگومانم لەکۆمەڵگەی پیشکەوتودا حیزب ، (حیزبە) واتە هۆیەو لە خزمەت کۆمەڵگەدایە وبەرەوپێشی دەبات ،لەوێ خەڵک هۆشیارە دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەل حیزبدا دەکات دەزانێت کێ هەڵدەبژیرێت و دەنگ بەکام حیزب دەدات ، لای ئیمە بەداخەوە کۆمەڵگە دەنگ نادات بەڵکوو (هیز دەنگدەدات پارە دەنگدەدات پرکردنی سندوقەکان دەنگدەدات،بەرتیل ودەمانچە دەنگدەدات،ژمێریاری دەنگەکان دەنگدەدات ) دەنا گەر حیزبیک لەخزمەت میللەتدا کاری بکردایە بۆدژی دەبوین ، هەربۆیە دەوترێت ئەمرۆ کورد پیویستی بەحیزبایەتی نیە پیویستی بە کوردایەتیە ،حیزبایەتی پارچە پارچەماندەکات کوردایەتی یەکماندەخات
من باشدەزانم بوونی حیزب یان فرەحیزبی لە وڵاتانی دیموکراسدا نیشانەی بەرقەراریی دیموکراسیەتە مانای بوون و پیشکەوتن و قبوڵکردنی رای جیاوازو بۆچوونی جیاوازە ، لەوڵاتی دیموکراسدا ئۆپۆزسێونی دیموکراس وهەوڵدەدات بۆ خستنەرووی هەڵەکانی دەسەلات ،بەرەش دەلیت رەش وبەسپیش دەلیت سپی رەش وسپی تێکەڵ ناکات .لەپێناوخۆیدا ،نائۆپۆزسێۆن خزمەتگوزاری دەویت جێبەجیکردنی بەرنامەی کاری دەوێت ،رەخنەی دروستکەر دەگریت بەرنامەی باشتر پێشکەش دەکات ،تا دەنگ بەدەست بهێنیت ،
بەڵام لای ئێمە گەر لەهەڵبژاردندا ئۆپۆزسێون دەرچیت وهەلبژێررێت ، دەسەڵات هەردەستاو دەست ناکات چوونکە ئەوەی دەسەلاتی لایە تەسلیمی ناکات ، دەسەڵات هەر دەبێت لای حیزبی چەکداربیت ،ئەو حیزبی بەهیزە ،



**Pshko Amin** چاکسازی چۆندەکریت ،یان لەکویدا جاکسازی بکەین ،گەرئەم پرسیارە
لە من بکریت , دەلیم لە سەرتاپای ژیانماندا لە هەموو شتیکدا دەبیت بکریت ، لە پیشی
پیشەوە لە خۆمدا لە حیزبدا لە دەسەلات وسیستەمدا ، چاکسازی باریکی قورسەو گران وەک
لەنوسیکیکدا نوسیم گەر کاک مەسرور بیەویت چاکسازی بکات کەس دەستی نەگرتوە ئاخر
ئەو سەرۆک وەزیرانە گەچی دەزانم سەرۆک وەزیرانی تەنها بەشەکەی حیزبەکەی خۆیەتی
بۆیەدەلیم دەبائەو دەستپیبکات کی دەستی گرتوە ،بالای خۆیەوە دەستپیبکات بیگومانم
هەمووکرد لەگل جاکسازیە وپشتگیری جاکسازی دەبیت ئەوانەی لیدەرچیت کە شەکراوی
گەندەلیان لیدەباریت کەئوانیش جووت دەسەلاتداری جووت حیزبن ،ئاخر خۆ من
موستەشاری کورد کوژم نەکردەتە لیواوبەپلەی بەرز خانەنشینی کەم من خەڵکم نەکردۆتە
وەزیرو خانەنشینی کەم ، ئەوە جووت حیزب کردویەتی کەکاک مەسرو خۆی کەدەیەویت
چاکسازی بکات دەبیت لەخۆیەوە دەست پیبکات ئەو بەرپرسی حیزبیکیانە ،

چاکسازی بەکورینی دەم وچاو ،ناکرێت دەبێت سەرناپاخواری دەسەلاتی هەریم کورینی تیدابکرێت لەسیستەمدا لەحیزبدا لەخەلکدا ،لەژیانی رۆژانەماندا لە هەر سێ دەسەلاتەکەدا تەشریعی تەنفیزی قەزای ،دەبیت ریگەبدریت ئەمانە کاری خۆیان بکەن ، کەس دەست نەخاتەناو ئیش وکاریان، دەستی حیزب دورخرێتەوە لییان ، ئەوسا دەکرێت بلێم چاکسازی دەکرێت ،وەبیگومانیشم گەرچی کارێکی ئاسان نیە ،بەلام گەر ئیرادە هەبێت وبریاری لێبدەی و لێببرێی دەکرێت،بەتایبەتی بۆ کاک مەسرور گەرلەخۆیەوە دەست پیبکات،پیش ماوەیەک لەمەوپیش کاتیک باسی چاکسازی کرد،هەر هەمان بۆچوونم هەبوو ،بەراوردیکم کرد بە وەلی عەهدی سعودی محەمەد کەدەتوانم بلێم تائیستا سەرکەوتووە ،ئەو گوێی بەهیچ شتیک نەداو بریاریدا، کە دەلیم لەخۆیەوە واتە لەخۆی حیزبەکەیەوە لەخۆی وکەس وکاریەوە لەخۆی وهەولیرو دهۆکەوە کەزیاتر دەسەلاتی بەسەریاندا دەشکێت ،بەلام لە هەژارانی ئەوناوچانەو ناوحیزبەکەوە نا، لەسەری سەرەوە بۆ خوارەوە چاکسازی دەکرێت ، ئەوەش عەرزو ئەوەش گەز ،بێگومانم گەر ئەمە بکات هەموو کورد پشتگیری دەبێت ،هەموو کارێکی باش جەماوەر پێی باشەو خراپیش هەرخراپەدەبێت ،دەشلێم تا زووش بکرێت درەنگە چوونکە ئەمە ماکی هەموو نەهامەتیەکانمانە ،دەشزانم مشەخۆرانی حیزب دەژی دەبن ،رەنگبیت دژیشی بوەستنەوە، بەلام کوردپەروەران کە زوربەی بەش مەینەتیەکانیان بۆ ماوەتەوە پشتگیریدەبن ،

ئەو جەماوەری کە چاوەروانی کاری باشن وگیانیان بۆکورد دەسوتیت دەزانین گەرچاکسازی نەکرێت،هەرچیمان هەیە لەدەستمان دەردەچێت ، بۆیە خەڵکە بە پەرۆشەکەی کوردستان لەگەڵ چاکسازیدا دەبێت ، کورد واتەنی ،کویرە چیتدەوێت ؟گۆچانیکی راست !



**Kamil Zheer** دەسخۆش کاکە پشکۆ، ئامانجەکانت پێکاوە. راستە کورد پێویستی بەحیزبایەتی نیە، پێویستیی بەکوردایەتییە، بەتایبەت کاتێ ئەبینین حیزب بۆتە کۆمپانیای بازرگانی. زۆرن ئەوانەی لەمجۆرە حیزبەبونو چونە زبڵدانی مێژووەوە. رستە زێڕینەکانت ئەبنە هەوێنی پرۆسەی چاکسازی کە لە ئەڵقەکانی داهاتوماندا ئاماژەیان بۆئەکەین. هەر تەندروستو بەردەوامو سەرکەوتوبن.



**Delair Rashed** بە هەر شێوەیەک باس کردن وهەنگاونان بەروە چاکسازی کارێک گرنگە و لە م کاتە دا بەتایبەتی زۆر سوود بەخش دەبێ چاکسازی تەنها بۆ مووچوە دەرمالە نیە چاکسازی گشت رووەکانی ژیان دەبێ بگرێتەوە وەلە خۆشمانەوە دەست پێبکەین دەبێ ئەو بروایە بگەرێنینەوە بۆ ناو دانشتوان کە هەر تاکێ دەچێتە بەرێوەبەرایەتیەکی میری پر بروابێت کە کارەکەی بۆ دەکرێ بە بێ واستەو پارەدان ـ ئەمە کاری سەرشانی هەموانە بۆ نەهێشتنی گەندەلی و گەندەل کاران ـ ـ بەداخەوە میللەتەکەمان تەمەل کراوە لەباتی خۆ رۆشنبیر کردن هەر خەریکی قسە ووتن و رەخنە گرتنن لە دەسەلات لەباتی هەول دان بۆ چاکردن و باش کردنی هەروەها دەست لێوەردانی دوژمن و بێ هیواکردنی لاوان کە هەول دەدەن بیروو هەستی نەتەوایەتی بخنکێنن دەبێ بروا هەبێ کە بە هەموان و هاوبەش کردنمان لە بۆ یەککستنی ریزەکانی میللەت دەتوانرێ کاری چاکسازی باش پکرێ و دۆژمنان بەدوور بخەینەوە



**Kamil Zheer** کاکە دلێر گیان، پێشنیارەکانتان بۆ چاکسازی، کاریگەرن.
لەئەڵقەکانی داهاتوا ئاماژەیان بۆئەکەین. لەگەڵ رێزمان.

**Dara Yara**

Dest khosh mamosta
Hemoy waye
Belam eradey be hiz u hesti paki u bigerdi u dilsozy bo Kurdistan
le hemo shtik be hiz tre
Serkewtin bo chak sazi

**Kamil Zheer** زۆر راستە کاکە دارا، ئیرادەی بەهێزو هەستی پاکو دڵسۆزی، زامنی سەرکەوتنمان ئەبێ. ئێوە خۆشبن ئەگەین بەئامانج.

**Hama Hemn Amin** مامۆستا کامیل دەستخۆش ، ڕێگای میلێک بە هەنگاوێک دەست پێدەکات ، جگە لە چاکسازی هیچ جێگرەوەیەکی ترمان نیە ، وەک چۆن هاوبیران بەگشتی بەرگریکارێکی سەر سەخت بوین بۆ ڕیفڕاندۆی هەرێم ، پێویستە بەهەمان نەفەس بچینە پێشەوە ، ئەگەر پرۆسەی چاکسازی بە ئاقارێکی تەندروستا ڕەوت بکات و بچێتە پێش ، هەم متمانەی حکومەت بۆ خەڵک دەگەڕێتەوە ، هەمیش دەکرێت هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکێڵ بەهیز بکەین ، ئیتر دەستمان لە دەستی ئەم عێراقە تڕە کەڵەکێیە بێتەوە ،

**Kamil Zheer** دەسخۆش کاکە هێمن، لەو ئەڵقەیەدا کە تەرخانیئەکەین بۆچاکسازی، ئاماژە بۆ لێدوانە جوانەکەتان ئەکەین، لەگەڵ ڕێزم.

**Jawad Mella** دەستەکانتان خۆش بێت هاوبیر و برای گەورەی هەموو هاوبیرانی کوردایەتی مامۆستا هێژا و دەلال کامیل گیان، وخوا تەمەندرێژتان بکات وبەتەندروستی باش بێت.

**Kamil Zheer** ئێوە گەورەو بەڕێزن کاکە جەواد گیان. نوسینە نایابەکانتان بەڵگەی بیرمەندیو گەورەییتانن. بەردەوامبن، هاوبیرانمان چاوەڕوانی خەرمانی هزری روناکتانن.



**Awat Sahebqran** چاکسازی دەبێت سەرەتا لە تاکی کوردەوە دەست پێبکات،خۆی
لەهەندێ کلتوری نەخۆش و داڕزیو ڕزگار بکات وتێڕوانینی لەویوە سەرچاوە بگرێت کە لە
یەکێتیدا نەتەوەی کورد سەرکەوتوو دەبێت،لێرەوە مەترسیدارترین تەنگەژەی کوردایەتی لەم

سەردەمەدا تەنگەژەی هۆشیاری گشتی یە، هەر لەوێشەوە تەنگەژەکانی تر ئاڵۆزدەبن و دەرهاویشتەی مالوێرانکەری لێدەکەوێتەوە خۆ گونجاندن و هەڵکردن لەگەڵ ئەم دۆخەی ئێستادا مانای عاقلبوون نیە،ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێ و ڕوودەدات بەرهەمی تێڕوانین و بیرکردنەوەی دەشتەکی یانەی تاکی کوردە،کە لە چەپڵە لێدان بۆ بێمانای و ئاوێتەبوون لەگەڵیدا جگە لە ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەی خودی کاسە لێس و چەپڵەچی یانە شتێکی دیگە نیە، ڕەنگدانەوەی ئەم دیاریدەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو دەمانگەێنێتە ئەو باوەرەی هەر نەتەوەیەکی ئەم گۆی زەویە چەپڵەی موچڕکاوی بۆ پرۆسەکانی سووکایەتیکردن بەخۆی لێدا و چێژی لێوەرگرت هەرگیزاو هەرگیز شایەنی ڕێزلێنان نیە،روخانی بەهای کۆمەڵایەتی و بەرەلای کە لە لایەن هەندێ بەرپرس، کلتووری ناوگەڵ، بە بنەرەترین ، بایەخدارترین و دیاریترین ڕەگەز لە کلتووری ئێمە و هاوشێوەکانماندا بەرجەستە دەکەن، پەردەیەکی تاریک دەدەن بەرووی نەتەوەکەماندا، لە کاتێکدا نیشتمان، ژیان بە شکۆی مرۆڤەکانیەوە مانا وەردەگرێت و دەبێت بە چەمکێکی بەرێزوخۆشەویست، واتە لەدەرەوەی ئەمانە شتێک نامێنێتەوە بە ناوی نیشتمان و ژیان لەو هەرێمەی ئێمەدا،ئەگەر شتێکیش وێنا بکرێت ئەوا کولانە و کۆیلایەتیە نەک نیشتمان و ژیان،چاکسازی لەناو ئەم پارتانەی باشوری کوردستان،هیچ مانا بەخش نیە،چونکە لە هیچەوە هەر هیچ دێت، گەمژەییە چاوەروانی ئومێد بکەیت، ئەمانە لە باج وەگرتن لە کۆڵی کۆڵبەران و سەرانەوە دەستیان پێکردوە، کەوتونەتە ڕووتانەوەی سەرخاکو بن خاکی کوردستان،ئەمانە هیچیان لێ بەرهەم نایەت وەک هێلکەی پیس وان کە مریشکی داماو بەسەریدا کڕ کەوتوە، بەو هیوایەی بەرهەمێکی لێ سەوز بێت، ڕەنگە بە دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی کە هۆشیاری گشتی و دروستکردنەوەی کەسایەتی تاکی کورد و ئینتمای بۆ خاکونیشتمان تیا بچێنینەوە، وەگەر نا ئەمانەی کە هەن هەر هەمووی بەتورێکی قوراوی



**Kamil Zheer** دەسخۆش مامۆستا ئاوات، هەمو رستەیەک لە لێدوانەکەتان، ملوانکەیەکی دورو گەوهەرە، لەئەڵقەکانی داهاتودا ئاماژەیان بۆئەکەین. بەتایبەتی رۆڵی تاکی کورد، یەکێتیی ریز، تەنگژەی هوشیاریی گشتی، قایلنەبون بەم دۆخەی ئێستا، بیرکردنەوەی دەشتەکی، شکۆی نیشتمانو مرۆڤەکانی، چاکسازی لەهیچەوە بۆهیچ بێئەنجامە..هتد. خوازیاری تەمەنی درێژو تەندروستیی باشتانم.



**Bahroz P Mirawdali** ئەگەر بتوانی پۆستی کورتیش بکەیت باش دەبێ بەو پێیە هەندێک هەن کاتیان کەمە و بەچەند دێرێک بۆچونی بەرێزتان بزانن مایەی خۆشییە.



**Farhad Aziz Mohammad** دە ستت خوش بیت و هە ربمینت
پیناسە کردنی وشە و دە ستە واژە کانیش گرنگی خوی هە یە تاوە کو لە وریگە وە خە لک و ئە ندامان وهە ندیک لە بە رپرس و سە رکردە ی پارتە کان باشتر تیبگە ن کە چ دە کوزە ریت



**Kamil Zheer** رایەکی پەسندە کاکە فەرهاد، هەروائەکەین.

کورتەوەڵام/٣٤ سەبارەت فرەپارتی ١٢/٦/٢٠٢٠

ئاشکرایە کارێکی بەکۆمەڵ، بەرهەمی زیاتری ئەبێ لەهی تاکەکەس. دیدو بۆچونەکانی هاوڕێیان، بابەتی هەینیی پێشومانی دەوڵەمەنکرد. گەلێ تێبینیو رای تازەیان پیشاندا. کاکە بەختیار بامۆ وتی (هەر بەقسەو باسو گلەییو گازندە کار مەیسەرنابێ). منیش مژدەی ئەوەمدایە کە لەئەڵقەکانی داهاتوا چارەسەریش پیشانئەدەین،

کاکە شوان سەئید، نهێنییەکی ترسناکی ئاشکراکردو وتی (من بەر لە ٥ ساڵ زیاتر کۆبونەوەیەکی یەکێ لەهەرە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆم بینی لەگەڵ هەندێ لایەنگرانی پارتەکەی کەزۆر بەتوندیو زمانیکی زۆر زبرو بێئەدەبیانە هەڕەشەی لەناوبردنی ئەم قەوارە سیاسییەی ئەکردو فەرموی هەرئەبێ ئەو خەونەیان لەگۆڕنێم) بێگومان ئەو هەڕەشەیەو پیلانەکانی ئێستەش بۆهەمان مەبەست، جگە لەرقی ئەستور، دەستی دەرەکیشی لەپشتە.

کاکە ئارف کەریم (ئاماژە بۆ مەترسیی ئەقڵی خێڵەکی ئەکا) راستی پێکاوە. سەردەمی خێڵ بەسەرچوە. ئێستا گرەو بەزانست ئەبرێتەوە.

کاکە کەمال مەهمەد، هەلی ئەوەی رەخسان کە ئێمەش بڵێین نابێ تاهەتا قاچمان هەر لەناوەوەی سنوری خۆمانبێ. کاتی ئەوەهاتوە کە لەدەروەی ئەو سنورەش دەسبوەشێنینو ئارامی لەناومالّی دوژمن نەهێلین. بەوە دوژمن دێتە سەرچۆک. یەک لەسەر هەزاری کۆمەڵکوژییەکیش ناکەوێ لەسەرمان.

کاکە پشکۆ ئەمین پێداگرە لەسەر نەمانی پارتایەتی لەم هەرێمەی ئێمەدا، ئەڵی هیزب هۆیە نەک ئامانج. هیزبی کوردی ئامانج ئەکەنە قوربانی هۆ! وەک بتپەرستەکانی قورەیش! هیزب سەرچاوەی گەندەڵییە، کورد پێویستی بەکوردایەتییە نەک هیزبایەتی. هیزب کەرتمانئەکا، کوردایەتی یەکمانئەخا. سەبارەت چاکسازی ئەڵێ ئەبێ لەخۆمانەوە دەسپێبکەین. ئەوی بیەوێ چاکسازیبکا کەس دەسیناگرێ، بەڵکو ئەو گرەوئەباتەوە.

کاکە دلێر رەشید ئەڵێ ئەبێ چاکسازی گشت روەکانی ژیان بگرێتەوە، لەخۆمانەوە دەسپێبکەین، دوژمنان هەوڵئەدەن بیری نەتەوایەتی بخنکێنن، ئەبێ بڕواهەبێ کە ئەتوانین چاکسازی بکەین.

کاکە دارا یارە ئەڵێ ئیرادەی بەهێزو دڵسۆزی بۆکوردستان لەهەموشت بەهێزترە.

کاکە هەمە هێمن پێیوایە جگە لەچاکسازی هیچ جێگرەوەیەکیترمان نیە. ئاماژە بۆخاڵێکی گرنگ ئەکا ئەویش بەهێزکردنی کەرتی پیشەسازیو کشتوکاڵییە.

کاکە ئاوات ساهێبقڕان ئەڵێ مەترسیدارترین تەنگژەی کوردایەتی، تەنگژەی هوشیاریی گشتییە. هەر لەوێشەوە تەنگژەکانیتر ئاڵۆزئەبنو دەرهاویشتەی ماڵوێرانکەری لێئەکەوێتەوە. خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی خراپدا، ئاقڵبوننیە، هەر نەتەوەیەک چەپڵەی موچرکاویی بۆسوکایەتیکردن بەخۆی لێدا، شایەنی رێزنیە، چاکسازی لەناو پارتەکانی کوردستانا، لەهیچەوە بۆهیچ ئەچێ، گەمژەییە چاوەڕوانی ئومێدیان

لێبکرێ. هوشیاریی گشتیو دروستکردنەوەی کەسایەتیی تاکی کوردو ئینتیمای بۆنیشتمان، جێگەی هیوایە.

بابەتی ئەم هەینییەمان، دیاردەی کوشندەی فرەپارتییە:

زانست ئەوەی سەلمانوە کە ژینگە، جۆری ژیان ئەگۆڕێ. بۆنمونە: رەنگی پێستی مرۆڤ، لەهەر ژینگەیەکا جۆرێکە. نە خورما لەژینگەی فێنکا ئەڕوێ، نە گوێز لەژینگەی گەرما. فرەپارتیش بەوجۆرەیە. لەکۆمەڵگەی قاڵبو بەدیموکراتی، بەرهەمدارە. لەنادیموکراتیا، زیاندارە.

چاکسازی لەدەوڵەتداریا، یەکەمجار لەشۆڕشی فەرەنساوە سەریهەڵدا ساڵی ١٧٨٩و تەشەنەیکرد بۆڕۆژئاوا بەگشتی. پاشایەتی گۆڕی بۆکۆماریو سیستمی دیموکراتیو فرەپارتیو سەروەریی یاساو مافی مرۆڤو مافی ئافرەتو نەهێشتنی دەرەبەگێتیو نەهێشتنی کۆیلەیەتیو گۆڕینی سیستمی ئاینی بەدنیایی (ئیلمانی)و ترۆکردنی کەسە ئاینییەکانو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو ئازادیی رادەربڕینو یەکسانیو گەلێ ئەنجامیتری لێبەرهەمهات. ئەو چاکسازیانەش بەکوتوپڕی نەبو، بەڵکو ساڵانێکی خایانو خوێنی بۆڕێژرا. ئەو شۆڕشەش لەئەنجامی بیرو تێڕوانینەکانی ژمارەیەک لەرۆشنبیرانی فەرەنساوە بەرپابو.

لەکوردستانا، فرەپارتی لەچەرخی بیستەما سەریهەڵدا بەبێئەوەی زەمینەی دیموکراسیی بۆسازکرابێ! پێشئەوەش فرە میرنشینی هەبو کە ئەویش جۆرێبوە لەفرەپارتیو هەردوکیان بە زیان شکاونەتەوە بەسەر کوردا. هەنێ جاریش داگیرکەرانی کوردستان دەسیانهەبوە، یا هاندەربون، لەدروستکردنیانا بەمەبەستی کەرتوپەرتکردنی نەتەوەی کوردو بەگژیەکترا کردنیان. شەڕی خۆبەخۆی میرنشینیەکانو شەڕی نێوان پارتەکان، بەڵگەی ئەم راستییەن. ئێستەش فرەپارتی رێگرە لەرێی یەکێتیی کوردا. رێگرە لەرێی چاکسازیا لەهەرێمی کوردستان. هەروەها لەرێی سەربەخۆییشمانا. فرەپارتی سەرچاوەی هەمو گەندەڵییەکانە.

دیموکراسیو فرەپارتی، تەواکەری یەکن. کورد بەدرێژایی مێژوەکەیو تائێستا، بەخەویش، دیموکراسیی نەدیوە، نە لەخاکی خۆیاو نە لەدەوڵەتانی داگیرکەرانیا. دیموکراسیو فرەپارتی بۆکوردو بۆداگیرکەرەکانیشی، وەک ئەو کەسەیە کە بەگەورەیی فێری پڵاوخواردن ئەبێو دەسئەبا بۆلوتی!.

دیموکراسی، واتا فەرمانڕەوایی زۆرینەی گەل. بەڵام لە وڵاتە دواکەوتوەکانا، بەهەرێمەکەی ئێمەشەوە، واتا فەرمانڕەوایی کەمینە بەسەر زۆرینەی گەلا.

فەیلەسوفی ئەڵمامی، تریتیشکە، ئەڵێ: فرەپارتی بۆگەلانی ئازاد پێویستە، بەڵام ئەو گەلانەی کە هێشتا لەقۆناغی تێکۆشانان بۆرزگاریو سەربەخۆیی، بۆفرەپارتی ناشێن، بەڵکو پێویستیان بەتەنیا یەک رێکخستنی نەتەوەیی هەیە. وەک بەڵگەیەکیش ناوچەی بێدمۆنت بەنمونە ئەهێنێتەوە کە چۆن لەژێر کاریگەرێتی کافورا هەمو پارتەکان یەکیانگرت ساڵی ١٨٥٩.

بێشکچی سەبارەت پارتە کوردییەکان ئەڵێ:

١-زیاتر ئەچنە خانەی رێکخراوێکی سوپاییەوە.

٢-هەر کوتێکی کوردستان لەلایەن چەن هێزێکەوە پارچەپارچەکراوە. زوربەیان درێژەپێدەری پەیوەندییە خێڵەکیە فیودالیستەکەن لەکاڵایەکی مۆدێرنا.

٣-لەنێو ریزەکانی خۆشیاندا کەمتر شێوازی دیموکراتی پەیڕەوئەکەن.

٤-چەن سەرکردەیەکی ئۆتۆکراتی، رێگەی توانا تازەکان نادەن.

٥-لەڕوی ئایدۆلۆژییەوە، راڕاو هەرزەن، هەر رۆژەی لەئاوازێ ئەخوێنن. ئاڵاهەڵگری مارکسیبونو ئێستا سەرلێشێواو.

٦-رێخستنێکی فشوفۆڵ، درۆودەلەسە بەسیاسەت تێئەگەن،

٧-بڕوانەبون بەخۆیانو پشتبەستن بەداگیرکەرانی کوردستانو..هتد.

جگەلەوانە، میللەت لەساڵی ١٩٦٤ەوە، کارە ناپەسنەکانی پارتی کوردی بەچاوی خۆیان ئەبینن. ئێستاش لای کەس شاردراوەنیە کە پارتەکان شێوەی کۆمپانیای بازرگانیان وەرگرتوە. لەبەرئەوە، ئێمە بەئەرکی سەرشانمانی ئەزانین، لەم گۆشەیەوە، دو رێگە بگرینەبەر لەپێناوی چاکسازییەکی ریشەییدا:

یەکەم-بەرنامەیەک بۆچاکسازیی ریشەیی ئەخەینە بەردەم دەسەڵاتی هەولێر (وەک هکومەت نەک هیزب) بۆئەنجامدانی لەماوەیەکی دیاریکراوا.

دوەم-ئەگەر ئەو بەرنامەیە جێبەجێکرا، میللەت ئەبێتە پشتگیری هکومەتی هەرێم. وەگەر نا، بەپێی بەرنامەی دوەممان کە بەرنامەیەکی زانستیو کردەییە بۆچارەسەر، میللەت خۆی جڵەوی فەرمانرەوایی ئەگرێتە دەستو خۆی چاکسازیی تەواوەتی ئەنجامئەدا بەبێ شەڕو بێ توندوتیژیو بەبێ خوێن.

ئەڵقەی داهاتومان تەرخانئەکەین بۆرونکردنەوەو درێژەی ئەو دو بەرنامەیە.

٧٩ بەدڵبون ٦٨ لێدوان لەوانە:

**Dara Yara** ماموستا بروا ت هه بیت كه ئه گه ر پاكسازی و چاكسازی له كارو ببری حكومه تی هه ریمی كوردستان به جدی و په له نه كریت به ره و هه لدیر ده روین و مافیكانی امرو ایستا و داهاتومان ره ش ده كه ن
شه هیدی سه ربه رز و ماموستای كوردایه تی وفه ر رمانده ی هیزی خه بات جه نابی فتاح آغا زور جار ده یگوت
ئیش امرو رووه هه ورازه سه ره ولیژی نه كه ی
ببری تیژی ده ویت به دوعا و نویژی نه كه یت

**Dara Yara** ده ستتان خوش و پیویسته هه موو لایه ک گوی و اهتمام بده ن به نوسینه كان و بیرو بوچونه كانتان كه هه لقولاوه له بیریكی پاک و ازمونیكی چاک و كاری باش له گه ل ریزوسلاوم

**Kamil Zheer** سوپاس کاکە دارا گیان. گۆڕی هاوبیری گەشمردەمان پڕ روناکیبێ

**Hama Hemn Amin** جوانە هاوڕاتم مامۆستا دەستخۆش ، هەر ئەو دوو ڕێگایامان لەبەرە

**Bahman Mo** دەستخۆش ، بابەتێکی زۆر گرنگە .

**Jabar Kadir** ما مۆ ستا ي بە رێز مە سە لە يە کی کو ر دی هە يە دە لێ مرۆڤی نا بينا
هە تا دە مر ێ هە ر بتە ما ی رۆشنا يی جا وە کا نيتی و بزا نم يمی کورديش وە ها ما ن
بە سە ر ها تو وە لە کە سلا و ريز م بۆ بە ر يز تا ن

**Kamil Zheer** سڵاو و رێز بۆ کاکە جەباری هاوبیری خۆشەویستمان. ئیوە
خۆشبن، روناکی هەر ئەبینین.

**Jamal Abdulrahman** بیگومان ماموستا

چاکسازی زۆر گرنگە بگرە بەردی بناغەی بۆ پیشەوەچونی میللەتە

جگەلەوەش بۆ گرنگی دایلۆگی ناو پارتە سیاسیەکان وە لیکتیگەیشتن وە دروستکردنی
ئەجیندایەکی نیشتمانی بۆ دایلوگ لەگەل بەغداو هاوپەیمانانیش
ئەم دوو هەنگاوە زامنی بەدەست هینانی ئاواتەکانان ئەبن لەگەل ریزماندا

**Kamil Zheer** سوپاس بۆ هەوڵو سەرنجە جوانەکانی بەڕێزتان. سەبارەت
چاکسازی، لێدوانیترمان ئەبێ.

**Hasan Muhamad** مامۆستا! لەگەڵ ڕێزم بۆ بۆچوونەکان، مەسەلەی کورد، کورت و
پوختییەکەی ئەمەیە: لەم ساتەدا، کورد پێویستی بەسەرکردەیەکی وەک پسمارکە، وەک چۆن
هەرێمەکانی ئەڵمانیای یەک خستەوە بە ئاگر و ئاسن؛ کوردیش پێویستی بە وەها
سەرکردەیەکە، تەنها کار بۆ یەک شت: دەوڵەت، دەوڵەت و هیچی دیکە... بەڵام مخابن، لەم
دۆخە، مەحاڵە!

**Kamil Zheer** کاکە هەسەن، هاوڕاتم. ئەڵقەی ٢٣ ی دیوان بەناونیشانی
(قارەمان) لە فەیسبوک، هەمان ئەو دیدوبۆچونەی بەڕێزتانە. ئێمەی کوردیش، پێش
بسمارک، دیاکۆمان هەبوە کە هەرێمە کوردییەکانی یەکخستەوەو نەینەوای لەژێر
چنگی ئاشورییەکان دەرهێنا. دڵنیابە قارەمانیتر هەڵئەکەوێتەوە. بەڵام ڕێگەیتریش
هەیە بۆ ئەو مەبەستە، پێویستە کارییوبکەین. هیچ مەحاڵێکیش بۆ ئیرادەی میللەت
نیە.

**Hasan Muhamad** مەبەستی من لە ناوهێنانی پسمارک، ئەو زەبروزەنگە
بوو کە لە یەکخستنەوەی هەرێمەکانی ئەڵمانیا بەکاری هێنا، بۆیە کوردیش پێویستی
بە سەرکردەیەکی توندە، ئەگینا یەکسخنەوەکەی دیاکۆ، پیرۆزترین کارێکە لە
مێژووی کورد. بەهیوای دیاکۆیەکی دیکەین.

**Kamil Zheer**
Hasan Muhamad دەمخۆش کاکە هەسەن. لەراستیا زەبروزەنگ بۆ خستنە سەر رێی راستی نەتەوەی دواکەوتو ، پێویستە.

**Awat Sahebqran** دیموکراسی لەراستیدا جگە لە گەمەیەکی منداڵانەی گەورەکان، شتێکی دیکە نیە و منداڵنیش لێیان بوە بە ڕاست،دەرهاویشتەی فرە پارتایەتی لێکەوتۆتەوە لای خۆمان،بوە بەو پەندەی کە دەڵێت: هەموو لە ئاشدا بولبولین،کەس گوێ بۆ ئەوی تر راناگرێت،دوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکەون، وردتر بڵێین، ڕوداوەکانی سیاسی هەرێمی کوردستان ئەوەمان پێدەڵێن کە تێکڕای ئەم پارتە هەڵتۆقیوانەی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری،جگە لە چەند خێڵێکی نوێباو بەولاوە شتێکی دیکە نیە،هەر پاساوێکی لێرەولەوێش،جگە لە بەرهەم هێنانو بەرینکردنی ( گەڵحۆی گشتی ) بەولاوە شتێکی تر نیە،کە بۆتە مایەی کۆیلەی هزروچەمانەوە، بۆچوونە بەسەرچوەکان. ئێمە نابێ بگەینە ئەو ئاستەی،کە گەندەڵی و پیسیەکانی دەسەڵات ببینینو هەر چەپڵەی بۆ لێبدەین،چونکە ئەمانە لەخۆیانەوە نەهاتونەتە دەسەڵات،بەڵکو بە هەڵخەڵەتاندنو قسەی سەوزوسوری بریقەدار لەکاتی دەنگداندا،بەو پلەوپایانە گەیشتون،کۆلەواری ئەم دۆخە چەقبەستوەی ئێستای هەرێم و دارمانی بەهاو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان،لە نەمانی ئەم پارتانەوە دەست پێدەکات،کە بەهۆشیاری تاکی کورد،رزگاربون لەژێردەستەیی و لەدایک بونی پارتێکی نەتەوەیەی،لەوێشەوە،تەنیا چارەسەرێک بۆ کێشەی نەتەوەی لە کوردستاندا، جگە لەدابڕان لە دەولەتی ڕاست هێلی ئێراق شتێکی تر نیە،هێنانەوەی هەر پاساوێک بۆ بەلاڕێدابردن و مرداربونەوەی،لە پاراستنی بەرژەوەندی زۆر تایبەدا خۆی دەبینێتەوە، چونکە لە ڕاستیدا کات کەسایەتیەکان ناگۆڕێت بەلکو تەنها ڕوە سروشتیەکەیان دەردەخات،وابزانم هەر هەمویان روونن،ئەمانە سودیان لەو فرستە زێرینیە وەرنەگرتوە، هەر بە هەرزەی تێیان پەراندوە و کالێکیان لەگەل نەکردون،دەبێتە ئەوەی داهاتو، ئەوەشی هەشتە لەدەستی دەدەیت و مێژویش یەک فرمێسکی نازداری بۆ ناڕێژێت،لەکۆتایدا تەنها ئەوە دەمێنێتەوە بۆ وتن، گەشەکردنی تاکی کورد لە ژێر ڕۆشنایی بیری نەتەوەی و هەنگاو نان بۆ سەربەخۆی تاکە رێکەی رزگاریە

**Kamil Zheer** بەهیوام هەمو هاوڕێیان، ئەم دیدو بۆچونە جوانانەی مامۆستا ئاوات بەوردی بخوێننەوە. بەڕاستی ئامانجەکانی پێکاوە. لەئەڵقەی داهاتودا، رونکردنەوەی زیاترمانئەبێ.

**MamTaha Pasok** دەستتان خۆش بیرۆکەیەکی بەکەڵکە بەهیوای سەرکەوتن و هاتنە جێبەجێکردن

**Kamal Muhamad** به بۆچوونی من فرەپارتی دیموکراسی لەبیری مرۆڤایەتیا بە
جۆرێک لە جۆرەنکان هەر هەبووەو پەرەی پێدراوە فرە پارتی گۆڕینی
خەباتە لەتاک خەباتییەوە بۆ خەباتی بەکۆمەڵ کە زۆر بەهێزترە لە خەباتی تاکەکەسی و
دیموکراسی رێزگرتنە لە بۆچوونە جیاوازەکان کە لە پێشبڕکێدابن بۆ بەرژەوەندی گشتی
دەسکەوتی زۆرمان لە پارتایەتی هەیە ئەبێ لە کاتە سەختەکاندا بەرەی نیشتمانی پێکبهێنرێ
بۆ ڕووبەڕوونەوەی دوژمنان ئەگەر کەموکوڕی هەبێ لە فرە پارتایەتیا ئەبێ دەستنیشان
بکرێ و چارەسەر بکرێ دوژمنان زۆریان کردووە کە فرەپارتی و دیموکراسیمان لەبەرچاو
ناشیرین بکەن وەکوو ئەمڕۆژانە ئەیبینین بۆ بینینی دیمنەنەکان بە گشتی سێ جۆر تێڕوانین
هەیە هەن لەسەدا نەوەدوپێنج جوانییەکان ئەبینن هەن لە سەدا نەوەدوپێنج ناشیرنەکان ئەبینن
هەن نیواونیو تێڕوانینی سێیەم گونجاو ترینە هەرچەند من لە بەرەی یەکەمم لە تاریکترینا
ڕووناکییەکان ئەبینم.....

**Kamil Zheer** وەک نوسیومە، فرەپارتیو دیموکراسی لەدوای ڕاپەڕینەکەی
فەرەنساوە، ئەنجامی باشی لێکەوتەوە. بەڵام بەداخەوە، وردەوردە کاڵبوەوە، ئێستا
ئێکسپایەر بوە، ژیانیش هەمیشە لەگۆڕانو پێشکەوتنایە. ئەمڕۆ چەن پێویستمان
بەدۆزینەوەی ڤاکسینێکە بۆلەناوبردنی کۆرۆنا، ئەوەندەش مرۆڤایەتی پێویستی
بەدۆزینەوەی سیستمێکی نوێیە کە نە دیموکراتی نە دیکتاتۆریبێ. بەتایبەتی ئێمەی
کورد نەک دەسکەوت بەڵکو زیانی زۆرمان لەفرەپارتیو فرە میرنشینیو
فرەکوێخایەتی دیوە. ئەنجامی بەرەی نیشتمانی، گەلەکۆمەکێی پارتەکانبو
بۆتاڵانکردنی ماڵی میللەت، تائێستاش ئەو تاڵانکردنە بەردەوامە. برام: قسەی ناو
کتێب جیایە لەگەڵ ئەوەی بە واقیعی ئەبینرێ. ڕونکردنەوەی زیاترمانئەبێ
لەمبارەیەوە. تکایە سەیری لێدوانەکانی هاوڕێیانیش بکە. لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**Nuri Karim** ماندونەبن و هەربژین کاک کامیل, لەوبڕوایەدام هەتا ئەم حوت و
نەهەنگانە لەسەرکاربن, هەرچی بکەین ئاسنی سارد دەکوتین, ئەوانە بۆ هەر بەرنامیەکی
چاکسازیی راستینە, پلانێکی ئەهریمەنانەیان ئامادەیە•

**Kamil Zheer** ئەوە ڕاستە، بۆیە پێویستە ئاسنەکە گەرمکەین بۆئەوەی
بیچەمێنینەوە. ئەبێ ئێمەش پلانێکی بلیمەتانەمان هەبێ. دۆم بەدانیشتن ماڵی وێرانە.

**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل بیرو راکان هەر هەموویان خزمەتگوزاریانەن
ودەرژینە ناو ئەستیلکی کوردایەتیەوەو خزمەت بەکورد و بەکوردایەتی دەکەن ،

**Dara Yara** جه نابت ده زانی گیشه کانی ژیانی ایمه و آزاره کانی هه میشه ده
بیته هوی کال بونه وه ی په یوه ندیه کان بو یه نیگه ران مه به بیگومان نزای جه
نابتان پشت به خوا دیته دی و له ژیر بالی کوردستانی آزاد و گه لیکی به ختیار یه
کتر له آمیز ده گرین .
ریزو سلاوم هه یه و سه لامه ت بن

**Raoof Sidiq** دەست خۆش مامۆستای بەڕێز.هەستو بیرێکی جوانو ژیرانەیە هیوادارم پڕ تەندروستبیت ,بەردەوام بیت لەپێناوی هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگای کوردی.



**Kamil Zheer** پشت بە هاورێیان دڵسۆزی وەک بەڕێزتان، هەوڵەکانمان بەردەوامئەبێ بۆئەو مەبەستە. لەگەڵ رێزو سوپاسم بۆکاکە رەوف.



**Nebez Celal** کارکردنی هەمەچەشنەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بۆ هێنانە سەر رێگای ڕاست و دورخستنەوە بەدکرداری و زۆرملێیی کەمینەیەکی سەرلێشێواو لە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی دەسەڵاتدا، ئەرک و بەرپرسیارێتی گشتییە بۆ وڵات و نەتەوە. بەهیوای گوێی ئاخراویان ببیستێت و غەمخۆری گەل ببینن تا ئاڕاستەی بیستنەکە نەبێتە دەردێکی کوشندە.



**Kamil Zheer** ئێمەش لەهەوڵی ئەوەداین زۆرینەکە بەئاگابێنینەوەو هانیانبدەین لەوەزیاتر بەکەمینە درۆزنەکە نەخەڵەتێن. ئێوەش سەرکەوتوبن کاکە نەبەز.

کورتە وەڵام/۳٥ سەبارەت پێشنیاری دو بەرنامە بۆچاکسازی    ۱۹/٦/۲۰۲۰

پێشە کی ئە بێ ئە و راستییە بزانین کە ئە م هە رێمی کوردستانە ی ئێمە، بۆتە راستییە کی چە سپاوو بۆهیچ هێزو دە وڵە تێکنیە لە ناوییە رێ. بە تایبە تی ئێستە بەهۆی بونی نەوتو گازەوە لەهەرێم، لە بە رژە وە ندیی زلهێزە کانە کە بیپارێزن، سە رباری بریارە کانی 688و هێلی 36و ناوچە ی ئارامو دە ریایە ک نە وتو گاز. بەرگریو بەرەنگاربونەوەی هێزی پێشمەرگەشی بچێتەسەر. لەهەمانکاتا دوریشنیە کەشپوتێکی سەرکەشی خاوەن دەسەڵاتی یەکێ لەداگیرکەران هیرشیبکاتەسەر، بەڵام لەئەنجاما سەرکەوتونابێ.

لەگەڵ ئەو راستییەشدا، هەرێم پێویستیی بەسیستمێکی بەرگری سەربازیی بەهێزو بەچاکسازییەکی ریشەییو هەنگاونانی کردەییو بوێرانە هەیە بەپێی بەرنامەو نەخشەی زانستیانە، وەک لەخوارەوە ئاماژەیان بۆئەکەین.

یەکەم، بەرنامەیەک بۆدەسەڵاتی پایتەخت وەک هکومەت نەک هیزب:

۱-دەسپێشخەرییەکی باشە کە کابینەی نوێەمی هەرێم، مژدەی چاکسازی ئەدا بەمیللەت. میللەتیش خوازیارە کە ئەو چاکسازییە، ریشەییێ نەک روکەش. چاکسازییەکی ریشەییش، بەبێ لابردنی مۆتەکەی هیزب لەسەر بوجەو سامانی هەرێم، بێئەنجامئەبێ. هیزبی کوردی، وەک مشار بەپاڵپێوەنانو بەڕاکێشانیش جەستەی قەوارەکەو خەڵکی هەرێم ئەبڕێو سامانی میللەت ئەخوا. وا زیاتر لە ۲۸ ساڵ بەسەر تەمەنی هکومەتی هەرێما تێئەپەڕێ، نەک ئێستا، ئەبوایە دە ساڵ پێشتر، واتا لەتەمەنی ۱۸ ساڵیا (تەمەنی باڵقبون!) ئەم هکومەتە بکەوتایەتە سەرپێی خۆیو لەقەیومی هیزبایەتی رزگارییبوایە. ئێستەش بەبێ لابردنی مۆتەکەی هیزبایەتی، چاکسازیی بنەڕەتی ناکرێ. هیزبی کوردی، لەبوجەی هەرێمو داهاتی دەروازە سنورییەکانو تانکەرە نەوتو هەناردەو هاوردەو قۆنتەراتەکانو چیوچییتر ئەخوا! کەچی موچەی ئەندامەکانیشی بەشێوازی بندیوار لەبوجەی هەرێم دابینئەکا سەرەرای بەخشینەوەی موچەی خانەنشینی بەپلەی وەزیرو گزیر بۆخەڵکانی سەر بەخۆیان کە تیایاناهەیە یەک رۆژیش فەرمانبەر نەبوە!.

مەترسیی گەورەی پارەدانی هەرێم بەهیزبو موچەی بندیوار لەوەدایە، چینێکی مشەخۆرو گەمژەو تەمەڵو بێبەرهەم دروستئەبێ کە بایەخ بۆبیرو تواناو داهێنانو زیرەکیو بلیمەتی ناهێڵێ. ئەم دیاردەیە،

لەهیچ وڵاتێکی یاساسەروەرا بونینیە. با لەهەرێمیشا ئیتر هیزب بەماڵی میللەت نەژی. بەتایبەتی ئێستا بونەتە سەرمایەدارێکی ئەوەنە گەورە کە تا سەد ساڵیتر پێیئەژین.

٢-لەهیچ دەوڵەتێکی دنیادا، دو سوپای سەربازیی سەربەخۆ نیە، وەک ئەوەی لەباشوری کوردستان پێیئەوترێ: هێزی 70و80. ئەمە دیاردەیەکی زۆر ترسناکە. یەکەم مەرجی چاکسازی: لابردنی دەستی هیزبە لەسەر بوجەو داهاتەکانی هەرێم. دوەم مەرج: یەکخستنی ئەو دو هێزەو تێکەڵکردنیان بەیەکدی. هەروها یەکخستنی هەمو دەزگا هکومییەکانو نەهێشتنی هەمو دیاردەیەکی دو ئیدارەیی بەدناو. لەهەمان کاتا پێویستە مەشقی سەربازی بەهەمو کوڕو کچێکی هەژدەساڵان بکرێ بۆماوەی ٣ مانگ.
سەربازیی خۆویست (ئیختیاری)ش پەیڕەوکرێ بۆجێگرتنەوەی ئەوانەی ئەگەنە تەمەنی خانەنشینی. ئێستا سەردەمی شاخ تێپەڕیوەو نابێ هیزب خاوەنی سوپا، یا خاوەنی هێزی چەکداربێ. ئەوە دەستوری هەمو دەوڵەتانی جیهانە. سە بارە ت چە ک، چە ندین سە رچاوە  هە یە  کە  ئامادە ن چە کی قورسو فڕۆکە و تۆڕی دژەئاسمانیش بە قە رزی نە وتو گاز بفرۆشن. وڵاتێکی وەکو نەرویج، بۆنمونە، تەنیا بەداهاتە ناوخۆییەکانی: موچەو پرۆژە مەدەنییەکانی دابینئەکا. هەمو داهاتی نەوتەکەی تەرخانئەکا بۆپرۆژە سەربازییەکانی، ئەوەی ئەشمێنێتەوە، ئەیکا بە یەدەک بۆرۆژی تەنگانە. وڵاتێکی وەک ئەردەنیش، بەبێ نەوت، لەئیراکو سوریا باشتر ئەژی. با ئێمەش سامانە سروشتییەکانمان تەرخانکەین بۆبەرگری لەقەوارەکەی هەرێمی کوردستان. بەجۆرێ کە هیچ دوژمنێ نەتوانێ سنورمان ببەزێنێ.

٣-رونکاری لەهەمو داهاتەکانی هەرێما، بەتایبەتی نەوتو گازو دەروازە سنورییەکان. هەمو داهاتەکان بخرێنە ناو بوجەی گشتییەوەو میزانییەی بۆرێکخرێ. لەکۆتایی ساڵا ئەژماری کۆتاییو وردبینیی بۆبکرێو دواجار بخرێتە بەر دیدی میللەتو پەرلەمانو دیوانی چاودێریی دارایی.

٤-هاوردەو هەناردە، رەهاکرێن بۆهکومەتو بۆکەرتی تایبەتیش. بۆئەوەی لەئەنجامی رکابەری (مونافەسە)وە کاڵا هەرزانو جۆر باشو باشترکرێ.

٥-موچەی زۆری پلە بەرزەکانو ئەندام پەرلەمان، بۆکرینی ویژدانیانە. کەمکردنەوەی بەرێژەی ٧٠%پێویستە بۆ رۆژگاری ئەمرۆمان. ناشبێ موچەی خانەنشینیان بکەوێ. ئەتوانن، دوای ئەو پۆستانەیان، بگەڕێنەوە بۆسەر کارەکانی پێشویان تا خزمەتی خانەنشینی تەواوئەکەن بەپێی یاسا. ئەمە دەستوری هەمو وڵاتانی پێشکەوتوە.

٦-کەمکردنەوەی کەناڵە ئاسمانییەکانو زانکۆ هکومیەکان کە بەبوجەیەکی زۆر گەورە بەڕێئەکرێن. کەناڵی زۆر، بەبەرنامەی پڕوپوچ پڕئەکرێنەوە. زانکۆی زۆریش، نەوەیەکی بێبەرهەمی لێئەکەوێتەوە. دەرچوەکان ئەبنە کوردەکەی لەهەردو جەژنبو! نە دائەمەزرێنرێن، نە لەڕویاندێ کاری دەستو بازو بکەن!. ناچار رو لەهەندەران ئەکەن، بەدەگمەننەبێ ناگەڕێنەوە، نە خۆیان نە مناڵیان. دواییش لەناو میللەتانیترا ئەتوێنەوە. ئێستا چەن ملیۆنێ کورد لەو وڵاتانە، لەژێر مەترسیی توانەوەدان. ئەمەش جۆرێکە لەجینۆسایدی کورد! ئەشێ ئەم دیاردەیە بۆئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان هەیە، ئەو مەترسییەی نەبێ، بەڵام بۆنەتەوەی بێدەوڵەت، مەترسییەکە گەورەیە، توانەوەی ئاشورییەکان بۆنمونە.

٧-گرنگیدان بەکەرتی پێشەسازیو کشتوکاڵیو گەشتیاریو ژینگەو ئاژەڵداری بەپێی نەخشەی زانستیو کردەیی نەک هەر قسە!.

٨-چاوگێرانەوە بەمیلاکی فەرمانگەکاناو کەمکردنەوەی فەرمانبەرو نەهێشتنی رۆتینو رەخساندنی هەلی کار بۆیان لەکەرتی تایبەت.

٩-بیمەی رادەی کەمی ژیان، بۆپەککەوتوانی بێداهات.

١٠-دابینکردمی دڵنیایی تەندروستی بۆهاولاتیان، پەرەدان بەنەخۆشخانە گشتییەکان، موچەی پزیشکو کارمەندانی تەندروستی بەپێی بارستایی کارەکانیان.

١١-موچەی مامۆستایان لەهەمو قۆناغەکانی خوێندنا، بەپێی بڕی وانەکانیانبێ. خولێکی فێرکردنیش بکرێتەوە بۆمامۆستایانی ئاینی تا میلاکی قوتابخانە سەرەتاییەکان پڕکەنەوە، دەرماڵەیەکی گونجاویشیان پێشکەشکرێ. بەوەش ئەو مامۆستایانە خێریان زیاتر ئەگا. دروستە ئاینداراانیش لەماڵی خۆیانا خواپەرستیبکەن.

١٢-دارشتنی دەستورێ بۆهەرێم کە سەروەریی یاساو مافو ئازادیی تاکەکەسو پێکهاتە ئاینیو نەتەوەییەکانی تیاپارێزراوبێ، سنوری کوردستانی تیادیاریکرابێ، یاساکان لەدەستورەوە سەرچاوەبگرن.

١٣-پە روە ردە ی کوردایە تی لە منالییە وە . ئە گە ر ئە وە نە کرێ، ئە وا ناخی نە وە کانمان بە پە روە ردە ی دژە کوردایە تی پڕئە کرێتە وە .

١٤-توێژینەوەی زانستیو کاری کردەیی بۆرزگارکردنی کورد لە گرێی خواردە ستیو هەست بەکەمیکردن.

١٥-یاسا، بە ڕاستی سە روە ربێو ئە نجومە نی وە زیران لە کە سانی پیشە وە ر (تە کنۆکرات) پێکبێ.

١٦-بۆ تێپەڕاننی تەنگژەی ئابوری، پەیڕەوکردنی بەرنامەی دەسگرتنەوە (تەقەشوف).

١٧-لە ئاستی نێودەوڵەتیا، هە مو هێلکە کان نە خرێنە سە بە تە ی ڕۆژهەڵات یا ڕۆژئاواوە. نەرمیو سیاسەت لەگەڵ زلهێزەکان.

١٨-چارەسەری ناوچە داگیرکراوەکان، بەبەرنامەیەکی تایبەتئەکرێ کە لەهەلێکا ئەیخەینە ڕو.

تێبینی: وە ک چۆن ژینگە کان چونیە کنین، کۆمەڵگەکانیش چونیەکنین، هەرکۆمەڵگەو لەهەر سەردەمو بارودۆخێکا، جۆرە خە باتێکو جورە سیستمێکی بۆئەگونجێو گەشەی پێئەدا. واتا ئەبێ کاڵا لەقەد باڵابێ. ئەشێ ئەم بەرنامەیە، کاڵای بەقەد باڵای ئەمڕۆی باشوری کوردستانبێو لە هە لی گونجاوا دە وڵە تی سەربەخۆش دابینبکا. ئایندە، بەرنامەی جیاوازی خۆی ئەبێ. بەپەیڕەوکردنی ئەو خاڵانەش، هەر یم پێویستیی بەبوجەو موچەی بەغدا نامێنێ. بەڵکو ئەتوانێ موچەڕاگیراوەکانو پاشەکەوتەکانو سلفەڕاگیراوەکانی بەڵێندەرانیش ئازادکرێن.

ئەم بەرنامەی چاکسازیە بۆهەمو هەرێمە. نابێ ناڕازیبونی لایەنێ، ببێتە بیانو بۆلایەنەکەیتر. هەر لایەنێکی رازی لەناوچەکەی خۆیا پەیڕەویکا، سۆزی میللەت بۆخۆی رائەکێشێ.

دوەم، با کابینەی نۆیەم، یا هەر کابینەیەکیدی، بەسەرۆکایەتی هەر کەسێ، شانبداتە بەر چاکسازییەکی لەوجۆرە لەماوەی ساڵێکا. وەگەر نا، ئەوسا ئەرکی میللەت ئەبێ خۆی دەسڵات بگرێتە دەستو

بەرنامەیەکی لەوجۆرە پەیڕەوکا. گرتنەدەستی دەسەڵاتیش بە دو ڕێگە ئەبێ: یا بەڕاپەڕینێ بەسەرکردایەتی قارەمانێکی هەڵکەوتوی نەتەوەیی، یا لەڕێگەی سنوقەکانی دەنگدانەوە بۆهەڵبژاردنی گشتی. باشتر وایە کار نەگاتە خوێنڕشتن. بۆئەمڕۆمان، ڕێگەی دوەم گونجاوترە. ئەویش بە ڕێکخستنی لیستێک، بەناوی (لیستی گەل)ەوە بۆهەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتو لە کەسانی شیاو بۆئەو مەبەستە کە مەرجەکانی: سەربەخۆیی (مستقل)، نەتەوەیی، ڕۆشنبیری، بوێری، بەتوانایی، دەسپاکیو داوێنپاکیان تیابێو بەڵێنبدەن ئەو بەرنامەیەی سەرەوە جێبەجێبکەن.

ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان:

1-لیستەکە دەنگی زۆرینەبێنێو کابینەی دەیەم پێکبێنێ.

2-لیستەکە دنگی زۆرینەبێنێ، بەڵام هیزبەکان، سنوقکان پڕکەن لەکارتی تەزویر.

3-لیستەکە دەنگێکی کەمبێنێ.

4-لیستەکە هیچ دەنگێ نەهێنێ.

ئەگەری یەکەم، چاوەڕوانکراوە. جەماوەری سەربەخۆ (مستقل) بەلیستی خۆیانی ئەزاننو دەنگی پێئەدەن. بەتایبەت ئێستا کە ناوبانگی هیزبەکان زڕاوەو بۆتە بنێشتەخۆشەی میدیاو سۆشیالمیدیاو شەقامو سەرتەنوریش. لەڕاستیشا ئێستا لەهەرێما جەماوەری سەربەخۆ، ڕێژەی زیاتر لە ٦٥% پێکئەهێنێ. بەتایبەتی دوای ئاشکرابونی ئەو هەمو گەندەڵییەی پارتەکان. دەنگی پارتەکانیش کەرتوپەرتەو بەسەر چەن هیزبێکا دابەشئەبێ.

بۆئەگەری دوەم، بەچاودێرییەکی چاک، یا بەڕێگەی تانەلێدانو دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن، تەزویرکەران مایەپوچ ئەبن.

لەئەگەری سێیەما، دەنگپێدراوە کەمەکان، بەهەڵوێستی بوێرانەو شارەزایانەیان لەپەرلەمانا وەک ئۆپۆزسیۆن، ئەتوانن زیاتر گەندەڵییەکان بزڕێننو ڕاستییەکان بخەنە ڕو. بەوەش زەمینە سازئەکەن بۆسەرکەوتن لەهەڵبژاردنێکیدیدا.

ئەگەری چوارەم، گەرچی ئەگەرێکی لاوازە، بەڵگەی ئەوەئەبێ کە هێشتا میللەت ناهوشیارەو ڕاستو چەپی خۆی لێکجیاناکاتەوە. ئەوسا ئەرکی هەمو کەسێکی کوردپەروەر، ئەوەئەبێ: هەوڵی زیاتربدا بۆخۆرێکخستنو بۆبڵاوکردنەوەی هوشیاریی نەتەوەیی. لەهەمو بارێکا، ئەرکی گەلو دڵسۆزەکانێتی گلەییو گازندەکانیان بکەن بەکردار.

داواکارم هاوڕێیان بابەتەکە هاوبەشکەن تا زیاترین خوێنەرەوەی هەبێ. هەروەها دەوڵەمەنیکەن بەباری سەرنجیان. لەگەڵ ڕێزم.

٦٨ بەدڵبون ٥١ لێدوان لەوانە:



**MamTaha Pasok** دەستی مامۆستاو بیرمەندی نەتەوەییخۆشبێ ئەو هەژدە خاڵەی دارڕێژراوە زۆرچاکە بەڵام تۆبڵێ ی بەهۆی مشەخۆرو کاسەلێسەکان بێتەدی چونکە بەو چاکسازی یە بنەرەتییە بەرژەوەندی یەکانیان لەق ئەبێ

**Kamil Zheer** ئەگەر لە کەلی شەیتان هاتنەخوارێو ئەو چاکسازیانەیان ئەنجامدا، جێگەی ڕێزئەبن. وەگەر نا، سەری خۆیان ئەخۆنو میللەت ڕێگەی دوەمی لەبەردەستە. هەر بژیت مام تەها گیان.

**Lanja Amjad** دەست خۆش زۆر کاریگەرە 👍

**Hama Hemn Amin** پرۆژەیەکی گشتگیرو بە بەرهەمە ، هاوکات فریاد ڕەسی قەوارەی سیاسی هەرێمیشە ، پلاتفۆرمێکی تێدایە کە دەکرێت لەو ڕێگایەوە چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ کۆتایهێنان بە ئابوری تاوان و تاوانی ئابوری بهێنرێت ، بێگومان بەیاساو و ئەکتیفکردنی ڕۆڵی دادگایەکی نیشتمانی بێلایەن ، بەگشتی پرۆژەکەی مامۆستا ڕەهەند و قسەوباسێکی زۆرتر هەڵدەگرێت ، جێگای دەستخۆشیە

**Shara Kamil Zheer** زۆر دەستخۆش. هەموو هزبەکان و لایەن و کەسایەتییەکان، بە دەسەلات و بەناو ئۆپۆزیسیونەوە، لەو خالانەی کە هاوبەشە گەندەلن، بە هیچ شیوەیەك خۆیانی لینایەن و باسی ناکەن!
بۆ نمونە: بودجەی تەرخانکراو بۆ هزب لە بودجەی هکومەت، بن دیوار، بە دەیەها پاسەوانە دامەزراوەکانی بەرپرس و وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکان، هوکمی بنەمالە دەستاودەست کردنی دەسەلات و مولکەکان لە باوانەوە بۆ نەوەکان وخوشك وبراکان، نەگەرانەوەی مولکی گشتی و گردەکان و بیرە نەوتەکان بۆ میللەت، بەردەوام بونی موچەی شەهیدانە بۆ چەنها نەوەی دوای شەهید لە کاتیکا پیوستە تەنها بۆ منالی شەهیدەکان خۆیان بیت ئەوەش تا ئەو کاتەی لە خوار ١٨ وەن یان کاریان ئەبیت یان بۆ هاوژینەکانیان ئەگەر کاریان نەبی،
و.........! هەموو ئەوهزب و بەناو رۆشنبیر و نوسەرانەی کە ئیستا هەن، تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان کار ئەکەن تا ئەو رادەیەی کە زەرەر لە ئاسایشی نەتەوەیی کورد بەن هەر رۆژەو بە شیوەیەك تەنها لە پیاناو بەرژەوەندی تەسکی خۆیان! ئۆپۆزسیون بونیش لای ئەوان، تا ئەو شوینەیە کە زەرەر لە دەستکەوتەکانی خۆیان نەیا!
خالی ١٣ و ١٤ ئەکریت زۆریك لەو کیشانە لە داهاتوودا چارەسەربکات، ئەو کاتەی نەوەیەکی هۆشیار گەورەئەبن بریاربەدەست ئەبن.
هەر بمینیت بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت، هەمیشە کاریگەریت هەبووە، کاتیك بەریزت لە ٩٠ کانا پەنجەت ئەخستە سەرگەندەلی هزبەکان و دەوری ئۆپۆزیسیونت ئەبینی، زۆرینەی ئەوانەی ئیستا دەهۆلی دژەگەندەلی لیئەیەن، چەپلەلییەربون لەپال گەندەلکاران وهاوبەشیان بوون و دژایەتی ئیومیان ئەکردا بەلام کۆلنەدانت هەر بەرهەمی هەبوو، ئەگەر درەنیش بیت.

**Kamil Zheer** دەسخۆش شارا گیان، بابەتەکەت دەوڵەمەنتر کرد، چەن شارایەکیترت خستە سەر خەرمانی مەبەستەکەمان. هەڵکەندنی ڕەگی گەندەڵیش کاتی زۆرو کاری سەختی ئەوێ. گرنگ ئەوەیە بەردەوامبین لەسەر ڕاژەی نەتەوەکەمان. هەمیشە سەرکەوتوبن.

**Arif Kerim** دەستخۆش مامۆستا ، پرۆژەیەکی نایابە ، ئەگەر دەسەڵاتدارانی کوردستان نیوەی ئەم پرۆژەیەش جێبەجێ بکەن هێشتا باشە ودەتوانین بڵێین هەنگاوێک چوونەتە پێشەوە ، بەلام ئەوان پرۆژەیەکیان دەوێت دەستکردی خۆیان بێت چونکە نایانەوێ گوێ لەکەس بگرن و خۆیان لەسەروو هەموو کەسێکەوە دادەنێن. لەشساخی و تەمەنی درێژت بۆ دەخوازم .



**Kamil Zheer** سوپاس مامۆستا ئارف. ئێمە ڕێگەی ڕاستیان پیشانئەدەین، ئەگەر چونە سەر ئەو ڕێیە، خۆشیانو میللەتیش سودمەند ئەبن، وەگەر نا، ئەوا نەخشەی دوەممان پیشانی میللەتداوە. ئێوەش هەر لەخۆشیدابن.



**Jamal Abdulrahman** دەستخۆش ماموستا کامل
نوسراوەکەت تیرو تەسەل بوو

ئەوەی شایەنی دانپیانان و چەسپاندنە ئەوەیە کە بیگومان ئەم تەنگەشە ئابوریەی کوردوستان دەستکردی لایەنە سیاسیەکانە.

باشە لە هیچ دنیادا بوە جگە لەو هەمو ڕاووروتەی لە بوجەی کوردوستانیان کردوە، هیشتا خەرجی هیزبەکان لە بوجەی میللەت سەرف کریت وە ئەم بابەتە خرەی نایەت چونکە هەمو هیزبەکان سوتمەندن هیچ لایەنی باسی ناکات وە ئەشی داوای میللەت بیت لەبۆ دەسەلات کە وەک بەشیکی گرنگ لە چاکسازیە داراییەکان بیت.

شەرمەزاریە کە هیزبەکان داوای لیبوردن لە میللەت ناکەن کە هەزارەها نەخوینەوار بە پلەی بەرزی مەدەنی یا سەربازی خانەنشی کراون وە هەزارەها بندیوار موچەی حەرام وەر ئەگریت لە کاتیکا ژە هەزارەها خیزان هەیە کە نانی شەوی نیە، خۆ ئەگەر یاسای چاکسازی لابردنی ئەم کارە نا قانونیانەی تیا نەبیت با هەر ە ئیستەوە زیندەبەچال کریت.

یەکنەگرتنەوەی پیشمەرگە شەرمەزاریە ،وە میللەت ئەبی ئەمە بە هەند بگریت وە مانەوەی ٧٠ وە ٨٠، بەمشیوەیەی ئیستا هیچ پاساویکی نیە جگە لە بۆ تۆقاندنی میللەت وە بۆ پاراستنی هیزبەکان وە هەرەشەکردن لە هەمو جولەیەکی میللەت بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی خۆی کە تا ئەم ساتە مەرگە لیی زەوت کراوە بە ناوی هەلبژاردنی پر کاری ناشەرعیەوە.

ئەش مە بارە سەختە ئابوریەی کوردوستانی پیا ئەروات هیچ کەسییک لە سی ملیون موچەی مانگانەی تیپەر نەکات لە سەروک وەزیرانەوە بیگرە هەتا بەرزترین پلە وە بە خانەنشینەکانیشەوە، وهەرچی خانەنشینی پلە بەرزی ناشایستە هەیە بچیتەوە سەر موچەی شایستەی خۆی یان حیزبەکەی خۆی موچەی باتی، وە هەروەها بندیوار کە کاری ا یاسایی هیزبەکانە خۆیان لە پارەکۆبوەکانیان موچەیان بۆ دەستەبەر کەن چونە ئەوە هەقی کەمئەندامو بی دەرەتانانە خوراوە وە با ئەقل و مرۆڤایەتی لیرەدا کار کات.



**Kamil Zheer** سوپاس بۆ راو تێبینیو سەرنجە جوانەکانتان دوکتۆر جەمال
گیان، کورد ئەڵێ جام بشکێو نەزڕێ، ئەوانە زڕاون. ئەوەش سەرەتای کۆتاییانە.
سەرسامم بە هەوڵە بەردەوامەکانتان بۆ چارسەری کێشە ئاڵۆزەکانمان. هەر شادو
سەرکەوتوبن.



**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل هەمووخالەکان ورینمایەکان لەشوین وجیگەی
خۆیاندان دەبیت ەهولیان بۆ بدریتو کار بۆ جیبەجیکردنیان بدریت ، بەداخەوە ئەوهیوایەی
هەمان بوو بەمدەسەلاتە بەناوکوردیە هەموی بەفیرۆچوو ،دەسەلات نەیتوانی هیواو
ئاواتەکانی خەلکی کورد یگەیەنیتە جیگەی خۆی ومەرام ، دەسەلات بەداخەوە نە نەتەوەی
پاراست نەخاک ، نە ئازادی بەدەستهینا ، نەخۆشگوزەرانی بۆ خەلک ، ئەوەی ئەمانە
کردیان تەنها کاریان بۆ خۆیان کرد لەوپیناوەشدا هاتن وەک ئینگلیز پیادەکردنی دووبەرەکی
وسیبەرەکی بووەکاری سەرکیان خەلکیان بەدەستی یەکدی بەکوشتدا تاببنە دوژمنی
باوەکوشتەی یەکدی ،هەرلایەک بوە داردەستو کلیکی داگیرکەریک وبەدیهینەری
خواستەکانی ئەوانی دوژمن بەکورد ، خەلکیان پارچە پارچە کرد وکردنیانە دوژمنی
باوەکوشتەی یەکتر ، بیگومانم لەم کارەشدا دەستی داگیرکەرانیش هەیە ئەمانیش نەزانانە
لەپیناوپاراستن و بە دەستهینانی بەرژەوەندی زیاتر بۆخۆیان ئەوەی دوژمن دەیویست کردیان
،گیانی کوردبوونیان لەناو برد هەستی کوردایەتیان کوشت ،ئەو کارانەیان کرد ودەیکەن
کەدوژمن خواستیەتی بەداخەوە تا ئیستاش بەردەوامن ، لەکاتیکدا کەدەبوایە پیچەوانە کاریان
بکردایە یەک هیز بوونایە دژی دوژمن ، خزمەتی خەلکەکاین بکردایە تاهەموان سوپەری
پارستنیان بوونایە نەک دژ ،هەمووشتیکیان وەلا بنایە لە خزمەت یەکریزی ویەک گوتاری
کوردا ، لە خزمەت خزمەتکردن بەکورد نەک بەخۆیان وبنەمالەو حیزب و دەست
پیوەندەکانیان ، خۆیان لەوپەری خۆشیدا دەژین ولە هیچیان کەم نیەو های لایف دەژین ،
خەلکیش برسی بی ماڵ بی حاڵ بی ئازادی بی دیموکراسی دەوەرە برسیشبیت ،ئا ئەمانەیە
وایان کردوە کە خەلکانی کوردپەروەرو نیشتیمان پەروەر کە هەموژیانیان بۆ خزمەت بە
نەتەوەکەیان سەرف کردوە و دەکەن، ئەمرۆ پاش 28 ساڵ تازە داوای چاکسازی و
چارەسەربکەن بکەن بیر لە هاندانی خەلک بکەنەوە دژی ئەو بەرهەمەی کەبرهەمی
خوینی سەهیدە سەربەرزو جوامیرەکانی نەتەوەیە ، بەداخەوە دەسەلاتی حیزبی بە ناو
کوردی نا نەتەوەی هیندە خۆی ناشیرینکردوە بەهۆی کارو کردەوەکانیەوە کەخەلک نەزانانە
خۆزگە بە سەردەمی گور بەگۆر بخوازیت ، یان خۆی بدات بەدەم ئاوی ئیجەوە تا
لەبەهەشتەکەی نیشتیمان دورکەویتەوە کە ئەمرۆ کراوەتە دۆزەخ بۆیان ، نیشتیمان پیویستی
بەخەبات و کارکردن و هەولدانی زۆرترە ، پیویستی بە بویری وراستگوی زۆرترە پیویستی
بەهۆشیارکردنەوەی نەتەوەیانە هەیە ،پیویستی بە کۆکردنەوەی خەلکە کوردپەروەرەکەیە ،
هەموان دەبیت هەولدەین بۆ هۆشیارکردنەوەی خەلکەکەمان تا بە چاویکیترەوە بروانینە
نیشتیمان و خەبات ، نیشتیمان تاوانبارنیە ئەوەمنم نەزانانە کاردەکەم نەک نیشتیمان ئەوە
حیزبی نا نەتەوەی کوردیە کاری دزیو دزیو گەندەلی خۆفرۆشی دەکات نەک کوردایەتی
وهەستی کوردبوون ، هەربژیت ودەستیت خۆش



**Kamil Zheer** هەمو وشەکانت دانەی گەوهەرن، ئەوەی جێی دڵخۆشیە:
ئاشکرابونی جەردەکانە. لێرەوە، یەکەم خشتی تەلاری بیری رەسەنی کوردایەتیمان
دائەنرێ. ئەمە سەرەتای سەرکەوتنی رەوایە بەسەر نارەوایەتیدا. خامەتان هەر
زێرینو تەندروستیتان هەر باشبێ کاکە پشکۆ گیان.



**Nuri Karim** پرۆژەیەکی گشتبیین و دروستە و ئەگەر بەکاوەخۆش شانی بدەینەبەر وجێبەجێکرێت, ئەنجامەکانی زو دەردەکەون, بەڵام دۆشدامان و بێهەڵوێستی لە چاوەڕوانی ( گۆدۆ) دا پتر ماڵوێرانمان دەکات•



**Kamil Zheer** چاوەڕوانکەرانی گۆدۆ، وەک نوستوەکانی ئەشکەوتەکەن، بەهیوام پشتبەست بەهاوبیرانی وەک بەڕێزتان بگەینە ئامانج. سوپاس کاکە نوری گیان.



**Taha Majeed** مامۆستا گیان هەمو نوسینەکەت تەواوە بەلام چی بکەین کە خومان دەستی بێگانە ئەگرین بەزۆر ئەیخەینە سەر سفرەکانمان خۆشمان گلەیی لەخۆمان ئەکەین بۆ هەمو شتێک



**Kamil Zheer** باوەڕبکە ئەوانەی بێگانە ئەهێننە سەرسفرەمان، چارەنوسیان هەر چارەنوسی هەسەن خەیریە. نابێ کاروانەکەی ئێمە بوەستێ. دەستەکانی کاکە تەها خۆش.



**Awat Sahebqran** هاوڕاتم مامۆستای ئازیزوخەمخۆری ئەم گەلەستەمدیدیە،بابەتەکانی کە هوروژاندوتن و ئاماژەت پێداون،تابڵێیت بابەتیانیە،دەکرێت کاری لەسەربکرێت،ئەویش بە وەرگرتنی ڕەزامەندی وەک لیستێکی سەربەخۆ،چونکە هێزی گەل هێزی خەباتوراپەرینە،جا وەک یاساناسێکو شارەزا لەبواری یاساو دڵسۆز،بە داواکردن بەفەرمی لە وەزارەتی ناوخۆ،بۆ وەرگرتنی ڕێگەپێدان،ئەوەی یەک دڵۆپ شیری بەحەلاڵی خرابێتە سەردەم پشتیوانتە،ئێمەش بەپشتیوانی خۆتبزانە،بۆ دەرچون لەم دۆخەچەقبەستوە،کەبۆتە دارمانی کۆمەڵگەی کوردایەتی،هێزی گەل نەبێت،بەڕێگەیەکی دیموکراسی ئەمانە لابەرێت،بە چاکسازی،ئەم دەستەوپێوەنگانە،بەتەمایان مەبە،کورد وتەنی: ڕێوی کێ شاهێدتە، لەوەلامدا قوربان کلکم،ئەو پێشنیارەی بەڕێزتان هیوابەخشە،کەپشتوان بەهێزی گەل دەبەستێت



**Kamil Zheer** سوپاس بۆ ئامۆژگارییەکانتان مامۆستا ئاوات گیان. بەهیوام هەر لەلایەن ئەم دامودەزگای هەرێمەوە چاکسازییەکە بکرێ. وەگەر نا، ئەوا ڕێگەی دوەم لەبەردەستە. هەر شادو بەختیاربن.



**Ahmad Sdiq Salih** سوپاس بۆتۆی دڵسۆز...
سامی عەودالّی شاعیر دەڵێ...دڵم بەدووکەس
دەسووتێ....زاناڵهناونەزان...خوتبەبۆگوێگرانان....



**Kamil Zheer** سوپاس کاکە ئەهمەدی بەڕێز. با نەزانو گوێگرانەکان هەر نەبیبستن. دوای ٤٠٠ ساڵ خەڵکی چین لە کۆنفوشیۆس گەیشتن. ئێوەش هەر لەخۆشیدابن.



**Fausy Ramsy** دەستەکانت خۆش و هەر هەموو خاڵەکان لە جێی خۆیدایە..... بەڵام
گرفتەکە لەوەدایە کە کاربەدەستانی ئیمڕۆمان بە هیچ شێوەیەک گوێ لە کەسانی هۆشمەند و
بیرمەند و دڵسۆز ناگرن و خۆیان لە گشت لا زیرەکتر و پەسەندترە. ئەوەی بەڕێزتان
پێسنیاری کردووە بێشک بۆچوونی گشت دڵسۆزانی ئەم گەلەیە تەنیا مشەخۆر و
بوودەڵەکانی ناو دەسەڵات نەبێت.... خامەتان هەر پرشنگدار بێت مامۆستای بەڕێز و ئازیز.



**Kamil Zheer** زۆر سوپاس مامۆستا فەوزی گیان، کاربەدەستان گوێ بگرن یا
نا، ئێمە ئەبێ هەر بێینە دەنگ. والساکت عن الحق شیطان اخرس.



**Kamal Muhamad** سوپاس بۆ بوچوونەکانت زۆربەیان راستن لە هەمووی گرنگتر
پەروەرەی نەتەوایەتییە دەرمانی هەموو دەردەکانە گرنگتر ئەوەیە بزانین لەسەدانەوەدوپێنجی
کێشەکانمان دوژمنان دەستیان تیا هەیە چونکە لە هێزمان ئەترسن زۆر دەوڵەمەندین چاویان
لەوەیە سامانمان بەرن ئەگەر وانەبوایە هەزارەها ساڵە ئەوەندە خۆیان لەگەڵ ماندوو
نەئەکردین تەنها بەهێز ئەگەین بە ئامانج یەکبوونی هێز پێویستە بەڵام یەک ئامانجی
پێویسترە.چونکە سوپای ئەمریکا تا سەد ساڵیش یەک نەبوو بەڵام لەبەرئەوەی یەک ئامانج
بوون نەبووە هۆی کێشەی گەورە بۆیان گرنگتر ئەوەیە ئەوەی هەمانە دەستی پێوە بگرین
هەموو شتێ ناشیرین نییە با باشەکان باشترکەین کەموکوڕیەکان چارسەر بکەین دوژمنان
ڕێنمایمان ئەکەن بە هەموو شتێ بڵێین بڕۆخێ چونکە کە ڕووخا بە ئاسانی بۆمان دروست
ناکرێتەوە ئەبێ لە ئەلفەوە دەست پێبکەینەوە ماندووبوونەکانی پێشوومان بەرەو ئامانج
بەفیڕۆ ئەڕوا ئەبێ بزانین ئەگەر هەموو شتێکمان خراپ بووایە دوژمنان ئافەرینیان
ئەکردین و وازیان لێ ئەهێنایین لەگەڵ هاوڕابوونم لەگەڵ زۆر لە بۆچوونەکانت بەڵام ئەشێ
هەندێکیان ئێستا کاتیان نەبێت ئەمەی هەمانە با توندوتۆڵیان بکەین تاسەرەی ئەوانیتریش
دێت گرنگ دروستکردنی خانووە کەیە ووردەکارەکان لەسەرخۆ جێبەجێ ئەکرێن لە هەموو
بارێکدا ڕێوشوێن دیاریکردن وپیلان دانان شتێکی باش و پێویستە لەگەڵ ڕێزم......



**Kamal Muhamad** با دەستکەوتەکان کە زۆرن فراوانتر پیشان بدەین
کەموکووڕیەکان زەق نەکەینەوە ئەگەر بکرێ دەستنیشان بکرێن بە هێمنی چارە
بکرێن چونکە دوژمن یەکەمیانی پێ ناخۆشەو دوومیانی پێخۆشە پێگەیشتن لە
مێژوودا بە پانزە بیست ساڵ ناپێورێ نزیکمان هەن هەزارەهاساڵە هەنو هێشتا
مناڵن گۆڕین بازۆر گەرم نەبین لەسەری بەهێزکردن و پێشخستن وفراوانکردنی
دەستکەوتەکان مەبەستمان بێ چونکە گۆڕین تێچووی زۆرترە باپیلانە زۆرەکانی
دوژمن پیشان بدەین بەربەرەکانێی ناوخۆ دووا بخەین تا ئەگەین بە ئامانجی
نەتەوایەتی زۆرتر ئامانجم لەم نووسینانە بۆ بەرچاوڕۆشنییە چونکە ناحەزان
ئەیانەوێ کوێربین چاک بەخراپ ببینین و خراپ بە چاک ببینین هەندێ ئامانجیان
پێکاوە بەڵام لافاوی هەستی کورایەتی ڕێسیان ئەکاتەوە بەخوری......،،،




---

کورتە وەڵام/٣٦ سەبارەت ناوەندیو ناوچەیی ٢٦/٦/٢٠٢٠

لەئەڵقەی ٣٣دا ٥/٦/٢٠٢٠ بەڵێنماندا گەڕانەوەمان ئەبێ بۆسیستەمی ناوەندیو ناناوەندی کە ئێستا بۆتە جێگەباسی ئەم رۆژانە. لەو ئەڵقەیەدا، مەرکەزیو لامەرکەزیمان بە ناوەندیو ناناوەندی ناوبرد. دوایی سەرنجمدا ناناوەندی وەرگێڕانیکی پیتبەپیتی زاراوە ئەرەبییەکەیەو وشەیەکی نامۆیشە بەزمانی کوردی، سەرەڕای ئەوەی واتای تەواوی زاراوەکەنیە. ئێستەودوا، دو زاراوەکە بەمجۆرە ناوئەبەم:

مەرکەزی:- ناوەندی

لامەرکەزی:- ناوچەیی. بە ئنگلیزیش:

واتا دەسەڵاتی ناوچەیی. Decentralizationیا local governance

ناوچەییش جۆری زۆرە، ئێمە لەم نوسینەمانا مەبەستمان تەنیا ناوچەیی کارگێڕیو ناوچەیی داراییە.

چەمکی سیستەمی ناوەندی، بریتییە لەبەڕێوەبردنی وڵات لەلایەن کەسێ (سەرۆکی وڵات) یا چەن کەسێکەوە (ئەنجومەنی وەزیران) یا هەردوکیان بەهەرەوەزیی یەکدی. دەوڵەتان سەرەتا بەسیستەمی ناوەندی دەستیانپێکردوە تا وڵاتەکە توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێ. دوایی، بەپێی پێویست، برێ لەدەسەڵاتەکانی ناوەند (پایتەخت) گواسراوەتەوە بۆکاربەدەستانی دەڤەرەکانو پارێزگاکانو شارۆچکەکان. بەتایبەتی دەسەڵاتی کارگێڕی. ئەگینا دەسەڵاتی دارایی، بەدەگمەننەبێ، هێشتا بەزۆری هەر تاکدەسەڵاتیی ناوەندە لەزوربەی دەوڵەتانا.

سودەکانی دەسەڵاتی ناوەندی، بەتایبەتی داراییو سەربازیو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن ناوەندی وڵاتەوە، لەم لایەنانەدا ئەبینرێن: یەکجۆریی بریار، یەکجۆریی چاودێری، کەمکردنەوەی خەرجی، توندوتۆڵیی هکومەت، رەخساندنی هەلی چونیەک، دابینکردنی یەکسانی لەدابەشکردنی داهاتە گشتییەکانا بەپێی پێویستیی هەر ناوچەیەک.

ئەوەی ئێستا لەهەرێمی کوردستانا پەیڕەوئەکرێ، دەسەڵاتی (دارایی) ناوەندە، وەک زوربەی وڵاتانی جیهان. ئەگینا دەسەڵاتی (کارگێری) لەنێوان ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی پارێزگاکانو ئەنجومەنی شارەوانییەکانو شارۆچکەکانا، دابەشکراوە. واتا جۆرێ لەناوچەیی کارگێریی، بونی هەیە. ئەو دو سیستەمەش لەوڵاتانا، هەموی چونیەکنیە، لەهەر وڵاتەو جۆرێکە بەپێی پێویستیی خۆیان.

بەرزبونەوەی هەنێ را لەم رۆژانەدا، بۆ ناوچەیی داراییە، گوایە هەر پارێزگایەک داهاتەکانی ناوخۆی بۆخۆی خەرجکرێتەوە. ئەمەش ئەم ئەنجامانەی لێئەکەوێتەوە:

١-تەرخانکردنی داهاتەکانی هەر ناوچەیەک بۆخۆی، پێچەوانەی بنەمای یەکسانییە لەناو میللەتێکا. شارێک یا ناوچەیەک تاوانی چیە کە بیرە نەوتو گازی تیانیە!؟ یا زەویەکەی بۆکشتوکاڵ ناشێ، یا کەشو هەواکەی گونجاونیە بۆگەشتیاریو..هتد. دروشمی سەرەکیی هاوبیرانی کوردایەتی، کاژیک، لە شەست ساڵ پێش ئێستەوە، بریتییە لە: کوردستان بۆکورد، یەکسانی بۆگەل. دە ئەو یەکسانییە لەسیستمی ناوچەیی داراییا نایەتەدی. چونکە سامانی ناوچەکان وەکیەکنین، نەتەوەش هەر یەک نەتەوەیە. یەکسانیش ئەو ئامانجەیە کە میللەتان جۆگەیەک خوێنیان بۆڕشتوە.

٢-چاودێریی دارایی بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتەوە، فرەجۆرو لاوازئەبێ.

٣-هەلی گەندەڵی، زیاتر ئەڕەخسێ. بەتایبەتی لەئەنجامی خۆسەپاندنی دەسەڵاتی خێڵەکیو کەڵەگایی لەناوچەکانا.

٤-خەرجیی گشتیی وڵات، زیاترئەبێ.

٥-توانای ناوەند بۆبەرگریو پاراستنی وڵاتو دابینکردنی پێویستییە سەربازییەکانو پەیوەندییە دەرەکیو دەبلۆماسییەکانو گەلێ لایەنیتر، کەمئەبێتەوە.

٦-لاوازکردنی دەسەڵاتی ناوەند (پایتەخت) کە ئەشێ ئەمە مەبەستە سەرەکیەکەبێ لەئەنجامی رقێکی ئەستورەوە، یا بۆ هەر مەبەستێکیتر. مێژوی کورد پڕە لەم دیاردەیە، بەگژیەکترکردنی میرنشینیەکانو شەڕی هیزبەکان بۆنمونە. تەنانەت هەنێ کەس نایشارنەوەو رەپوڕاست داوای روخانی قەوارەکەی هەرێمو گێڕانەوەی بۆسەر ئیراک ئەکەن بەبیانوی دابینکردنی موچەوە لەلایەن بەغدادەوە. لەکاتێکا هۆی کێشەکانی موچە، ئەو پارتانەن کە بەشی شێر لەبوجەو داهاتە گشتییەکان بۆخۆیان ئەبەنو ئەوەنە نامێنێتەوە بەشی موچە بکا.

رۆژی ٢٤/٦/٢٠٢٠ سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی ئیراک د. هەیسەم جبوری، لەکۆبونەوەی پەرلەمانا وتی (داهاتی دەروازە سنورییەکانی ئیراکو هەرێمی کوردستان بۆبەرژەوەندیی هیزبەکانو چەکدارەکانیانەو تەنیا ٥% – ٧%ی ئەگەڕێتەوە بۆسنوقی دەوڵەت. وەبەرهێنەرێکی زۆریش هەیە لەگومرگو باج بەخشراون > بڕوانە سایتی روداو رۆژی ٢٥/٦/٢٠٢٠) جا ئەگەر وانیە، با هکومەتی هەرێم بەرپەرچی بداتەوەو ئەژمارێکی رونی ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠٢٠ی ئەو بوجەو موچانەی لەبەغداوە بۆیهاتوە + داهاتە ناوخۆییەکان – خەرجییەکان، بخاتە بەر دیدی میللەتو دیوانی چاودێریی دارایی. ئەو دیوانەی لەسەردەمی سەۆکایەتییەکەی جەلالی سام ئاغادا ٢٧٢٠ راپۆرتی سەبارەت گەندەڵییەکان پێشکەش هکومەتکرد، بەڵام هیچ رێکارێکی یاسایی بەرامبەر گەندەڵکارە هیزبییەکان نەکرا!.

وەنەبێ سیستمی ناوچەیی (کارگێری یا دارایی) ئەمیش لایەنی ئەرێنیو باشی خۆی نەبێ. ناوچەیی بۆ ئەو وڵاتانەی فرەنەتەوەن وەک سویسرا، یا فرەدەڤەرو فرەخەڵکو فراوانڕوبەرن وەک ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ناوەندی باشترە بۆیان، زیاتر دیموکراتیانەیە، خەڵکی ناوچەیەک شارەزاترن لەناوەند بۆبەڕێوەبردنی خۆیانو دیاریکردنی پێداویستییەکانیانو چارەسەری کێشەکانیان، باشتر یەکدی ئەناسن، هۆیەکە بۆپێشبڕکێو داهێنانو..هتد بەڵام وڵاتانی جیهان لەپڕێ نەبونەتە کوڕێ. بۆنمونە: فەرەنسا یەکەمجار ساڵی ١٧٩٤ بە ناوەندی دەستپێکرد، بەڵام لە ١٨٢٠دا سیستمی ناوچەیی دەستپێکرد. ئێستاش هەنێ وڵات تێکەڵەیەکن لە ناوەندی و ناوچەیی بەپێی بارودۆخو بەرژەوەندیی

خۆیان. بۆ هەرێمی کوردستانیش، باشتر وایە پرۆژەکە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، یا بوار بدرێ بەلێکۆڵینەوەی زانستیو ئەکادیمیو مەیدانی بەسودوەرگرتن لەو دو هێڵکارییەی خوارەوە کە هێماو بەراوردە لەنێوان دو سیستەمەکەدا، یا گشتپرسییەکی بۆبکرێ. نەک بەبریارێکی کوتوپڕ بگەڕێینەوە بۆئەو دو ئیدارەییەی کە تا ئێستا برینەکانی سارێژنەبونەتەوە.




٥٧ بەدڵبون ٢٩ لێدوان لەوانە:



**Kamal Muhamad** کاک کامیل لەگەڵ بۆ چوونەکانتم بەڵام ئەزانی هێنانەکایەی ناوەندی و ناوچەیی وگۆڕین زەق کردنەوەی کەموکوڕیەبچووکەکان و لەگەڵ خۆمان بوون لەگەڵ ناوەند بوون ئەملا لەگەڵ لایەکی دەرەکی و ئەولا لەگەڵ لایەکی و دەرەکی ترو ناوزڕاندنی هەموو کەسایەتیەکانی نەتەوەکەمان بە مردووەکانیشەوە کورتکردنەوەی هەموو پیرۆزیەکانمان مافەکانمان و ویستەکانمان تەنها بۆ لایەنی ئابووری بڵاوکردنەوەی هزری بێرەوشتی و بێگانە پەرستی و نیشتمان بەجێهێشتن ناشیرینکردن ورووخاندنی هەموو ئەوەی هەمانە ئەو دەستکەوانەی کە بە ڕشتنی زەریایەک خوێن بەدەستهاتوون تا ناپاکی نیشتمانی و پاڵپشتی بێگانە بۆداگیرکردنمان ڕێنمایمان بۆ دژایەتی هەر کارێکی باش لە بەرژەوندی نەتەوەکەمان پاڵپشتی هەر کارێکی خراپ گەڕان بە دوای بچووکترین بیانوا بۆ ئاژاوەو تێکدان و ڕووخاندن ئەمانەو زۆر زۆری تریش ناحەزان کاری بەرنامەداڕێژاویان لەسەرکردوەو ئەیکەن تەنهاو تەنها بۆ یەوەیە ڕێگامان لێ وون بکەن ڕاستیەکان نەبینین و لە ویستی پیرۆزمان کە ڕزگاری یەکجارەکییە دوور بخەنەوە چارەسەری کێشەکان هەموویان کە گەیشتین بە دووا قوناغ خۆکار ـئۆتۆماتیکی .چارەسەر ئەبن ئەگەر هەموو زەوی هی ئێمەبێ بەبێ دەستەڵایەتی خۆمان لە هەر ئانوساتکدا ئیدۆڕێنین دەبا خۆ خەریک نەکەین بەشتی لاوەکی با ئێستا هەموو هێزوو توانا هزر بۆ تەواوکردنی ئەوەی کە پێیگەیشتووین بێ............

**Kamal Muhamad** ئایا باشتر نییە ئەو ڕووناکیانە هەن گەشەیان پێ بدەین
کاڵامان دورووە و لەبەرمان کردووە تا بیگۆڕین ئەوەی ئێستە هەمانە با براوورد
بکەین لەگەڵ کەمووکووڕیەکان ئەوجا بڕیار بدەین ناحەزانمان نین تەنها
ناشیرینەکانمان پیشان ئەدەن بەربەست دروست ئەکەن بۆ ئەوەی هیچ جوانیەکی
خۆمان نەبینین کە بیگۆڕین ئەبێ شوێن گرەوەی هەبێت ئەو شوێنگرەوە دیاری
کراوەو ئامادەیە لە ڕووی ئایدیۆلۆجی و هێزو تواناکانی تری پێویست یان ئێستا ئەو
دەسانە لەسەر شاشەن کە هەموو هێزێکی خۆیان خستوتەگەڕ کە بۆ کۆیلەبوون
ژێردەستەی وڕووخاندنمان ئەبەن کار گەیشتووەتە ئەوەی بێشەرمانە هەندێ لایەن
و کەسایەتی دۆڕاو بانگەشە ئەکەن بۆ ڕووخاندنی ئەوەی هەمانەو چوونەوە
ژێردەستی دۆڕاوترین.فاشیلترین دەستەڵات لەسەر ڕووی زەوی دەبا ئێستا هەموو
ووزەو تواناکان بێ تا ئەم قوناغە تێ ئەپەڕێنین وابزانم ئەم بۆچوونانەم هەر قسەو
خۆزگە و ئاوات نییە بەڵگەنوستن بۆ کارکردن لەسەریان... هەر بژیت......

**Kamil Zheer** بەڵێ کاک کەمال پێویستەو ڕاستە ئەوەی هەمانە جوانیکەین،
هەوڵەکانی ئێمەش بۆئەوەیە ئەوەی هەمانە لەدەستی نەدەینو جوانیکەین. بەڵام ئەوە
هەر بەقسەو خۆزگەو ئاوات دەستەبەر نابێ. ئەوە، یەکەم بەدەسەڵات ئەکرێ، دوەم
بەپاڵپشتی میللەت. جا ئەگەر دەسەڵات گەندەڵبو، بەڵگەنەویستە میللەتیش نابێتە
پاڵپشت بۆ ئەو جۆرە دەسەڵاتە. ئەنجامیش کەشتییەکە نوقمی ئاو ئەبێ. لەبارێکی
وادا، چارەسەر هەر گۆڕینی دەسەڵاتی گەندەڵە بەدەسەڵاتێکی پاکژو بەتوانا.

**Jamal Abdulrahman** مامۆستای مریز
سلاو
سەرکردایەتی کورد قەت گویی لە میللەت نەگرتوە ئەبی هەولی یەکە ئەوە بیت فیریان کەین
گوی لە روشنبیرو زاناو نیشتمان پەروەران بگرن وە پیشنیازەکانو پیروکەکانیان بە هەند
وەر بگرن
ئیستا ئەو شتە نیە ە ئارادا وە کە دەرگای پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانیان داخست کەس
بە هیچ نازانن فەرمو هەول بە تافون لەگەل وەزیریکا بکە بە حەیاتت دەستت ناکەویت
ئیمەی میللەت لە دۆلیکاین وە بەریوەبەرانی هەریمیش کە دۆلیکی کە!

**Kamil Zheer** کەواتە چار هەر گۆڕینی دەسەڵاتێکی لەوجۆرەیە بەدەسەڵاتێکی
پاکو گوێگرو کارزان پێشئەوەی هەرەس بەقەوارەکەمان بێنن. سوپاس بۆ دوکتۆری
دڵسۆزو خۆشەویستمان.

**Raoof Sidiq** دەستخۆش ڕونکردنەوەیەکی جوانە .لەم کاتەدا ئەم باسە تەنها بۆ
دوپارچەکردنی ئەم هەرێمە ساوایەیە.

**Kamil Zheer** بەڵکو بۆ لەناوبردنی هەرێمەکەیە. ئاخر هەتاکەی ئەم هەرێمە هەر ساوابێ! ٢٨ ساڵ تەمەنیەتی، کەچی هێشتا پێینەگرتوە. خەتای دایەنەکەیەتی. بابیگۆڕین بەدایەنێکی باشتر پێشئەوەی دوژمنانو نۆکەرەکانیان مرداری بکەنەوە.



**Delair Rashed** دەست خۆش روونکردنەوەیەکی راست ودروست بەسوودە بۆ گشت کوردێک کە تێبگات لەو بۆچونەی کە ئەمرۆ لە سلێمانیدا گەرمە ی باسە تەمەنی درێژ و تەندروستی باش بۆ مامۆستا ژیری خۆشەویست



**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل بابەتەکەت جوان شیکردۆتەوە ، بە داخەوە ئەمرۆ دەسەلات لە دۆلیکەو جەماوەر لەدۆلیکیتر یان دورتریش دەسەلات لەئاسمانەو جەماوەر لەژێرئەرز بەداخەوە دەمیکە هاوار دەکەین باقلیشەکەی نیوان دەسەلات وجەماوەر گەورەنەبیت ، بەلام نەک چارەسەریان نەکرد و نەک قلیش گەورەنەبوو بەلکوو قلیش بوە دوو لەت هەریەکە ئەمرۆ لە ئاوازیک دەخوینیت بە داخەوە لە مەشدا هەر کورد زەرەر دەکات ، نەک حیزبی کوردی ، ئەمرۆ باسی لامەرکەزی یان لاناوچەی جارێ کەمیک سست بوە وکال بوتەوە ، ئیستا خەریکە دەگرێینەوە بۆ مریشکە رەشە ، لە باتی بە لا ناوچەیەوە خەریکبین ، پیدەچیت هەموو شتیک تەسلیمی مەرکەزی ئەنفالکریت ، کۆتای بە هەریم بهینریت ،بەداخەوە دەسەلاتی نانەتەوەی هیندە کاری نادروست ونا بەجی ونا کوردانەیان کرد بە هەرسێ لاکە ، تا کارگەیشتۆتە ئەوە کەخەلکی کورد خۆزگە بەسەردەمی بەعس بخوازیت جوێن بەهەموو شتیکی کوردی بدات ، تاوانی ئەمەش هەمووی لە ئەستۆی حیزبی کوردیە ، کە ئەو خەلکەیان ئاوها لیکردوە ، هەرئەوانیش ئەو سێ لایە خەلکیان ئاوها زەلیل کرد ، ئاوها بی هەستیان کردن ، خواررووی کوردستان تەنها سێ پاریزگایە ، سیان ،بەینی سلیمانی هەولیر ئەوپەرەکەی تەنها 2 کاتژمیرە ، ئیمە هیشتا نە ولاتین نە سەربەخۆین نەهیچ ئیتر ئەم ئەمسەرو ئەوسەرەی بۆچیە هەریەکە بۆ خۆی ، هەستی کوردبونیان نەهیشت ونەما بۆیە هەرکەس هەلدەستیت دەیەویت خۆی سەرکردە بیت وئەویتری قبول ناکات ، ئاخر خۆ ناهەقی ئەمیش نیەئەو قبول نەکات ئەویش کاری باش ناکات هەرخەریکی خۆیەتی ، خەریکی دەستە مۆکردنی خەلکە ، جائیتر بەهەرچ شیوەیەکبیت ،لەپیناو خۆیدا کاردەکات ، دەسەلاتەکە تاوانبارە گەندەلە دزە نەزانە ناکوردپەروەرە دەنا دەیتوانی ئیستا نیشتیمان وخەلکەکەی والیکردایە هەموان لەپیناوی کوردا وەک جاران ئامادەی گیان بەختکردنبن نەک جیابوونەوە وکردنی نیشتیمان بەدۆزەخ وراکردن لیی ،تەندروست وتەمەن دریژبیت



**Kamil Zheer** هەمو راو تێبینییەکانت راستو دروستن کاکە پشکۆ. هاوڕاتمو دەسخۆش.



**Awat Sahebqran** بو دانی پێناسێن، که هەرێمی کوردستان، له پاشەکشێی
سەروەریەکانیەتی،لەدەستدانی ئەو بڕە سەربەخۆییەی کەهەیبو،وەک قەوارەیەکی
سەربەخۆ،بەرەو سەربەخۆی کارگێری وەک جاران (الأدارة المحلية) کە لە
شەستەکانەوە،هەر هەبوە،ئێمە بە درێژایی مێژوی ئێراق هەر نەگبەتی و ماڵوێرانی
بوە،عەرەب وتەنی ( الباب اللی تیجی منه ریح، سده و استریح) ئەمان بە
پێچەوانەوە،دەرگایان بۆ خستونەتە سەرپشت،ئەگەر داهاتی کوردستان لەدەستێکی ئەمیندا
بوایە،بەشی هەموو لایەکی دەکرد وپرۆژەی وە بەرهەمهێنانی هەمەجۆری لەخۆ دەگرت،
بەڵام مەخابن،هەر خەریکی حەپەلوشکردنی سەرخانوبنخانی کوردستانن)،تەنانەت بەغداش
بە میوانە ڕەزاگرانوقورسەکە لە قەلەمی دەدات،تا رادەیەکیش ڕاستە،ئێمە پرۆژەی بەرەو
سەربەخۆی و قەوارەیەکی وەک ( هەرێمە یەکگرتوەکانی کوردستان/ United Regions
of Kurdistan)کە لەم هەرێمانەی خوارەوە پێکهاتبێت
هەرێمی شارەزور، کە سلێمانی و هەڵەبجە لە خۆ بگرێت
هەرێمی سۆران ، هەولێر
هەرێمی گەرمیان / کەرکوک و دەوروبەری
هەرێمی بادینان/دهۆک و موسڵ
تاد...
دەوڵەت یان هەرێمێکی فیدراڵە،سەرجەم هەرێمەکانیش پەرلەمان و حکومەتی ناوچەی
تایبەت بەخۆیان دەبێت،لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا،دەکرێت هەرێمو کانتونەکانی تری
خۆرهەلاتو خۆرئاوا و باکور پێوەی پەیوەست بن،ئەگەر بەباشیان زانی،گشت
هەرێمەکان،بەشێوەیەکئ یەکسان،لە پەرلەمانی هەرێمەیەکگرتوەکانی کوردستان بەشداربن،
هەر لەوێشەوە سەرۆکی هەرێم وحکومەتی یەکگرتووی هەرێمەکان دەست نیشان
بکرێ،ئەگەر بەنۆرەش بێت باشترە



**Kamil Zheer** کە هەرێم دوای ٢٨ ساڵ تەمەن هەر لەپاشەکشەدابێ وەک
بەڕێزتان ئەڵێن، هۆکەش ئەوەبێ کە داهاتی هەرێم لەدەستێکی ئەمیندا نیە، کەواتە
چارەسەر ئەوەیە داهات بکەوێتە دەستێکی ئەمین. ئیتر جۆری سیستمیش بەپێی
بارودۆخ ئەگونجێنرێن. سوپاس بۆ پەرۆشیو دیدو بۆچونە جوانەکانتان مامۆستا
ئاوات.



**Shex Pola Barznji** دةس خوش کاك کامل ئةگةر بکریت نوسةران روشنبیران
سیستمی حوکمرانی ولاتانی ئةوروپا کامیان باشة یان خالة باشةکانی دةستوری ولاتان
کؤبکریتةوة دارشتنةوةیةکی باشی بؤ بکریت لةپةرلةمان دةنگی پیَ بدریت بکریت بةسیستم و
دةستور جیگیر بکریت کار لةسةر ئةوةبکریت باشترة ....



**Kamil Zheer** کاکە پۆلا: یاسا گشتییەکانی وڵاتانی جیهان بە ئیراکو کوردستانیشەوە، لەیەک وەرگیراون، یاسا تایبەتەکان جیاوازنو هەر وڵاتێ بەپێی پێویستییو بەرژەوەندیی خۆی دایانئەڕێژێ. کێشەی هەرێمەکەی ئێمە ئەوەیە هێزبەکان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان دایئەڕێژن. ئەوش چارەسەرنابێ هەتا هێزبی گەندەڵ فەرمانڕەوابێ.



**Dara Yara** لا مركزي اگە ر مە بە ست بو بوژاندنە وە ی آبوری بیت و گە شە کردنی ناوچە پیروزە
بە لام من بروا ناکە م مە بە ست اوە بیت
وابزانم بو دوو اداریە و حزب حزبینە و گە ندە لی کە سایە تیە بویە باش نیە لە م کاتە دا
دە ستی بە ریزیشتان خوش بو ام روونکرنە وە نیرو تە سە لە
لە گە ل ریزم

کورتە وەڵام/۳۷سەبارەت کێشەی موچەو مەترسیی ئاشبەتاڵیکیتر ۳/۷/۲۰۲۰

ئاشکرایە مرۆڤ چی بچێنێ، ئەوە ئەدروێتەوە. پارتایەتیو دیموکراسی، چونکە سیستمێکی گونجاونیە بۆژینگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هێشتا بەدەس دواکەوتوییو نەزانینەوە ئەناڵێنن، ئەبینین ئەنجامەکەی هەمیشە خراپ ئەشکێتەوە بەسەر گەلانی ئەو ناوچانەدا. لەڕوی کردەییشەوە، ئێمە لەنزیکەوە وڵاتانی وەک: ئیراک، سوریا، لبنان، ئەفغانو پاکستان ئەبینین کە لافی دیموکراسیو فرەپارتی لێئەدەن، رۆژبەڕۆژ ئەدەنە دواوەو گەندەڵییان زیاترەو ئارامیان تیانیە، بەپێچەوانەی سوئودیە، ئیمارات، قەتەر، ئومان، بەهرێن، کوێتو ئەردەنەوە کە دیموکراتیو فرەپارتیان تیانیە، بەردەوام لەگەشەو پێشکەوتنو ئارامیانو گەندەڵیشیان کەمترە.

سەبارەت هەرێمەکەی ئێمە، ئەوە دەجار پێویستە خۆی لەدرۆی دیموکراتیو دیاردەی کوشندەی فرەپارتی بپارێزێ. لەئەڵقەکانی ۳۳تا۳٦ی کورتەوەڵاما، زیاتر لەمبارەیەوە دواوم هاوڕا لەگەڵ کۆمێنتەکانی هاوڕێیانا. وەنەبێ ئەوانە قسەی ئەمڕۆمانبێ. بەڵکو لەچارەکە چەرخێ لەمەوبەرەوە، هاوبیرانی کوردایەتیی سەربەخۆ (موستەقل) بەگژ گەندەڵیو شەڕی ناوخۆدا چونەتەوە کە دەرئەنجامی درۆی دیموکراسیو دیاردەی فرەپارتین. جا بۆنمونە، جێی خۆیەتی ئاماژەیەک بۆراگەیاندنێکی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی بکەین کە بایە خی مێژویی خۆی هە یە و شیاوی وە بیرخستنە وە یە لێرە دا.
گرنگیی ئە و راگە یاندنە لەشێوەی نامەیەکا، لە وە دایە کە ئێمە 26 ساڵ لە مە وبە ر، بە ئە وپە ڕی بوێرییە وە ، چوینە تە وە بە گژ شە ڕی ناوخۆو گە ندە ڵیا. لە و نامەیە دا بە جۆرێ پە ردە مان لە سە ر خراپییە کانی پارتایەتی هە ڵداوە تە وە کە ئێستە ش هە مو کە س ناوێرێ بە و جۆرە خاڵبخاتە سە ر پیتە کان. فەرمون ئەمە دەقی نامەکە:

نامە یە کی کراوە لە لیژنە ی کۆششی نە تە وە ییە وە بۆ سە رکردایە تی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك)و جە ماوە ری گە ل.

وا جاریکیتر خوێنی کورد بە دە ستی کوردکوژە کوردە کان رژێنرایە وە .

رێکە وتنامە ستراتیجیە کانتان کە دواهە مینیان رێکە وتنامە ی 21/11/1994بو، ئە بوایە تا کۆتایی ئە م چە رخە بڕیبکردایە ، کەچی لە دوای یە ك مانگ پێشێلکرا.

ئێستاش ئه شێ بپرسین کێ خه تابارە ؟ به هه مو پێوانه یه ك خه تابار ژماره یه ك له ئێوه ی سه رکرده کانی ئه و دوهیزبه ن که ده ستتان گرتوه به سه ر:

1- به رهه می راپه ڕینه که ی جه ماوه ری کوردستانا.

2- پاره ی بانقه کانو ئامێرو که لوپه لو که ره سه ی فه رمانگه کانو گومرکی کوردستاندا.

3-به سه ر ماڵو موڵکی خه ڵکیا به بیانوی ئه وه ی سه ر به ئه ملا یا ئه ولان، یا به ناوی پیتاکه وه .

4- کۆنه جاشو موسته شارو به عسیو ئه منو موخابه راته کانی رژێم، له نێو خۆتانا به ش ئه که ن.

5- هه ڵبژاردنی ئه نجومه نی نیشتمانی کوردستانتان ته زویرکردو رێژه ی 7% پیلانێکبو دژی هیزبه کانیتر.

6- بازرگانی به خوێنی شه هیدانه وه ئه که نو له دوای راپه ڕینه وه پێشبڕکێ ئه که ن له سه ر ئه وه ی زیاترین رۆڵه ی کورد بکوژن یا به کوشت بده ن.

7- دیموکراتیه تو ئازادیو مافی مرۆڤو حوکمی یاسا پێشێل ئه که نو هه وڵئه ده ن له‌ڕێگه ی هێزو پیلانو ته زویرو چه واشه کردنو ویژدانکڕینه وه ده ست به سه ر ده سه ڵاتی هوکمدا بگرن.

8- گوللە تان به P.K.K و بزوتنه وه ی ئیسلامیو هیزبی شیوئیه وه ناو به ربه ستێکن له به رده م په ره سه ندنی هێزه سیاسیه کانیترداو رێگرێکن له به رده م که سانی شاره زاو به توانادا بۆبه ڕێوه بردنی کاروباری وڵات.

9- فه رمانگه کانتان کردوه به ته مه ڵخانه ی لایه نگره کانتان بێ ره چاوکردنی به رژه وه ندیی گشتیو میلاکو پێویستی١.

10- گوێ له ڕاو ته گبیرو هاناو هاواری که سانی دڵسۆزی ئه م نه ته وه یه ناگرنو له به رده م هێمایه کی بێگانه دا ملکه چو ده سته وستانن.

11- یاری به بازارو به دراوو به دۆلارو به ئابوری وڵات ئه که ن.

12- ناوچه رزگارنه کراوه کانی کوردستانتان له یاد کردوه .

13- په نا ئه به نه به ر تۆقاندنو کوشتنو گرتنو ئازاردان له سه ر بیروباوه ڕ.

14- بونه ته هۆی نائارامیو لاوازکردنی هه ستی نه ته وایه تی، ئه وه ش وای کردوه خاوه ن تواناکان کوردستان به جێبێڵن.

15- گرنگی به پرۆژه ی ئابوریو گه شه سه ندن ناده نو بیر له گوزه رانی خه ڵکیو دادی کۆمه لآیه تیو نه هێشتنی برسێتی هه ژارانو فه رمانبه رانو خانه نشینان ناکه نه وه .

16- له کاتێکا که نه خۆشخانه کان بێده رمانن، بێ که ره سه و بێ ئامێرن، به بێهساب پاره ی ئه م میلله ته ئه ده ن به چه کو کوردی پێ ئه کوژن.

ئێوه ی سه رکردایه تی ئه و دوهیزبه که ژماره یه کتان به خوێنی ئه م میلله ته بونه ته سه رمایه داری گه وره و په ساپۆرتی هه لآتن له گیرفانتانایه و خێزانو منالّتان له ئارامیو رابواردنی هه نده رانن.. یا هه ر له سه ره تاوه رێکه وتننامه کانتان به ڕاست نیه و بۆچاوبه ستو چاوه ڕوانکردنی هه لێکی له بارتره بۆشه ڕێکتر، یا به هۆی له زمه و خاڵه لاوازه کانتانه وه

ده سه لآتتان به سه ر کوردکوژه و هه لپه رستو جه رده و ئاودیوکه رو پیاوانی رژێمو پیاوانی بێگانه ی ناو هیزبه کانتان نیه ، بۆیه به ناوی جه ماوه ری سته مدیده ی کوردستانه وه داواتان لێئه که ین که چیتر یاریی به چاره نوسی ئه م میلله ته نه که نو ئه م تاقیکردنه وه یه ی باشوری کوردستانیش له ده ست نه ده ن٢.

داواش له به ڕێزان سه رۆکو سکرتێری گشتی ئه و دوهیزبه و تێکۆشه رانو دڵسۆزانی ناو ریزه کانیان ئه که ین که له م قۆناغه ناسکه ی کوردستانا، به رژه وه ندیی ته سکی هیزبایه تی به لاوه نێنو کوردایه تی پێش هیزبایه تی بخه نو به ده ستێکی پۆلآیین ریزه کانی هیزبه کانیان له شه ڕخوازو پیاوخراپ پاك بکه نه وه . بۆبنه بڕکردنی شه ڕی براکوژیو چاره سه رکردنی کێشه کانی هه رێمیش، ئه م خالآنه جێبه جێبکه ن:

1-راگرتنو قه ده غه کردنی هه مو شەڕێکی براکوژی.

2- به شداریکردنی که سی یه که می ئه و دوهیزبه له ده سه لآته کانی هکومه تی هه رێمدا.

3- کۆتایی هێنان به دیارده ی په نجا به په نجاو سپاردنی کار به کارامه و داوێن پاك.

4- هه ڵوه شاننه وه ی میلیشیای هه موهیزبه کانو دروستکردنی سوپای کوردستان له ڕێگه ی ته جنیدی زۆره ملێوه و سپاردنی چه کی هیزبه کان به و سوپایه .

5-جێبه جێکردنی یاسای هیزبه کانو یاسای چه ك.

6- ته رخانکردنی %90ی گومرگو باجو داهاته گشتییه کانو ده ستکه وته کان بۆحکومه تی هه رێمو %10ی بۆهیزبه کان.

7- پێکهێنانی وه زاره تێکی هه مه لایه ن له گه ڵ حیزبه کانیتری ناو کوردستان.

8- یه کخستنی رێکخراوه جه ماوه رییه کانی خوێندکارانو قوتابیانو لاوانو ئافره تانو ژنانو..هتد، هه ریه که و له ته نیا یه ك رێکخراوا.

9-سپاردنی هه مو ئیزگه کانی رادیۆو ته له فزیۆن به وه زاره تی رۆشنبیری٣.

10- ئه نجامدانی ئاماری گشتی پێش هه ڵبژاردنی گشتی په رله مانو هه ڵبژاردنی داهاتو له سه ر شێوازی دائری بێت نه ك رێژه یی. به باوه ری ئێمه ئه و هه نگاوانه له مڕۆدا چاره سه ری کێشه کان ئه که ن. چونکه ئه گه ر گومرگ درایه هکومه ت ئه وسا شه ڕ له سه ر چی ئه که ن؟ ئه گه ر میلیشیا نه ما ئه وسا به کێ شه رئه که ن؟٤ ئه گه ر چه ك داماڵرا ئه وسا به چی **شەڕئه که ن؟ ئه گه ر هکومه تێکی هه مه لایه نی به هێز دروستبو ئه وسا هوکمی یاسا ئه چه سپێو رێگه له یاسا لاده ران ئه گیرێ.**

**جا ئه گه ر براده رانی سه رکردایه تی یه کێتیو پارتی گوێ به م** چاره سه رییانه نه ده ن، ئه وا چوار رێگه یان ئه که وێته به رده م: یا وازبێننو هه لێك بڕه خسێنن بۆدوای خۆیان، یا شەڕو به یه کدادان له شاره کان دورخه نه وه تا لایه کیان لاکه یتر ته واو ئه کا، یا ببن به یه ك له یه ك حیزبدا، یا چاوەڕوانی غه زه بی جه ماوه ربن به راپەڕینێکیترو هاتنه سه رجاده و مانگرتن.

هیوادارین نامه که مان راستیه کانی خستبێته ڕو، چاوەڕوانی وه لآمین. لەگەڵ رێزمان.

لیژنه ی کۆششی نه ته وه یی – 26/12/1994

ئە م راگە یاندنە مان لە رۆژنامە ی (ئاڵای ئازادی) ژمارە 2694 رۆژی 22/1/1995 ل4و
لە نامیلکە ی پە رلە مانی شە هید ل285-283 بلاّوکرایە وە ، خە ڵکیش سە دان وێنە یان
لە بە رگرتە وە و لە ناوە وە و دە رە وە ی ولاّت بلاّویانکردە وە . بەکردەییش لەپەیوەندیابوین بۆراگرتنی شەڕ. تەنانەت شەوێک کەقەدەغەی هاتوچۆبو، ئێمە تابەرەبەیان لەهاتوچۆیەکی مەکۆییدابوین لەنێوان بارەگای بارزانی لەسەری رەش و بارەگای مەکتەب سیاسیی یەکێتی لەهەولێر بۆراگرتنی شەڕەکە. لەو هاتوچۆیەشدا جارێک هەندەینەمابو بەر دەزڕێژی کۆمەڵێ چەکدار بکەوین.

ئێستا دوای ٢٦ ساڵ، راستیی ناوەرۆکی ئەو راگەیاندنەمان دەرئەکەوێ. ئەوەتا دوای ٢٨ ساڵ هوکمڕانیی هیزبایەتی، ئەم هەرێمە بچوکە پڕلەنەوتو گازو داهاتە، موچەی موچەخۆرەکانی خۆی بۆنادرێ بەهۆی ئەو گەندەڵییەی ئەنجامی فرەهیزبییەو وایکردوە سامانی هەرێم ببرێ بەتاڵان، موچەی بندیوار بەپلەی سەرەکوەزیران بەبڕی سەد ملیۆن دینار مانگانە بدرێ بەکەسێک! هەروەها بەپلەی وەزیرو و.زیرو پلەی باڵا موچە بدرێ بەکەسانێ کە یەک رۆژ فەرمانبەر نەبوبن، تا بندیوار گەیشتوتە سنوری بەسرە بۆخانمێکی ئەرەب بەپلەی بریکاری وەزیر! ئەوانەش ئەمڕۆ بەشێکن لەقەیرانی موچە. ئەو قەیرانەش هەنێ دەنگی ناسازی بەرزکردۆتەوە بۆگەڕانەوەی هەرێم بۆژێر دەسەڵاتی بەغدا بێگوێدانە ئەوەی سزای روخاندنی قەوارەکەی هەرێم، ئەگاتە لەسێدارەدان بەپێی یاسا. جا ئەگەر هیزبەکان پەیڕەویی ئەو دە خاڵەی سەرەوەی نامەکەی ئێمەیان بکردایە، رۆژی هکومەتی هەرێم نەئەگەیشت بەم رۆژەی نەتوانێ موچەی فەرمانبەران دابینبکاو دەس لەئیراک پانکاتەوەو ئەو دەنگە ناسازانەش داوای گەڕانەوەی هەرێمبکەن بۆژێردەستەیی ئیراک، ئەو ئیراکەی ئەمڕۆ لەهەرێم نابوتترو بێسەروبەرترە! لەکاتێکا ئیراکو هەرێم وڵاتی نەوتنو ئەبوایە لەئەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا بونایە، بەڵام بەهۆی گەندەڵیی پارتایەتییەوە لەئیراکو هەرێم، ئەنجام ئەوەیە کە ئەیبینین!.

پەراوێزەکان:

١-ئەگەر هیزبەکان گوێیان لەو نامەیەی ئێمە بگرتایە، کێشەکە نەئەگەیشتە ئەوەی ئێستە ١٢٥٥٢٧٣ موچەخۆرهەبێ لەم هەرێمە بچوکەی ئێمەدا بەمانگانەی ٩٠٠ملیار دینارو هکومەت داماوە بەدەستییەوە. سەرباریئەوەی ئەو ژمارە موچەخۆرە زۆرە، کەرتی تایبەتیشی سڕکردوە!. ئەوەش بەرئەنجامی پەنجابەپەنجا بەدناوەکەبو کە بوە هۆی پڕکردنی فەرمانگەکان بەفەرمانبەری ناپێویست بەمەبەستی کڕینی دەنگەکانیان. یا وەک ئارف قوربانی ئەڵێ (حکومەت زیاتر لە 100 هەزار پۆلیسی ناوخۆ و زێرەڤانی و پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتنی هەیە لە دەرەوەی ئاسایش و پێشمەرگە. چ لۆژیکێک رێگە بەوە دەدات مانگانە دەیان ملیۆن دۆلار لەم هێزانە خەرج بکرێت کە زۆرێکیان کراون بە پاسەوان و باخەوانی باخ و ڤێلای بەرپرسەکان. لەولاشەوە کۆمپانیای سیکیوریتی ئەهلی پارێزگاری کۆمپانیا نەوتییەکان بکەن و لەوێش مانگانە دەیان ملیۆن دۆلار لەسەر حسابی داهاتی ئەم میللەتەیان پێبدرێ..لەکاتێکا هکومەت خۆی ئەتوانێ پاسەوانیی کەرتی نەوت بکا بەو هەمو پۆلیسەی هەیەتی. . لەبوارێکی دیکەدا کە سەرچاوەیەکی گەورەی داهات و گەندەڵی و بە هەدەردانە، کەرتی تەندروستییە. باند و کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمان کە بووە بە پێداویستیی رۆژانەی خەڵک. ئایا حکومەت ناتوانێت بە بڕیار ئەمە لە دەستی گرووپە مافیاییەکان دەربێنێ کە کەسوکارو دەستوپێوەندی دەسەڵاتدارەکانن و حکومەت خۆی بەڕێوەی بەرێت، کە لەلایەک رێ لە بەهەدەردان دەگرێ و دەشتوانێ بیکات بەسەرچاوەیەکی دیکەی داهات؟) ئەوانە سەرباری موچەی بندیوار کە لەهیچ کونجێکی دنیادا وێنەی نیە!.

٢- ئەوەتا ئەم کابینەیەی ئێستە ئامادەیی خۆی دەرئەبڕێ بۆجێبەجێکردنی هەمو داواکارییەکانی بەغدا لەپێناوی موچەدا! داواکارییەکانی بەغداش بریتییە لەدەسگرتن بەسەر هەمو سامانی ژێرزەویو

سەرزەویی هەرێمدا بەداهاتەکانی دەروازە سنوورییەکانو هەمو داهاتێکیترەوە!!. ئەوش بمانەوێو نەمانەوێ، ئاشبەتاڵێکیترە.

٣-نەک هەر ئەوەیان نەکرد، بەڵکو هەر هیزبەو ژمارەی میدیاکانی خۆی چەنجار زیادکرد بەپارەی میللەت.

لەئەڵقەی ٣٨دا ئەوە پیشانئەدەین کە چارەسەری کردەیی ئەم تەنگژەیە، تەنیا بەیاسای چاکسازیی ژمارە ٢ ناکرێ. بەڵکو چارەسەری تەواو ئەخەینە بەر دیدی هکومەتو میللەت.

لیژنەکەمان پێکهاتبو لە: پارێزەر کامیل ژیر، ڕەوانشاد رفیق تۆفیق قەزاز سەرۆکی ژوری بازرگانی، پارێزەر شێخ سالارحفید، ڕەوانشاد خالد محمدخاڵ مامۆستای زانکۆ، ئابوریناس جلال سام ئاغا، دوکتۆر نیهاد فازیل، ڕەوانشاد ئەندازیار هوشیاربابان، ڕەوانشاد پارێزەر جە مال شاڵی.

١٣٤ بەدڵبون ٨٤ لێدوان لەوانە:



Hallo Barzinjeyie دەستتان خۆش مامۆستا گیان
هەموو شتتان وت و هەمووشت دیارە. بەڵام ئەوانە لە بەزمی خۆیان ناکەون
بەداخەوە بە هیوای ئەوەی چیدی شکستی کورد دەبینین
هەر سڵامەت بمێنن

Ari Hama Karim دە سخوش کاتی ئە وە هاتوە حکومە بە هیزبکە ن دە ستی حیزب لە حکومە ت دورخە نە وە

Nazhad Siwaily ئوستاد گیان دۆخی سیاسی و مێژویی و جیۆگرافی دنیای ئێمە تەواو جوادیە لەهەمو ئەو وڵاتانەی دەرور بەرمان. ئەوان دەوڵەتن و سیادەیان هەیە. چی بە کۆدێتا بێ یا ڕاپەرین ئەوان تەنیا حکومەتەکانیان دەروخێنن نەک دەوڵەتەکانیان. بۆیە دەبو چەتەکانی شاخ نەیانگەیاندایەتە ئەم ڕۆژە کە خەڵکی داوابکەن بچنەوە سەر بەغای عروبەو عەفلەقیەکان.

Fuad S Brusk خارشێخ سلاو خواله قورئان دەڵێ ،،انك لاتسمع الصم..

Kamil Zheer ئەوانە کەڕیشو لاڵیشن.



**Tahsin Barznji** دەستخۆش ئوستازگیان
وەک پرسیار
گوایە سەردەمی
خانزادی میری سۆرانیش
ساڵێک کەمێک گرانی بووە خەڵکی هانایان بۆمیر هێناوە ئەویش ووتویەتی بابرنج
بەشیربخۆن



**Kamil Zheer** دوا پاشای فەرەنسەش لەوەڵامی خۆپیشاندەرانا کە داوای
نانیانئەکرد، وتویّتی جا ئەگەر نان نیە با پاقلاوە بخۆن!.



**Anwar Mahmud** ئاش بەتاڵ نەك نزيكە قوربان كرا بە خشكەيی



**Kamil Zheer** جارێ سەرە داوێکی پێوەماوە، ئەبێ هەوڵبدەین نەپچڕێ.



**Shex Pola Barznji** دةس خوش كاك كامل بةحوشتريان وت بؤ ملت خوارة ئةويش
وتى ئينجا كويم راستة ئةم حيزبانة هةر كةلةدايك بون بة زگماكى لةدايك بون نةك لةسةر
ئةساسى كوردستانيى و نةتةوةيى بون پاشان كة گةورة بون وةكو دارةكة لةئةساسةوة
بةخوارى هاتوة كائنات نية راستى كاتةوة تةنهاو تةنها برينةوة نةبيت خويةكيش گرتت
بةشيرى تةركى نادةى بة پيرى ئةوان كة لة شاخ بون بيجگة لة براكوژى يان سةرانةيان
لةخةلك سةندوة يان پارةيان لةخةلك كؤكردؤتةوة ئينجا وةرة بهينة پيش چاوى خوت ئةمة چ
مةخلوقيكة بةنوقسانى لةدايك بيت بةخوارى گةورة بيت هةرچى كارى نابةجىَ هةية
كردويانة ئيستا ئةم پارةو داهاتة زؤرة لةبةردةستياندااية چون دةسةلات جىَ ئةهيلن ئةگةر بة
زةبرى تفةنگ نةبيت ئيوة لةسالى 1994 پيان ئةلين بةهيچ نةگوران و چاك نةبون ...



**Jabar Kadir** ده ستا ن خۆ ش بی ت لێ ره دا بر سیار ی أو ه دیته بیشه وه أیا هه ره
س به قه واره که ی هه ریم نه هینرا وه به که را نه وه ی سو با ی رزیم خا له سنوریکا نی
هه ر یم؟؟؟ له که ل سلا و ریز م بۆ به ر یز تا ن ما مۆ ستا 👍



**Kamil Zheer** بەڵێ داواکارییەکانی رژێم، واتا هەرەسی قەوارەکەی هەرێم!
کەچی هکومەتی هەرێم لە زمان حەملانەوە ئەڵێ: رازین بەهەمو ئەو داواکارییانەی
بەغدا لەپێناوی موچەدا!!.



**Salh Ibrahim** ده سخوش استاذي دلسوز بو كورد به داخه وه باوه رناكه م كه س
بتواني ام كاره ساته ي خولقانديان جاك بكري ابيت هه موو به داخه وه بمرين و بلين ايي
جيمان بو هاته بيش و جون به هيج دامان نا هه موو او فرسته جاكانه مان كه بو خولقا له ده
ست دا به داخه وه هه رته مه ن دريزبيت استاذ خوت هاوري دلسوزه كانت



**Gandi Sino** هەر هەستی نەتەوایەتیە پێشبینی دوا ڕۆژی میللەت دەکات خامەت خۆش مامۆستای گەورە



**عثمان ساوجی** کێشەئەوەیە هەرکاتێک کۆمەڵێک خەمخۆرو نەتەوە پەروەر دێنە پێشەوە بۆ چارەسەری دۆخەکە لەوکاتەدا بەناپاک و بەرژەوەندی خواز تۆمەتباریان ئەکەن کەکارلەکارترازا پەسیمانی دەر ئەبڕن.



**Latif Abdulla** دەست خۆش کاک کامیل لەگەڵ ڕێز بۆ بۆچونەکانت بەڵام ئـەم حیزبانە گوێیان کەرە لەئـاست هەمو ڕەخنەیەک کاتی ئـەوەنەماوە ئیتر ڕەخنەو ئـامۆژگاری بکرێن بە بۆچونی من کاتی ڕاماڵینیانە وەک چۆن خەڵکی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسیان تەفروتوناکرد لەگەڵ ڕێز



**Kamil Zheer** بەر لە ڕاماڵینیان، ئامۆژگاری لەسود بەدەر نیە. ئەشێ لەناو ئەو پارتانەدا، هەندێ مابن گوێیان سوکبێ.



**Emad Ali** دەستخۆش مامۆستای نەتەوەیی و دڵسۆزی گەلی کورد و تەمەن درێژ بێت...



**Jamal Abdulrahman** هیزبایەتی سەرکەوتو نەبولەم سالانەی رابوردو دوای راپەرین
یەکەم:
نەیتوانی هەلسیت بە پرۆژەی گەورەی نەتەوەیی ئەوش بریتیە لە یەکخستنی ریزەکان وە یەک پروگرامی نەتەوەیی کە بریت بیت لە ئەجیندەیکی نیشتمانی بۆ دایلۆگ لەگەل دۆستو دوژمنەکانمانا
دوهەم:
ئیدارەی کوردی کە لایەنەکان ئەیبەن بەریوە هیچ سەرکەوتنیکی سیای و ئابورت و زانستی ئەوتۆی بەدەست نەهینا بەلکو مو بوارانەدا پاشەکشەی کرد وە لە جیی ئەوانە گەندلیەکی بەرفراوان لە کۆمەلگای کوردوستان پەیدابو کە هەرچی داهاتی نەتەوەیی میللەت هەیە تیا تەفروتوناکرا بەبی ئەوەی پرۆگرامیکی نەتەوەیی هەبیت کە ئەو داهاتانە ریکخات وە گەنجینەیەکی ستراتیجی دروست کات لە باج و گومرگ و داهاتەکانی تری رۆژانە بتوانریت لەکاتی وەو ئیستا بەکار بیت لە بۆ بەرژەوەندی خەلکانی کوردوستان.

ئەم دوو دوراندنە لەسەر مستەوای نەتەوەیی خۆی لە خۆیا بەڵگەی زیندون لە بەرچاوی ایەنەکان و میللەتیش کە لایەنکان بە خۆیانو بە ئیدارەکەیانەوە دۆراو بوون وە نەیانتوانی میلەت بگەیننە ئاسودەیی و ژیانیکی شایستە
ئیستا لەم ساتەمەرگەدا گەندەلی کۆمەڵگای کوردەواری دارزانوە بە شیوەیە کە وەکو میللەت هیچی بەدەستەوە نەهیشتین کە شانازی پیوە بکەین لەناو کوردوستان و عراق و ناوچەکەو نیودەولەتیش
واتە سیاسەتو ئیدارەی کوردی میللەت گەانە مایەپوچی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایاتی، ئیتر لە رووی ئەخلاقیەوە ئەبیت خۆتان داوای لیبوردنمان لە بکەن وە بەروکمان بەردەن وە وەکو خەلکانی هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن وە ریگا بۆ خەلکانی دلسۆزو پاک و کارامە چۆلکەن تا بتوانریت میللەت بیننەوە سەر ریگایەکی راستی شارستانی و نەتەوایەتی دلسۆز
د جمال سالح



**Dara Yara** زور راستە ماموستای آزیزم
هە ر بنە ماکانی کوردایە تی و دلسوزی بو نە تە وە کە مانە کە ام جورە کارە نابە جی و تا منطقیانە ناهیلیت و یە کیتی ریزە کانی کورد بە دلسوزی بو کورد و پاکی وکاری راست و دروست دینیتە دی ولە دوژمنانی دراوسی و جیهانی رزگارمان دە کات
هیوام اوە یە بتوانین یاسای چاکسازی و دژە گە ندە لی جی بە جی ببیت
لە گە ل ریزو سلاوم



**Alea Shapasan**
Dast xosh xozga gwyan la mrofa jakakan agrt nak awsnae bo barzhawande xoyan xoyan nzek akanawa la dasalat



**Arif Kerim** دەستخۆش مامۆستا گیان ، ئەمرۆ دوو بنەماڵە دەسەڵاتیان لە دەستدایە لە کوردستان کەسەرچاوەی گەندەڵی و دزی و بەهەدەردانی سەروەتوسامانی ئەو میللەتەن ، پارتی و یەکێتی بەبریاری ئەم دوو بنەماڵەیە بەڕێوەدەچن ، حکومەتیش بۆخۆی مووچەخۆری حزبەکانن و داشی دامەن و چیان پێبوترێ ئەوە جێبەجێدەکەن ، پەرلەمانیش دەسەڵاتی تەشریعی نیەو کۆیلەی حکومەت و حزبەکانن .
تو ویژدانت وێنەی ئەمانە لە هەموو دنیادا هەیە ؟؟!!، ئەمانە دەعبان ، درندەی سەدەی بیستویەکن و بۆ ئەوە باشن لە مۆزەخانەی گەڵ دایان بنێیت و خەڵک بێن بۆ سەیرکردنیان ،تاکە چارەسەر ئەوەیە ئەم میللەتفرۆشانە کە خۆیان و کوردیان سوک و چروک کردوە ،دەست لەدەسەڵات هەڵگرن و بۆ میللەتی بەجێبهێڵن یاخود میللەت لەدژیان ڕاپەڕێ.هەر تەندروست بن .



**Azad Fatah** دەستان خۆش بێت کارێکی باشە بەڵام زۆر خاڵی تر ماوە, بەڵام هەندێک لە نوسەرانی ئەم یاداشتە ,خۆیان لەکاتی خۆیدا لەکاردابوون ,وە رەخنەیان نەبوو,بەڵام کاتێک لە لەکاردا نەمان کەوتنە رەخنەو ڕاست کردنەوە, هەندێک کەس هەیەڵەکاتی کاردا کۆمەڵی ئەشەدو بیلایە, بەڵام کە لەکارترزا خۆی زۆر بەپاک ئەزانێت ,ئامۆژگاری خەڵکی ئەکات,یاخوا هەموو ئەوانەی کار بۆ خزمەتی کوردوکوردستان ئەکەن سەرکەوتوبن ,ئەوانەی دوژمنی کوردوکوردستانن ڕسوابن و لەناوبچن.

**Kamil Zheer** بەڕێز کاکە ئازاد، پیمباشە، ناوەکانیان بدرکێنی، کێبون ئەوانەی مەبەستتە؟ ئەو ٨کەسە هیچیان لەدوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا لەکاردانەبون بێجگە لە کاک جەلال کە سەرۆکی دیوانی چاودێریبو، ئەویش لەماوەی کارەکەیدا ٢٧٢٠ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵەکان بەبەڵگەوە داوە بەپەرلەمانو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆئەوەی بدرێن بەدادگاو ڕێکاری یاساییان لەدژبکرێ. کاتێ کە زانیی هیچیان لەدژ ناکرێ، وازی لەو کارەی هێنا.

**Delair Rashed** بۆ مێژوو ئەو نامە کراوەیە گەر بەراستی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پکردایە بە دلسۆزی و بەخەبەر بهاتنایە بەدلنیایەوە ئەم کارەساتە نە ئەهاتەدی بەلام پەرژەوەندی حزبی و کەسایەتیە لێپرسراوەکان کە پارە و هەست بە گەورەی خۆیان میللەت و نامەی کراوەو ووتەی خێرێان گێو لێ نەدەگرد کەوتنە یەمرۆو بە رەو خراپتریش دەروات گەر پەلە لە چاکسازیدا نەکەن دەستان خۆش کارێکی مێژوویە و جێگای شانازیی و دلسۆزیە

**Rebwar Tofik** دەستت خۆشبێت زۆ خەمخۆریت و ئەو شرۆفە ڕێک و پێک و جوانانە کە زۆر جێی سەرنج و بایەخن بەڵام بەداخەوە ئەوەی دڵسۆرو هاوسۆزو بە هەڵپەیە بۆ جارەسەرکردنی کێشە ناوخۆو دەرەکی یەکانی حکومەتی کوردستان ئەوان هەر گوێ ڕایەڵی ئەوان نەبوو تەنهاو تەنها ماستاوو جی و هیج نەزان لەناویانا مەنسەب و سوڵتەیان بەدەستەوەبوو تا کار گەیشتە ئەم نەهامەتی یەی ئێستە

**Nuri Karim** هەربژین کاک کامیل,نەقیزە تیژەکەی دەسیشت بەردەوام بسرەوێنە کەلەکەو لاورگیان بەڵکو هەمو لایەک وشیارببنەوە٠

**Awat Sahebqran** سڵاو و ڕێز بۆ مامۆستای خۆشەویستمان کاکە کامیل ژیر،خەمخۆری نەتەوەیەک بێوچان و کۆڵنەدان، ئاماژە بە هەوڵی لیژنەی کۆششی نەتەوەی پێش چارەکە سەدەیەک، ئەوە پشتراسدەکەنەوە،لە خۆ سەپێنەر زیاتر و بەکەلەگای دەستیان بەسەر جومگەی دامەزراوەکانی حکومەتدا گرتوە، داهاتو سامانی نەتەوەیی بە ( مغانم )ی دادەنێن،نەک بە دزیو هەدەرکردنی داهاتو سامانی گەلەکەمان،ئەو هەستەیان لانیە،کە ئەمانە کاری نایاساییە،کوردستانی گەیاندۆتە ئەو دۆخەی کە ئێستا هەیە، کە دۆخێکی هەڵبزڕکاو و ژینگەیەکی بۆگەن، ئەم گوریسڕاکێشانەی کە ئەم پارتە سەرئاوکەوتوانە، بە پچران و شکاندنی پشتی گەلەکەمان کۆتایدێت، تا بێت بەرەو دواوە دەڕۆین،ئەوەی دەگوزەرێت و ڕوودەدات بەرهەمی تێڕوانین و بیرکردنەوەی دەشتەکی و خێڵکی نێو کۆمەڵگای کوردەواریە، هاوڕاتم فرە پارتی و گەمەی دیموکراسی بۆ ئەو ناوچەیەی ئێمە و لە ئێمە چوەکان دەست نادات،بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر و ئازاد دەستەبەرکراوە،لێرەدا دەبێت ئەوە ڕوون بێت بۆمان، کە دەبێت تقدیری رەئی گەمژەکان بگیرێت، لەبەر ئەوەی زۆرینەن، وەک تولستۆی ئاماژەی پێکردوە، کاریگەرترین هۆکاری تێنەپەڕاندنی گرفتو تەنگژەکان لە هەرێمی کوردستان گەلحۆیی گشتیە، وەگەر نا چۆن ڕێگە دەدرا بە چەند نەزانو هەلپەرست ، کە بیستیان نیشتمان گرانبەهایە فرۆشتیان،ئێمە دەبێت وەک بەرد رەق بینو بوێرببین: هەڵە هەر هەڵەیە هەر کەس بیکات، ڕاستیش هەر ڕاستە کەسیش نەیکات



**Kamal Muhamad** کاک کامیل دەربڕینەکان و ڕاسپاردەکان و چارەسەریەکانت
جێگای سەرنجن. منیش دیوەکەی تری دراوەکە پیشان ئەدەم...بەدرێژایی مێژووی ڕێگای
خەباتی نەتەوایەتی ڕێگاکە بۆمبڕێژ کراوەو تەقێنراونەتەوە بەڕۆژگاری ئێمرۆمانەوە کە
بەلێشاو بۆمبان بۆ ئەتەقێننەوە بەڵام دوای هەر تەقینەوەیەک کاروان بەهێزتر و
سەربەرزانەترو بە باوەڕبەخۆبوونەوە بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە ئەمەی ئێمە ئێستا پیا
تێئەپەڕین سوورو قۆناغی مێژوویە هەموو نەتەوەکانیتر پیا تێپەڕیون و پیا تێئەپەڕن هەیانە
دەها و سەدەهاساڵیان ویستووە تا قۆناغەکەیان تێپەڕاندووە هیچ کەسێ لەپڕێ نەبووە
بەکوڕێ..خەباتی درێژخایەنی کورد دەستکەوتەکانی زۆرن با پیشانیان بدەین شانازیان پێوە
بکەین نەوەکانی ئێستامان ودواڕۆژمان بەکەمیان نەزانن با کەموکریەکان دیاری بکەین
هێمنان چارەیان بکەین هیچ کارێک بێ کەموکوورِی نابێت با نەتەوەکەمان بێ هیواو
ڕەشبین نەکەین تەنهاو تەنها هەمووی ئەوەی هەمانە بە ناشیرین و بچووک ببینن .لە خۆمان
هەن دوژمنی خۆمان دوژمان بە دۆست و حەز بە ژێردەستەییان ئەکەن ئوانە یا کێڵ بەکرێ
گیراو خۆ بە بچووک زان یا بەرژیوەندی خواز خۆ دەرخەر و حەزیان لەوەیە ناویان
بکەوێتە ناو ناوان بە هەرشێوەیەک بێت یا چاوڕوانن لە سایەی ببن بەخاوەن پلەو پایە و
سامان لەناو نەتەوەکەی خۆیانا هیچیان نییە تا بەرەو پێشەوەیان ببا ...نەتەوەکان بۆ ئەوەی
ببن یەکبن لە سەرەتای بوونەوە هەندێکیان بە پشتبەستن بە جادو و تەلیسم و گەوجاندن ۆ
هەڵخەڵەتاندن خۆپیشاندان لە خاوەنداریەتی توانای لە ڕادەبەدەر یەکیەتییەک بۆ خۆیان
دروست بکەن و لەدەوری یەک کۆ ببنەوە ..یا داستانی هەڵبەستراو وچیرۆکی خەیاڵی
چۆنیەتی دەرکەوتنی بوون بەکار هێناوە بۆ یەکبوونی خۆیان دروستکردنی مێژووی درۆ
ئایینی درۆ هەبوونی توانا وسامان و هێزی نادیاری درۆ ڕێگەیەکیتر بووە بۆ خۆ
دروستکردن نوێترین ڕێگە کەلەم چەند سەدساڵیەی دوایەدا کە بەکار هاتووە بۆ خۆ
دروستکردن داگیرکردنی وولاتان بووەو دزینی سامان و ئەوەی هەیانبووە بۆ
خۆدروستکردن گەیشتن بەم شارستانی و پێشکەوتنە بێ وێنەیەی ئەم ڕۆژگارە..دەبا ئێمەش
سەرنجی ئەمانەبدەین چاوەڕوان نەبین بگەین بە ئامانجەکانمان بە پێوەری ڕاستی پاکی
وکۆمەڵی فرشتە ئاسا و بێ کەموکورتی دووبارە ئەیڵێمەوە پێکهاتەی مرۆڤایتی بەداستانی
هەڵبەستراو و مێژووی درۆ و پێشکەوتن وشارستانیەکەی بە دزی و تاڵانی هاتووەتە



**Kamil Zheer** کاک کەمال، بەسەرنجدانێک لەمێژو، بۆمان دەرئەکەوێ
نەتەوەکان دزیو تاڵانییان لەیەکدی کردوە نەک لەخۆیان. ئەنفال بۆنمونە. داستانی
هەڵبەستراوو مێژوی درۆیان بۆبەرژەوەندی خۆیان هۆنیوەتەوە. پەرتوکی پڕ
لەدرۆیان بۆ دوژمنەکانیان نوسیوە. کارڵ مای کتێبی (گەشتێک بە کوردستانی
کێویدا)ی دژی کورد نوسیوە لەکاتێکا کوردستانی هەر نەدیوە! ئەرەب ئەڵێن کورد
نەوەی جنۆکەیە. ناپلیۆن بەو هەمو هێزەوە چەن ساڵێ ئابڵوقەی شارێکیداو هێرشی
نەکردەسەر، وتی چونکە زۆرم هەوڵدا بەڵام یەک سیخوڕم دەسنەکەوت. کابرایەک
بۆنی کلکی ماسییەکیکرد وتی بزانم بۆگەنینەکردوە؟ وتیان کابرا ئەبێ بۆنی دەمی
بکەی، وتی ئەزانم، بەڵام ئەمەوێ بزانم بۆگەنییەکە نەگەیشتۆتە کلکی؟ ئەمانەی
خۆشمان، وایان بەسەرهاتوە. کاک کەمال تکایە دیوەکەیتری دراوەکە باش
بخوێنەرەوە. بەڕیزتان کەسێکی دڵسۆزن.



**Shwan Saeed** ده ست و چاوتان خؤش بئ ته مه ني مه ردانه بؤ جه نابتان مابئ و به رده وام بن له خستنه رووي راستي و هه ول دانتان بؤ هؤشيار كردنه وه ي جه ماوه ر و حيزبه كان



**Fayroz Ahmad** گوێیان لە خەڵکی دڵسۆز نەگرت تا وڵاتیان وێران کرد...دەست خۆش مامۆستا و هاوڕێ ی دێرینی ڕادگام...دڵسۆز و خە م خۆر بەوڵات...هە ربمێن.



**Jehan Omer** دەستخۆش مامۆستا کامیل بابەتیکی چرو پری بەسوود وجوانە بەلآم بەداخەوە لەگرێژنە دەرچووە ئەمەش ئاشبەتاڵیکی تازیە چونکی ئەمانە پیاوی کوردایەتی نین بەڵکوو کومەڵیک دزوگەندەلو مافیاو بازرگانن کەوتوونەتە ویژەی ئەم میللەتە بەچاکی دەزانم تۆ پیاوێکی نەتەوەی پاک وبێگەردی ویلیانکە با سزای خۆیان وەرگرن ئەوە ئەمریکا پشتی تیکردوون ئەوە ئیراق وتورک وئیران بەگیریان هیناون تاوانبار دەبێت سزای تاوانەکەی وەرگریت دەستخۆش بۆ ئەوبابەتە جوانە



**Karzan Fazil** دەستخۆش ئوستاز ئەم دوو حیزبە قەد گوێیان بۆ خەمخۆرانی ڕاستگۆی ئەم میللەتە نەگرتوە



**Delair Rashed** بۆ مێژوو ئەو نامە کراوەیە گەر بەراستی لێکۆلینەوەیان لەسەر بکردایە بە دلسۆزی و بەخەبەر بهاتنایە بەدلنیایەوە ئەم کارەساتە نە ئەهاتەدی بەلام بەرژەوەندی حزبی و کەسایەتیە لێپرسراوەکان کە پارە و هەست بە گەورەی خۆیان میللەت و نامەی کراوەو ووتەی خێریان گێو لێ نەدەگرد کەوتنە یەمرۆو بە رەو خراپتریش دەروات گەر پەلە لە چاکسازیدا نەکەن دەستان خۆش کارێکی مێژوویە و جێگای شانازیی و دلسۆزیە



**Rebwar Tofik** دەستت خۆشبێت زۆ خەمخۆریت و ئەو شرۆفە رێک و پێک و جوانانە کە زۆر جێی سەرنج و بایەخن بەڵام بەداخەوە ئەوەی دڵسۆرو هاوسۆزو بە هەڵپەیە بۆ جارەسەرکردنی کێشە ناوخۆو دەرەکی یەکانی حکومەتی کوردستان ئەوان هەر گوێ ڕایەڵی ئەوان نەبوو تەنهاو تەنها ماستاوو جی و هیچ نەزان لەناویانا مەنسەب و سوڵتەیان بەدەستەوەبوو تا کار گەیشتە ئەم نەهامەتی یەی ئێستە



**Nuri Karim** هەربژین کاک کامیل,نەقیزە تیژەکەی دەسیشت بەردەوام بسرەوێنە کەلەکەو لاورگیان بەڵکو هەمو لایەک وشیاربینەوە،

کورتە وەڵام/٣٨ سەبارەت یاسای چاکسازی ١٠/٧/٢٠٢٠

هەرباشە، دوای ٢٨ساڵ، دەسەڵاتی هەرێم چاکسازیی بیرکەوتەوە. ئێستا گرنگ جێبەجێکردنی ئەو یاسای ژمارە ٢ ساڵی ٢٠٢٠یە هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێ چاکسازیترو ئەم سەرنجانەش لەو یاسایە:

١-ئەوەی جێگەی پرسیارە، مادەی (٧) چوارەم: لەیاساکە کە ئەڵێ (ئەندام پەرلەمان بەئارەزومەندانە مافی دەسبەرداربونی هەیە لە خانەنشینییەکەی!! لەکاتێکا ئەندام پەرلەمان هەر لەبنەڕەتا، نابێ مافی خانەنشینیی هەبێ. هەروەها پلەدارەکانیش. ئەوانە ئەتوانن تەنیا ماوەی راژەی پەرلەمانییەکەیان، یا پلەکانیان بخەنە سەر راژەکانی پێشویان یا داهاتویان لەفەرمانگە رەسمییەکانا بۆمەبەستی خانەنشینی. ئەانەش کە لەکەتی تایبەتەوە هاتون، بابچنەوە بەلای کارەکانی پێشویانا.

٢-یاساکە، راشکاوانە، باس لەموچەی بندیوار ناکا! ئەو جۆرەموچەیەی لەمسەر تا ئەوسەری جیهان، وێنەینیە، مەگەر لەئیراکی وێران.

٣-یاساکە، باس لەو موچە زۆرە ناکا کە ئەدرێ بە هەزاران لەو پۆلیسانەی کراون بەپاسەوانو باخەوانی باخو ڤێلاکانی بەرپرسان کە زۆریان پێشتر خەڵکی گوندەکانبون. بەخانەنشینکردنی ئەو پۆلیسانە، لە%٤٠ی موچەکانیان ئەگەڕێتەوە بۆخەزێنەی هکومەت، بوژانەوەیەکیش ئەبێ بۆکەرتی کشتوکاڵ.

٤-با پاسەوانیی کۆمپانییە نەوتییەکان لەو بەڵێندەرە ئەهلییانە بسەنرێتەوە کە لەژێرەوە پەیوەندیدارن بەپارتەکانەوە!. ئیتر ئەوکارە بسپێردرێ بەهێزی پۆلیس. بەوە هوکومەت دەیان ملیۆن دۆلار پاشەکەوتئەکا.

٥-یاساکە بەلای ئەوەدا ناچێ بۆجەی پارتەکان ببڕرێ کە مەزەنەئەکرێ بە ملیۆنان دۆلار لەمانگێکا. بۆچی ئەبێ هیزب بەسامانی میللەت بژی!؟ ئەوە سەرەڕای سودمەندبونیان بەچەن رێگەو لەچەن بواریترا کە ئەوانەن گورزی کوشندە لەبوجەی هەرێم، بەتایبەتی لەم دۆخەی ئێستەدا کە خەزێنەی هکومەتی هەرێم خاڵیەو خەزێنەی هیزبەکان لێیئەڕژێ!.

٦-با پارتە کوردییەکان، ئەگەر تۆزێ هەستی نیشتمانییان تیاماوە، لەم تەنگژەی ئابورییەدا سامانی کەڵەکەبوی کۆمپانییە ملیاردێرەکانیان ببەخشن بەهکومەتی هەرێم. وەگەر نا، هکومەتی هەرێم ئەو کۆمپانیانە خۆماڵییکا.

٧-ئەم یاسای چاکسازییە لەموچەدا، بەتەنیا، چارەسەری کێشە زۆرەکانی هەرێم ناکا. ئێمە لەکورتە وەڵام٣٣تا٣٧ لەدەرگای چاکسازیی تەواوماندواە لەهەمو بوارەکانا. با کابینەی نۆیەم ئەرکی خوێندنەوەیان بکێشێو ئیتر کۆتایی بێنێ بەدەسپانکردنەوە لەبەغدا کە ئەوە بەرەو ئاشبەتاڵێکیترمان ئەبا. بەپەیرەوکردنی ئەوچاکسازییانە، پێویستیمان بەبەغدا نامێنێ. با وەک گریمانەیەک، وایدانێین سبەینێ هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئایا ئەوساش ئەبێ هەر چاومان لەبوجەو موچەی بەغدابێ!؟ بۆ؟ من دڵنیام میللەت هەر ئەو میللەتەیە کە ١٢ ساڵ وتیان: سەر بۆموچە دانانەوێنین. ئەوسا داهاتی نەوتو گازیشمان نەبو، ئێستە هەرێم کەمترنیە لە وڵاتانی دەوڵەمەندی وەک کەنداو ئەگەر دەستێکی پاک بیبا بەڕێوە.

کورتەی چاکسازییە پێشنیارکراوەکانی پێشومان:

١-دەسپێشخەرییەکی باشە کە کابینەی نۆیەمی هەرێم، مژدەی چاکسازی ئەدا بەمیللەت. میللەتیش خوازیارە کە ئەو چاکسازییە، ریشەییبێ نەک روکەش.

٢-لەهیچ دەوڵەتێکی دنیادا، دو سوپای سەربازیی سەربەخۆ نیە، وەک ئەوەی لەباشوری کوردستان پێیەوتریّ: هێزی 70و80. ئەمە دیاردەیەکی زۆر ترسناکە. یەکەم مەرجی چاکسازی: لابردنی دەستی هیزبە لەسەر بوجەو داهاتەکانی هەرێم. دوەم مەرج: دەرهێنانی ئەو دو هێزەیە لەژێر دەسەڵاتی هیزب و یەکخستنیانو تێکەڵکردنیان بەیەکدی لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەدا.

٣-رونکاری لەهەمو داهاتەکانی هەرێما، بەتایبەتی نەوتو گازو دەروازە سنورییەکان.

٤-هاوردەو هەناردە، رەهاکرێن بۆهکومەتو بۆکەرتی تایبەتیش. بۆئەوەی لەئەنجامی کێبڕکێ (مونافەسە)ەوە، کاڵا هەرزانو جۆر باشو باشترکرێ. بەوەش سەدان ملیۆن دۆلار ئەبێتە دەسکەوت بۆهکومەت.

٥-کەمکردنەوەی موچەی پلەدارو پەرلەمانتار.

٦-کەمکردنەوەی کەناڵە ئاسمانییەکانو زانکۆ هکومیەکان..

٧-گرنگیدان بەکەرتی پێشەسازیو کشتوکاڵیو گەشتیاریو ژینگەو ئاژەڵداری بەپێی نەخشەی زانستیو کردەیی نەک هەر قسە!.

٨-چاوگێڕانەوە بەمیلاکی فەرمانگەکاناو کەمکردنەوەی فەرمانبەرو نەهێشتنی رۆتینو رەخساندنی هەلی کار بۆیان لەکەرتی تایبەت.

٩-بیمەی رادەی کەمی ژیان، بۆپەککەوتوانی بێداهات.

١٠-دابینکردمی دڵنیایی تەندروستی بۆهاولاتیان، پەرەدان بەنەخۆشخانە گشتییەکان، موچەی پزیشکو کارمەندانی تەندروستی بەپێی بارستایی کارەکانیانبێ.

١١-موچەی مامۆستایان لەهەمو قۆناغەکانی خوێندنا، بەپێی بڕی وانەکانیانبێ. خولێکی فێرکردنیش بکرێتەوە بۆمامۆستایانی ئاینی تا میلاکی قوتابخانە سەرەتاییەکان پرکەنەوە، دەرماڵەیەکی گونجاویشیان پێشکەشکرێ. بەوەش ئەو مامۆستایانە خێریان زیاتر ئەگا. دروستە ئایندارانیش لەماڵی خۆیانا خواپەرستیبکەن.

١٢-داڕشتنی دەستورێ بۆهەرێم.

١٣-پە روە ردە ی کوردایە تی لە منالّییە وە .

١٤-توێژینەوەی زانستیو کاری کردەیی بۆرزگارکردنی کورد لە گرێی خوارده ستیو هەست بەکەمیکردن.

١٥-یاسا، بە ڕاستی سە روە ربێو ئە نجومە نی وە زیران لە کە سانی پیشە وە ر (تە کنۆکرات) پێکبێ.

١٦-تا تێپەڕاننی تەنگژەی ئابوری، پەیڕەوکردنی بەرنامەی دەسگرتنەوە (تەقەشوف) لەهەمو بوارەکانا.

١٧-لە ئاستی نێودەوڵەتیا، هە مو هێلکە کان نە خرێنە سە بە تە ی ڕۆژ هەڵات یا ڕۆژئاواوە. نەرمیو سیاسەت لەگەڵ زلهێزەکان.

١٨-چارەسەری ناوچە داگیرکراوەکان، بەبەرنامەیەکی تایبەتئەکرێ کە لەهەلێکا ئەیخەینە رو.

لەکۆتاییا ئەڵێم: بەسە ئیتر، ئاماژەکان ئەوە ئەگەیەنن لەچەنلاوە چەقۆ لەهەسانئەدرێ بۆمان. ئەی پارتە بەڵاکان: میللەتو قەوارەکەی هەرێمیش بەخۆتانەوە لەناومەبەن.

٥٣ بەدڵبون ٤٣ لێدوان لەوانە:

**Khoshnaw Meriwany** هاورێ ڕەخنەکانتان خوێندنمەوە، دەسەڵاتی دروستکراوی گەندەڵ باز، دروست کراوە بۆ ئەوەی چاکسازی نەکات، چاکسازیەی بەڕێزتان نوسیوتانە، بەم دەسەڵاتە ناکرێ.

**Kamil Zheer** ئێمە ئەوەی بەڕاستی ئەزانین، ئەیڵێین. خۆ نابێ دەممان بدروین. والساکت عن الحق شیطان اخرس. ئەوەشی لە هەق لابدا، خۆیو خەڵکیشی پێوە ئەسوتێنێ. ئێوەش هەر شادبن بەڕێزم.

**Mahruf Smilany** دەستەکانت خۆشبن.....مامۆستای گەورەوخەمخۆری میللەت... پێشنیارکانت هێندەی جوان وشوێنگرەوەی چاک سازی وپاکسازی بەجێن وئەبێ دەسەڵات سوپاس گوزاری بەڕێزتان بێت. هەر هەبن...

**Hemn Mahmod** دەستخۆش مامۆستای خەمخۆری نەتەوە
ئەم پێشنیارانە زۆر بەجێن، ئەگەر پەیڕەویکەن. بەڵام ستەمە بۆ ئەمان ئەم خاڵانە، چونکە گەر جێبەجێ بکرێت. حکومەت دوڵەمەندو میللەت تێرویر دەبێت، و حزب هەژار دەبێت. وەک ئێستای میللەت، وە ئەمان سەروەرییەکی گەورە بۆخۆیان تۆماردەکەن، کە میللەت دەبێتەپشت وپارێزەری حکومەت. بەڵام ئایا ئەوان سەروەرییان دەوێت، یان هەڵلوشینی خێروبێرو لەناوچونی خۆیان. دڵنیام دووەم هەڵدەبژێرن بەداخەوە خۆزگە هەڵەبم ئەز خۆزگە

**Kamil Zheer** نەخێر هەڵەنیت کاکە هێمن. ئەوە ئەنجامی دێزگەرایپە، بەداخەوە.

**Alaaden M Darwish** لەراستی ڕەخنەوپێشنیارەکانت جی خۆیەتی لەدونیادا نەبووە موچەخواران هێندەی ئەم هەریمەبیت وەکو هەشە چاکسازی پیویستە بەڵی بەبوچونی من تەنها دەستکاری هەرە زور لەموچەی خوارەوە دەکەن بابین موچەی پەرلمان کەم بکەنەوە وخانەنشینی پەرلمان نەهیلن دەستەکانت خوش بیت تەندروستیت باش بیت



**Kamal Muhamad** پێشنیار و ڕاسپاردە و چارە و پەیڕەوی ڕێگە ڕاستەکان بۆ بەهێزکردن و بەرەو پێشەوە چوونی نەتەوەکەمان شیاون..لێرەدا هەندێ بۆچوونم پیشان ئەدەم ..نەتەوایەتی شوێنی دیموکراسی ئایین مرۆڤایەتی ئایدیۆلۆجیەکان نەرێت کەلچەرەکانە،،ئەگەر مەبەست لێیان بەرژەوەنی نەتەوایەتی بێت بەڵکو پێویستیشن بەڵام ئەو تاقیکرنەوانە کە سەرکەوتوو نین ئەوەیە کە وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێن یان شتێکی ترن ئەو ناوانەیان لێ نراوە هەرگیز ناتوانین هەموو تاکەکانی کۆمەڵ وا لێبکەین یەک بۆچوونیان هەبێ گرنگ ئەوەیە ئامانج یەک بێت...زۆر سوپاس..،،



**Kamil Zheer** مامۆستا کەمالی بەڕێز، کێشەکە ئەوەیە ئامانج یەکنیە. هەریەک لەئاشێئەکاو هەریەک خەمی باراشی خۆیەتی! ئەنجامیش ئاشبەتاڵەبێ!.



**Awat Sahebqran** دەستخۆش مامۆستا گیان، بۆ ئەو بۆچونو ڕونکردنەوەیەت،سەبارەت بە نیازی حکومەتی هەرێم بۆ چاکسازی، ڕەنگە دۆخەکە لە چرکەساتی کۆتایدا بێت،بۆ تێپەربون لەو دۆخە سەقەتەی کە گەلی کوردی تێکەوتوە،دەکرێت وەک چارەسەر لابردنی خانەنشینی بۆ پەرلەمانتار،چونکە ئەو بەربژێرانە ئەندامی ئەو پارتانەن ،بە قازانج بۆیان دەگەڕێتەوە،خانەنشینی لەم جۆرە نەبوە لەروی دنیادا، خاڵێکی تر کە بەلای منەوە زۆر کاریگەرە ئەوەیە، کەپۆستی وەزیر بدرێت بە کەسانی تکنۆکراتی سەربەخۆ، دەکرێ جێگرەوەی وەزیر یەکێک بێت سەر بەپارتی براوە، کە ئیتر نەتوانن،یاری بە داهاتی میللەت بکەن و چاو ببرنە پۆستی وەزیر،ئەویش بۆ دامو دەستەکەی ببێتە ڕێگەخۆشکەر،بەرچاو رونی تەواو لە داهاتی ناوخۆ ودەروازە سنوریەکان،لابردنی هەندێ دامودەزگا کە سەر بەم پارتانەن لەو خاڵە سنوریانەدا،بۆ پشکنینی جۆری ،کە ڕێگە نەدرێت خۆراکی خراپ بێتە خاکی کوردستانەوە،ووردبینی لە ژمارەی کارمەندی وەزارەتەکان، بۆ بنبڕکردنی بندیوار،پیاچونەوە بە فایلی خانەنشینکراوان،بەڵگەنامەکانیان



**Delair Rashed** دەست وبیری تیژت گشت کات پرشنگدارو درەوشاوەبێت پرۆژەیەکی چاکسازی چاکە و خۆزگە دەیان خستە پرۆگرامی کاری چاکسازیەوە تەمەن درێژبیت ماموستای بێ هاوتاو ژێری نەتەوەکەم



**Jamal Abdulrahman** مامۆستای بەریز
یاسا ئارەزومەندی نابی تیا بیت وا ئابوری کوردوستان داروخاوە
پیویستی ڤە بریاری کونکریتی نەترسانەهەیە
باشە کە پیویستت بە کاش هەبیت بۆ موچەخۆاران وە سەرچاوەی ترت کە بەردەستا نەبیت جگە لە موچە نا شیاوەکان کە دایتاشی ئەی کەواتە چاوەروانی چیی ئارەزوماندی ئەکەن



**Kamil Zheer** دوکتۆر جەمال گیان، پەندێکی کوردی ئەڵێ: بە مازوان تێکشکاون، ئەیانەوێ بە سیچکان بێنەوە مایە! گوایە چاوەڕوانی ئەوەن پەرلەمانکاران بەئارەزوی خۆیان دەسبەرداری موچەی خانەنشینییەکەیانببن! نوکتەیەکی خۆشە! کاکە دوکتۆری بەڕێز، ئێستا خەڵکی هەرێم بە مشتۆی ناو هەمانەکە پشتی شکاوە، ئەویش دزیو تاڵانیی هیزبەکانە. کەچی چاکسازییەکە تەنیا لەموچەدایە! خۆ ئەمەش خراپنیە، بەڵام با هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، چاکسازی لە مشتۆکەشدا بکەن.

**Pshko Amin** ئای خۆزگە دەیکرد خۆزگە نیشتیمانیان دەکردە شاری سیریفو خۆزگە
خەوخوشەکەی هەموو کوردیان بەدی دەهینا بەلام کورد واتەنی خۆزگەمان چاندو هیچی
لی سەوز نەبوو ، وا سالیک تیپەری بەسەر دروستبوونی کابینەی تازەدا کە پاش ٢٩ سال
دەیەویت چاکسازی بکات بەلام وەک وتم سالیک تیپەری و هیچمان لەهیچ ، بەپیی مئوەش
کەراگەیەنراوە بۆ چاکسازی بەداخەوە کە ئەویش هەر چنگ گیرکردنە لە قورگی
هەژارەکان وبیدەرەتانەکان ،لە چنگی برسیەکان ئەوەی تۆ دەیلییت کاک کامیل زۆرجیاوازە
لەمەی ئەمان ، ئەمان دەیانەویت ئەوەی براوەتە دەرەوە بابروات و ئەوەی دزیو خواردی
عافیتبیت ، ئاخر ئیتر چاکسازی چۆن وادەکریت ، کاتیک دەبیت بوتریت چاکسازی
،ئەوانەی دزیویانە هیچ نەبیت بەشیکی بهینینەوە تا بتوانریت چاکسازی تیدابکریت
چاکسازی لەشتیکدا دەکریت کەهەبیت ،کە نەبوو ئیتر چاکسازی لەچیدا دەکەیت کیسە بەتال
وحەتال وقەرزار لەملاوە ولاتان وخاوەن سەریکەکان داوای قەرزەکانیان دەکەن ،لەوەلاوە
هەژاران و خەلکی پەژمەینەتیش داوای موچە وهەقی کارکردنی مانگانەی خۆیدەکات و
هەقی خۆشیەتی ، بە برسیتی وبەبی پارە و بەگیرفانی بەتال چۆن کاردەکریت ، کی دەیکات
لەکاتیکدا دبەینیت ئەوانەیتر موچەی زەبەلاح وەردەگرن ، بی ئەوەی هیچیش بکەن
،چاکسازی لەکاتیکدا دەکریت دەبیت بیلیم کە یەک ئیدارەهەبیت نەک دوو ئیدارەی جیاواز
کەهیچلایەکیان دەستیان لە لاکەیتردا ناروات وناتوانیت حەرەسیک دامەزرینیت ،چاکسازی
کاتیک دەکریت خەلکانی بیلایەن وخاوەن شارەزا لەکابینەکەدا ببینریت وکاربکەن نەک
کۆمەلیک ئەندام وبەرۆرسی حیزبەکان ،،ئەمانەو زۆریتریش دەستەکانی تۆ
خۆشبیتوهەربژیت بەداخەوە کەخەلکانی کورد پەروەر و دلسۆز بە نیشتیمان وبەنەتەوە
دوورخراوەن وبیدەسەلات

**Kamil Zheer** سوپاس بۆ وتە جوانەکانت کاکە پشکۆ گیان. هاوڕاتم لەگەڵ
هەمویان. کێشەی دەسەڵاتی گەندەڵو نەزان ئەوەیە: نازانن ئەمڕۆ خەڵکی کاغەزی
سپی ئەخوێننەوە. سەیر ئەوەیە ئێستا کاغەزەکەش سپینیە! سامانە زۆرە نارەواکان
خۆیان هاوارئەکەن. گەندەڵییەکان بەهیچ لێفەیەک داناپۆشرێن!.

**Mohammed Shaida** ًباش ٢٨ سال حكومه تي هه ريم جاكسازي له بير هاتوته وه
اوش حكومه تي هه ريم به لنكه وقوجي تيپكه يشتوه ، حكومه ت وا تيكه يشتوه كه جاكسازي
به ماناي اوه ديت كه باشه كان خراب بكات وه خرابه كانيش خرابتر بكات وه كه مكردنه وه
ي موجه ي موجه خوران له زير ناوي جاكسازيدا انجاميان دا امه جاكسازي نيه خوي باش
بو به لام امان خرابيان كرد .

**Kamil Zheer** دەمخۆش. پەندێک ئەڵێ: چاکی مەکە با خراپنەبێ!

**Karwan Raouf Hama** دەست خۆش مامۆستا گیان ئیمە ئاواتە خوازی چاک سازین
بەبی جیاوازی هیواداریان کاری بۆ بکریت



**Kamil Zheer** بەڵێ ئێمەش هەوڵەکانمان بۆئەو مەبەستەیە، بەڵام گوێی کەڕ
هیچ نابیستێ.

**Arif Kerim** دەستخۆش مامۆستا ، من لەگەڵ تەواوی کورتە وەڵامەکەی جەنابتام سەبارەت بە چاکسازی ، بەڵام ئەوان چاکسازیەک دەکەن کە زیانی نەبێ بۆ بنەماڵە و حزب و کۆمپانیا گەورەکانی خۆیان ، بۆچی مەلەفی نەوت و گاز ناخەنە سەر مێز و چاکسازی تێدابکەن ، بۆچی گسک لە نیو ملیۆن بندیوار نادەن کە ئەمان لەخۆیان کۆکردۆتەوە بە ناوی جۆراوجۆرەوە و بوونەتە بار بەسەر ئەم میللەتەوە ، بۆچی ڕاستی داهاتی خاڵە گومرگیەکان ناڵێن و چاکسازی تیا نەکەن ، بۆچی و بۆچی بۆچی......
مەحاڵە ئەمانە دەستهەڵگرن لە دزی و جەردەیی و لەسەری بەردەوام دەبن .....خوویەک کە گرتت بە شیری ، تەرک ناکرێ بە پیری. تەندروستی و سەرکەوتنت بۆ داخوازم .

**Kamil Zheer** سوپاس بۆ سەرجە جوانەکانتان مامۆستا ئارف. هەوڵەکانی ئێمەش بۆبنکۆڵکردنیانە، با وانەزانن میللەت نوستوە. تەندروستیو بەختیاری بۆ بەرێزتان.

**Mustafa Husian** پەندێکی کوردی هەیە ئەڵێت مانگە شەو سەر لەئێوارە دیارە ... مامۆستا گیان هیوادارم من هەڵەبم بەڵام ئەمە تەنها خۆڵکردنەچاوی مللەتە ، بەڵێ بۆ بەشمەینەتی میللەت ئەوەی ئەکرێ لەمیللەت بسەندرێ بەوناوەوە قسور ناکەن و کردیشیان ئەگەر نا ئەوانی تر تەنها ڕیکلامە (وەک ئەوانەی بۆ کاڵاکانی ئەکەن کە هەمووی دۆیە )و چەسپاندنی زیاتری خۆیان و بەردەوامیدان بەدەسەڵاتیان من، تەنها ئەوەئەڵێم کەرتی گەیاندن وراگەیاند لەکوێی ئەم چاکسازییە ، کە جووت کۆمپانیای دووبنەماڵە ملیارات دۆلاری لێ ئەخۆن ئەوە چەند ساڵە بۆ هەموو ٥٠٠٠یەکەیەک هەژاری زیادەیان خستووەتە سەر سەرەرای هەرخۆی چەندان ئەوەندەی ووڵاتانی دنیاو دەوروبەر گرانەو چەندەش ئەدزرێت لە یەکە لەخەڵک لەکوێ ئەم چاکسازییەدا باس کراوە ، ئەزیزم ئەم دەسەڵاتە تازە خەریکی یەکتری ناشرین کردنن هەر لەئێستادا نا بەڵکو پەڕەی زۆر کۆنی یوکتریش هەڵئەدەنەوە و ئەیانەوێت یەکتری احتوابکەن ، ئەو دەسە پیسەکەی خۆی بەوی تر ڕەسڕێ لە خیانەت و خاک و گەل فرۆشتن ، لەساکسازیدا باسی هەموو ئەوگرێ بەستەنا شرعیانەکراوە کە سەرخان و ژێرخانی ئەم وڵاتەیان بە دوژمنەکانمان بەخشیوە ، باسی سنوردانان بۆ تەراتینب میت و اتلاعەت کراوە کە بەئارەزووی خۆیان ئەوانن وڵات ئەبەن بەرێوە ، لیستێکی ناوی کاسەلێسی ( بندوار )ی دەرکراوە بڵێن ئەمانە دوو ،سێ ، چوار ، .... مووچەیان وەرگرتووە ئەبێت لێیان بسەنرێتەوە ، باسی ئەو هەموو ئەندام حزبیانەکراوە کە دەپانزە زەویان بەناوی جیاجیا وەرگرتووە و وەک مامنگیش دیارن بەتایبەتی لەناو دوپارتی دەسەڵات ، ئەوتا پێش وەخت لەلایەن ئەندامە باڵاکانیان اتمنان ئەدەن بە ئەنداماں و لایان گرانیان ئەگەر لەلا لێتان برا وەک میللت ئەوا حزب قەربوتان ئەکات و خەمتان نەبێت ، ئەوە مشتێکی کەم لەو هەموو فروفێڵەی بەناوی چاکسازی بەخەڵکی ئەفرۆشن ، چاکسازی لەسەرەوە ئەکرێ ئەگەرنا لە کلکەوە تەنها کلکێکە هەرچۆن بیبڕی هەرکلکە ... جارێکی تر ئەڵێم هیوادارم من هەڵە بم ، ئەوە بکەن کە بۆبەرژەوەندی ئەم گەل وخاکەیە ، چونکە لەئێوا...ی ... کەسیش بەفریاد ڕەسمان نایەت ئەگەر لەخەو هەڵنەستین ... ڕێزم قبوڵ بفە... لەکەوکوریش... دوای لێبوردن ئەکەم

پەیڤین (٤٤٢)

**Kamil Zheer** نەخێر کاکە مستەفا ئێوە هەڵەنین. هەمو ڕەخنەکانیشتان لەدڵسۆزیتانەوەیە بۆ نەتەوەکەمان. هەر شادو بەختیاربن.

**Abdullah Ali** زور راستە بوجونە کانی بە ریزتان هیوادارم سە روکی حکومە ت بە و شیوە یە ئازایانە کار بکات بو ئە و خالانە ی ئاماژە تان پی داوە وە رووی نووسینە کە م راستە و خو بو بە ریز سە روکی حکومە تە مە ردانە وە رە مە یدان با میللە ت لە گە لتا بیت




کورتە وەڵام/٣٩ بۆپرسیارێ: چ سیستمێکی هوکمڕانیو هەڵبژاردن گونجاوە بۆهەرێم؟ ١٧/٧/٢٠٢٠

پێشەکی ئەڵێم: ئەم سیستمی پارتایەتییەو پەرلەمانییەی ئێستە پەیڕەوئەکرێ لەهەرێما، لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی ئەوەی ڕۆژئاوای جیهانە کە بۆژینگەی دیموکراسی ئەوان گونجاوەو بۆژینگەی وێرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەکوردستانیشەوە، کە فریان بەسەر دیموکراسییەوە نیە، نەگونجاوە.

لەڕۆژئاوا بەرنامەی پارتەکانو کردەوەکانی رابوردویانو دەسپاکیو ڕاستگۆییان، هۆکارن بۆراکێشانی دەنگی میللەت بەئازادی لەڕێگەی سنوقەکانی دەنگدانەوەو بۆدەساودەسکردنی دەسەڵات. دەنگی میللەتیش بەتەنیا دەنگی پارتەکاننیە. دەنگی خەڵکە بەگشتی کە زۆرینەیان سەربەخۆن (مستقلن)و بەزەڕەبین ئەڕواننە بەرنامەی پارتەکانو هەڵسوکەوتی رابوردویان، ئەوسا دەنگ بەباشترینیان ئەدەن.

لەڕۆژهەڵاتی ناوین کە هێشتا لەدیموکراسی نەگەیشتون، هەژمونی بنەماڵە، دەستی دەرەکی، تەزویر، ترسانن، درۆ، چەواشەکاریو کڕینی ویژدان، هۆکاری یەکلاکەرەوەن بۆخۆسەپاننی پارتێ یا چەن پارتێ بەسەر دەسەڵاتی هوکما. هەر کە دەسەڵاتیشیان کەوتەدەس، دەسئەگرن بەسەر هەمو جومگەکانی وڵاتاو لەماوەیەکی کەما، بەلادانی زوربەی سامانو داهاتەکانی وڵات بۆخۆیان، هەڵئەگرێن. ئنجا ئەکەونە گیانی نەیارەکانیان. هەوڵئەدەن جێپێی خۆشیان وەها تۆکمەبکەن کە بەئاسانی لەدەسڵات لانەدرێن، مەگەر بەکودەتایەکی پێچەوانە، یا میللەت بەجارێ پشتیانتێکا، یا هێزێکی دەرەکی لەناویانبەرێ. لەم وڵاتانەدا، پارتایەتی چاکترین بازرگانیشە بەبێ دەسمایە!.

کێشە گەورەکەی ئەم وڵاتانە ئەوەیە: دینەمۆی مێشکی پارتە سودمەندەکان لەدەسەڵات، بە وەچەکانیشیانەوە، لەکارئەکەوێ. بەپێی بیردۆزەیەکی زانستی کە ئەڵێ (پێویستیی، دایکی داهێنانە). هەمو داهێنان (اختراع)ەکان لەئەنجامی پێویستیی مرۆڤەوەیە، جوتیار لەپێناوی دەسکەوتێکی زۆرا هەوڵئەدا بەرهەمەکەی باشترو زیاتربکا. پیشەسازیش بەوجۆرە. خوێنکار خۆی ئەڕەنجێنێ بۆبەرزترین بڕوانامە تا بەهۆیەوە گوزەرانی باشو پایەی بەرزبێو بەرهەمەکانی زانستانەتربێ، ڕۆشنبیر زۆر ئەخوێنێتەوەو،، هتد. بەڵام سودمەندەکانی پارتی هوکمڕانو وەچەکانیشیان، چونکە هەمو پێویستییەکانی ژیانیان بەناڕەوا بۆدابینئەبێ بێئارەقی ناوچەوان، هیچنامێنێ هەوڵی بۆبدەن. لەبەرئەوە خۆیان ناڕەنجێننو ئامێری بیرکردنەوەشیان تابێ لاوازئەبێ، واتا ئەبنە چینێکی گەمژەو بەجۆرێ کەشپوتئەبن کە توانای پارستنی خۆشیان تاسەر نەمێنێ. دۆستیان لائەبێ بەدوژمن، دوژمنی باوەکوشتەیان بەدۆست! گەندەڵییان بەجۆرێ لائەبێ بە خو، کە بۆیان تەرکنەکرێو تێرخواردنیان نەبێ. هەڵیش ئەڕەخسێ بۆهەڵپەرستان کە بیاندۆشن. بەرەنجامیش، دواکەوتنو وێرانبونی وڵاتئەبێ لەهەمو رویەکەوە. سامانەکانی ژێرزەویش تاسەر نابنە فریادڕەس، بە وشکبونیان یا دابەزینی نرخیان! تەپڵی

نابوتی لێئەدەن. ئەنجام: گەندەڵی تەشەنە ئەکاو سامانی ناڕەوا سەریان ئەخوا. زەرەرمەندی گەورەش میللەتئەبێ.

گەندەلی ئەنجامی هەمو جۆرە پارتێکە لەکۆمەڵگە دواکەوتوەکانا ئەگەر هەوڵبدەن بۆدەسەڵات. چونکە پارت (هیزب) پێویستی بەپارەی زۆرە بۆخۆبەڕێوەبردنو بۆئەوەی خەڵکی زۆری لێکۆبێتەوە تا بتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەستو هەر بشمێنێتەوە لەسەر دەسەڵات. پارەیەکی وازۆریش تەنیا بەگەندەڵی یا بەنۆکەریی بێگانە دەستەبەرئەکرێ. هەر پارتێکیش بەپاکی بیگوزەرێنێ، پەرە ناسێنێو ناگاتە دەسەڵات.

لەئەنجامێکی وادا، باشترین فریادڕەس بۆبەڕێوەبردنی وڵات، دیکتاتۆرێکی نیشتمانییە وەک ئەوانەی لەمێژودا ناویان هاتوەو نیشتمانی وێرانی خۆیان ئاوەدانکردۆتەوە. یا پەیڕەوکردنی سیستمی هەڵبژاردنی گشتی بازنەییە کە بەهۆیەوە وڵات ئەکرێ بەناوچەناوچە، کاندێتکردن بۆپەرلەمان تاکە کەسیئەبێ نەک لیست، هەر ناوچەیەک کاندێتەکانی ناوچەکەی خۆیان ئەناسنو دەنگئەدەن بەباشترینیان. هەڵبژێردراوەکانیش بێ منەتئەبن لەپارتەکان، تەنانەت ئەگەر هەڵبژێردراوێ سەر بەپارتێکیشبێ، چونکە بەلێهاتویی خۆی دەنگی زۆری هێناوە. ئەو هەڵبژێردراوانە لەپەرلەمانا ئەزانن پێویستییەکانی ناوچەکانی خۆیان چیە. خەڵکی ناوچەکەش ئەزانن کێ نوێنەریانەو ئەتوانن لێپرسینەوەی لەگەڵبکەن لەسەر کەمتەرخەمبونی، یا ئەگەر پێی بەلای گەندەڵیاخزا. پەرلەمانتار هەست بەکەسێتی خۆیئەکاو نابێتە داشی دامەو..هتد. لەم سیستمی بازنەییەدا، کێبڕکێئەبێ لەنیوان پارتەکانا لەلایەک، لەنێوان پارتەکانو خەڵکی سەربەخۆشدا لەلایەکیترەوە.

سەبارەت سەرۆکی وڵاتیش، هەر لەم پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ. یا لەلایەن میللەتەوە، ئەوە کێشەنابێ. گرنگ دەسڵاتەکانێتی کە پەرلەمان بۆی دیاریئەکا، ئەمیش کەسێک بۆپ

ێکهێنانی کابینە رائەسپێرێو پەرلەمان دەنگ بەکابینەکەی ئەدا، یا نادا. تا لەئەنجاما کابینەیەک کۆدەنگیی لەسەرئەبێ.

ئێستا هەرێم لەبەردەم سێڕیيانێکایە: چاکسازییەکی تەواو وەک لەئەڵقەی پێشودا ئاماژەمانبۆکرد، یا هەڵبژاردنێکی پێشوەختە بەسیستمی بازنەیی، یا هەڵکەوتنی دیکتاتۆرێکی نیشتمانی بۆلەناوبردنی هەمو ناپاکێکو دیموکراتێکی گەندەڵ کە ئەمە بۆئەم قۆناغەمان گونجاوترینە.

بێگومان ئەم دەسەڵاتەی ئێستەی هەرێم، بەسیستمی بازنەیی رازینابێ چونکە لەبەرژەوەندیی پارتەکاننیە. لەئەگەرێکی وادا، رێکخستنی لیستێ بۆهەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتو لەلایەن جەماوەری سەربەخۆوە، بەناچاری، پێویستە وەک لەئەلقەی ٣٥دا زیاترمان لەسەرنوسیوە.

مافو ئەرکی هەمو کەسێکیشە بجوڵێو بێتەدەنگ. چونکە بەوێرانبون، یا لەناوچونی قەوارەکەی هەرێم، کە ئێستا لەژێر مەترسیدایە، هەموان زەرەرمەنئەبن.

٦٣ بەدڵبون ٢٧ لێدوان لەوانە:



**Latif Abdulla** سڵاوكاك كامیل موشكیلەی ئێمەئـەوەیە كەبەهەڵە لەشت تێدەگەینو
خۆشمان بە ڕۆشن بیر دەزانین واتە دین گەورەترین ڕێگرە لەئـاست میلەتەكەماندا پاشان
حیزبی بون بەبۆچونی من حیزبیو دین دەمان كات بەكۆیلە

**Kamil Zheer** زۆر ڕاستە، دەسخۆش

**Mohammed Shaida** جي هه ليده واسي ؟ اوه ي هه ليده واسي خوي دزه . كورته جيروكيك : كابرايه ك اجي بو دزي له ناو بازاردا ، دزه دوكانيك ابري و ده ست اكات به كوكردنه وه ي هه نديك شتومه ك له بر حه سحه سه كان دين به سه راو ده يكرن و ده يبه ن بو بوليسخانه وه به امري بوليسخانه كه ده لين قوربان ام دزه مان كرتوه امري بوليسخانه كه دزه كه ده ناسي راسته و خو له جيي خوي هه لده ستي و ده ست اكات به تيهه لداني دزه كه دزه كه زور ابارينه وه وه امره كه وازي ليديني انجا امره كه ده ستده ت كات به اموزكاري دزه كه باشان دزه كه به ره لا ده كات وه بيي ده لي جاريكيتر دزي مه كه ، كاتكيك امره كه كه هه ندي شه و استراحه ته له كه ل دزه كه دا دزي ده كه ن .

**Kamil Zheer**
**Mohammed Shaida** تاسەر نایخۆن

**Mohammed Shaida** كورته جيروكيك : كابرايه ك له شاره زور فيري دزي ده بيت له باوكيه وه اكه ر روزيك دزي نه كات خه و ناجيته جاوي ، شه ويكيان ام كه سه دزي ده ستناكه وي تا مه لا بانكان خه وي ليناكه وي زور بير ده كاته وه كه جون دزيه ك بكات له انجامدا الي بو شتيك له مالي خومان نه دزم ام كابرايه به هيواشي له باخه لي زنه كه ي ديته ده ري و سه ير ده كات هيجي وايان نيه كه بيدزي له انجامدا كوريسيك به دي ده كات وه به سوكي كوريسه كه ادزي و ده يباته شوينيكي دور ده يشاريته وه انجا دزه كه ميشكي اسراحه ت اكات و ده جيته وه باخه لي زنه كه يو تا دره نك وه خت ده خه وي . كه ليكي وه كو ايمه كه له بونمانه وه خيانه تمان له خومان كردوه ايستا هه ر به اساني بومان ترك اكري ؟



**Kamil Zheer** بەڵی تەرکئەکرێ، بەڵام بەئاسانی نا. ئەگەر ئەو گوریسە بکرێتە
ملی چەن دزێکی گەورەو هەڵواسرێن، ئیتر کێ ئەوێرێ دزیبکا؟. کورد لەمبارەیەوە
پەندی زۆرە: شەق ئەزانێ قۆناغ لەکوێیە، شەرعی مار بەدار..هتد.



**Awat Sahebqran** لەژینگەیەکی بۆگەندکراودا،چاکسازیو نەهێشتنی گەندەڵی،کە
تاسەرئێسقان ڕۆشتوە وەک دارێک کە کرم لێدابیت، تەنها برینوەی، چارەسەرە،ئەزموونی
هەڵبژاردنەکانی پێشوو،ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە دەستێکی بالایان هەیە لە یاریکردن بە
دەرئەنجامی هەڵبژاردن جا هەر جۆرە هەڵبژاردنێک بێت،وەک ئەوە وایە، دەرگایان
لێدەگریت،لەپەنجەرەوە دێنەژورەوە،خەلک پرسیار دەکات، لە پێناوی چیدا دەستبکەم
بەگۆرانکاری کە ئەمانە هەر لە کۆڕومەیداندابن، سەرتوێژی ماستەکە لف دەدەن، باقیەکەی
بۆ ماستاو، جەماعەتیش زەقەی چاویان دێت وبرسی و نەدار، کە حکومرانیەک سی سال
ئاوڕی لە گەلەکەی نەدایەوە،،بۆت نەبێت ئازادبیت تێدا، هەر بۆ ڕاوەدوونان باشە و
بەردەبارانی کەی چاکە، دیکتاوری نیشتمانی یاخود نەتەوەیی،بە بۆچوونی من تەنها
چارەسەرە،بۆ ڕامالینی ئەم توێژە بۆگەنە،سوپاسوڕێزمان بۆ جەنابتان لەش ساغو تەندروست
بن، مامۆستا بیری هۆنراوە کلاسیکەکانت دەکەین.



**Kamil Zheer** سوپاس بۆئەم لێدوانە جوانو بەهێزەتان مامۆستا ئاوات. دارەکە
ئەوەندە کرم تێیداوە نەشیبڕیتەوە خۆی ئەپوکێتەوەو ئەکەوێو ئەبێتە خاشاک.
لەهەلێکدا گەرانەوەمان ئەبێ بۆهۆنراوە. ڕێزو سوپاس بۆ مامۆستا ئاوات.
خوازیاری تەندروستیی باشتانو بەختیاریتانم.



**Dara Yara** دە ست و دە متان خوش
پیویستە پیش کاریکە ر کردنی دیموکراتیە تی شیوە روژآفا
میللە ت هوشدار بیت بە بنە ما بنە رە تیە کانی دیم و کراسی راستە قینە و کاریگە ر و هە
لبژاردنی نوینە رانی لە سە ر بنە مای شارە زایی و امە کی و دلسوزی و پاکی رە چاو
کردنی پاراستنی آسایشی نە تە وە یی
او کاتە دە بینە خاوە ن دە سە لاتیکی بە هیز و کونکریتی کە بتوانین خزمە تی کورد و
کوردستان بکە ین و کوردایە تی پاریزراو دە بیت
بە هە ر حال زور سوپاس و ریزم قبول بکە ن



**Kamil Zheer** زۆر ڕاستە کاکە دارا، هوشیارکردنەوەی میللەت ، یا بڵێین
هوشیاریی نەتەوەیی، زۆر پێویستە. ئێمە ئەوە ٦٠ ساڵە شانمان داوەتە بەر ئەو
ئەرکە. ڕەنجەکەشمان بەخەسار نەچوە. سەرەتا لە کولەکەدا بانگمان ئەدا. ئێستا
هەزاران هەزار کەس بە ئاشکرا بیرۆکەکەکانی ئێمە ئەڵێنەوەو باوەڕیان پێهێناو
ئەوەش سەرەتای گەیشتنە بەئامانجەکانمان. لەگەڵ ڕێزم.



**Kardo Raza** دەستخۆش استازی ئازیزمان بەڕاستی سیستمی دیکتاتۆری ئەزمونێکی
تاڵی هەیە لە ناوچەکەدا جا چ دیکتاتۆری نیشتیمانی بێت یان جۆرێکی تر بەڵام بۆچوونی
دووەم کە هەڵبژاردن بکرێت بە چەند بازنەیەک و لیستی تاکە کەسی هەبێت بەڕاستی
ئەمەیان زۆر گونجاوە بۆ کوردستان بەتایبەت بۆ ئەم حیزبانە کە هەر یەکە لە ناوچەیەک
نفوزیان هەیە



**Kamil Zheer** پێشنیارەکەتان بەجێیە کاکە کاردۆ. بەڵام سیستمی بازنەیی لەبەرژەوەندیی پارتەکان نییەو ڕێگەی پێنادەن، بۆیە ئاماژەمان بۆ بژاردەی دیکتاتۆری نیشتمانی کردوە. لەگەڵ ڕێزم.



**Jamal Aziz** لەڕاستیا بەدکتاتۆرێکی نیشتمانی نەبێ کێشەی کورد لەم چەقبەستویەدا دەرناچێ، فرە هیزبی لەکوردستانا واتە زیادکردنی شەریکە دز، چونکە ئەوان تا ئێستا بەبیرو فکری شاخ کار ئەکەن کێیان شاخێکی یان شارێکی زیاتر بەدەستەوە بێ خۆی بە حاکم ئەزانێ ، نەک کامیان خزمەت زیاتر بکات ، بۆیە بونی حزبایەتی خۆی کێشەیە بەتایبەتی حیزبی چەکدار، چەنجارێ ئەم قسەم کردوە پێیان وتووم خۆت عسکری وابیر ئەکەیتەوە،من چی بکەم لەدیموکراسی بێ بنەما ،بۆ گلێکی بێ ناسنامەو قەوارەیەکی دانیێدانر او



**Kamil Zheer** زۆر بەهێزە: فرەهیزبی واتا زیادکردی شەریکە دز. دەستو بیرتان خۆش بۆ ئەم رستە بەهێزە. ئەوەتا لەکاتێکا هیزبەکان لەسەر یەک سفرە کۆبونەتەوە بۆ دەمژەنینە سامانی کوردستان، لەولاوە هەر هیزبەی بەجیا سنورەکانی نیشتمان هەڕاجئەکەن. چارەسەریش هەر دیکتاتۆرێکی نیشتمانیە. لەگەڵ ڕێزم بۆ کاکە جەمال. هەر شادو سەرفازبن.



**Kamal Muhamad** کاک کامیل ڕاسپاردەو پێشنیار دیاریکردنی ڕێڕەوی ڕێگاو وچۆنیەتی جێبەجێکردنی هەنگاوەکان دەربڕینی بۆچوونەکانت هەموویان لە خەمخۆریتەوەن بۆ نەتەوە، هیوادارم بە قووڵی سەرنجیان لێبدرێ و بە شارەزایی شەنوکەو بکرێن چی باشە بۆ بەرژەوەندی کوردایەتی جێبەجێ بکرێ.... منیش دوور تەنها لەسۆز ئەڵێم لەکاتی قەیرانەکانا دارووخانەکانا لە هێرشی تاریکی سەرتاسەریا لەقڕان و برسیەتی پەتای مردنی سەرتاسەریا لە هەژاری و دەربەدەریا لەوپەڕی باڵادەستی دوژمنان و داگیرکاریا دڵسۆزانی نەتەوە گەشبینترین بوونەوەرن کە گەیشتن بەئامانج نزیکە و هاکا ڕۆژی ئازادی و سەربڵندی هەڵهات....



**Kamil Zheer** زۆر ڕاستە مامۆستا کەمال، هەتا گوشار زیاتربێ، تەقینەوە بەهێزترئەبێو نزیکترمان ئەکاتەوە لەڕزگاری. ورەی بەرزو گەشبینیش هۆکارێکیترن بۆگەیشتن بەئامانج. ئێوەش هەر شادو بەختیاربن.



**Jamal Aziz** لەڕاستیا بەدکتاتۆرێکی نیشتمانی نەبێ کێشەی کورد لەم چەقبەستویەدا دەرناچێ، فرە هیزبی لەکوردستانا واتە زیادکردنی شەریکە دز، چونکە ئەوان تا ئێستا بەبیرو فکری شاخ کار ئەکەن کێیان شاخێکی یان شارێکی زیاتر بەدەستەوە بێ خۆی بە حاکم ئەزانێ ، نەک کامیان خزمەت زیاتر بکات ، بۆیە بونی حزبایەتی خۆی کێشەیە بەتایبەتی حیزبی چەکدار، چەنجارێ ئەم قسەم کردوە پێیان وتووم خۆت عسکری وابیر ئەکەیتەوە،من چی بکەم لەدیموکراسی بێ بنەما ،بۆ گلێکی بێ ناسنامەو قەوارەیەکی دانپێدانراو



**Pshko Amin** دەستەکانت خۆش کاک کامیل زۆر جوانت شیکردۆتەوە ،ڕاسپاردەکان خراونەتە روو باش دەزانم کە دەسەلاتی گەندەل هیچ کاریک ناکات ، ئەوەی هەیەو ئەوەی دەکریت وباشترین چارسەریش دیکتاتوریکی نیشتیمانیە پیوستیمان بەپسمارکیک یان دیاکۆیەک یا ئەتا کوردیک هەیە کەگوی بەهیچ نەدات هەرچی دزوگەندەل و خۆفرۆشە بداتە داگا ،لەم هەفتەیەدا لەسایتەکەی خۆمدا هەمان بابەتم ورۆژان بەوینەی بسمارک ویان دیاکۆیەک هەیە بە هەمان شیوەش لەسەر دیموکراسیەت دواوم ،حەز دەکەم بیخوینیتەوە

کورتە وەڵام/٤٠ بۆئەو نەخۆشانەی ئەڕشێنەوە بەسەر چەمکی کوردایەتیا

هەرچەندە لەم ڕۆژانەدا کە بەهۆی هەستیاریی چاومەوە، خۆم ئەپارێزم لەچاوبڕینە شاشەی تیشکدار، بەڵام کاتێ هەنێ دەنگی ناساز بەر گوێمئەکەوێ، ناچارئەبم پەتی خۆپارێزی بپچڕێنمو پەنا بەرمەوە بەر کورتە وەڵامێ بۆئەو دەنگە ناسازانە. وەڵامی ئەمجارەم بۆئەو جاشپێنوسە نەخۆشانەیە کە ناڕەوا ئەڕشێنەوە بەسەر چەمکی کوردایەتیا، وەک لە نوسینو کۆمێنتەکانیانا دەرئەکەوێو گەندەڵیو نۆکەرایەتیی پارتە کوردییە دەسڕۆیشتوەکانی ئێستای باشوری کوردستان ئەکەن بە بیانو بۆناشیرینکردنی چەمکی کوردایەتیو لەوێوە بازد ئەدەن بۆڕەوایەتیدان بەئیراکچێتییەکەیان! لەکاتێکا ئەو پارتانە فریان بەسەر کوردایەتییەوە نیە. ئەمەش بەتەنیا قسەی من نا، بەڵکو ئەو پارتانە هیچیان خۆیان بەپارتی نەتەوەیی نەزانیوەو نازانن. کە جارجارێکیش ناوی کوردایەتی ئەهێنن، بەوە، کوردایەتی ناشیرینئەکەن. لەبەرئەوە هەڵەیە زاراوەی کوردایەتی بخرێتە پاڵ ئەو پارتانە. هەروەها هەڵەیە لەجیاتی کوردایەتی، زاراوەی ناسیۆنالستی، یا ڕەگەزپەرستی بەکاربهێنرێ. کوردایەتی نە ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایە، نە ڕەگەزپەرستیی تورکە، نە عروبەی عەرەبە. کوردایەتی باوەڕو ڕێبازو سۆزێکی تایبەتە بۆنەتەوەی کورد، بۆخاکی کوردستان. لەگەڵ هاتنەئارای ئەم نەتەوەیەدا، کوردایەتیش خۆڕسکی هاتوتەئاراوەو شانبەشانی یەکدی ئەڕۆن تاهەتایە. کوردایەتی وەک ئەو خۆشەویستییە خۆڕسکەیە کە لەنێوان باوکو دایکو کەسوکاردا هەیە. کوردایەتیش وەک ئەو ڕایەڵەیە کە ئەندامانی هەر نەتەوەیەکی بەجۆرێ گرێداوە بەیەکەوە کە خۆیان بەجیاوازبزانن لەنەتەوەکانیترو شانازیش بەو هەستو باوەڕەوەبکەن هەرچیچەندێ ئەو نەتەوەیە زۆربێ یا کەم، دەوڵەمەنبێ یا هەژار، پێشکەوتوبێ یا دواکەوتو. ئەوە بەگشتی، بەڵام لەناو هەر نەتەوەیەکیشا، زۆڵەکو چقڵو ناپاک هەڵئەکەوێ کە پێوانەیان لەسەرناکرێ.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە یەکێتیو گۆڕان لەمناڵدانی ئەوەوە دروستبونو هەمویان سەر بەیەک قوتابخانەی نانەتەوەیین، هەر لەسەرەتای دروستبونیانەوە، خۆیان بەمارکسیو بەپارتی ئیراقی زانیوە. هیچکاتێکیش بەخۆیان نەوتوە نەتەوەیی. سەربەخۆیی کوردستانیش لەپرۆگرامی هیچیانانیە. بەکردەوەش هیچیان کوردایەتییان نەکردوە. دروشمی سەرەکییان: دیموکراتی بۆئیراقو ئۆتۆنۆمی بۆکوردستانبوە! هەمیشە شانازییان بەوەوەکردوە کە دیموکراتین، یا سۆشیالستن، یا مارکسیو ماوین .

جگەلەوە، ئەو پارتانە لەماوەی ۳۰ساڵی رابوردوا یەک هەنگاویان نەناوە بۆپەروەردەی مناڵی کورد بەبیری کوردایەتی، بۆهوشیاریی نەتەوەیی، بۆدروستکردنەوەی کەسێتیی شکستخواردوی تاکی کورد، بۆنەهێشتنی هەستی خواردەستی، بۆنەخشەرێگایەک بەرەو سەبەخۆیو..هتد. لەڕوی داراییشەوە، هەرخەریکی پڕکردنی گیرفانی خۆیانبونو خەزێنەیەکی خاڵیی هکومەتی هەرێمیان جێهێشتوە بۆخەڵکی هەژار. خۆ لەڕوی سەربازییەوە، ئەوە هەر سفر، لەماوەی ۳۰ساڵی رابوردوا نەبونە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتوی پڕچەکی مۆدێرن کە بتوانن پارێزگاریی باشوری کوردستانی پێبکەن. ئەوەبو شنگاڵو کەرکوکیان بەبێ بەرگری دابەدەستەوە! هەمو ئەمانەو زۆر نمونەیتریش، بەتایبەتی گەندەڵییەکانیان، بەڵگەی ئەوەن کە ئەمانەو کوردایەتی، هەزاران میل لەیەکەوە دورن. نەک هەرئەوە، بەڵکو هەمیشە دژایەتیی بیری کوردایەتیو رێکخراوە نەتەوەییە کوردییەکانیان کردوە. کەچی جاشپێنوسەکان هەر ئەڕشێنەوە بەسەرچەمکی کوردایەتیاو مۆرکی کوردایەتی ئەلکێنن بەو پارتانەوەو کوردایەتییان پێناشیرینئەکەن بۆئەوەی بیکەن بەبیانو بۆجاشێتییەکەیان بۆداگیرکەرانی کوردستان، گوایە کوردایەتی کە ئەوەبێ ئەو پارتانە ئەیکەن، ئەوا جاشێتییەکەی ئەوان لەو کوردایەتییە باشترە!.

تیرۆرکردنی چەن سەرکردەو چەن کادیرێکی نەتەوەیی وەک رەوانشادان: شێخ محەمەد هەرسێن، مولازم کەریم، فەتاح ئاغا، نوری حەمە عەلی، تۆفیقی نوری بەگ، جەلالی حاجی حسەین، حسەینی فارسو زۆریتر، هەروەها ئەو پیلانانەی بونە رێگر لەبەردەم گەشەکردنی هەر رێکخراوێکی نەتەوەیی کوردیی وەک کاژیکو پاسۆک، بەڵگەی زیاترن بۆئەوەی ئەو سێ پارتە، نەک هەر نەتەوەیینین، بەڵکو دژی هەمو نەتەوەییو هەوڵێکی نەتەوەییانەشن .

ئەو جاشپێنوسانە، ئازادن چ بیروباوەڕو رێگەو رێبازێ بۆخۆیان هەڵئەبژێرن، بەڵام ئەوەیان لێقبوڵناکرێ بڕشێنەوە بەسەر چەمکی کوردایەتیا. رۆژانیش رۆژیان لەدوایە.

۱۲۲ بەدڵبون ۶۸لێدوان لەوانە:



**نبز عزیز** ماموستا بە تایبە تی پارتی بنی زمانی وسە ری زمانی هە رکوردایە تییە و خە لکی عە وامیش دوای کە وتووە و هە مان بە ینوبالورە کە لکە لە ی سە ریانە وشانازی کون و نوییانە ،هە رگیزکە سیش لە خویان باشترنابینن لە وئالا هە لگرتنە یا ورازیش نابن وایان پی بوتریت جاپیوە رە کانی من وجە نابت جیاوازە ...لای ئە وان ئە ونانە یە بە ورونە و برایە وە زور باشیش چە وریانکردووە

**Kamil Zheer** کاکە نەبەز، لای بەڕێزیشتان ئاشکرایە کە پەتی درۆ کورتە، کوردایەتی کردارە نەک گوفتار.

**Kamal Muhamad** پارتەکانی کوردستان هەموویان دانەشۆراون لە نەتەوایەتی خەباتیان ڕێژەییە ئەم قۆناغەی پێی گەیشتووین لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەی بۆمان دروست کراوە کەم نییە ئەوانەی زوڵە کوردن و لەکونی خۆیان هەڵگەڕاونەتەوە کەمینەن لەسەر دڵسۆزانی کوردایەتی کە زۆرینەن بە لێشاو وەڵامیان بدەنەوە ڕسوایان بکەن و شاربەدەریان بکەن ئەم نووسینەی بەڕێزت لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵئەگرێ بەڵام ژێیر ووتەیەکی بەسە لەگەڵ خۆشەویستیم .........

**Kamil Zheer** مامۆستا کەمال، سەرسامم بەو هەمو گەشبینییەتان، منیش لەخەمی ئەوەدام ئەم قۆناغەی پێیگەیشتوین لەدەسنەدرێ. لەگەڵ رزم.

**Awat Sahebqran** چاودڵمان ڕون، مامۆستای بیری نەتەوەیی،بۆ ئەم نوسینە بەپێزو وردبینیە،ڕەخنەیەکی بابەتی لەم هێزوپارتانەی کەلەباشووری کوردستان سەپێنراوی باڵادەست،دەرئەنجامی کۆی خەباتیان،ئەگەر بەخەبات ناوببرێت،ئێستای دۆخی کوردستانە کە دەیبینین،بەدەست چەند هەرزەکاری سیاسی بەڕێوەیدەبەن،گەیشتۆتە چ دۆخێک،ڕەخنەی توند وەک چەکوش بۆ جاشپێنوسەکانیان،لەباتی پێزانینو بەرز ڕاگرتنی هەڵوێست بۆ ئەو ڕۆشنبرانەی کەهزری نەتەوەیان بەنەوەکانی دوای خۆیان گۆشکردوە، کوردایەتی وەک بیر وەک ڕێباز ناوەڕۆکێکی پتەوی هەیە بەچەند کاڵفامێک ناسڕێتەوە،بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێت،هیوای باشبونی چاوەکانتم،تەمەندرێژ بیت هەردەم

**Kamil Zheer** زۆر سوپاس بۆ دڵسۆزیتان مامۆستا ئاوات گیان. ڕاستە بەری ڕۆژ بەبێژنگی کاڵفامەکان ناکیرێ، بەڵام سەگی سپی بۆ بارخانەی لۆکە زەرەرە. بۆیە پێویستە چەکوشیان لەسەربێ. خوازیاری تەندروستیی باشی بەڕێزتانم.



**Chawi Slimane** دەست خۆش مامۆستا ...سەرکەوتوو تەندروست بیت ..لە گەڵ ڕای بەڕێزتاندایین لەماوەی سی ساڵی حوکمیاند هیچ هەنگاوێکی نەتەوەییانەیان نە ناوە لە هیچ سێکتەرێکی ڕۆشنبیری و ئابووری و کەلتوری ..بە پێچەوانەوە تاکی کورد تەواو هەژیل و ڕەزیل کراوە و هیچ انتمایەکی نیشتمانی نەتەوەی نەماوە تەنهاو تەنها انتما بۆ حیزب و خێڵ جێی کوردایەتی گرتوتەوە



**Kamil Zheer** بەهیوام چاوی سلێمانی هەر وا گەشو وردبینبێ. ئیتر ئینتیما بۆ حیزبو خێڵ بەسە. هەرشادبن بەڕیزم.



**Shwan Saeed** دە ست خۆ ش کاکە ژير ، هە ربميني بۆمان و ببيتە چقلي چاوي ناحە زانێ كە لە ماناي كوردايە تي تێ نە گە شتوون و وە ك سە گ پە لاماري هە ركە سيك دە دە ن كە ناوي كوردايە تي دێ نێ .



**عثمان ساوجی** سەبارەت
بە نارەسەنوزروبۆرو‌ئاومالَک ولاکەوتەکان ئەوە هەرچاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت کورد ئەڵێ نیرگە لەتیرو هەڵناکەوێت.
بەڵام سەبارەت بە کوردە پاڵەتەو خاوەن ویستی سەربەخۆیی وخۆبەکەم نەزانەکان،کوردایەتی ئاوێتەی ئاین و ڕەوشت ئامانجەکانیان بووە هەرگیز خراپەی تاک و گرووپ وحزبەکان ناخەنەپاڵ کوردایەتی .
زۆرێک لەبەر ناهۆشیاری و نەخوێندەوارییی چەمکی حزبی وحکومەت و سیاسی و نەتەوەو نیشتمان جوداناکەنەوە،زۆرێکیش وەک جەنابتان فەرمووتانە نەخۆشن و خوێنی پاک لەخوێنبەرو خوێنهێنەرەکانیاندانیە.



**Kamil Zheer** ئەیانسپێرین بەو پەندەی ئەڵێ سەگی هار چل ڕۆژی عومرە. بێگومان سەرکەوتن هەر بۆ بیری کوردایەتییە. لەگەڵ ڕێزم



**Kamil Zheer** لەگەڵ هەموو وتە جوانەکانتانم، چەمیش بێ چەقەڵ نابێ. بەڵام هەر ئەبێ ڕاوە چەقەڵیش بکەین ، ئەگینا قڕئەخەنە جوچکەکانمان.

**Alaaden M Darwish** دەست خۆش ماموستای کورد وکوردایەتی وەڵامی دروست وپڕ بەخۆیانت داوەتەوە دووربیت لە ناخۆشی ، بابەتەکانت زیاتر چڕ بکەوە زۆر پیویست وگرنگە

**Aso Rastee** ڕۆژتان خۆش ،کورد؟ اەوانە مسلمن کوردنین،کورد اەوکەسەیە کرداری باش و وتاری باشی بۆنەتەوەی کوردبێت ،کوردبوون زمان نی یە ،هەرخۆشبیت دەمێکە یەکمان نەدیوەو قسەمان نەکردووە

**Kamil Zheer** بەڵێ کاکە ئاسۆ وایە. پێش ئیسلام، زەردەشتی مەزن فەرمویەتی: بیری باش، وتەی باش، کرداری باش. ئێوەش هەر شادبن.

**Hallo Barzinjeyie** دوور لە خەیاڵپلاوی بەشەوارە کەوتنی تیۆری پیلانگێریدا، بەڵکە لەسەر ئەو پێدراوانەی لەسەر زەمینەی واقعی کوردستان بەرچاومان دەکەوێ، بەجۆرەها شێوازی شەڕی کوردبوون و کوردایەتی کردن دەکرێ... هەر لەناوبردنی فیزیکییەوە تا پەنا بردن بۆ دۆزینەوەی خەوش و نەنگی و تاوانی کەسانی دیکە و بارکردنی لەملی ئەوانەی کوردایەتیکردن ئیمانیانە... باوەڕیانە...
ئەمەش جۆرەها لایەنی ها لەپشتەوە: داگیرکەرانی کوردستان و نۆکەرەکانیان، چونکە بەس لە کوردایەتی دەترسن.... کەسانی بەکرێگیراوی ئایدۆلۆژی کە هێشتا ژەنگی چڵکن مێشک و هزری بەرنەداون... لەشکرێک لە فەریکە ناخوێندەواری ئەرۆکە کە ناوی خۆیشی بێ کاوێژکردن ناتوانێ بڵێ و بنووسێ...
ئەمەش بەو مانایەی نا کە کەسانی کوردایەتی دەکەن هەڵە و کێماسییان نییە، یاخود کەس بۆی نییە ڕەخنەی هەبێت... نا بەڵکو کاتێ بکەری ئەو هەموو تاوان و گەندەڵی و لادەر و کوردکوژە لە گۆڕەپانەکەدا تەراتێن دەکەن بەوان ناوێرن و ماستاویان بۆ دەکەن و لەخۆڕا بە خەیاڵی خاو و دارزاوی خۆیان لە هەوڵدان کوردایەتی ناشیرین بکەن...
لە کاتێکدا تا ئاوی کوردستان سازگار و شیرین بێت و هەواکەی پاک و دیمەنەکەی ڕەنگین و پیرۆزییەکی وزەبەخش بێت، ئەوا کوردایەتیش سەرچاوەی بژێوی و تاکە ئامرازی ڕاستەقینەی بەگژداچوونەوەی داگیرکەران و نۆکەران و سەرلێشێواوان و داخ لەدڵان دەمێنێتەوە و گەرد ناگرێ...
سڵاو لە مامۆستا کامیل و هزر و قەڵەمتان و هەر بژین بۆ کوردبوون.. ئێوەش هێشتا هەر سیمبوڵە بە پێوە ڕاوەستاوەکەی سەنگەری کوردایەتین... بژین و بمێنن



**Kamil Zheer** کاکە هەڵۆ گیان: بە بینینی وتە جوانەکانتان، وەک گوڵ گەشامەوە. ئەوە مژدەیەکی خۆشبو بۆ تەندروستیی باشتان. ئێوە هەمیشە ورە بەرزو گەشبینبون. هەر بە ورەی بەرزو گەشبینیش زاڵئەبین بەسەر کێشەکانی ژیانو کۆسپەکانی رێگامانو دوژمنانی هزری کوردایەتیمان. کوردستان چاوەڕوانی سەردانەوەیەکی ترتانە بۆی بەتەندروستییەکی باشترەوە.



**Delair Rashed** بەهیوای باش و چاکبوونەوەی تەندرۆستیتین وەرووناکی وهێزی رووناکی چاوەکانت دەست و بیری تیژت هەر بەهێزبێت مامۆستا ژیری خۆشەویستم



**Nuri Karim** کاک کامیل گیان هەربژین و تەندروست و راوەستاوبن٠ کورد دەڵێت (سەگ بە مانگەشە و دەوەڕێت) و ( دەریا بەدەمی سەگ پیس نابێت) ٠ لەچەند شوێنێکدا نوسیومە, هەرکاتێک هە وڵێکی نەزۆکی ئەو قەڵەمبەدەستانە دەبینم, ئەو ریکلامانە دێتەوە بەرچاوم کەلەسە دیوار دەنوسران( چەو و لم بۆ فرۆشتن, شۆفڵ و حەفارە بۆ کرێ)٠



**Mohammad Barzy** کاکە گیان دەستەکانت خۆشبێت و هیوای تەمەنی درێژ و سەلامەتیان بۆ ئەخوازم . پاشان کەی تیشکی درەخشانی خۆر ، بە فوو ی نۆکەران خامۆش ئەبێ .



**Nizar Mhammad** دەستخۆش مامۆستا لەئێستادا کۆمەڵێ بەناو ئیسلامی و مارکسی شکستی یەکێتی و پارتی ئەخەنە پاڵ کوردایەتی کە ئەو دو حزبە هەرگیز کوردایەتیان نەکردوە منیش لەگەڵ هەندێک لەوانە توشی مناقەشە بوم دواجار بیدەنگم کردون .



**Fadhil Nakshbandi**

Kake Kamyl, temeny dreej w tendrusty zor basht bo exwazm ,Levant Kurdstanyek, her berreezt mayey le hewt sheerekey temuzy Bexay1959, ke KAJIK tan damezran, sed Sally be tendrusty cashews exwazm



**Pshko Amin** نزیکەی پەنجا سالە خەبات دەکریتو کوری کورد لەژیرناوی
کوردایەتیدا وبەدروشمی کوردستان یان نەمان دەدرێت بەکوشت نا نەتەوەیانەو بی
بەرنامە کاردەکەن تاپش راپەرینی خەلک نیمچە سەربەخۆیەک بۆ کورد بەدەستهینرا
بەهاوکاری ئەمریکاو ئەوروپا پاش کۆرەوی
جەند ملێونی خەلکی کوردستان دەسەلاتی حیزبی یانبلیین جووت حیزبی نانەتەوەی هاتن
وپاش سی سال نەیانتوانی کاربۆ کوردبکەن ئەوەی کردیان ودەیکەن تەنها لەخزمەت
خۆیان وعەشیرەت و بنەمالەدایە لەهەردوولا دەسەلاتدارن هەر خۆیانین سەروەت
وسامانی کوردستانیان خستۆتەبەردەستی خۆیان و لەخۆشترین ژیاندا خۆیان دەژین
زوربەی زۆری خەلکی کوردسی لەناخۆشترین ژیاندا ، هیندەی من بیرم بیت
ومیژووبۆمان بگیریتەوە لەوەتەی کوردهەیە بەقەدەرئەمرۆی ژیردەسەلاتی کوردی کورد
لاوازو بی بیروباوەرو لەرزۆک نەبوە ئاخر ناکری ونابیت دایکی شەهید بە داگیرکەرە
شۆڤینیەکە بلیت کوردستان دەسپیرم بەتۆ ،
ئائەمە چیدەگەینیت ،پاش سی سال لە دەسەلاتی جووت حیزبی بەناو کوردیدا ؟ ئەمانە
کاریکیان کردوە کەکورد لەژیانیدا وای لینەهاتووە ، تاکی کورد ئەمرۆ بەئاشکرا جوین
بەخاک وبەنەتەوە دەدات ،تاوانیش لەئەستۆی ئەمانەدایە کەفریان بەسەرکوردایەتیەوە نیە
و بەڵام بەناوی کوردایەتی و خزمەت بەکورد کاردەکەن ،ئەمانە هۆی نەهیشتنی گیان
وهەستی کوربدوونین دەنا رۆلەی کورد هەر ئەوانەن کەدەچووە ژیرپەتی سیدارە بەئەی
رەقیبەوە ، بۆیەدەبیت هەمووان هەولبدەین و خەلکەکەمان تیبگەیەنین کەئامنە راستناکەن
وکوردایەتیان کردۆتە چمکیک بۆ بەرژەوەندی خۆیان ،ئەوەی ئێمان دەیەکن
نەکوردایەتیە نەنیشتیمانیە نە خزمەتگوزاریە رۆژانە فەشەلیان لەگشت شتیکدا
دەردەکەویت کەناتوانین چورا پاریزگا کە بە هەر چواریان بە ئەندازەی چوارکەرەکی
شاریکی وەک تاران یان قاهیرەیە، ئەمانە هیندەنەزانین لە بەریوەبردنیدا فەشەلیان هیناوە
، فەشەلی ئەمانە جوتیاری کورد لەبەردەم کاضمیدا دەگری و چۆکی بۆدادەدات نەک
فەشەلی کوردایەتی ،کەئەمانە هەرنازانین کوردایەتی چیە ، تەماشای میژووی خەباتیانکە
کەرۆژانە خۆیان شایەتی لەسەریەک دەدەن دەبیت چۆن خەباتیکبیت ،ئا ئەو مەهزەلەیەی
لەژیرناوی شۆرشدا رۆلەی کوردیان شەهیدکردوە بێ تاوان وبێ دادگا و بێ بەلگە
بەناوی شۆرشەوە ئەمانە ەهوموی خۆیان ئەمراستیانە دەدرکێنین جابۆخۆیان وابووبن
دەبیت بۆخەلکانی سەر بەبیرکیتر یان بۆ نەتەوەیەکان دەبهێت چۆنبن ،ئەمانە هەموی
هۆی زەلیل کردن وبێبرواکردنی تاکی کوردە من بەدەسیسەی داگیرکەرانیدەزانم ، تاکوو
خەلکی کورد ئاوها دژی خەبات بوەستیتەوەو تف لەکوردبوون بکات ، بروای بەخەبات
وکوردایەتیش نەمینیت ، دەستەکانت خۆش کاک کامیل هیوای تەندروستێکی باش و
تەمەن دریژت بۆدەخوازم

.



**Kamil Zheer** بێگومان دەستی دەرەکی لەپشت جاشپێنوسەکانەوەن، دوژمنانی کوردو کاڵفامەکانی کورد یەکئەگرنەوە بۆ ناشیرینکردنی کوردایەتی، دوژمنان هانی حیزبایەتی ئەدەن چونکە تیغێکی کاریگەرە بۆ لەتلەتکردنی کورد. دەستی تۆ خۆشبێ بۆ رسواکردنی حیزبایەتی بە نوسینە بەردەوامەکانت. هەر شادو تەمەن درێژو سەرکەوتوبێ کاکە بشکۆ گیان.

کورتە وەڵام-٤١ مەترسیی گوندە مۆدێرنەکان لە هەرێمی کوردستان

ماوەی چەنساڵێکە دیاردەی گوندە مۆدێرنەکان لەناو شارەکانی هەرێمی کوردستانا، رو لەزیادبونە. راستە سەرەتا ئەم پرۆژانە سودیان هەبو بۆچارەسەری تەنگژەی نیشتەجێبونو دیمەنێکی جوانیانداوە بەشارەکان. بەڵام زۆری نەخایان، دیاردەکە وەرچەرخا بۆکۆمەڵێ زیان. لەوانە::

١ --بەو هۆیەوە کە کڕینی شوقەو خانوەکانی ئەو گەڕەکە نوێیانە، بەناوی گوندی فڵانو فڵانەوە، کە بەقیستی کەمو درێژخایەن ئەفرۆشرێن، خەڵکی لادێکانیش رویانکردۆتە کڕینو نیشتەجێبون لەوگوندانە ، واتا چۆڵکردنی لادێکانو رەویان بۆناوشارەکان. ئەمەش بەزیان ئەشکێتەوە بۆکەرتی کشتوکاڵو هۆکارە بۆدارمانی ژێرخانی هەرێم.

لەسەردەمی رژێمی بەئسدا، بەپای پیلان، کۆمەڵگەی نیشتەجێبون (مجمع سكنى) دروستئەکرا بۆراگواستنی گوندنشینەکان. لەدوای راپەرینیشەوە، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی لادێکان، کرانە موچەخۆری میری بەناوی پۆلیسو پاسەوانی سنورەوە کە ئەوەش هەر بەزیان گەڕاوەتەوە بۆکەرتی کشتوکاڵ.

وڵاتانی پێشکەوتو بەنەخشەو پیلان گرنگی ئەدەن بەدێهاتەکانو رێگریئەکەن لەڕەویان بۆناوشارەکان. جولەکە بەهاوکاریی ئنگلیز وایکرد کە جوەکانی ئیراکو هەندێ وڵاتیتر بەگیرفانی بەتاڵەوە روبکەنە ئیسرائیل بۆئەوەی لەگوندەکانیان نیشتەجێیانبکەنو بەناچاری خەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵدارییبن.

٢-دروستکردنی ئەو هەمو باڵەخانەو خانوانەو فرۆشتنیان بەو شێوەیە، هاندەرە بۆ رەوی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارەکانی خواروی ئیراکو نیشتەجێبونیان لەو گوندانەی ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان، بەهەمان شێوە باخەکانی هاوینەهەوارەکانیش، بەجۆرێ کە لەئایندەیەکی نزیکدا ئەوان ئەبنە زۆرینە لەهەرێمداو ئێمە کەمینە. بەدەربرینێکیتر، ئەوان خاوەنماڵو ئێمە بێگانە، بەتایبەتی لائەوان، فرە ژنیو فرە منداڵ، نەرێتێکی دێرینیانە، بەپێچەوانەی ئێمەوە کە فرە ژنیو فرە منداڵ دەگمەنە.!

٣ -٣-قازانجی ئەم باڵەخانەو خانو و باخانە، تەنیا بۆهەندێ کۆمپانیاو کەسانی سەر بەپارتە دەسەڵاتدارەکانە. ئەوانە زەوییەکی زۆریان ئەدرێتێ بەخۆڕایی. ئەوانیش بەپارەی کڕیاران ئەیکەن بەو پرۆژانەو دوایی بەقازانجێکی زۆر ئەیفرۆشنەوە، بێئەوەی رەچاوی بەرژەوەندیی گشتیو ئایندەی نەتەوەو نیشتمانەکەمان بکەنو خۆ لەو مەترسییە ئاماژە بۆکراوانەی سەرەوە بپارێزن.!

بۆیە ئیتر، بەڕای من، پێویستە بەخشینەوەی زەوی بەسەر ئەو لایەنو کەسانەدا بوەستێنرێ تا توێژینەوەیەکی زانستیو مەیدانی ئەنجامئەدرێ لەلایەن کەسانی پسپور لەو بوارەدا بۆئەوەی بزانرێ چەند پێویستیی ماوە بەپرۆژەی لەوجۆرە بۆخەڵکی هەر شارێک، نەک بۆدەرەکی. فرۆشتنیش بەمەرجی ناسنامەی هەرێمبێ. داواش لەبەڕێز رەنج سەنگاوی ئەکەم کە مێزگردێ ئەنجامبدا بۆئەو مەبەستە. چاوەڕوانی رای هاوڕێیانی (خۆشەویستیشم لەمبارەیەوە. لەگەڵ رێزمدا

کورتە وەڵام٤٢- بۆ پێشنیاری پارتێکی کوردیی نەتەوەیی و نیشتمانی

زۆرمان نوسیوە لەسەر لایەنە خراپەکانی سیستمی پارتایەتی بۆدۆخی کوردستان. لەوانە: (کوردایەتی نەک پارتایەتی) کە لە ژمارە ٢ی رۆژی ٧/٤/٢٠٠٢ی رۆژنامەی هاوبیردا بڵاومانکردۆتەوە. پێشترو پاشتریش، دەیان راگەیاندنو وتاریتر لەلایەن هاوبیرانەوە، بەتایبەتی راگەیاندنەکانی هاوبیرانی کوردایەتیو زنجیرە نوسینەکانی بەڕێز پشکۆ ئەمین، سەرەڕای کۆمێنتەکانی هاوڕێیانی خۆشەویست، کە هەمویان جێگە پەسنی خوێنەرەوانی بەڕێزبون. بەڵام هەر قسەی روت بەسنیە، دۆم بەدانیشتن ماڵی وێرانە. ئەوەتا ئیسرائیل لەبنکە ئەتۆمییەکەی نەتەنزی ئێران ئەدا، ئێرانیش فڕۆکەخانەی هەولێر بۆردومانئەکا. ئەمریکا کوشتارەکەی ئەرمەن بەجینۆساید ئەژمارئەکا، تورکیا چیاکانی باشوری کوردستان وێرانئەکاو گوندەکانمان سەرگەردان. سوریا لەگیانەڵادایە، لەقامیشلۆ شەڕ بەهەسەدە ئەفرۆشێ. ئیراکیش بەدەس دائشو مائشەوە داماوە، کەچی تابێ گوڕی زیاتر بەشاڵاوی بەئەرەبکردن ئەدا لەشارەکانی کوردستانا. هەرکاتیش گۆشتەکەی جارانی گرتەوە، گورزی گرانترمان لێئەوەشێنێ. دەسەڵاتی هەرێمیش، بەرامبەر ئەو هەمو نەهامەتییانە، دەوری تەماشاکەر ئەبینێ!

لەئەڵقەیەکی پێشوی کورتە وەڵامەکانمانا، بەرەوڕوی پێشنیارێکی برای بەڕێزمان کاکە ئەلی ئەهمەد هەمزە بوینەوە کە پێیوایە چارەسەر لەپارتێکی دڵسۆزی نیشتمانیدایە کە لەرۆشنبیرو گەنجی ئازاو رەنجدەرو چەوساوەو کاسبکاران پێکبێ تا رێگری لەزوڵمو نائەدالەتی بکات.

لەگەڵ رێزو سوپاسمان بۆ کاکە هەمزە، ئەڵێین: سیستمی پارتایەتی، بەهەمو جۆرەکانییەوە، تەنانەت نەتەوەییو نیشتمانیش، بۆدۆخی کوردستانی دابەشکراو و کوردی کۆیلەکراو، دەسناداتو کاروانی خەباتی نەتەوییمان ناگەیەنێتە ئەنجام.

پارت (حیزب) لەوڵاتانی دواکەوتودا، بەهەمو جۆرەکانییەوە، لەرابوردو و لەئێستەشدا، بەپارەی زۆر ئەچێبەڕێوە. پارەی زۆریش بۆئەومەبەستە، بەڕێگەی رەوا دەسناکەوێ. پارەیەکی وا کە پارتێکی گەورەی پێبەڕێوەببرێ، یا بەدزیو گەندەڵی، یا بەنۆکەری بۆداگیرکەرانی کوردستان دەستەبەرئەبێ

.

ئەزمونی شازدەساڵەی کاژیک ١٩٥٩ تا ١٩٧٥ و ئەزمونی هەڤدەساڵەی پاسۆک ١٩٧٦ تا ١٩٩٣ ئەو راستییەی سەلمان کە تاکی کورد (سا هۆ هەرچیبێ) وەک پێویست شوێن پارتێکی بێ پارەو بێ سامان ناکەوێ. ئەم راستییە لەهەڵبژاردنە گشتییەکەی ١٩٩٢دا بەڕونی دەرکەوت کە لیستە هاوبەشەکەی

پاسۆک و حسک، کەمتر لە ٣% دەنگیان هێنا! بەوەش نەبونە خاوەنی هیچ کورسییەک لەپەرلەمان، چونکە کەمترین رێژە ٧%بو. ئێستەش ژینگەی کوردستان، لەهەر چوارپارچەکەی، هەمان تاسو گەرماوە! تەنانەت لەباکوریش زۆرینەی کورد لەهەڵبژاردنە گشتییەکانا دەنگیان بە ئاک پارتی داوە!. لەبەرئەوە، ئەگەر بەتەمابین لەرێگەی سیستمی پارتییەوە بگەینە ئامانجە نەتەوەییەکانمان، ئەبێ بڵێین شیردابۆداپیر!!

لەکوردستانا، فرەپارتی لەنیوەی یەکەمی چەرخی بیستەما سەریهەڵدا بەبێئەوەی زەمینەی دیموکراسی، بونی هەبوبێ یا هەبێ!. پێشئەوەش، فرە میرنشینی هەبو کە ئەویش جۆرێبوە لەفرەپارتیو هەردوکیان بەزیان شکاونەتەوە بەسەر کوردا. هەنێ جاریش داگیرکەرانی کوردستان دەسیانهەبوە، یا هاندەربون، لەدروستکردنیانا بەمەبەستی کەرتوپەرتکردنی نەتەوەی کوردو بەگژیەکتراکردنیان. شەڕی خۆبەخۆی میرنشینیەکانو شەڕی نێوان پارتەکان، بەڵگەی ئەم راستییەن. ئێستەش فرەپارتی رێگرە لەرێی یەکێتیی کوردا. رێگرە لەرێی چاکسازیا لەهەرێمی کوردستانو لەرێی سەربەخۆییشمانا. هەروەها فرەپارتی لەکوردستانا، سەرچاوەی هەمو گەندەڵییەکانە. هەر فرەپارتیش وایکردوە کە دەسەلاتی هەرێم نەتوانێ بەرەوڕوی دەسدرێژییەکانی تارانو ئەنکەرەو بەغداد بێتەوە، چونکە هەر پارتەو وابەستەی لایەکیانە.

دوای ئەو هەمو راستییە تالانە، ئیتر نەتەوەی کورد پێویستیی بەکۆتایهێنانی سیستمی فرەپارتییە. بەسەرنجێک لەمێژو، ئەبینین زوربەی نەتەوە کۆیلەکراوەکانی هاوشێوەی کورد، ئەگەر بۆبەرژەوەندیی زلهێزێک نەبوبنە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی، ئەوا لەرێگەی رێکخستنێکی سەربازیی نهێنیی نەتەوەییەوە بەسەرکردایەتی قارەمانێکی جەربەزەو هوشیار، رزگاریانبوە دوایئەوەی لەئاستی ناوخۆدا لەبالی ناپاکو گەندەڵکاریانداوەو لەئاستی دەرەوەش ئارامییان لەمالی داگیرکەردا نەهێشتوە تا ناچارکراون دەس لەداگیرکاری هەڵگرن. دیارە هەر نەتەوەو بەپێی بارودۆخی خۆی کارەکەی گونجاندوەو ئەنجامیداوە بەبێ پێویستی بە وزەی بەشەریی زۆرو بەپارەو سامانی زۆر. بۆکارێکی ئاوا، چونیەتی گرنگە، نەک چەندێتی.

ئەوە بەگشتی بۆنەتەوە دیلەکان. بۆهەڵکەوتەی ئێستەی هەرێمی کوردستان کە بەدەس گەندەڵیو متبونەوە ئەناڵێنێو لەژێر مەترسیدایە، یەکبونی هەمو پارتەکان لەیەک رێکخراوی سیاسیی سەربازیدا لەپێناوی خۆڕاگریو رزگاریو نەهێشتنی گەندەڵیدا، پێویستییەکی هەنوکەییە. ئەگەر نا، ئەوا ئەرکی جەماوەری ناپارتی (مستقل)ی نیشتمانیو نەتەوەییە، لەبریی بۆڵەو رەخنە، بازد بدا بۆمەیدانی کارو بەلیستێکی سەربەخۆ، کە پارەیەکی زۆری ناوێ، بەشداریی هەڵبژاردنی گشتیی داهاتوی هەرێمبکا، بەناوێکی وەک (لیستی جەماوەری ناپارتی) بۆ سێ مەبەست:

یەکەم: جەماوەری ناپارتی زیاتر لە ٦٥%ی خەڵکی کوردستان پێکئەهێنن، مافی خۆیانە دەنگیان لەپەرلەمانا هەبێ، هیچ پارتێک نوێنەری ئەواننیە. با دەنگیان لەپەرلەمانا بەرزبێتەوە بەرامبەر ناپاکیو گەندەڵیو بۆ هەڵوێستوەرگرتن دژی نەیارانی نەتەوەکەمان.

دوەم: تا بزانرێ لەچاو هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢دا، هوشیاریی نەتەوەیی لەماوی ٣٠ ساڵی رابوردودا چۆتە چ ئاستێک؟

سێیەم: ئەشێ لەم هەوڵەوە، رۆژی قارەمانێکی فریادڕەس لەئاسۆوە هەڵبێ.

بەهیوام هاوڕێیانو هاوبیرانو کاکە ئەلی هەمزەش، وەڵامو باری سەرنجیان هەبێ.

پەتای پارتایەتی، شێرپەنجەی کوردە

ئەشێ لەژینگەی رۆژئاوادا، پارتایەتی دیاردەیەکی دروستبێ. لە رۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی ناوەڕاست، بۆتە پەتایەکی مەترسیدار. لەوەش زیاتر: لەناو ئەو نەتەوانەدا کە لەقۆناغی خەباتی رزگاریدان، وەک کورد، پەتاکە بۆیانبۆتە شێرپەنجە.

میرنشینیەکانی جاران و پارتەکانی ئێستای کوردستان، وەکیەک ڤایرۆسی ئەو پەتایەن بۆ جەستەی کورد. هەردو جۆرەکە، لە کەرتوپەرتکردنی نەتەوەی کورداو کلکایەتیان بۆداگیرکەرانی کوردستان و گەندەڵییان، یەکسانن.. یەکەمیان، خۆشبەختانە، ئێوە خۆش. بەڵای ئێستە، دوەمیانە کە بۆئەوەی بژین، هیچ چارێکیانییە ئەبێ لەئاوی لێڵدا مەلەبکەن و گەندەڵبن و ئەو کلکایەتییە بکەن! ئەگینا ناژین!. چۆن؟ :

هەر پارتێک، کە لەئەنجامدا ئەبێتە سپڵێکی لاورگ و تەمەڵخانەیەک، پێویستیی بە بوجەیە،بەلایەنی کەمەوە بۆ بژێویی سەرکردەو کادیرە تێرنەخۆرەکانیان و چەندین خەرجییتر. ئەو بوجەیەش بە رێگەی رەوا پەیداناکرێ. ئالێرەوە گەندەڵییەکە دەسپێئەکا. جگە لەدزی و تاڵانی، پەنا بۆ لایەنی دەرەکیش ئەبەن، بە زۆری، بۆ داگیرکەرانی کوردستان. ئەوانیش لەرێێ خوادا پولێ بەکەس نادەن. بەوجۆرە کلکایەتییەکەش دروستئەبێ و وردەوردە تۆخئەبێتەوە بۆ ناپاکیی نیشتمانی!. ئیتر حەیاش قەترەیەکە، کە تکا ئەتکێ و نە شەرم ئەمێنێ، نە گوێش بە رەخنەو توانجی کەس ئەدەن. بەڵکو دەستی تاوان درێژئەکەن بۆگیانی هەر مەترسیدارێک بێتە رێگەیان. مەترسیدارترینیش، ئەو پارتانە خۆیانن بۆسەر یەکدی، بۆیە بەردەوام لەشەڕدائەبن لەگەڵ یەکتر، شەڕی سارد یا شەڕی گەرم.!

ئابەوجۆرە، لەدوای شەڕی چاڵدێرانەوەو دابەشکردنی کوردستان بەسەر عوسمانی و سەفەویداو دواتر سایکس بیکۆ، داگیرکەرانی کوردستان هەمو بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی کوردیان، بە میرنشینی و پارتە کوردییەکان خۆیان لەگۆڕناوە. یاهیچنەبێ ئەوەیان مسۆگەرکردوە کە جەماوەری کورد پشتی یەکدینەبن لەبزاڤی سەربەخۆییدا. بەوجۆرە هەمو شۆڕشەکانی کورد شکستیانهێنا، چونکە ناوچەییبون نەک سەرتاسەری، ناوچەکانیتریش یا دژ، یا سەیرکەربون!. لەبەرئەوە، تا فرە پارتی، بەم شێوازەی ئێستای، لەناو کوردا بمێنێ، دەوڵەتی کوردستان دروستنابێ و چەندین ئەنفال و هەڵەبجەو شنگاڵیتر لەرێماندا ئەبێ.

لەگەڵ ئەو دۆخە تاڵەدا،سەری دنیا بەپوش نەگیراوە. دەوڵەتی کوردستان هەر دروستئەبێ کاتێ هوشیاریی نەتەوە ئەگاتە ئاستی پەیبردن بە هەرکام لەم رێگایانە

١-پارتەکان هۆشیان بەبەردا بێتەوەو دەسبەرداری سیستمەکەیان (پارتایەتی) ببن و لەژێر ئاڵای لەشکرێکی سەربازی، یا پێشمەرگەدا، یەکگرن و رابەرایەتی ئەو لەشکرە ببێتە خاوەن بریار. یا لەژێر چەتری کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا بۆ هەمان مەبەست .

٢-تێکرا میللەت، بەجەماوەری پارتەکانیشەوە، رو لەوپارتانە وەرگێڕن و رسواو نابوتیان بکەن و دایانماڵن لەبنکەکانیان و ئەوەی دەستی چەک ئەگرێ بچێتە ژێر ئاڵای لەشکرێکی سەربازییەوە: پێشمەرگە، گەریلا، شەڕڤان .

٣-راپەڕینێکی سەرتاسەری، هەرەس بەو پارتە گەندەڵ و نۆکەرانە بێنێ و سەرکردایەتییەکی خاوێن و داناو زانای نوێی لێبێتە بەرهەم کە لەئاستی رابەرایەتیی نەتەوەدابێ و سەربەخۆیی دەستەبەربکا.

٤-ئەگونجێ یەکێک لەو پارتانەی ئێستا کە خاوەن لەشکری گەورەن، هۆشی بەبەردا بێتەوەو تاک لایەنە جاڕی سەربەخۆیی بدا لە هەر بەشێکی کوردستاندا. دواتریش لەو بەشەوە پەلبهاوێ بۆ بەشەکانیتر، بەوەش ئەبێتە جێگەی متمانەی میللەت و سەرشۆڕی و پوکانەوە ئەبێتە بەشی پارتە گەندەڵ و نۆکەرەکانیدی.

٥-ئەشێ لەم سەردەمەدا زلهێزەکانی جیهان بەرژەوەندیی خۆیان لە دەوڵەتێکی کوردیدا ببیننەوە. بۆئەو مەبەستەش ئێستا، دوای سایکس بیکۆ، هەندێ پرۆژەی گۆڕینی نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەئارادایە کە دەوڵەتی کوردی لە دەریای رەشەوە ئەگەیەنێتە دەریای سپی.. ئەگەر ژیربین ئەتوانین دەورمان هەبێ بۆئەوەی ئەم هەلە، لە خەیاڵەوە بکەینە راستی .

رێگەیتریش هەیە، جارێ لەم کورتە وتارەدا هەر ئەوەندە ئەوترێ.. بەکوردی و بەکورتی: سیستمی پارتایەتی نە بۆ ئێستای کورد، نە بۆ دوای سەربەخۆییش، نەک هەر بێ سودە، بەڵکو شێرپەنجەیەو پێویستە بنەبڕ بکرێ تا ئەگەینە ئاستی رۆژئاوای گێتی. ئەوسا نەوەکانی داهاتومان خۆیان بڕیاری خۆیان ئەدەن.ئەشێ ئەوسا سیستمێکی باشتر بێتە ئاراوە. ئێستا ئەرکی سەر شانمانە: نە تێکەڵیانبین، نە لە هەڵبژاردنەکانا دەنگیان بۆ بدەین، تا لەئاستی خۆیان ئەپوکێنەوەو لەشکر ئەبێتە رابەری نەتەوەو گسکێ لەوان ئەدا.

کورتە وەلام ٤٣/ ژینا

لەپەراوێزی کوشتنی ژینا ئەمینی کچە کوردی سەقزیی تەمەن ٢٢ ساڵ بەدەستی پۆلیسی تاران رۆژی١٣/٩/٢٠٢٢

ئەمڕۆش ئاسۆی کورد سورو ئارایە

خوێناوی سەری بەرزی ژینایە

دەستە خوشکەکەی خاتو زارایە

بەرامبەر ستەم، ئەمیش کارایە

*

مەبەست لەبیانوی وەکو کۆڵبەری

یا بیری جیاواز، لەچک بەسەری

کوشتنی کوردەو لەخاک بێبەری

ئەنجامی ژینە لەگەڵ بەربەری

*

ژینا:  ژیانی گەلانێکی دیل

بەناو ژیانە وەک بازی زەلیل

وردو گردیلە، یاخود وەکو فیل

لەزیندانێکان  بێ دەرگاو کلیل

*

ژینا: هەمومان بەناو ژیاوین

بۆداگیرکەران ئامێری  راوین

ئەوە بەشمانە هەتاکو ماوین

یا سەربەخۆیی، یا هەر داماوین



١٧٥بینین٨ هاوبەش سەرەڕای خۆپیشاندانە ناڕازییەکان لەرۆژهەڵاتی کوردستانو ئێرانو زوربەی وڵاتان. ٥٩ لێدوانو هاوخەمی لەوانە:



**Salh Hamd**

دەست خۆش مامۆستاو هاوبیری هێژا... ژینایەک شەهید دەکەن .. هەزاران ژینا دێتە ژیان

**Hallo Barzinjeyie**

دەستتان خۆش مامۆستا و هزرتان گەش تر بێت
ڕەوان شادی بۆ ژینا خان و نەفرەت لە داگیرکەر




**Fayroz Ahmad**





**Dilschad Barsenji**

ڕۆحی بە بەهەشتی باڵای شەهیدان شاد نەفرەت لە بکوژانی ،
لەگەڵ سڵاوی جوان مامۆستا گیان دەستەکانتان خۆش .



**Pshko Amin**

دەستەکانت خۆش هۆنراوەیەکی جوان نەفرەت لە کۆماری پەت
و سێدارەی ئیسلامی کورد کوژ



**Hessen Mela**

ڕۆحی شاد و ئارام بێت و یادی هەمیشە بەخێر بریێت .
دەستان خۆش و خامەتان ڕەنگین و هزرتان جوان و تەندروست
باش و بەختەوەربن .



**Tarza Baran**

مامۆستا وشەی ئارا بە مانی ڕازاوە دێت ؟

بەڵێ



**Bahroz P Mirawdali**

بیر و ووتەت جوان و ڕەنگین، ڕوون و ڕەوان، پتەو و بەهێز.
هەر بمێنی کاک کامیل

**Rebwar Tofik**
دەستەکانت خۆشبێت کاک کامیل گیان هەمیشە هەر
سەرکەوتوبیت هەردەم لەش ساغ و سەلامەت بیت چاوەکەم
دەست و خامەت هەر ڕەنگین بێت



**Kamil Zheer**
ڕێزو سوپاس بۆ هەستو بیری هاوڕێیانو هاوبیرانی خۆشەویست
بەرامبەر بیرو راکانیان سەبارەت بابەتی پەیوەندیدار بە روداوی
کارەساتە دڵتەزێنەکەی ژینای ستەملێکراو. هەڵبەت ئەوە
بەشمانە تا ژێردەسەی داگیرکەرانبین. باشترین رێگاش لەم
سەردەمی داگیرکراوییەماندا: تۆڵەیە بەپێی بنەمای (چاو بەچاو و
دان بەدانو گیان بەگیان) نەک مانگرتنو خۆپیشاندانو گریانو
پەنابردن بۆ دادگا داردەستەکانی ئەو دەسەڵاتەی هۆکارو
ئەنجامدەری ئەم جۆرە تاوانانەن.



**Ali Ahmed Hamza**

ماموستا گیان

ئامۆژگاری و هوشیار کردنەوە کانت بۆ ئەم کوردە ستەملێکراوە کە تۆلەی خۆی بسێینێت ؟ ( تە نها چاو بە چاو و دان بە دانو گیان بە گیان ) ئارامی سەبوری ئە دات بە هەموو کوردیکی دلسۆز و پاك )

( کوا ) ؟ هێزیکی قارەمان پێك بهاتایە بە چا و دیری و ئامۆژگاری بە رێزت تۆلە ی هە موو مظلوم و ستەملێکراوی بسە ندایە . ( کە ی ) ؟

خوداي گەورە بتپارێزیت لە هەموو ناخۆشیەك

وێنەی خۆپیشاندانەکان:





الملاحظات

دوا





# ثينا ، ثن ، ثيان













پێرستی کورته  وه ڵامه کان

-١وەڵام بۆ: عادل موراد، حاجی تۆفیق وحسەین زڕگوێزی، وەفدە شەش پەرلەمانییەکەی یەکێتیو گۆڕان، وەفدێکی هەرێم، مالیکیو عەبادیو موتڵیگو تورکومان، بۆ سه ربه خۆیی گفتوگۆ له گه ڵ به غا، رۆژنامەی خەبات

٣-وەڵام بۆحاکم قادر، نەوشیروان، مەریوان نەقشبەندی. ئەفسەری کورد لەکەرکوک،

٣- باڵه کانی یه کێتی، سه فه ر له زه که ریا

٤-پیتگه لی نامۆو په رچه  وه ڵام

-٥فکری داعش

-٦رۆژئاوای کوردستانیش مه که ن به پارتپارتێنه . گه ر ببین به تۆپێکی گه رم

-٧رزگارکردنی موسلو..

-٨دیسان شه ڕی موسل، مانه وه ی دائش باشتره

-٩ئه مجاره ش شه ڕی موسل

-١٠ئه و  هه لانه ی له ده سچون بۆسه ربه خۆییو گوڵبه هار..

-١١چ سیستمێ باشه  بۆهه رێم (به رنامه یه کی گرنگ به  15 خاڵ

-١٢په یامه که ی سه رۆکو پێشنیاره کانمان

-١٣بۆ خوازیارانی راپه ڕینێکیتر

-١٤په که که و شنگالو پارتی

-١٥پاره ی حاجییه کان بۆده رمان

١٦،١٧،-١٨سه باره ت کاژیک.. لەپەرتوکی  یاده کانمدا به درێژی له و باره یه وه  دواوم .

-١٩په رچدانه وه ی هۆنراوه یه ک

-٢٠به دواداچون بۆ ئه تا قه ره داخی و گشتپرسی

-٢١حه ویجه و بزماره که ی مه لای مه زبوره و گشتپرسی

-٢٢بۆ ئه م گشتپرسییه  دۆڕاوه

-٢٣وه ڵام بۆ جه یمس جێفری

٢٤-بۆ سایکس ئه بادی

٢٥-وه ڵام بۆ وتارێکی ئه نوه ر ئه ڵمانو هۆنراوه ی خۆشترین ماچ

٢٦-بۆ نه خێره کان

٢٧-پرسی ده وڵه تو ده سه ڵاتێکی گونجاو و چاره سه ریيه کان له 17 خاڵدا

٢٨-بۆ دژه سه ربه خۆییه کان

٢٩-ده نگ به کام هاوپه یمانی بده ین

٣٠-گشتپرسییه که ی پار

٣١-ساخته یه کی پێشه کی

٣٢-بابه تێکی ئادل باخه وان

٣٣-سەبارەت چاکسازی

٣٤-سەبارەت فرەپارتی

٣٥-دو بەرنامە بۆچاکسازی

٣٦-ناوەندیو ناوچەیی

٣٧-کێشەی موچە

٣٨-یاسای چاکسازی

٣٩-چ سیستمێک بۆ هەرێم؟

٤٠-رشانەوە بەسەر چەمکی کودایەتیدا!

٤١-مەترسیی گوندە مۆدێرنەکان

٤٢-پێشنیاری پارتێکی نەتەوەیی

٤٣-ژینا ئەمینی (ژینا، ژن، ژیان) ، وێنەی خۆپیشاندانەکان.

ئەم پەرتوکە درێژەی ئەبێ